# دیوان

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز**
**مەسعودی مەلا هەمزە**

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**محەمەد گۆران**

ژمارە (١٧) تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ زایینی - گەلاڕێزانی ٢٧٢٢ کوردی


## ژن لە دیوان دا

لە ژمارە یەکی گۆڤاری (دیوان)ەوە تا ئێستە بابەتی دۆسیە و دیدار دوو بابەتی سەرەکیمان بوونە، وەکو قۆناغی یەکەم مەبەستمان بووە دۆسییەکان زیاتر بۆ ئەو کەسایەتییانە بن، کە هەڵکەوتەی سنووری پارێزگەی هەولێرن، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی بابەتیانە هەموو ئەو کەسایەتییانە بەسەر بکەینەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەن پێگەیەکی ڕۆشنبیریی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بوونە، وێڕای بایەخی لە پێشتری هەر کامێکیشیان، لەبەردەست بوونی کەرستەی پێویستیش هۆکارێکی دیکەی کارکردنی ئێمە بووە لەسەر دۆسیەکە.

لەو چوارچێوەیەشدا گرنگیدان و تێگەیشتنمان بۆ ڕۆڵی ژن لە جووڵانەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری وەکو کوردستان، وایکردووە زێتر چاومان لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان بێت و بێ پسانەوە بەدوای ئەو ژنانەدا بگەڕێین، کە هیچیان لە پیاوان کەمتر نەبووە.

ئەگەر لە ڕابردوودا هێندە موکوڕ نەبووبین و لەم ڕووەوە کەمتەخەم بووبین، لێرە بەدوا هەوڵدەدین قەرەبووی ئەو ڕابردووەش بکەینەوە، چ وەکو دۆسیە، یان دیدار، ڕووبەرێکی فراوانتر بۆ ژن تەرخان بکەین، ئەمەش نەک وەکو جیاوازی جێندەریی، بەڵکو وەکو تەواوکار و ڕاگرتنی هاوسەنگی بوارەکانی ژیان.

ئێوەی خوێنەرانی گۆڤاری (دیوان)یش دەکرێت لەم ڕووەوە هاوکاربن، لە پێناساندن و ئاشناکردنمان بە ژنانی هەڵکەوتووی کوردەواری.

چونکە بە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوو، چاوخشاندنەوە بە لاپەڕەکانی مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت، بەدرێژایی مێژوو، وێڕای ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، لێرەولەوێ ژنی کوردیی زۆر ناودارمان هەن، کە بە مەبەست بووبێت، یان لەبێ ئاگایی، فەرامۆش کراون و هەوڵی پێویست نەدراوە وەبیر نەوەی دوای خۆیان بهێنرێنەوە.

زەینەب خان یەکێکە لەو ژنە ناودارانە، کە بەم دواییانە ناوی کەوتەوە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دیوانە دەستنووسەکەشی چاپ و بڵاوکرایەوە.

بەداخەوە بەهۆی ئەوەی بەدرێژایی ماوەی دوای مردنی هیچ تیشکێکی نەخراوەتە سەر، لەبیری کەسدا نەمابوو، ئێستەش کە باسی دەکرێت و ناوی هاتووەتەوە نێو ناوان، کەم نین ئەوانەی ناتوانن دان بەو ڕاستییەدا بنێن، کە ڕۆژگارێک ژنێک هەبووە ناوی زەینەب خان بووە، چجای ئەوەی بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە ژنێکی ڕۆشنبیریش بووە.

ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنە پیاوسالارییەیە، کە بە ئاستی جیاواز لە ناخی هەر پیاوێکدا هەیە. ئەگەرنا ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەبێ بوون و بەشداری ژنان مومکین نییە هیچ کۆمەڵگەیێک بگاتە کەناری ئارام.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)



تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

# لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە: (مولازم حەلیم)**


١. مولازم حەلیم ڕۆمانێکی نەنووسراو / سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٤
٢. مولازم (حەلیم)/ هونەر ڕەسووڵ ..... ٥
٣. مولازم حەلیم .. ئەو ژنەی دەبووایە هەموومان بیناسین!/ ئامادەکردنی: محەمەد گۆران ..... ٧
٤. لەقەندیلی سەربەرزەوە .. (مولازم حەلیم) ئەفسانەی خەباتی ژنانی شاخ/ فەتاح حەسەن قەڵاتی..... ١٤
٥. دەمانتوانی لە کوردستان سەدان پورە (حەلیم) دروست بکەین/ مەلا بەختیار ..... ١٨


*** مێژوو:**


١. سیاسەتی سوریا بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد/ د. ئەحمەد حەمەدئەمین ..... ٢٠


*** ئەدەب:**


١. تراژیدیای گوێزانەوە لە شیعری ژیان لە موسافیرخانەدا/ عەلی شێخ عومەر ..... ٣٨
٢. ئەحمەدی مەلا (هەرمێیەکانی فیرعەون) دەخوات/ بۆتان جەلال ..... ٤٤
٣. پەرتووکی بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا – ژانی گەل بە نموونە/ د. نەجم ئەڵوەنی ..... ٤٨
٤. شیعرێکی ناتیقی شاعیر لەسەر شاکر مەجروم/ یاسین برایم/ ڕواندز ..... ٥١
٥. دوو سەرنج لەسەر ناوونیشانی دوو ڕۆمانی محەمەد شوکری/ سەروەر جەبار ..... ٥٣
٦. ڕەنگزی یا گولێن خوینێ!/ موحسین عەبدولڕەحمان ..... ٥٨
٧. سندووقی هاوسەرگیریی/ نووسینی: کاسی بوورک – و: مستەفا ڕابەر ..... ٦٣
٨. پیرەژن و مریشکی هێلکەکەر/ هونەر سمایل ..... ٦٨
٩. چیرۆکی ئەفسانە لە ژاپۆنەوە/ وەرگێڕانی/ موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی ..... ٦٩
١٠. نامەی غوربەت و دووریـی/ سەلما تۆما کاکۆ ..... ٧٣
١١. دواجار سێبەری تۆ ماڵی منە/ موراد عەلی ..... ٧٤


*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**


١. بەراوردیی نێوان دیرۆکی شاماران و مێدوسا (بەشی دووەم و کۆتایی)/ مێهری ئەسەدی و شایستە مورادی ..... ٧٦
٢. چۆن نیچە بخوێنینەوە؟/ ن/ دکتۆر فەیزیە زەیفولا – و/ عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد) ..... ٨٧


*** دیدار:**


١. دیداری نزار خەیلانی / دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٩٤


*** هونەر:**


١. حوزنی زیرەک/ بەگێڕانەوەی: حەسەن پەروەر ..... ١٠٦
٢. سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا/ ئەسعەد قەرەداخی – سوێد ..... ١٠٨


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. پرسی زمانی کوردی لە عێراقدا/ محەمەد گۆران ..... ١١٢
٢. ئەوان چاوەڕێی کازیوەن/ باهۆز مستەفا ..... ١١٤
٣. کتێبی (الحداثة في الفن التشكيلي)/ نورەدین جاف ..... ١١٦
٤. وەرگێڕان، واتا، یان شێواز/ عەبدولوەهاب ئەبوزێد – و/ لە عەرەبییەوە: کەریم سۆفی ..... ١١٧


*** لەبری بیرەوەری:**


١. شەو لەکێوان (بەشی١١) / د. ئەرسەلان بایز ..... ١٢٠


*** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار (شاناز هیرانی) ..... ١٢٨
٢. گۆشەی دیوان.. (باخچەی گڵکەند «گڵ کەند») ..... ١٣٠
٣. یەکەم بابەت (شێرزاد حەسەن) ..... ١٣٢
٤. نازناوی سەرتاش / زرار سەرتاش ..... ١٣٣
٥. ئیسماعیل خەیات ..... ١٣٤
٦. لە دەفتەری نەمریدا (ئیسماعیل خەیات) ..... ١٣٥
٧. زمانی کوردی لە نەخۆشخانەیە !/ تاریق جامباز ..... ١٣٦
٨. ئەو سەردەم بۆیان بڵاونەکردمەوە/ سەڵاح شێخ شەرەف ..... ١٣٨
٩. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ..... ١٤٠


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١–ڕووبارێک کە وشکی کرد ... لەبەر ڕابردووی ستایش دەکرێت؟/ سمکۆ عەبدولکەریم ..... ١٤٤

# دۆسیە

# مولازم حەلیم

## ١٩٩٢/٤/١ – ١٩٣٣/٧/١

ناوچەی باڵەکایەتی و قەندیل هەر لە زووەوە، تا بە ئەمڕۆ دەگات، یەکێ بووە لەو ناوچانەی کوردستان، کە بەردەوام لانکەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بووە، هەر چیایەک لە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دێرینی قوربانیدانە، چیاکان هەمیشە خوێنی شەهیدانی بۆ ڕێگەی ئازادی کوردستانی تێدا ڕژاوە، هەر بۆیەش وەکو هەموو چیاکانی دیکە، لەچیای (کەلەکی باڵەییان) ڕووداوێک ڕوودەدات بۆ مولازم حەلیمە دەبێتە گۆڕانگاری و وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانیدا.



# مولازم حەلیم ڕۆمانێکی نەنووسراو

مێژووی بزووتنەوەی کورد پڕە لە ڕوودا و بەسەرهات، لە شەڕ و داستانی قارەمانانە، ئەگەر لەهەر شوێنێکی دیکە و لەنێو هەر نەتەوەیەکی دیکەدا بووایە، ئێستە بە دەیان فیلم و درامای لێ دروستکرابوو. بەڵام بەداخەوە، لێرە لە هەرێمی باشووری کوردستان، وێڕای ئەوەی ڕۆژگارێک پارە لە خۆڵ زیاتر بوو، هونەرمەند بە هونەرمەندی دەگوت پێشم بەردە، لیستی داهێنەران وەکو ڕستەی هەڵواسینی جلوبەرگ درێژ بوو، کەچی بەرهەمێکی شانۆگەری، فیلم، دراما، کە لە ئاستی ڕووداوەکاندا بێت نەبینرا.

ئەوەی تا ئێستە کراوە و بینراوە، لە پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن، مەبەستیشم نییە لەم کورتە نووسینەدا، ئاماژە بە چەند دەقێکی شیعریی و ئەدەبی و یەک دوو دراما و چەند گۆرانی و سروود و بەستەی هونەری بکەم، چونکە ئەوەی کراوە بە بەراوورد بە ژیانی پڕ لە کوێرەوەری کورد ئاسمان و ڕێسمانە.

سەیری سینەمای جیهانی بکە، جووەکان، کۆرییەکان، چینییەکان و ڕووسەکان چییان لە مێژوویان، لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەرهەم هێناوە.

کوردیش کە زیاتر لە سی ساڵە فەرمانڕەوایەتی ئەو هەرێمە دەکات لە بواری هونەری چی کردووە؟

کە ئاوڕ لە مێژووی پڕ نەهامەتی کورد دەدیتەوە (هەڵەبجە و ئەنفال) دوو کارەساتبارترین ڕووداوی خوێناوین، کە ئاوڕ لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان دەدەیتەوە، دەیان داستان و پاڵەوانی ئەفسانەیت بیر دێنەوە، کە ئاوڕیش لە سی ساڵ فەرمانڕەوایی خۆمان دەدەیتەوە، لەم ڕووەوە جگە لە خەمساردی و بێ بایەخ تەماشاکردنی هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەرماندا هاتوون و ئەو سەروەرییانەی تۆمارمان کردوون هیچی دی نابینیت.

ئەو قسانە، کە بەبۆنەی بیرهاتنەوەی ژنێک نووسیومن، جگە لەدەردە دڵ شتێکی دی نین، چونکە ئێمە لە دەردە دڵ بەولاوە هیچی دین لەدەست نایەت.

لاتان سەیروسەمەرە نییە زۆربەی هەرەزۆرمان ژنێک بەناوی مولازم (حەلیم) نەناسین، ژنێک نەناسین کە ڕەنگە یەکەمین ژنە پێشمەرگە بووبێت لە شۆڕشی نوێ، یەکەمین پێشمەرگەی ژن بووبێت بە مانای پێشمەرگە، پێشمەرگەیێکی ژن لە زەمەنێکی ئەنگوستەچاودا، لە نێو ئایین و داب و نەریت و پیاوسالاریدا، ژنێک هیچ خۆی بە کەمتر لە پیاو نازانێت و وەکو ژن و لەبەرگی پیاودا دەبێت بە پێشمەرگە، بۆ ئەو سەردەم، کە ژمارەی ژن لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەر چەند ژنێک بوون، بۆیە هەڵکەوتنی ژنێکی بە جەرگ و دلێر لە ناوچەیەکی دڵڕفێنی وەکو باڵەکایەتی جێگەی ئەوپەڕی شانازی و سەربڵندییە.

دوای دۆسیەی (فاتە هەڵۆ) ئەوە دووهەمین دۆسیەی گۆڤاری دیوانە، کە بۆ ئەو ژنانەی تەرخان دەکات، کە شایانی ئاوڕلێدانەوە و بەسەرکردنەوەن، لێرەوەش ڕادەگەێنین، هەرکاتێک ناوی هەر ژنێکی لە شێوەی (فاتە هەڵۆ) و (مولازم حەلیم)مان بەرگوێ بکەوێت بێ سێودوو سۆراخی دەکەین و دۆسیە، یان بابەتیان لەسەر ئامادە دەکەین.

زۆر زیاتر لەوەی، کە ئەم ژنە بکرێت بە ڕۆمان، دەڵێم دەبوایە ئێستە جگە لە ڕۆمان، لە چەندین فیلم و دراماشدا ڕەنگی دابووایەوە.

**سمکۆ عەبدولکەریم**

# مولازم (حەلیم)

**هونەر ڕەسووڵ**

لەناو لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی حزبی شەهیداندا زۆرن ئەو ناوە دیار و کەسایەتیانەی هەموو ژیانی خۆیان بۆ ڕێبازی پیرۆزی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان تەرخان کرد و دواجاریش توانیان ئامانجەکانی شۆڕشی نوێ بهێننە دی.

یەکێک لەو ناوە دیارانەی ناو لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی حزبی شەهیدانیش مولازم (حەلیم)ە ئەو یەکێ لەو قارەمان و تێکۆشەرانەی یەکێتییە، کە لە تەمەنی گەنجیەتییەوە چەکی بەرگری کردە شانی و بوو بە یەکەمین ژنی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ. بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. ئەو خاتوونە قارەمانە، کە بە بیروباوەڕی کوردانە گۆش کراو دواجاریش بوو بە بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەکەی و باوەڕی نەگۆڕی بۆ یەکسانی ژن و پیاو هۆکاری سەرەکی بوو، کە (حەلیم)ی قارەمانی کرد شۆڕەسواری نەبەردی.

ئەو شان بەشانی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی هەموو ئەرکێکی پێشمەرگانەی ئەنجامدا. ئەو نموونەی قارەمانێکی شۆڕشگێڕ بوو، کە سەرکەوتووانە ئەرکەکانی شۆڕشی جێبەجێ کرد، هەر ئەم خەسڵەت و ورە بەرزەشی بوو، کە مولازم (حەلیم)ی کردە ئەستێرەیەکی درەوشاوە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی هەمیشە شانازی پێوە بکەن.

ئەو کە گۆشکراوی بیری کوردایەتی بوو. لە خێزانێکی ئاشنا بە هەستی پیرۆزی نیشتمان و لێوان لێو لە قوربانیدان لەدایک بوو. ئەو خوشکی شەهیدی فەرماندە (خدر سۆفی)یە، کە لە ساڵی (١٩٧٦) سەرکردایەتی یەکێک لە مەفرەزەکانی شۆڕشی نوێی لەبناری قەندیل پێ سپێردرا و لە



یەکێک لە داستانە مێژووییەکانی شەڕی دەستە و یەخەشدا لە ساڵی (١٩٧٧) لە بناری قەندیل، کە بە داستانی (کەلەکی باڵەییان) ناسراوە گیان و خوێنی پیرۆزی بەخشیە کوردستان.

خدر سۆفی دوای بەرگریکردنی قارەمانانەی حەوت مانگەی لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی، خۆی و هاوڕێیەکی شەهید دەبن و تەرمەکەی دەکەوێتە دەستی دوژمن. تەرمەکەشی هەر لە بناری قەندیلەوە بۆ دەشتی ماونانی نزیک ناحیەی قەسرێ بە ئۆتۆمبێل ڕادەکێشرێت و دواتر بە دار هەڵدەواسرێت. تەنانەت دوژمن ڕێگەی نەداوە خزم و دۆستانی تەرمەکەی ئەسپاردەی نیشتمان بکەن، تا سەرئەنجام دوای سێ مانگ لە هەوڵ و تەقەلا مولازم (حەلیم) توانی زەفەر بە دوژمن ببات و تەرمی براکەی بە هاوکاری چەند هاوسەنگەرێکی لەناو جەرگەی دوژمن بۆ زێدی خۆی بگوازێتەوە.

هەموو ئەوەی ڕژێم بەرانبەر بە تەرمی پیرۆزی (خدر سۆفی) ئەنجامیدا لەپێناوی شکاندنی ئیرادە و ویستی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بوو، کەچی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە نەک نەیتوانی ئیرادەی پۆڵایینی هاوسەنگەر و خوشک و خوارزاکەی مولازم (حەلیم) و حاجی ڕەسووڵ بشکێنێت،



**مولازم حەلیم**

> **" مولازم (حەلیم) توانی زەفەر بە دوژمن ببات و تەرمی براکەی بە هاوکاری چەند هاوسەنگەرێکی لەناو جەرگەی دوژمن بۆ زێدی خۆی بگوازێتەوە "**





**شەهید خدر سۆفی**

بگرە سوورتری کردن لەسەر بە گژ داچوونەوەی دوژمن و درێژەدان بە خەباتی چەکداری لەپێناو کوردستانێکی ئازاد و نەتەوەیەکی سەربەست و وڵاتێکی ئاوەدان.

مولازم (حەلیم) ناوی تەواوی (حەلیم سۆفی مستەفا)یە لە خانەوادەیەکی هەژاری کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و قوربانیدەری ڕێگەی ئازادی کورد و کوردستان لە ساڵی (١٩٣٣) لە گوندی (ماونان)ی دۆڵی باڵەکایەتی لەدایک بووە. ئەو خاوەنی کوڕێک و سێ کچ بوو، کە کوڕەکەی حاجی ڕەسووڵ وەسمان ناسراو بە (حاجی مولازم حەلیم) هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە پشت لە خولیا و ئاواتەکانی دەکات و هاوشێوەی دایک و خاڵ و خزمەکانی دیکەی دەچێتە ڕیزی شۆڕش. مولازم (حەلیم) لە پاڵ ئەرکە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکەی لەپێناو کوردستانێکی ئازاد و نەتەوەیەکی سەربەست سەرجەم ژیانی بۆ خەباتی چەکداری و سیاسی تەرخان کردبوو.

لە یەکەم هەڵمەتی ڕاگواستنی گوندەکانی سەر سنووری عێراق -ئێران دۆڵی باڵەییان ڕادەگوازرێت و مولازم (حەلیم)یش بەر ئەو هەڵمەتە دەکەوێت و خۆی و گوندنشینانی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی (بەستۆرە - پیرزین و شاوێس) ڕادەگوزرێن. ئەم ڕاگواستنە نەک ناتوانێت چالاکییەکانی مولازم (حەلیم) وەکو شۆڕشگێڕێک ڕابگرن، بەڵکو وەکو شانەیەکی ڕێکخستنی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاو نەترسانە هانی جەماوەر و گەنجان و نیشتمان دۆستانی داوە، پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببەن بۆ شکاندنی تەوقی دیلی، لەو پێناوەشدا چەندین کادر و پێشمەرگەی ئازای بۆ بناری قەندیل ناردووە، تا لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٧) خۆی و کوڕەکەی حاجی ڕەسووڵ وەسمان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەو هەرێمی (٧)ی باڵەکەوە کرد.

لە ساڵی (١٩٧٨) لە دۆڵە کۆکە بە خزمەتی مام جەلال دەگات و ئەویش وەک ڕێزلێنان لە هەوڵ و تەقەلا و پاڵپشتی بۆ یەکەم ژنی چەکداری شاخ، لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەکو شۆڕشگێڕێکی ئازای پێشمەرگە، خەڵاتی تایبەتی مولازم (حەلیم) دەکات. خەڵاتکردن و پێزانینی مام جەلال بۆ ئەو ژنە شۆڕشگێڕە، بەردەوامی دەبێت و بۆ دووەم جاریش لە ساڵی (١٩٨٠) وەکو یەکێک لە چالاکترین پێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) لەلایەن مام جەلالەوە جارێکی دی خەڵات دەکرێت.

دوای دروست کردنی هەرێمی (١٤) و پێکهێنانی هێزی کارۆخ لەسەر دەستی شەهیدی فەرماندە ئەحمەد مەولود لە ساڵی (١٩٨١) لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک مام جەلال مولازم (حەلیم) سەرکردایەتی یەکێک لەو سێ کەرتەی هەرێمەکەی پێ دەسپێردرێت. لە ساڵی (١٩٨٥)ش بڕیار دەدرێت مولازم (حەلیم) و کوڕەکەی بگوازرێنەوە بۆ تیپی (٧٤)ی باڵەک لە بناری قەندیل و دۆڵی باڵەییان.

مولازم حەلیم لە پاڵ هاوسەنگەرەکانی بەشداری چەندین شەڕی دەستەویەخەی کردووە، دیارترینیان شەڕی (بایناو و کەلەکی باڵەییان و مامەندە) کە ناسراوە بە شەڕی (٧) ڕۆژە، شەڕی مەڵبەندی سێ و بێتواتە و سەرکردایەتی و ئاکۆیەتی و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی، کە سەرەنجام لە شەڕی بێتواتە کوڕەکەی (حاجی ڕەسووڵ وەسمان) بریندار دەبێت.

مولازم (حەلیم) لە ساڵی (١٩٨٨) بەهۆی نەخۆشی بە مەبەستی چارەسەر ڕەوانەی هەولێر دەکرێت، بەڵام بەهۆی کاریگەری نەخۆشییەکەی ناتوانرێت چارەسەر بکرێت و سەرەنجام لە ساڵی (١٩٩٢) بۆ هەمیشە ماڵاوایی دەکات.



# مولازم حەلیم

## ئەو ژنەی دەبووایە هەموومان بیناسین!

ئامادەکردنی: محەمەد گۆران

حەلیم وردە وردە لەگەڵ چیا و باغەکانی گوندی ماونان گەورە دەبێت، چیا بەرزەکانی گوند نموونەی خۆڕاگری و ورەی بەرزی بوون، ئەوەش بەڕوونی لەکەسایەتی حەلیم دەدرەوشایەوە، دەسەڵاتی پیاوسالاری لەو ساتەوە زیاتر چەوساندنەوەی ژنی کردبووە نەریت، ژنان لەبری خوێن دەدران بە پیاو، شیربایی و گەورە بەبچووک و ژنبەژن و چەندین دیاردەی دیکە لەناوچەکەدا بۆ چەوساندنەوەی ژن هەبووە (حەلیم)ش وەکو بەشێکی زۆر لەژنانی گوندەکەی، بەژن دراوە بۆ براکەی و بەوجۆرە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و بۆتە دایکی سێ کچ و کوڕێک.

حەلیم لەگەڵ ئەوەی لەگوندەکەیان خەریکی کاری جوتیاری بووە، یارمەتی ئەو پێشمەرگانەشی دەدا کە لەناوچەکەدا بوون، لەهەر شوێنەک بووایە گەنجانی هاندەدا بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەرییان، لەڕێکخستنی گەنجانەوە دەستدەکا بەخەبات و وەکو کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا کاریگەر بووە.

ناوچەی باڵەکایەتی و قەندیل هەر لە زووەوە، تا بەئەمڕۆ دەگات، یەکێ بووە لەو ناوچانەی کوردستان کە بەردەوام لانکەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بووە، هەر چیایەک لەکوردستان خاوەنی مێژووەکی دێرینی قوربانیدانی خۆیەتی، چیاکان هەمیشە خوێنی شەهیدانی بۆ ڕێگای ئازادی کوردستانی تێدا ڕژاوە، هەر بۆیەش وەکو هەموو چیاکانی دیکە، لەچیای (کەلەکی باڵەییان) ڕووداوێک ڕوودەدا بۆ مولازم حەلیم دەبێتە گۆڕانگاری و وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانیدا.

**ئەو ڕووداوەی ژیانی حەلیمی گۆڕی**

ساڵی ١٩٧٦ (خدر سۆفی) برای مولازم حەلیم یەکێ لەو کەسانەی دۆڵی باڵەییان دەبێت، کە بەشداری خەباتی پێشمەرگەیاتی دەکات، ساڵی ١٩٧٧ خدر سۆفی لەیەکێ لەشەڕەکانی (کەلەکی باڵەییان) کە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا ڕوودەدات، دەبێتە قوربانی. پاش شەهیدبوونی براکەی، حەلیم سۆفی بۆ ماوەی سێ مانگ، بەبەردەوامی بەدوای جەستەی براکەیدا دەگەڕێت، بەئومێدی ئەوەی بەدەستی خۆی تەرمی براکەی بەخاک بسپێرێت و بەڵێنی پێ بدات کە درێژە بەڕێگاکەی بدات. دوای سێ مانگ لەگەڕان و سوڕانی بێوچان، مولازم حەلیم تەرمی براکەی دەدۆزێتەوە و لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧ دوای سپاردنی براکەی بەخاک، حەلیم سۆفی لەگەڵ ٩ گەنجی دیکە، کە یەکێ لەوان (حاجی ڕەسووڵ)ی کوڕیتی، بەشداری خەباتی پێشمەرگەیاتی دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لەهەرێمی ٧ی باڵەک.

حەلیم سۆفی، وەک ژنەکی بەرپرسیار بەرانبەر بەئازادی نیشتمان لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا دەچێتە شاخ و دەبێتە سەرمەشق بۆ ژنانی ناوچەکە، وەکو چۆن (مارگرێت جۆرج) لەناوچەی (کانی ماسی) دهۆک پێشتر ئەو ڕێگەیەی گرتبوو، حەلیم سۆفی هەمان ڕێگە دەگرێتەبەر، هەرچەندە بۆ

> **ساڵی ١٩٧٧ دوای سپاردنی براکەی بە خاک، حەلیمە سۆفی لەگەڵ ٩ گەنجی دیکە، کە یەکێ لەوان (حاجی ڕەسووڵ)ی کوری دەبێت، بەشداری خەباتی پێشمەرگەیاتی دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی ٧ی باڵەک**



«حەلیم رۆژانە لە ناو گەنجاندا دەگەڕا، دەیگوت گەنجینە زۆر عەیبە ئێوە بەسەرشۆڕی بژین، حکوومەت ئێمەی لەسەر خاک و گوندی خۆمان دەرکرد، شوورەییە خەبات و شۆڕش نەکەین»

ژنێکی وەکو حەلیم ئەو ڕێگەیە پڕبوو لەڕێگری و ئاستەنگ، بەڵام هیچکام لەئاستەنگییەکان نەیانتوانی ڕێگری لێبکەن. حەلیم توانی ئەو نەریتە چەقبەستووە بشکێنێت، کە مافی ئەوەی نەدەدایە ژنان تاوەکو بەشداری شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی بکەن. حەلیم ئیدی نازناوی دەگۆڕێت بۆ مولازم حەلیم و بەو نازناوەی درێژە بەخەبات دەدات. ئەو جیاوازتر لەژنانی دیکە بیری دەکردەوە، بۆیە ژنانی ناوچەکانی باڵەکایەتی وەکو هێمایەک سەیری مولازم حەلیمیان دەکرد و ئاواتەخوازی ئەوە بوون کە بیبینن.

لەساڵی ١٩٨٠دا مولازم حەلیم دەگوازرێتەوە بۆ هەرێمی ١٤ی ئاکۆ و ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، تا ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ دروستبوونی (هێزی کارۆخ)دا، مولازم حەلیم دەچێتە هێزی کارۆخ و دەبێتە بەرپرسی کەرت و تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام دەبێت، مولازم حەلیم وەک ژنێکی ئازا و نموونەیی هەنگاوەکانی خەبات و تێکۆشان دەبڕێت و لەشاخیشدا ڕێگە بەوە نادا وەکو ژنانی نیشتمانەکەی دەسەڵاتی پیاوسالاری بەسەردا بچەسپێنرێت، هەمیشە وەکو دایکێک بووە بۆ پێشمەرگەکان و هەمووانی بەیەک چاو سەیر کردووە. مولازم حەلیم وەکو دایکێکی دڵسۆز ڕۆڵی پزیشکی بۆ پێشمەرگە بریندارەکان بینیوە، لەدوای ساڵی ١٩٨٥دا مولازم حەلیم دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٧٤ی باڵەک و لەوێش دەبێتە بەرپرسی کەرت، تاکو ئەنفالەکان بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، دوای ئەنفالەکان و ئاودیو بوونی پێشمەرگە بۆ ئێران مولازم حەلیم نەخۆش دەکەوێت، دوای ئەوەش ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوودەدات!

مولازم حەلیم کاتێک دەبینێت چۆن هەوڵی پاکتاوکردنی کورد دەدرێت، ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی دوور لەبەها مرۆڤایەتییەکان، بەردەوامە لەو هەوڵانەی، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازارێک لەسەریدا. لێرە بەدواوە هەوڵەکانی مولازم حەلیم بۆ ئازادی نیشتمان، دەبێتە ئازارێکی بێکۆتا لەدڵ و مێشکیدا، لەگەڵ ئەوەی سەردانی چەندین پزیشک دەکات، بەڵام هیچ پزیشکێک ناتوانێت چارەسەرێک بۆ نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە. پاش ئەوەی ڕاپەڕینی

**مولازم، ئەو نازناو و پلە سەربازییە، لە سەرکردایەتی حزب بە حەلیمە دراوە**

خەڵک لە ١٩٩١ دەستپێدەکا، ئەو ڕۆژە بۆ مولازم حەلیم دەبێتە جەژنی ئازادی، ساڵێک بەسەر ڕاپەڕیندا تێدەپەڕێت، بەیانییەکی ئاداری ١٩٩٢ لەو گوندەی مولازم حەلیم دەست بەخەبات و تێکۆشان دەکات، لەماڵی خۆیان دەچێتە دەرەوە و ئیدی دیار نامێنێت. دوای سێ مانگ لەبێسەر و شوێن بوونی، تەرمی مولازم حەلیم دەدۆزرێتەوە و دەچێتەوە ئامێزی ئەو خاکەی خەباتی لەپێناو ئازادکردنیدا کرد.

### ژیانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕیی حەلیم



حاجی ڕەسووڵ کوڕی مولازم حەلیم

حاجی ڕەسووڵ عوسمان، تاکە کوڕی حەلیم سۆفی و نزیکترین کەس لێی، کە لەماوەی ١١ ساڵی پێشمەرگایەتیدا هەر لەگەڵ ئەو کوڕەی پێکەوە و نزیکبوونە لەیەکدی. حاجی ڕەسووڵ لەگوندی ماونان دانیشتووە و وێنەیەکی مولازم حەلیمی بەدەستەیەوە و بەو جۆرە لەبارەی دایکییەوە هاتە گۆ: حەلیم زۆر بەهەژاری تەمەنی منداڵی بەڕێکردووە، منداڵی ئەو لەمازووچنین و گوێز هەڵگرتنەوە و تووتن چەقاندن و ناو چیا

بووه، هەموو کارێکی پیاوانی کردووه، نەک نازدار بووبی، هەم لەمنداڵی و هەم لەگەنجی ژیانێکی زۆر سەختی بەسەر بردووه. لەدێیەکەی ئێمەش خوێندەواری نەبووە، مەلا و کەمێک فەقێ هەبوون خوێندەوارییان هەبووبێت، دەنا نەک دایکی من، کەس خوێندەواری نەبووە. دایکم و باوکم هەردووکیان خەڵکی ماونان بوون، دایکم بە ئازادی و خواستی خۆی شووی پێ نەکردووە، ژنبەژنە و سەودای پێکراوە بۆ براکەی، بەڵام هەتا بڵێی دایکێکی بەسۆز و میهرەبان بوو، زۆر پێمانەوە ماندووبوو، ئەوکاتیش ژیان سەخت بوو، بۆیە هەم خەمی ئێمەی لەبەربوو، هەم خەمی ژیانی بوو، ئەوکاتی خەڵکی بەگشتی نەداربوون، لەگوند تەنیا بەهێزی بازوو نان پەیدا کراوە، جا حەلیم نەیزانیوە خەمی ئێمەی بێت، یان خەمی ژیانی، هاوکات چۆن بتوانێت خۆی لەگەڵ باوکیشم بگونجێنێت، چونکە بە خواستی خۆیان یەکدییان هەڵنەبژاردبوو، تاکو لەیەکدی حالی بن، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم حەلیمی دایکم سەخترین ژیانی لەهەموو ڕوویەکەوە بەڕێکردووە.

حەلیم ڕۆژانە لەناو گەنجاندا دەگەڕا، دەیگوت گەنجینە زۆر عەیبە ئێوە بەسەرشۆڕی بژین، حکوومەت ئێمەی لەسەر خاک و گوندی خۆمان دەرکرد، شوورەییە خەبات و شۆڕش نەکەین، بەمجۆرە ڕۆژانە گەنجانی هاندەدا و حەماسەتی وەبەر دەخستن، تاکو بچن ببن بەپێشمەرگە. کارەکانی حەلیم بەزۆری لەگەڵ براکەی و بەرپرسانی ناوچەکە بوو، ئەوەی بەویش دەکرا بەهیچ ژنەکی دیکە نەدەکرا، بەتایبەتی هێنان و بردنی پۆستەی ناوشار، بردنی دەنگوباس بۆ ناوشار و هێنانەوەی دەنگوباسی ناوشار بۆ ڕێکخستنەکانی ئێرە، ئەوکاتی (حاجی شێخە بن زێری) ئامر کەرت بوو و براکەی حەلیمش جێگری کەرت و بەرپرسی دووەمی ناوچەکە بوو. ساڵی ١٩٧٦ کاتەک شۆڕش دروستبۆوە لەبناری قەندیل و ئەو ناوچانەدا، شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەتفەنگی ژەنگاوی، بیر لەشەڕی بەرەیی بکرێتەوە لەگەڵ حکوومەتدا، لەیەک کاتدا لەشێخ ناسر و گاپیرێس شەڕی بەرەیی هەبوو و لەناوچەکەی ئێمەش (کەلەکی باڵەییان) شەڕی لێبوو، براکەی حەلیم لەو قۆپەی کەلەکی باڵەییان شەهید بوو (حاجی ڕەسووڵ وەهای گوت).



### کێ پلەی مولازمی بە حەلیم بەخشی؟

مولازم، ئەو نازناو و پلە سەربازییە، لەسەرکردایەتی حزب بەحەلیم دراوە، چونکە ئەوکاتە لەپلەی مولازم بەرزتر لەناو هێزی پێشمەرگەدا نەبووە، لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شۆڕش چەند مولازمێکی سەربازی ڕیزەکانی سوپا جێدێڵن و دێنە ناو هێزی پێشمەرگە، هەر لەو سەروەختەشدا کاتەک حەلیم پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات، پێی دەگوترێت ئیدی ئێوەش لەڕیزی مولازمەکانن. کوڕەکەی مولازم حەلیم دەڵێت: هەر زووش لەهەرێمدا گوتیان واباشە سەردانەکی مام جەلال بکەی، ڕەسمەکی دایکی کە لەناو دەستیدا بوو، بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: مام جەلال ئەوکاتی خێمەکی بچووکی لە (دۆڵە کۆگە) لەبناری قەندیل لەدەوروبەری پشتی (ڕزگە و مارەدووان) دانابوو و نزیکی سیی چل پێشمەرگەیەکی بەدەورەوە بوو، ئەو وێنەیە هی ئەو سەردانە و ئەو کاتەیە.



**وێنەی مولازم حەلیم ئەوکاتەی سەردانی مام جەلالی کردووە**



هەروەها دەڵێت: «ئەو کاتەی دایکم بووە پێشمەرگە، بەتایبەتی بەلای خەڵکی دینداری وشک، کارێکی زۆرخراپ و شتێکی عەیبە و ناشرین بووە، کە ژنەک لەناو بارەگادا لەگەڵ پیاواندا بنوێ و لەسەر یەک سفرە نان بخوات و جەولە بکا و بگەڕێ، ئەوەی دایکم کردی لەئیسلامدا دەبوو وەکو سونەتێک حسابی بۆ کرابا. حەلیم بەوە ڕازی نەدەبوو لە بارەگەدا تەنیا خواردن ئامادە بکات، ئەو هاتبوو چەک لەشان بکات و لەگەڵ پێشمەرگە جەولە بکات، کەمین دابنێت و بچێت سەردانی ڕێکخستنی ناوشار بکات. لەگەڵ دەستەی هێرش دابوو، پێشمەرگەیەکی پیاو چۆن هێرشی دەکردە سەر ڕەبیەی، ئەویش لەتەنیشت ئەودا هێرشی دەکرد و لەهیچ شتەکی لەگەڵ پیاوەکاندا جیاوازی نەبوو.

کوڕەکەی مولازم حەلیم هاتە سەرباسی یەکێ لەو ڕۆژانەی پێشمەرگایەتی و گوتی: «لەبەرەی باڵەییان و قەندیل کەشف ببووین، لەزارگەلی و لەدیوی دۆڵەرەقەوە دەهاتین، ئێوارەبوو حکومەت بەهاوەن قەسفی کردین، هاوەنەک لەو شوێنەی حەلیمی دا و ئەو ناوەی کردە تۆز، زوو غارماندا و چووینە لای، گوتمان چ بوو، چ بوو؟ بێ ئەوەی خۆی مشەوەش بکات، گوتی چبووە؟ هیچ نەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو کوڕەکەی ئاماژەی پێدا: حەلیم خاوەن فیکر و تێڕوانینی تایبەتی خۆی بووە، «داوای مافی ژن و گەلی کوردی بەیەکەوە دەکرد، دەیگۆتە کچان، هەمووتان ببنە تەنزیم و جارێ کەس شوو نەکات تاوەکو کوردستان ئازاد دەبێت».

**ئەو کاتەی دایکم بووە پێشمەرگە، بە تایبەتی بەلای خەڵکی دینداری وشک، کارێکی زۆرخراپ و شتێکی عەیبە و ناشرین بوو**

### چەند یادەوەرییەکی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی مولازم حەلیم

کوڕە تاقانەکەی مولازم حەلیم کە ١١ ساڵی ڕێک لەگەڵ دایکی پێکەوە پێشمەرگە بوون، هەر لەو گوندەی (ماونان) پێکەوە بوونە، کە بڕیاریاندا پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەن، لەسەر تاشە بەردێک دانیشتووە و یادەوەرییەکانی ڕۆژانی زووی، وەکو شریتی فیلم ئاودیو دەکات و دەڵێت: «ڕۆژێک لەگوند دابەش بووین، باوکی بەرپرسەکەمان (شەهید ئەحمەد مەولود) بەرەو پیلمان هات و لەدڵسۆزی خۆی، یەک بە یەک هەموو پێشمەرگەکانی ماچکرد، کە حەلیمی ماچکرد


گڵکۆی حەلیم سۆفی

گوتی: ئەو پێشمەرگەیە ڕوومەتی زۆر نەرمۆکەیە، وایزانی ئەویش پیاوە!

لەیادەورییەکی دیکەی دایکیدا، حاجی ڕەسووڵ گوتی: « لەبارەگە هەر ڕۆژە و دەبوو یەکێ خەفەر بێت و خواردنی ئامادە بکات، کام پێشمەرگە فەقیر و چاونەکراوە بووایە، حەلیم کەمتر ئیشی پێدەکرد، خۆی ئیشوکارەکانی ئەوی ڕایی دەکرد، بەڵام هی من نا، لەخەفەریاتی من حەلیم بەهەر جۆرەک بووایە ئیشەکی دەدۆزییەوە و دەڕۆیشت، بۆیەش وای دەکرد تاکو نەڵێن یارمەتی کوڕی خۆی دەدات بۆ ئەوی دیکەی ناکات، جا زۆرجار شەڕم لەگەڵی دەکرد و دەمگوت بۆ غەدرم لێ دەکەی؟ دە وەرە وەکو پێشمەرگەکانی دیکە نانیش لەگەڵ من حازرکە و برنجم بۆ لێنێ، چونکە من نەمدەزانی برنجی بەباشی لێنێم».

کوڕەکەی مولازم حەلیم، یادەوەری بریندارببوونی پێشمەرگەیەک و چاکبوونەوەی لەسەر دەستی دایکی، خستەسەر تیشوی یادەوەرییەکانی دیکەی دایکی و گوتی: «پێشمەرگەیەکمان لەیەکێ لەشەڕەکاندا فیشەکی بەناو دەمی کەوتبوو و زۆر بەسەختی بریندارببوو، گولەکە لەبن زمانی هاتبووە دەر، هیچ دکتۆر و داوودەرمانەکیش نەبوو، حەلیم هەڵسا ئاونی پەیداکرد و ڕۆژانە برنجی دەکوتا و پاشان لەگەڵ ئاو تێکەڵی دەکرد و وەک موغەزی بەکەوچک لەقورگی بریندارەکەی دەکرد، بەوجۆرە پێشمەرگە بریندارەکەی چاک کردەوە، بەبێ ئەوەی یەک ڕۆژ دکتۆر ببینێت، یاخود چارەسەری پزیشکی وەرگرێت».

### خەمی کوردبوون و ئازارێکی سەخت

حاجی ڕەسوڵ، لەبارەی نەخۆشییەکەی دایکییەوە

دەڵێ: «بەیانییەک لەخەو هەڵساوە و گوتی ئای سەرە! هەر ئەو سەرە بوو ئیدی تووشی نەخۆشی مێشک و دەمار بوو، نەخۆشییەکەی هەمووی لەخەمی کوردایەتیدا بوو، بەتایبەتی لەدوای ئەنفالە بەد ناوەکان سەریهەڵدا، ئەگەر دیتی بارەگەی پێشمەرگە جوولەی تێدا نەما و کورد تووشی ئەو شکستە گەورەیە بوو، ژیانی لەبەرچاو کەوت، لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ، لەم گوند بۆ ئەم گوند دەگەڕا، لەبەر ئێش و ئازاری سەری نەدەحەوایەوە».

سێ ساڵ بەسەر ئەنفال و ئازارەکەی سەری حەلیمدا درێژەی کێشا و ڕاپەڕین دەستیپێکرد، حاجی ڕەسووڵ دەڵێت: «لەڕۆژانی ڕاپەڕیندا زۆر سەیربوو کە حەلیم لەخۆشیان جەڵتە لێ نەدا، جۆشوخرۆشەکی وای هات بەخوێن و لەشیدا مەپرسە! ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگەی پیرزین و شاوەیس و ناوشاری هەولێردا دەگەڕا و دەسوڕا، دەیگوت: ڕۆژ ڕۆژی ژنانە، ڕۆژی کوردانە« کوڕە تاقانەکەی بەدڵێکی خەمگینەوە ئەوەشی گوت کە: «ئەگەر دەڵێن مولازم حەلیم، هەموو برادەر و ڕەفیقەکانی خۆم بیر دەکەوێتەوە، ئەنفال و ڕاگواستنم بیر دەکەوێتەوە، ئێستاش ئەگەر تەماشا دەکەم لەو هەموو ڤێلایانە و زۆر ماڵە شەهیدیش نان نییە بیخۆن، بەس گریانم دێ».

**پوورم دەیگوت من حساب بۆ قسەی کەس ناکەم**

لەسیفەتە هەرە باشەکانی پوور حەلیم دەست و دڵ کراوە بوو، زۆر مێواندۆست بوو، حەزی دەکرد ماڵ هەمیشە میوانی تێدابێ، زۆر بە بەزەیی بوو و خۆشەویستی بۆ هەموو خزمان هەبوو، بەتایبەتی ئێمە خوشک و برایەک بووین، لەدوای براکەی، ئێمە بەجێما بووین بۆ ئەو، بۆیە ئێمە تایبەت بووین لای ئەو، پوور حەلیمیش بۆ ئێمە تایبەت بوو. (کانی خدر سۆفی)ی برازاکەی مولازم حەلیم، کە شەهیدبوونی باوکی ئاراستەی ژیانی پووری حەلیم دەگۆڕێت، دەڵێت: «هەمووجار لێمدەپرسی و دەمگوت پوور حەلیم، بابی من چۆن شەهید بوو، چونکە ئەو ساڵەی باوکم شەهیدبوو من تەمەنم سێ ساڵان بوو و بەبیرم نایەت ڕووداوەکە چۆن بووە؟ دەیگوت کچم لەو شەڕەیدا لەساڵی ١٩٧٧ دوو پێشمەرگە (عەبدوڵڵا شەریف) و بابت بووینە، هێزەکی زۆری حکوومەت هاتۆتە ناوچەی باڵەکایەتی (دۆڵی باڵەییان) و شەڕ ڕوویداوە، باوکت شەهید دەکرێت و حکوومەت تەرمەکەی لەگەڵ خۆیان دەبەن».



**کانی خدر سۆفی، برازای مولازم حەلیم**

حەلیم سۆفی ماوەی سێ مانگان شەو و ڕۆژ بێ وچان بەدوای تەرمی براکەیدا دەگەڕێت، وەکو بۆ (کانی خدر سۆفی)ی برازای گێڕاوەتەوە: «پوورم دەیگوت سەرەتای بەهار بوو، دەگەڕام بزانم کێندەر گیای لێ شین نەبووە، بۆ ئەوەی بزانم ئەوێ نەرماییە و تەرمی براکەم لەوێیە، دەیگوت شەوانە بەردەوام لەگەڵ سێ چوار خزم و دۆست لەو کەژ و کێوانە دەگەڕام تاکو تەرمەکەم دۆزییەوە«.

**من دەچم تۆڵەی براکەم دەکەمەوە**

لەبارەی بوونە پێشمەرگەیاتی ژنانیش لەو سەردەم ئەو برازایەی دەڵێت: ئەوکات بوونە پێشمەرگە بۆ ژنان عەیبە بوو بەڵام پوور حەلیم لای ئاسایی بوو، ئەو دەیگوت من حساب بۆ قسەی کەس ناکەم، پاشملە با خەڵک باسم بکات، بەلای منەوە هیچ نییە، چیم بۆ کورد پێ باشە ئەوەی دەکەم؟ من دەچم تۆڵەی براکەم دەکەمەوە و دەبێ کوردستان ئازاد بێت، دەیگوت ژنان بۆ ئەوەی هەموو ئامانجەکانی خۆیان بەدەست



**“ زۆرجار دەڵێم باشە ئێمە چیمان کەمترە لەپوور حەلیم؟ با ئێمەش وەکو ئەو ئازا بین ”**



**مولازم حەلیم و پۆلێک پێشمەرگە**



> **لە ماڵی مە بوو لە ماونان، گۆتی برام لە هەولێر هاتیتەوە و بڕەکی دەچمە لای ئەو، چۆن لە ماڵ دەرچوو، ئیدی نەگەڕایەوە**

بهێنن، دەبێت تێبکۆشن و خەبات بکەن و نەترسن. بەڕاستی مولازم حەلیم بۆ ئێمە قوتابخانەیەک بوو، ئازایەتی ئەو شێرەژنە دەگمەن بوو.

کاتەک پوور حەلیمم لەشاخ دەبینی لەگەڵ پێشمەرگەکان دەڕۆیشت، یان دێتەوە ناو گوند و چەکی لەشانە، دەمگوت دەبێت منیش گەورەبم و وەکو پوور حەلیم ببمە پێشمەرگە؟ زۆرجار دەڵێم باشە ئێمە چیمان کەمترە لەپوور حەلیم؟ با ئێمەش وەکو ئەو ئازا بین. پوور حەلیم دەیگوت ژن دەبێ بەخۆی، خۆی بسەلمێنێت ئینجا ئەوانی دیکە ئیعترافت پێدەکەن. ئەوەی فێرکردین کە هەق دەسەنرێت، نادرێت. زۆرجار دەیگوت ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، ڕۆژەک دادێت شانازیم پێوە دەکەن. بەڕاستی من ئێستا شانازی پێوە دەکەم، خۆزگە من پوور حەلیم بوومایە.

**تەرمی خۆی و براکەی، دوای سێ مانگ دۆزرانەوە**

کانی خدر سۆفی دەڵێ: «کاتێک پوور حەلیم تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، زۆرم خەم خوارد، دەمگوت بزانە ئەو شێرە ژنەی شاخ، ئێستە چۆن بەو شێوەیە پەرێشانە و کەوتووە، هەر جارەکی لەگەڵ کاک حاجی دەمان بردە لای دکتۆر و دەمانهێنایەوە، زۆر بۆی نارەحەت دەبووم و پێم ناخۆشبوو» برازاکەی دێتە سەر باسکردنی ئەو ڕۆژەی مولازم حەلیم بۆ یەکجاری ماڵاوایی لەهەولێر و ژیان دەکات و دەڵێت: «ئێمە ئەوکات دوای ڕاپەڕین، ماڵمان لەکۆمەڵگەی شاوێس بوو لە هەولێر، پوور حەلیم لای ئێمە بوو، ڕۆژەکی لەپڕ گوتی ئەگەر ئێستە نەچمە باڵەییان مێشکم دەتەقێت، دۆخەکەی ئەوها بوو، ئەگەر هەوەسی شوێنەکی هەبا، بەهەر شێوەیەک بووایە دەبوو چووبا. مام مستەفا گوتی باشە من لەگەڵت دێمە گەراجی و بڕۆ ماڵی کاک حاجی، ئەوکاتی ماڵی کاک حاجی برای هاتبوونەوە باڵەییان، پوورم حەلیم وەهای کرد و هاتەوە گوندی و ماوەکی لەماڵی کاک حاجی بوو».

مولازم حەلیم ڕۆژێک لەماڵی براکەی دەردەچێت و ئیدی هەر ئەو چوونەدەرە دەبێت و تاکو سێ مانگان هیچ سەر و سۆراغێکی نامێنێت، هەندێک باس لەوە دەکەن لەسەر پردەکەی باڵەییان خزی بێ و کەوتبێتە ناو ئاوەوە، بەڵام بەڵگەیەکی تەواو نییە بۆ ئەم قسانە: «هەتا سێ مانگان کەس نەیزانی لەکوێیە؟ دواتر ڕۆژێکیان لەگوندی دیلمان لەو شوێنەی کە دەکەوێتە سەرسنووری باڵەییان، تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە« برازاکەی مولازم حەلیم گوتیشی: «مردنەکەی بەو شێوەیە بوو، کە بۆ هەمووان کارەساتێکی گەورەبوو شێرەژنەک بەو جۆرە بمرێت، لەوەش ناخۆشتر و کارەساتبارتر، ئەو خوشک و برایە، پوور حەلیم و باوکم، هەردووکیان دوای سێ مانگ لەونبوون، ئینجا تەرمەکانیان دۆزرایەوە«.

**هیچ کەسی دیکەم لە حەلیم خۆشتر نەدەویست**

ئامینە سۆفی مستەفا (خوشکی مولازم حەلیم) دەڵێت: «ئێمە چوار خوشک و دوو برا بووین، پاش شەهیدبوونی براکەم، حەلیم کە تەرمەکەی دۆزییەوە، هاتەوە گوندی و گوتی: ئەوە سەرمان هەڵداوەتەوە، شەوێ چوار پیاوی گوندی لەگەڵ زاواکەمانی لەگەڵ خۆی بردن و تەرمەکەیان هێنایەوە و هەر لەسەر گۆڕستانی گوندی، ئاوەکیان پێداکرد و بانگی ئێمەشیان نەکرد نە من نە براژنەکەم، حەلیم هەر بەخۆی کفن و دفنی کرد. دوای ئەوە حەلیم بووە پێشمەرگە و ڕۆیشت».



**ئامینە سۆفی مستەفا، خوشکی مولازم حەلیم**

ئەو خوشکەی مولازم حەلیم دەڵێت: «حەلیم پاش ئەوەی بووە پێشمەرگە جلی پیاوانی لەبەر دەکرد، شەوان ئاوات دەکرد لەناکاو دەهاتەوە ناو گوندی و لەوێوەش دەهاتەوە لای ئێمە. هەر جارەی دەهاتەوە، دادەنیشت و قسەی خۆشمان دەکرد، نەشدەوێراین چای بەئاگری بکەینەوە، لەترسی حکوومەت دەبوو بەدزی بووایە، ئەگەر تەقەی تفەنگی دەهات، خێرا هەڵدەستایەوە و خواردنەکەی جێدەهێشت و دەڕۆیشت». ئامینە سۆفی، بەدڵێکی خەمگینەوە، دەڵێ: «حەلیم دایمە لەکنە من بوو، هیچ کەسی دیکەم لەوی خۆشتر نەدەویست،



کاتێ مرد، وامزانی ئەو دنیایەم لێ خراپ بوو». دواجار بەڕستەیەک گوتی: «تا ماوین شانازی پێوە دەکەین».

**بەهیوام ئەو ئامانجەی ئەو هەوڵی بۆ دا، بەدەستی بهێنین**

لەناو ژنانی ناوچەکەدا ناوبانگی مولازم حەلیم دەنگی دابۆوە، زۆر زۆرمان خۆشدەویست، چونکە پێشتر لەناو مەدا شتی وەها دروست نەببوو، هەموو ئەو کارانەی ئەو دەیکرد لەخەبات و شۆڕشگێڕیی، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارەک جێبێڵێت، بەتایبەت لەکاری تەنزیمی، هەمووانی سەرسام کردبوو. بەمانای وشە، ئازا و زیرەک و چاونەترس بوو، زۆر بەسۆزبوو بۆ کوردایەتی، ژنەکی کوردپەروەر بوو، نە بەشەو، نە بەڕۆژ وچانی نەبوو، هەمیشە خزمەتی پێشمەرگەی دەکرد، هەبوونی کەسێکی وەکو مولازم حەلیم لەناو ژنان، دەگمەن بوو بەتایبەتی بۆ ئەو کاتی. زۆرتر ڕەفیقاتی براژنمی دەکرد و بەو هۆیەوە زۆر دەهاتە ماڵی مە، ئەگەر یەکەمجار دیتم، گوتم ئەوە هەوە؟! زۆر زۆرم خۆشدەویست. (ڕابیعە عەبدولا وای گوت).



ڕابیعە عەبدوڵڵا، بووکی مولازم حەلیم

ئەو ژنە (ڕابیعە عەبدوڵڵا) کە دواتر شوو بەکوڕەکەی دەکات و دەبێتە بووکی حەلیم سۆفی، لەبارەی خەسووەکەی (مولازم حەلیم) بەردەوامی بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: «هەندێک سەربازی عێراقی بەدیل گیرابوون و برینداریشیان تێدا هەبوو، ئەگەرچی سەربازەکان دوژمنیش بوون، بەڵام حەلیم خزمەتی دەکردن و داودەرمانی لەبرینی دەدان، کەسێکی زۆر زۆر بە بەزەیی بوو، ئەو لەهەموو ڕووەکەوە یەکەم بوو، بۆیە کەسمان نەماندەتوانی وەکو ئەو بین، ئێمە ڕەنگە ڕۆژەک دوو قسەمان بۆ گەنجان کردبێت و هەوڵمان دابێت گەشە بەکوردایەتی بدەین و هەوڵدەین گەنجەکان تەنزیم بن یاخود ببن بەپێشمەرگە، بەڵام نەماندەتوانی وەکو ئەو چەک لەشان بکەین و شەو و ڕۆژ بەبێ ترس بسوڕێینەوە«.

ئەو بووکەی مولازم حەلیم، قۆناغی دوای ئەنفالەکان و دۆخی حەلیم سۆفی لەو ڕۆژگارەدا ئاوا باس دەکات: «هەرکە گۆتیان سنوورەکان داخران و یەکێتی هەموو ڕۆیشتن و ئاودیوی ئێران بوون، گوتی ئای قوڕم بەسەری تازە ئێمە ناگەینەوە ناو پێشمەرگان و ئەمن لێرە سجن بووم، زیندە بەچاڵ بووم، هەموو کات دەیگوت ئێمە دابڕاین، من دەخنکێم، ئیدی سەرئێشانی گرت و چاک نەبۆوە، هیچ خەو و خۆراکی نەمابوو، هەمیشە فیکر و خەیاڵی ناخۆشی بۆ دەهات، بەردەوام دەیگوت چۆن دابڕاین و لەگەڵ پێشمەرگە ئاودیو نەبووین، لۆ من عەیب و شوورەییە لەناو حکوومەتی بەعس مامەوە. سەرەتا ئامادە نەبوو قاتی کوردی و جلی پێشمەرگایەتی لەبەر بکاتەوە، بۆیە بە لەبەرکردنی جلی ژنان و فڕێدانی قاتەکەی کە لەشاخ لەبەری بوو، یەکجاری شێوا، هەموو کاتەک سەرئێشانی بوو و خەوی لێ نەدەکەوت، خەفەتی دەخوارد و هیچکات زەردەخەنەی نەدەهاتێ، هەموو دەم گرژبوو و پێکەنین لەسەر ڕووخساری نەما».

ڕابیعە عەبدولا، دواساتەکانی بینینی خۆی و مولازم حەلیم، بەر لەوەی ئەو ڕۆژە بۆ کۆتاجار لەماڵ بچێتە دەرەوە، ئاوا گێڕایەوە: «لەماڵی مە بوو لەماونان، برایەکی هەبوو ، گۆتی برام لەهەولێر هاتیتەوە و بڕەکی دەچمە لای ئەو، ئەمەش گوتمان بەس زوو وەرەوە؟ گوتی باشە. چۆن لەماڵ دەرچوو ئیدی نەگەڕایەوە و ئەمە دواجاربوو بەزیندوێتی بیبینین. ئەو ناوەمان هەموو کرد دیار نەبوو، گوند و شار نەما سۆراغی نەکەین، پاش سێ مانگان ئینجا تەرمەکەمان دۆزییەوە«.

بەهیوام ئەو ئامانجەی ئەو هەوڵی بۆ دا، بەدەستی بهێنین (ئەمە دوا ڕستەی ئەو بووکەی مولازم حەلیم (ڕابیعە عەبدولا) بوو.

*** ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری دیوان، لەبنچینەدا بەرنامەیەکی تایبەتە لەتەلەفزیۆنی ژن تیڤی، بەرنامەی (بیرەوەری) کە ئەڤین نەسرین ئامادە و پێشکەشی دەکات.**

***“زۆرجار دەیگوت ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، ڕۆژەک دادێت شانازیم پێوە دەکەن. بەراستی من ئێستا شانازی پێوە دەکەم”***

لەقەندیلی سەربەرزەوە



# (مولازم حەلیم) ئەفسانەی خەباتی ژنانی شاخ

**لەناو لاپەڕە درەوشاوەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان زۆرن ئەو فەرماندە و تێکۆشەرانەی، کە ڕۆڵی جوامیرانەیان بینیوە و هەموو ژیانی خۆیان بۆ بە ئامانج گەیشتنی گەل و نەتەوەکەیان تەرخانکردووەو دواجاریش توانیان ئەو ئامانجە بهێننەدی، یەکێک لەوانە شەهید مولازم حەلیمە، کە هەر لەتەمەنی گەنجێتییەوە خولیای ئازادی و بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەی بوو، شان بەشانی هاوسەنگەرانی چەکی شەرەف و کوردایەتی کردە شانی و بووە یەکەمین پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، ئێستەش وەکو ئەرشیف و مێژوویەکی درەوشاوە ماوەتەوە.**

ئامادەکردنی: فەتاح حەسەن قەڵاتی

## حیکمەت وەڵاشی:

### دەبوایە ئێستە پەیکەری ئازایەتی و خۆڕاگری ژنی شاخی بۆ بکرایە

**حیکمەت وەڵاشی پێشمەرگەی دێرین سەبارەت بەئاشنایەتی لەگەڵ شەهید مولازم حەلیم گوتی:**

لەساڵی ١٩٨٧ بەخزمەت مولازم حەلیم گەیشتم، کە ئەوکات بارەگامان لەقەندیل (تاتی دۆ) بوو شەو بوو پاسەوانی بارەگا بووم، لەناکاو کەسێکم بینی، کە بەرەو ڕووی من دەهات، کە گەیشتە لام یەکسەر داوای چەکەکەمی کرد و گوتی ئەو چەکەم بدێ من حەرەسیات دەگرم، منیش گوتم ناکرێت چەکەکەمت بدەمێ تۆ برۆ پشوو بدە، ئەویش ڕازی نەبوو گوتی چۆن من بخەوم و ئێوەش پارێزگاری لە من بکەن، بۆیە بەناچاری چەکەکەم دا بە مولازم حەلیم، بۆ بەیانییەکەی بووە قسەو و مقۆ مقۆ لەسەر من، گوایە من حەرەسیاتم نەگرتووە و خەوتووم، چونکە ئەوکاتە ئابڕووچوون بوو، کەسێک لەحەرەسیات بخەوێت، یاخود بەجێ بهێڵێت، منیش هەستام حەرەس بە حەرەس لێکۆڵینەوەم لەبابەتەکە کرد، لەئەنجامدا دەرکەوت، کە مولازم حەلیم حەرەسیاتی بارەگای لەشەوەوە هەتا بەیانی بۆ هەموو برا پێشمەرگەکان گرتووە، ئەو لەشەوەوە هەتا بەیانیەکەی نەخەوتبوو، هەم حەرەسیاتی بارەگەی گرتبوو، هەمیش خواردن و چێشتی بەیانی بۆ پێشمەرگەکان ئامادە کردبوو، منیش لێم پرسی چۆن بەدرێژایی ئەم شەوە خەوت نەهات، لەوەڵامدا گوتی: من لە شەونخونی ڕاهاتووم و چۆن ئاسوودە دەبم، من بخەوم و ئێوەش پاسەوان بن.

گوتیشی: لەڕووی شۆڕشگێڕیی و خەباتی نەتەوایەتیشەوە، هەتا بڵێی ژنێکی ئازا و خۆڕاگر و چاونەترس بوو، ژنێک بوو شان بەشانی پێشمەرگەکان، هەمیشە لە سەنگەری تۆڵە و ڕووبەڕووبونەوەی دوژمندا بوو، بەوپەڕی حەماسەتەوە دەچووە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس، دەتوانم بڵێم لەم کاتانەدا نموونەی خۆڕاگری و قارەمانێتی وەکو ئە ژنە لەنێو هێزی پێشمەرگەدا،



هەر زۆر کەم بوو، بۆیە دەبێت ئێمە شانازی بەژنە تێکۆشەرەکانی لە شێوەی مولازم حەلیم بکەین، تاماوین وەکو (ی ن ک) و خەڵکی باڵەکایەتی شانازی بەم ژنە پێشمەرەگە و تێکۆشەرە دەکەین.

وەکو وەفایەکیش بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم ژنە شۆڕشگێڕە، دەبوایە ئێستە پەیکەری ئازایەتی و خۆڕاگری ژنی شاخی بۆ بکرایە، بۆ ئەوەی هەمیشە لەیادمان بێت و لەنێو مێژوو و ئەرشیفی میللەتەکەماندا بەزیندوویێتی بمێنێتەوە و نەوەی داهاتووشمان سوود لە ئەزموون و تێکۆشانی ئەم ژنە خۆڕاگرە وەربگرن.

## شێرزاد ڕەنجەڕۆ:

## ژنێک چۆن دەتوانێت ئاوا لەگەڵ ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی هەڵ بکات و ببێتە نموونەی خۆڕاگریی و هەوێنی بەشداری کردنی ژنان لەخەباتی پێشمەرگایەتیدا

شێرزاد ڕەنجەڕۆ پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەری مولازم حەلیم گوتی:

دیمەنە جوان سەرنج ڕاکێشەکەی هیچ کات لەیاد ناچێت، کاتێک کە ژنێکی توندوتۆڵ، چەک بەشان و جەمەدانی لەمل و ڕەفتە لەسەر و تاقم فیشەکدان لە کەمەر لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕیز دەبەستێت و ڕێگە سەختەکانی شاخ و کێوەکانی کوردستان دەبڕێت، ئەوە سەرەتای دیدی من بوو بۆ ئەو، وەکو ئەفسانەیەکی خەباتی ژنانی شاخ، دووبارە نابێتەوە.

گوتیشی: لەساڵی ١٩٨٢، ئەوکاتە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری (ی ن ک) لەبناری کارۆخ و گوندە جوان و سەرنج ڕاکێشەکەی وەرتێ بوو، فەرماندە و پێشمەرگە بۆ ڕاییکردنی کاروباری هەرێمەکان سەردانی بارەگایان دەکرد، ڕۆژێکیان مولازم حەلیم لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد مەولود) و چەند پێشمەرگەیەک سەردانی بارەگەی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێریان کرد، ژنێکی گورجوگۆڵ و خۆڕاگرم بینی، من لەو ساوە ئاشنای ئەم ژنە پێشمەرگە قارەمانە بووم، کە ببووە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵک، کە ژنێک چۆن دەتوانێت ئاوا لەگەڵ ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی هەڵ بکات و ببێتە نموونەی خۆڕاگریی و هەوێنی بەشداری کردنی ژنان لەخەباتی پێشمەرگایەتیدا. لە کاتێکدا مەفرەزەکانی پێشمەرگە ئەوسا زۆر بەنەهێنی جموجۆڵیان دەکرد، سوپای عێراق بەهێز و پڕ چەک و ڕاهێنراو بوو، بەرەنگاربوونەوەی لەم کاتانەدا زۆر سەخت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگە زەبری کوشندەی لەدوژمن دەوەشاند، مولازم حەلیمیش وەکو هەموو پێشمەرەگەکانی ئەوسا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پێشمەرگە و هاوسەنگەرانی نەبوو، بە شەو و بە ڕۆژ لەگەڵیاندا لە جەولە دابوو، هەمیشە حەزی لەئەرک و چالاکی بوو، گفتوگۆ خۆش و بە و ورە و لێبوردە بوو، لەکاتی پشوودا لەنێو کەویە بەفر و ڕەوەزە شاخەکاندا بە کەترییە ڕەشەکەیەوە سەرقاڵی (چا) لێنان بوو، زۆر حەزی دەکرد خزمەتی پێشمەرگەکان بکات، بۆیە سەرکردایەتی و فەرماندە و پێشمەرگەکانی یەکێتی بەچاوی ڕێزەوە لێیاندەڕوانی.

پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و زامی خاک و گەلەکەی، ناخ و دەروونی شەهید مولازم حەلیمی ئاوێزانی قەتماغەی خوێن و قوربانیدان کردبوو، کە بەم شێوەیە لەڕۆژگارە سەختەکانی خەباتدا هەنگاوی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵات و نەتەوەکەی دەنا، ئەفسوس ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێگەی نائومێدی و پاشاگەردانی وەکو تەمە ڕەشەکانی سەر لووتکەی قەندیل بۆ هەڵلوشینی تیشکی ئومێد و خۆری ئازادی کزتر دەبوون،





دواتر بەم خەم و ئازارەوە وێڵ و سەرگەردان لەدونیای ڕوانی، تا دواجار لەگەڵ هەستە جوان و ئومێدە گەشەکانی دواڕۆژی سەربەخۆییدا قەدەر ڕێگەی ژیانی زیاتری پێ نەداو بۆ یەکجارەکی چاوەکانی لێک نان و ماڵ ئاوایی لەژیان کرد و ئومێد و ئامانجەکانی دیکەی گەلەکەی بەشاخ و ڕووبار و کانیاوەکانی کوردستان سپارد.

## موراد کوێخا:

## لەشەڕی (مامەندە)ی کە مام جەلال ناوی لێنا شەڕی (جەنەڕالی بەفر) پورە (حەلیم) لەگەڵمە بوو



لە ساڵی (١٩٧٨) کە من چووم بۆ هەرێمی حەوتی باڵەک، پورە (حەلیم) پێشی من گەیبووە وێندەرێ، ئەو گەنج بوو، ڕێکوپێک بوو، دایم تاخمە و کلاشینکۆف و ئاقیبەی بە پشتێ وەبوو.

لە هەموو جەولەکان و لە هەموو شەڕەکانیش لەگەڵ مەدا بوو. ساڵی (١٩٧٨)یش لە شەڕی (مامەندە)ی کە مام جەلال ناوی لێنا شەڕی (جەنەڕالی بەفر) پورە (حەلیم) لەگەڵمە بوو لەبەر زیرەکی و ئازایی پێمان دەگۆ ملازم (حەلیم) لە دۆڵی بالەییان ڕا دەهاتە قاسمە ڕەش و ناو زەنگ و لەگەڵە مە دەهاتەوە هەرێمی (٧).

ئەوکاتەی گەنج بووم حەسوودیم پێ دەبرد، هەندە ژنەکی ڕێکوپێک و ئازاو بوێر و دڵسۆز بوو.

## وەستا ڕەسووڵ:

## پێویستە ژنان شانازی بەخۆیان و قارەمانێکی وەکو مولازم حەلیم بکەن



ملازم (حەلیم) گوێی نەدایە ئەو عادەتە کۆمەڵایەتییەی، کە لە نێو کوردەواریدا باوبوو، چەکی شەرەفی کردە شان و بوو بە پێشمەرگەیەکی قارەمان لەنێو ڕیزی هێزی پێشمەرگەدا لە جەولەکانیدا سەردانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کردووە بە زۆربەی گوندەکان ئاشنا بوو، لەو سەردەمەدا ڕێزێکی تایبەتی لای مام جەلال هەبووە.

کەسێکی وەکو ملازم (حەلیم) بۆ کورد لەدەستچوونە، ئەگەر بێتوو ئێستە لە ژیاندا مابووایە، هاندەرێکی باش دەبوو، بۆ ئەوەی ژنان زیاتر بێنە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بۆیە دەڵێم ملازم (حەلیم)و ژنەکانی دیکەش، ئەوانەی وەکو ئەو لەو سەردەمەدا هۆگری شۆڕش بوون، شۆڕشگێڕ بوون، پێشەوا بوون، ئەستێرەیەکی گەشن.

بە بەبیرهاتنەوەی ئەو ژنە قارەمانە، پێویستە ژنان شانازی بەخۆیان و قارەمانێکی وەکو مولازم حەلیم بکەن.

## سواره عەباس ئاغا:

### ئەو پێشمەرگانەی کە پێکەوە بوونە لە ملازم (حەلیم)یان زیاتر نەکردووە



ساڵی (١٩٧٩) لە کەرتی چوار، کە ئامر کەرتەکە شەهید ئەحمەد مەولود بوو، گوازرایەوە بۆ هەرێمەکەی مە، هەرێمی چواردەی ئاکۆ.

ملازم (حەلیم) و کوڕێکی، کە ناوی کاک حاجی بوو، گچکە بوو، ئەویشی لەگەڵدا بوو. یەکەم ژنە پێشمەرگەی شاخ بوو، بەشداری زۆر شەڕ و چالاکی بوو، هەرگیز دانەبڕا، ماڵی نەبوو، بەردەوام لەگەڵ مەفرەزاکانی پێشمەرگەدا بوو.

بەڕاستی ژنێکی زۆر چالاک بوو، هەرچی بۆی بکرێت کەمە. لەگەڵ برا پێشمەرگەکانی سەنگەر بە سەنگەر ڕۆژ بە ڕۆژ.. شەو و ڕۆژ لە جەولەدا بوو. نابێت هەرگیز لەبیر بکرێت، چونکە بە هەموو مانایەک پێشمەرگە بوو لەزۆربەی شەڕەکان بەشداری کردووە، ئەو پێشمەرگانەی کە پێکەوە بوونە لە ملازم (حەلیم)یان زیاتر نەکردووە. ئەوکات هەموو ژنێک نەدەبووە پێشمەرگە.



## ڕەسووڵ قەندە:

### دەیان جار بەخۆم دیتیتم، هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە پیاوەکان، لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕدا بووە.



ئەوکاتەی پورە (حەلیم) هات و بووە پێشمەرگە پایزی ساڵی (١٩٧٧) بوو، ئەوکاتە بوو، کە هات جەنازەی برایەکەی بردەوە، کە لە نزیک سەربازگەیێک بوو، لە ناوچەی قەسرێ، بە (بنەی واران) ناسراوە، جەنازەکەی بردەوە ناوچەی ئازادکراو.

پورە (حەلیم) لەگەڵ شەهیدی فەرماندە ئەحمەد مەولود و شەهید عەزیز داود و هاوڕێکانی لە هێزی کارۆخ پێشمەرگە بوو، ئەوکات ئێمە لە تیپی حەوتی هەرێمی باڵەک بووین. دوای ئەوەی ناوونیشانی مولازمی پێدرا، پورەکەی لەسەر لاچوو، ئێمە ئەوکات بە پورە و مامۆژنە (حەلیم) بانگمان دەکرد، دوای ئەوە هەموو ئەیانگوتێ مولازم (حەلیم).

بوونی ژن ئەوکاتی دەگمەن بوو، وابزانم لە ساڵی (٧٩-٨٠) لە هەموو ناوچەکە و سنووری سەرکردایەتی هەر چوار ژنە پێشمەرگە هەبوون. هەموو جارێک ئەگەر بیزانیبا مەفرەزەیەک، یان هێزێک دەڕوا، داوای دەکرد لەگڵیان بچیت دەیگۆ من لە بارەگەی نامینمەوە، دێمە ئەو سەنگەرەی، کە شەڕی تێدایە. من دەیان جار بەخۆم دیتیتم، کە لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕدا بووە هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە پیاوەکان.

*** سوود لە ڕاپۆرتێکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، کە لە ئامادەکردنی (هونەر سەلیم)ە وەرگیراوە.**



# دەمانتوانی لە کوردستان سەدان پورە (حەلیم) دروست بکەین

مەلا بەختیار

بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم قسە لەسەر تێکۆشەرێکی ژن، یان ژنێکی پێشمەرگە بکەم، کە پێم وایە غەدری لێکراوە. ڕێزم بۆ هەموو ئەو ژنانە هەیە کە هاتوونەتە ڕیزی پێشمەرگە، هەموویان قارەمان بوون، بەڵام هیچیان نەیانتوانی لە پێشمەرگایەتیدا (حەلیم) بن.

پورە (حەلیم) بەڕاستی پێشمەرگە بوو، ئەوەی کە پێشمەرگەی پیاو، وەکو پێشمەرگە بەرگەی دەگرت، پورە (حەلیم) قەت کەمتر لە هیچ پیاوێک نەبوو، سەختترین ناوچەی کوردستانی وەکو قەندیل و دۆڵی باڵەییان و دۆڵە ڕەقە و ئەو دەڤەرانە، بەڕاستی هەم لەڕووی جەستەییەوە، هەم لە ڕووی ورەوە، هەم لە ڕووی دڵسۆزی بیروباوەڕەوە، پێویستی بە تێکۆشەر و پێشمەرگەی خۆڕاگر بوو، کە (حەلیم) یەکێک بوو لەوانە.

باشم لەبیرە، کە هێزی باڵاییان هات بۆ سەرکردایەتی، بۆ دۆڵە ڕەقە، بینیمان، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان پورە (حەلیم) و پێشمەرگەکاندا نییە.. هیچ جیاوازییەک لەنێوان پورە (حەلیم) و شەهید ئەحمەد مەولود و شەهید برایم و قادر خەبات و هەموو ئەو قارەمانانەی، کە ئەو کاتە لەوێ بوون، هیچ جیاوازیەک نەبوو. وەکو ئەوان چەکی هەڵدەگرت، وەکو ئەوان بە شاخا هەڵدەکشا دائەکەوت، شەو و ڕۆژ جەولەی دەکرد

لە ڕوخساریدا ژنێکی قارەمان، ژنێکی خۆڕاگر دەبینرا، ژنێک کە هەم خەمی برا شەهیدەکەی هەڵگرتبوو، کە لە دوای شەهید بوونی شەهید (خدر)ی برای ببوو بە



پێشمەرگە، هەمیش ئیدی نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک نە سەنگەری نەتەوەکەی، نە سەنگەری براکەی چۆڵ بکا.

من ئێستە، کە ئاوڕ لەو مێژووە دەدەمەوە و لە توانای پورە (حەلیم) ورد دەبمەوە، ئەو باوەڕەم لادروست دەبێت، کە دەمانتوانی لە کوردستان سەدان پورە (حەلیم) دروست بکەین، وەکو چۆن ئێستە لە خۆراوا دروست بووە.

پورە (حەلیم) لەو کەسانە نەبوو گوێ بگرێ و نیگەران بێت، لەو کەسانە بوو، کە بەردەوام پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێر بێت. لە ژیانیدا هیچ تەماحێکیی نەبوو (حەلیم) کە هاتە دەرەوە هێشتە ژیانێک بوو، زۆری بە بەرەوە مابوو. بیری لە ژیانی تایبەتی خۆی و جوانکاری و ئەمانە هەر نەدەکردەوە. چەکەکەی و جلی پێشمەرگایەتیەکەی و پێڵاوە شڕەکەی، کە لە پێی دابوو، جگەرەکەشی، کە هەمیشە بە لێویەوە بوو، لە لای هەموو شتێک بوو.

بۆیە من دەڵێم: ئەگەر ئێستە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئەزموونی هاتنە دەرەوەی ژن لە شۆڕشی نوێدا بکرێت، ڕەنگە هیچ ژنێک بە قەد پورە (حەلیم) مایەی لێکۆڵینەوە و هەڵوەستەکردن نەبێت، کە وەکو ئەزموونی ژنێکی سەرکەوتوو لێی بڕوانرێت.

بە بۆچوونی من ئەوە دەهێنێت ڕۆمانێکی لەسەر بنووسرێت. ڕۆماننوسێک بێت وردەکاری ژیانی پێشمەرگایەتی و چۆنیەتی دۆزینەوەی برا شەهیدەکەی لەناو سوپای عیراق، لەو شەڕەی، کە لە کەڵەچی باڵاییان، لە شەڕێکی یەکجار قارەمانانەدا شەهید بوو. ئەوانە لێیان بکۆڵدرێتەوە و ڕای هەموو ئەوانەی، کە لەو شەڕانەی ئەو تێدا بەشدار بووە وەربگیرێت، ڕای هەموو ئەوانەی، لە کەرت و تیپەکان لەگەڵی بوونە تۆمار بکرێت، بە بۆچوونی من ڕۆمانێکی گەورەی لێ بەرهەم دێت.

پورە (حەلیم) ڕۆمانێک بۆ ژنێک. دەتوانم بڵێم پێشمەرگەی گوڵناوە لە مێژووی ئێمەدا، بەڵام لە حەقیقەتدا ناوێکی ئێجگار گەورەیە لە مێژووی ئێمەدا.

*** ئەم وتارە پووختە و دارشتنەوەی ئەو راپۆرتەی کەنالی ئاسمانی گەلی کوردستانە، کە هونەر سەلیم ئامادەی کردووە.**

# مێژوو

- **سیاسەتی سوریا بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا (١٩٧٦–١٩٨٨)**

د. ئەحمەد حەمەدئەمین



# سیاسەتی سوریا بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشوور کوردستاندا (١٩٧٦-١٩٨٨)



د. ئەحمەد حەمەدئەمین

**پێشەکی**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە زۆربەی قۆناغەکانیدا جێگای تێڕامان و گرنگیدانی ئەو وڵاتانە بووە، کە بەشێک لە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، لەو سۆنگەیەوە هەمیشە ترسی سەرەکیان ئەوە بووە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکان بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان تەشەنە بکات و بڵاوببێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر لە سیاسەتی سوریا بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٨٨) بڕوانیین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هاوکاری و پشتیوانییەکانی لەبەر خراپی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی بووە.

دیارخستنی سیاسەتی سوریا لەو قۆناغە هەستیارەدا لە بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، کە لە پێشەکییەک و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە.

لە تەوەری یەکەمدا: پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ شەن و کەو کراوە. لە تەوەری دووەمیشدا، سیاسەتی سوریا بەرانبەر بە پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان شرۆڤە کراوە.

لەم چوارچێوەیەشدا ئاماژە بە هەڵبەز و دابەزی سیاسەتی سوریا لە قۆناغە جیاوازەکاندا کراوە و لە ئەنجامدا ئاماژە بەو خاڵانە کراون، کە لە دوو توێی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین.

**تەوەری یەکەم:**

**پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان**

لەگەڵ ئەوەی نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ کاریگەری هەبوو لەسەر پەرتەوازەبوونی بەشێک لە بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و کپ بوونەوەی دەنگی شۆڕش لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەک، بەڵام نەبووە هۆکاری ئەوەی مەسەلەی بەردەوامی شۆڕش لە ناخی شۆڕشگێڕانی کورد بە تەواوی بتوێنێتەوە.

بۆیە دەبینین لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو قۆناغە نوێیە بەشێکی بچووک لە شۆڕشگێڕان ڕوو لە دەرەوە دەکەن، کە دواتر ئەوانە دەبنە هەوێن و بنەمای دروستکردنی ڕێکخستنی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش (کاظم حیبب، ٢٠٠٥، ٣٧٨).

وەکو دەگوترێت نەبوونی دەرفەت لەبەردەم هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ئێران بە هۆی ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراق، پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی بەشێک لە شۆڕشگێڕەکان ڕوو لە سوریا بکەن، وەلێ لە سەرەتادا ئەوانەی ڕوویان کردە سوریا سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبوون، بەڵکو تەنیا ئامانجیان دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوو (چەند لاپەڕەیەک لە ...، ٢٠٠٥، ٥٣- ٦٢).

لەگەڵ ئەوەی سوریا بەرانبەر بە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی سیاسەتێکی توندوتیژ

**یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سوریای کردبووە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خۆ ڕێکخستن و مەشق پێکردنی کادیرەکانی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی**

و نامرۆڤانەیان پێڕەو دەکرد، کەچی لەبەر ناکۆکییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئامادەبوو ڕێگە بە شۆڕشگێڕەکانی باشووری کوردستان بدات[1] وڵاتەکەی بکەن بە مۆڵگەی حەوانە و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش.

قۆناغی دەستپێکردنەوەی شۆڕش، سەرەتای



قۆناغێکی تازە بوو لە خەباتی سیاسی، کە تێیدا ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی سیاسی دامەزران. ئەو پارت و ڕێکخراوانە لەوە گەیشتبوون، کە کاریگەری و هێز و توانای هەر لایەنێکی سیاسی بە تەنیا پێوانە ناکرێت، بۆیە هێزی ڕاستەقینەی هەر لایەنێکی سیاسی برتییە لە هێزی خۆی و هێزی دۆستەکانی پێکەوە. ئیدی لە بازنەی ئەو مەسەلەیەدا، بۆ گەورەکردن و بە هێزکردنی تواناکانی خۆیان و لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و سوریا، کەوتنە پەیوەندی گرتن لەگەڵ سوریادا (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هاوپەیمانی نەک کلکایەتی ...، ١٩٨٦، ٥).

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی تازە، کە لە ٢٢ی مایسی ١٩٧٥ لە ڕیستورانتی (طليطلة) لە (دیمەشق)ی پایتەختی سوریا دامەزرا (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠٠٢، ٧٤ بە دواوە) سوریا ئاگاداری هەنگاوەکانی دامەزراندنی بوو، بەبەڵگەی ئەوەی دەنگوباس و بەیاننامەی دامەزراندنەکەی لە ٢٥ی هەمان مانگدا لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی سوریا بڵاوکرایەوە (چەند لاپەڕەیەک لە ...، ٢٠٠٥، ٣٣) سەرەنجام لێرە بەدواوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سوریای کردە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خۆ ڕێکخستن و مەشق پێکردنی کادیرەکانی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی (مەعد فەیاز، ٢٠٠٩، ٢٢٠؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ٢٠٠٢، ٤٣) جگە لەوەش بڕێک یارمەتی دارایی لەلایەن سوریاوە پێدەدرا[٢].

لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سوریا جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣ – ٢٠١٧) دەڵێت: «هەرگیز چاکەی سوریامان لە بیر ناچێتەوە، بە ڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەمان دەتوانی



ئەو کارە وەکو پێویست ئەنجام بدەین، سوریا نەک هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسی، دەرگای ڕێکخستن، دەرگای پروپاگەندە، بەڵکو دەرگای ڕاهێنانی پێشمەرگەشی بۆ کردینەوە، دەرگای چەک پەیداکردنی بۆ کردینەوە کە چەکمان پێبدات و کەرەستەی شۆڕشمان بۆ دابین بکات، بۆیە بە ڕاستی (ی.ن.ک) زۆر قەرزای سوریایە» (دیمانەیەک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٢٩٨، ١٩٩٦/٦/٣).

هەر لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤- ٢٠١٧) لە یادداشتانەکانیدا نووسیویەتی: «... ئەگەر دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ...، بە سەروەرییەکی گەورە لە مێژوی کوردا حساب بکرێ، ئەبێ لەم سەروەرییەدا کورد بە ڕێزلێنانەوە چاکەی سوریا، بەتایبەتی هی سەرۆک حافظ ئەسەدی، لەبەر چاو بێ» (لە کەناری دانوبەوە ...، ١٩٩٧، ٧٧).

لە ڕاستیدا پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ سوریا گەیشتبووە ئاستێک، بەشێک لە گوتار و دروشمەکانی لەژێر کاریگەری حکوومەتی سوریادا بوون، وەکو ئەوەی لە دەقی بەیاننامەی دامەزراندنیدا هاتووە: «یەکێتی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەتوانێت عێراق بخاتە سەر ڕێگای تێکۆشانی ڕەوای عەرەب دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، توانا زۆر و زەبەندەکانی عێراقیش ساز و ئامادە بکات و بیانخاتە ئەو شەرە چارەنووسسازەی کە نەتەوەی عەرەب دژی زایۆنیز و ئیمپریالیزم دەیکات» (بڕوانە: البیان الاول للاتحاد الوطنی الکردستانی فی ١/٦/ ١٩٧٥). لێرەدا جێ خۆیەتی بگوترێت هەڵگرتنی ئەو دروشمە توندڕەوە عەرەبییە (التجمع الوطني العراقي- توع)[٣] کاریگەری هەبوو بەسەر یەکێتیی-یەوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەدەبیاتیشییەوە بۆ ماوەیەک مایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی)[٤] وەکو پارتێکی سەرەکی سەرگۆرەپانی خەباتی نیشتمانیی و ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان، لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنەکانی شۆڕشی ئەیلوول هاتەوە مەیدانی خەبات. لێرەشدا ئەگەرچی مارانگازی سیاسەتی وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ببوو، بەڵام دەرکی بەوە کردبوو پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی دەوڵەتێکی ناوچەکە دەبێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەم سوود وەربگرێت، هەمیش لەوێوە پەیوەندی بە ئەندامانییەوە بکاتەوە، کە لە نیشتمان دوورکەوتبوونەوە. ئەنجام لەو سۆنگەیەوە وەفدێک لە کادیرانی سەردانی سوریا و لوبنان دەکەن، هەم بۆ ئەوەی کار بۆ سەر لە نوێ بەرپابوونەوەی شۆڕش بکەن، هەمیش بۆ ئەوەی لە بەیروت چاویان بە جەلال تاڵەبانی بکەوێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن (چەند لاپەڕەیەک لە ...، ٢٠٠٥، ٨٤)

بۆیە ئەگەرچی پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی) مەبەستی بوو وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سوود لە پێگەی سوریا وەربگرێت، بەڵام هاوکار و هەماهەنگییەکەی سوریا بۆ پارتی وەکو هی یەکێتیی نەبوو.

وێڕایی ئەوەی (التجمع الوطني العراقي- توع) بەر لە نسکۆی شۆڕش پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیدا ئاسایی بوو، بەڵام پارتی خۆی بەدوور گرتبوو لەوەی تێیدا ببێتە ئەندام، لەبەر ئەوەی بەرنامەی ئەو بەرەیە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پارتی نەدەگونجان (نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە، ١٩٩٧، ٦٥) ئەنجام پەیوەندییەکان تا دوای نسکۆ هەروا مایەوە. دوا نسکۆ کاتێک (التجمع الوطني العراقي- توع) داوا دەکات پارتی ببێتە ئەندام لە بەرەکەدا، ڕێکخستنەکانی پارتی لە سوریا بەهۆی ئاگادارنەبوونی مەسعوود بارزانی نەیانتوانیبوو وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایان بدەنەوە (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٦٧).

لەگەڵ سەردانیکردنی مەسعوود بارزانی بۆ سوریا، بابەتی ئەندام بوونی پارتی لە (التجمع الوطني العراقي- توع) دووبارە

**“ وەفدێک لە کادیرانی پارتی ڕادەسپێردرێن سەردانی سوریا و لوبنان بکەن، هەم بۆ ئەوەی کار بۆ سەر لە نوێ بەرپابوونەوەی شۆڕش بکەن، هەمیش لە بەیروت چاویان بە (جەلال تاڵەبانی) بکەوێت ”**

دێتەوە بەرباس (التجمع الوطني العراقي- توع) داوا لە مەسعوود بارزانی دەکەن وەکو پارتی بەیانێک دەربکەن و پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل بپچڕێنن، تا ئەوەی وەکو ئەندام قبوڵیان بکەن، لە بەرانبەردا مەسعوود بارزانی بە توندی وەڵامیان دەداتەوە و داواکارییەکەیان ڕەتدەکاتەوە (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٦٧)

ئەمەش دەبێتە فاکتەرێک بۆ سادربوونی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و (التجمع الوطني العراقي- توع) (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠١٠، ١٣١) بۆ ئەوەی ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم ڕاگرتنی هاوکارییەکانی حکوومەتی سوریا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بەڵگەی ئەوەی مەسعوود بارزانی لە دووەمین سەفەریدا بۆ سوریا ساڵی ١٩٨١ چاوی بە حافز ئەسەد (١٩٣٠ – ٢٠٠٠) کەوتووە و داوای هاوکاری لێ کردووە (مەسعوود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ٢٠٠٤، ٢٠٠).

بۆیە دەکرێت ئەو ڕاستییە بگوترێت، کە پەیوەندییەکانی پارتی لە ئاستی پەیوەندییەکانی یەکێتیدا نەبووە، چونکە پارتی وەکو یەکێتیی نیشتمانیی ڕازی نەبوو، شۆڕشێک لەسەر خاکی کوردستان بەرپا بکات و پاشان ببێتە شۆڕشێکی عێراقی، یاخود شۆڕشێک سەرکردەکانی کورد ئەنجامی بدەن و هەروا بە ئاسانی ژمارەیەک لە کەسانی عەرەبی شۆڤێنی ببنە سەرکردەی و دواتریش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبێت لەگەڵ بەرپرسانی ئەوکاتەی بەغدا، یان کەسانێک لە ڕێی ڕشتنی خوێنی کوردەوە تەختی دەسەڵات بە دەست بێنن و دواتریش ببن بە چەوسێنەری کورد و دژ بە مافەکانی (جەمال فەتحوڵڵا تەیب، ٢٠١٢، ٢٠٢).

یەکێکی دیکە، لەو ڕێکخراوە سیاسییانەی، کە دوای نسکۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستانی عێراق دامەزرا، بزووتنەوەی



حافز ئەسەد و سەدام حوسێن

سۆسیالیستی کوردستان[٥] بوو، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ئەویش بەهەمان شێوەی پارتەکانی دی هەوڵی دا پەیوەندیدی بە وڵاتانی ناوچەکەوە بکات، لەوانە: سوریا. لەم بارەیەوە قادر عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە دەڵێت: «پەیوەندییەکانمان بەردەوام لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە دابوون، زیاتریش پەیوەندی شەخسی و زارەکی بوون، پەیوەندییەکان لە ڕێگای عادل موراد و عەدنان موفتی-یەوە بوون، کە زۆر سەرکەوتوو نەبوون، چونکە تەمەڵ بوون و زۆر خۆشیان نەدەدایە کارەکان، هەروەها د. محمود عوسمان و عەبدولخالق زەنگەنەش بەهۆی ئەوەی ئەوانیشماڵەکانیان لە دیمەشق بوو، ناوە ناوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداریان دەکرد و پەیوەندییەکانی حزبیان پێکهێنابوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوانیان و جددی نەبوونیان لە کارەکاندا، نەک هەر سوودێکیان بۆ حزب نەبوو، بەڵکو زیانی زۆرشیان لێدا» (سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا، ٢٠١١، ١٦١)

لەم ڕووەوە عەدنان موفتی باسی ئەوە دەکات، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بۆ دروستکردنی پەیوەندی سیاسی سەردانی سوریا و لوبنانی کردووە، بەڵام بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە سوریا زیندانی کراوە، کاتێکیش ئازاد بووە دەستی کردووە بە نزیکبوونەوە و گرێدانی پەیوەندییە سیاسییەکان.

بەڵام پەیوەندییە سیاسییەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان هێندە پەیوەندی فەرمی نەبوونە، ئەگەر بەراوردودیان بکەین لەگەڵ پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی بە پلەی یەکەم و پارتی دیموکراتی بە پلەی دووەم.

پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. دوای جیابوونەوەیان لەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی نۆیەم لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٨١ لەسەر دەستی سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٢- ٢٠٠٤) و هاوڕێکانی دامەزرا، بەشێک لە ئەندامانیان بەهۆی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ پارتی لە ناوچەی بادینان، ناچاربوون ماوەیەک سوریا بکەنە مولگەی حەوانەی خۆیان (صلاح الخرسان، ٢٠٠١، ٢٨٤) ئەگەرچی لەنێو سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە، کە سوریا هاوکاری پارتی گەلی کردبێت، بەڵام مومکین نییە سوریا ئاگاداری بوونی هەودارانی نەبووبێت لەسەر خاکەکەی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەگەرچی ناکۆکییەکانی نێوان سوریا و عێراق، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی سوریا پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە پارت و ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان گرێبدات و تا ڕادەیەکیش هاوکاریان بکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت سوریا دڵسۆزی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی بووبێت لە باشووری کوردستاندا، بەبەڵگە ئەوەی بەپێی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان، سیاسەتی بەرانبەر بە مەسەلەکان لە باشووری کوردستان هەڵبەز و دابەزی کردووە و هاوکاری و پەیوەندییەکان ساردی تێکەوتووە.

> “
> **بە ڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەمان دەتوانی ئەو کارە وەکو پێویست ئەنجام بدەین**
> ”

**تەوەری دووەم: سیاسەتی حکومەتی سوریا لە بەرانبەر پێشهاتەکان لە باشووری کوردستان**

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا، ئاستی پەیوەندییەکانی سوریا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بە ئاراستەیەکی جیاوازتر بەدی دەکرێت، چونکە ناکۆکی و ململانێی توند کەوتبووە نێوان سوریا و عێراق. لێرەشدا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد پێویستی بە جۆرێک لە هاوکاری و هەماهەنگی هەبوو، پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان پەیوەندی بە یەکدییەوە دەکەن، ئەمەش بووە دەرفەت، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە دەست بخاتە ناو کاروباری بزووتنەوەکە و ئاراستەی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان بە ئامانجەکانی خۆیەوە ببەستێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، هەر لەسەرەتاوە سوریا هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، کە لەسەر خاکی ئەو دابمەزرێت، بەڵام هاوکاری و هەماهەنگییەکانی سوریا بۆ یەکێتیی سنووردار بووە، بەبەڵگەی ئەوەی کاتێک یەکێتی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی بە ناوی (ڕێبازی نوێ) چاپ دەکات، هەرزوو سوریا ڕێگە لە دەرچوونی دەگرێت، لەبەر ئەوەی دەستووری سوریا، نووسینی بە زمانی کوردی لە وڵاتەکەی قەدەغە کردبوو، نەدەبوو بە زمانی کوردی لەسەر خاکی ئەو، ئەو ڕۆژنامەیە چاپ و بڵاوببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی هاوکاری و هەماهەنگییەکانیشی مەرجداربوون، بە بەڵگە ئەوەی بە ڕوونی دەبینرێت کۆمەڵێک دورشم بەسەر یەکێتیی نیشتمانیی سەپێنراوە، لەوانە: لەنێوبردنی یەکجارەکی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، دیکتاتۆری، کۆنەپەرستی، زایۆنیزم، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری، کە سەرجەمیان دروشمی سوریا بوون بە ناوی (جبهة الصمود والتصدی) دەری کردبوون. بە وردبوونەوەمان لە دروشمەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە هیچیان پەیوەندییان بە کوردەوە نەبووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە توانای هێزێکی وەکو یەکێتیی-یشدا نەبووە کاری لەم شێوەیە ئەنجام بدات (جەمال فەتحوڵڵا تەیب، ٢٠١٢، ٣٠-٣٣)

> **"پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی) وەکو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان مەبەستی بوو سوود لە پێگەی سوریا وەربگرێت"**

کەواتە هاوکارییەکان هەر ئەوەندە بوون، تا لە بەرژەوەندی سیاسەتی سوریادا بوون، هەرکاتێک هەست بکرایە مەترسی دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکان، یەک ڕاست هەڵوێستەکان دەگۆڕان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاتێک لە سوریا جێگیربوو، دەبوو هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر (التجمع الوطني العراقي- توع) ڕوون بکاتەوە، لەم سەروبەندەشدا لەبەر ئەوەی سوریا بۆ یەکێتیی زۆر پێویست بوو و پشتگیری دەکرد، دەبوو قبووڵی ئەوە بکات تێیدا ببێتە ئەندام (نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٧، ٦٥) لە بەرانبەر قبوڵکردنی ئەندامییەتی (التجمع الوطني العراقي- توع) یەکێتیی کەوتە ژێر باری چەند پابەندییەکی سیاسییەوە لەوانە:

یەکەم: شۆڕشی کورد ببێتە بەشێک لە شۆڕشی عێراق و درووشمەکانی بەهەمان شێوە بێت، بەمەش دەبوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەژێر ئاڵای (التجمع الوطني العراقي- توع) خەبات بکات.

دووەم: دەبوایە یەکێتیی ڕووخانی ڕژێم بکاتە ئامانجی و دروشمی سەرەکی خۆی و لەو پێناوەشدا تێبکۆشێت، تا ڕووخانی تەواوەتی، بۆیە نەدەبوو هیچ جۆرە سازان و چارەسەرێکی مام ناوەندی قبوڵ بکات.

لەو بارەیەوە توێژەرێک پێیوایە، نەدەبوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو مەرجانە بۆ بە ئەندام بوون لە (التجمع الوطني العراقي- توع) قبوڵ بکردایە، چونکە بە هۆیەوە کەوتبووە ژێر باری کۆمەڵێک ئیلتزاماتەوە (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠٠٢، ١٧٨)

نەوشیروان مستەفا وەکو یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر کە دەنگی بۆ چوونە ناو (التجمع الوطني العراقي- توع) نەداوە بیروڕایی وابووە:«... یەکێتی نەچێتە ژێر باری هیچ ئیلتزاماتێکی سیاسییەوە و خۆی نەبەستێتەوە بەهیچ ڕێکخراوێکی دیکەوە، بۆ ئەوەی ئازادی جووڵانی هەبێ...»(لە کەناری دانوبەوە، ١٩٩٧، ٦٥).

لە بەرانبەر ئەوەشدا یەکێتیی داوای دەستکاریکردنی بەرنامە و دروشمەکانی (التجمع الوطني العراقي- توع) (التجمع الوطني العراقي- توع) دەکات و بەرنامەی خۆی و مافەکانی کورد بە ڕوونتر دەخزێنێتە نێو بەرنامەکەوە و بەڵێن دەدرێت بە گوێرەی توانا لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هاوکاری شۆڕشی کورد بکرێت، هەوڵی ئەوەش بدەن شۆڕش بکەنە شۆڕشێکی عێراقی و لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست دەست بە خەباتی چەکداری بکەن، بەڵام لە ئەنجامدا، نە بەکردەوە

**لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا، بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا، ئاستی پەیوەندییەکانی سوریا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئاراستەیەکی جیاوازتر بەدی دەکرێت**

شۆڕشەکە بوو بە شۆڕشێکی عێراقی، نە هێزە عێراقییە بەهەڵستکارەکانیش توانیان شۆڕش بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق بگوازنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو بەشێک لە ڕێکخراوەکان ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبوو بگەڕێنەوە کوردستان، چونکە هەموویان لە دەرەوە وڵات ژیانیان دەگوزەراند، بۆیە هەوڵەکانیان تەنیا بواری ڕاگەیاندنی گرتەوە و بەس، ئەمەش کاریگەری ئەوتۆی نەبوو (باقر یاسین، ٢٠٠١، ٧١).

لە کاتێکدا (التجمع الوطني العراقي- توع) خەریک بوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەژێر سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکاتە پارچەیەک لە خەباتی گەلی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان پێچەوانەی ئەم دروشمە کاری دەکرد و دروشمی نەتەوەیی هەڵگرتبوو، ئیدی هەڵگرتنی هەردوو دروشم لەلایەن هەردوولای سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بارگرانی و دروستکردنی دوژمنداری زۆرتری دراوسێکانی بە دواوە بوو، لەبەر ئەوەی یەکێتیی هەوڵیدەدا بە هاوکاری سوریا و (التجمع الوطني العراقي- توع) لەسەر مەیدانی سیاسی کوردستان تەنیا هەرخۆی بێت، لە بەرانبەریشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بوو زیاتر لە یەکێتیی هەوڵەکانی دەربخات (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٧٢)

ئەمەش ناکۆکی و ململانێی توندی لێکەوتەوە و دواتر بارودۆخەکەی بەرەو شەڕی ناوخۆ برد.

لەگەڵ زیاد بوونی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەوڵێک هەبوو بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان، بەتایبەت لەلایەن ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییانەی دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی عێراقی بوون، لەوانە: (التجمع الوطني العراقي- توع) و سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە سوریا بە سەرۆکایەتی (باقر یاسین) و دەسەڵاتدارانی سوریا. بۆ ئەو مەبەستەش هەڵسوڕێنەری کارەکانی باڵوێزخانەی سوریا لە لەندەن بە فەرمی داوەتی مەسعوود بارزانی کرد، بۆ ئەوەی سەردانی سوریا بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە ١٩ کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ مەسعوود بارزانی لە ئەمەریکاوە گەیشتە دیمەشق و دوای چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و باقر یاسین لە ١ی مارتی ١٩٧٧ (ڕێکەوتنی مەیدانی) نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژۆ کرا (نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٧، ١٣١- ١٣٢؛ سامي شورش، ٢٠٠١، ١٤٤)

دیارە ئەو هەوڵەی دەسەڵاتدارانی سوریاش بە مانای پەرۆشی بۆ یەک ڕێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەبوو، کە بزووتنەوەکە لە دژی عێراق بەردەوامی هەبێت.

لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی ڕژێمی عێراقی بە تەواوەتی لە ناوبردنی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکەی بوو، بەڵام هەندێک جار لە ئەنجامی گوشاردا ناچار دەبوو هەڵوێستی بگۆڕێت. لێرەشدا گفتوگۆ وەکو هونەرێکی بەرزی دبلۆماسی و بەڕێوەبردنی ململانێ

**"نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ کاریگەری هەبوو لەسەر پەرتەوازە بوونی بەشێک لەبەشداربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵام نەبووە هۆکاری ئەوەی مەسەلەی بەردەوامی شۆڕش لە ناخی شۆڕشگێڕانی کورد بە تەواوی بتوێنێتەوە"**

بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان دوولایەنی ناتەبا، هەر لە زووەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هەوڵی بۆ درا. لەم بارەیشەوە ڕژێم لە ڕێگەی (شێخ محەمەد شێخ ڕەشیدی لۆلان) گەورەی عەشیرەتی بڕادوست هەوڵی دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدات، لە بەرانبەریشدا یەکێتیی لەبەر ئەوەی وەکو هێزێکی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوکات وا لێکدەدرایەوە، کە شەڕ بۆ سوریا دەکات، بەمەبەستی لابردنی ئەو تۆمەتە، بەم دەست پێشخەرییە ڕازی بوو. ئەنجام دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیاری دەستپێکردنی دانوستان دەدرێت و بۆ ئەو مەبەستەش عەلی عەسکەری (١٩٣٥ – ١٩٧٨) لە تشرینی دووەمی١٩٧٧ دەچێتە بەغدا و چاوی بە هەریەکە لە: سەعدون شاکر (١٩٣٩ – ٢٠١٥) سەرۆکی دەزگای هەولگری، عەدنان خەیروڵڵا (١٩٤٠ – ١٩٨٩) وەزیری بەرگری و چەند کار بەدەستێکی دیکەی بەعس دەکەوێت و داواکارییەکانی یەکێتیی-یان دەخاتە بەر دەست، بەڵام دواجار بە دیتنی سەددام حوسێن (١٩٣٧ – ٢٠٠٦) جێگری سەرۆکی کۆمار دانوستانەکە شکست دێنێت و شاندەکە دوای سێ ڕۆژ دەگەڕێنەوە لۆلان (صلاح الخرسان، ٢٠٠١، ٣٦٦).

وێڕای ئەوەش، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانی بەشیک لەو داخوازیانەشی پێشکەش کردبوو، کە داخوازیی نەتەوەیی عەرەبی بوون، کەچی ڕووبەڕووی ڕەخنە و گلەیی لایەنەکانی (التجمع الوطني العراقي- توع) بەگشتی و کاربەدەستانی سوریا و لیبیا بەتایبەتی بوویەوە و بە توندی هێرشیان کرد سەری و تاوانباریان کرد بە پەیمانشکێنی، چونکە بەدیدی ئەوان یەکێتی دەبوو درێژەی بە خەبات بدایە، تا ڕووخانی ڕژێمی عێراق (نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە، ١٩٩٧، ١٨٠ – ١٨٣)

“ لە بەرانبەر قبوڵکردنی یەکێتی بە بەرنامە و دروشمەکانی (توع) (توع)یش دەستکاری بەرنامەی خۆیی کرد و مافەکانی کوردی بە روونتر خستە نێو بەرنامەکەیەوە ”

بۆیە ئەگەرچی خەریک بوو پەیوەندییەکان

**نە بەکردەوە، شۆڕشەکە بوو بە شۆڕشێکی عێراقی، نە هێزە عێراقییە بەهەڵستکارەکانیش توانیان شۆڕش بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق بگوازنەوە**

ئاڵۆزبن، بەڵام بەهۆی سەرنەکەوتنی دانوستانەکە، هەرزوو پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە.

وێڕایی ئەوەی دەسەڵاتدارانی سوریا دانوستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان لەگەڵ بەغدا قبوڵ نەبوو، کەچی خۆیان ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی چەند مانگێک ژێر بەژێر نوێنەرانیان بۆ یەکخستنی پارت و سوپا و دەوڵەت، گفتوگۆ لەگەڵ یەک دەکەن و لە دیمەشق و بەغدا دادەنیشن، هەروەها لە بەشێکی کۆبوونەوەکانیاندا ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤- ١٩٨٢) و سەددام حوسێن و حافز ئەسەد و عەبدولحەلیم خەدام (١٩٣٢ – ٢٠٢٠)یش بەشداری لە دانیشتانەکان دەکەن. هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا بوو، ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە سوریا و هی سوریاش لە عێراق بوون، هەوڵەکانیش لەنێوان هەردوو وڵات بێ ئاگاداری ئەوان دراون (نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، ١٩٩٨، ١٢٤؛ علي سنجاري، ٢٠٠٩، ٢١٥ – ٢١٧).

بۆیە هەردوو ڕژێم بۆ ڕاهیکردنی مەرامەکانیان، هەموو شتێکیان بە ڕەوا دەزانی، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش بەرژەوەندی بەرانبەرکەیان قبوڵ نەبووە و بە توندی ڕەتیان کردووەتەوە.

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە و ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق و یەکێتی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد و هێزە بەرهەڵستکارە عەرەبییەکان، پرۆژەی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییان خستەڕوو، لە ئەنجامدا دوای گفتوگۆ و یارمەتیدانی کاربەدەستانی سووریا، لیبیا و فەلەستین، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی(جوقد)یان واژۆکرد[٦].

ئەگەرچی دامەزراندنی ئەو بەرەیە بۆ ئەو سەردەم گرنگ بوو، بەڵام گەورەترین کێشەی ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو یەکێک لە پارتە کاریگەرەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی باشووری کوردستانی تێیدا نەبوو، بەمەش بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) بەبێ پارتی نەیدەتوانی سود لە سوریا وەربگرێت، لەبەر ئەوەی سنوورەکان بەدەستی ئەوەوە بوون، جگە لەوەش ئێران ئامادە نەبوو ئەو هاوکارییانەی لە سوریاوە دەگەیشت بداتە دەستی هێزەکانی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ١٨٧).

ساڵی ١٩٨١ هاوکار و هەماهەنگییەکانی سوریا و لیبیا بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق زیادی کرد، هەر لە مانگی مایسدا ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی لەلایەن سوریاوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نێردرا (صلاح الخرسان، ٢٠٠١، ٣٩٧؛ دیڤید ماکداول، ٢٠٠٣، بەرگی دووەم، ٧١٧).

ئەو هاوکارییەی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی دەهات زۆر زیاتر بوو لە وەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەچوو، ئەوە دەرخەری ئەوەبوو پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سوریا پتەوتر بوو (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٢٤٣).

قووڵبوونەوەی کێشە و ململانێییەکانی لایەنەکان بەتایبەت بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) و بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق (جود)[٧] کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی هەردوو حکومەتی سوریا و لیبیا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان، بۆ ئەوەی لەنێو بەرەیەکی فراوان کۆیان بکەنەوە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی هەوڵەکان تەگەرەیان تێکەوت. ئەگەرچی چەند کۆبوونەوەیەکیش لە شام و لیبیا ئەنجام دران، بەڵام دواجار هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون و بەرەکە دانەمەزرا[٨].

هەروەها هاتنەپێشەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆرەپانی باشووری کوردستان و چڕبوونەوەی ململانێیە نێوخۆییەکان لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی و لایەنەکانی بەرەی (جود) وای کرد یەکێتیی نیشتمانیی لە ڕێگەی وڵاتانی هاوپەیمانەوە، سوریا و لیبیا، بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە ببات. لەم بارەیشەوە جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکدا بۆ کاربەدەستانی سووری و خالید بەگداش (١٩١٢- ١٩٩٥) سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سووری و نایف حەواتمە سکرتێری گشتی بەرەی

> **سوریا هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، کە لەسەر خاکی ئەو دابمەزرێت، بەڵام هاوکاری و هەماهەنگییەکانی سنووردار بووە**

> “ **لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی ڕژێمی عێراقی بە تەواوەتی لە ناوبردنی نەتەوەی کورد و شۆڕشەکەی بوو، بەڵام هەندێک جار لە ئەنجامی گوشار ناچار بە گۆڕینی هەڵویستی دەبوو** ”

**لە سەرەتادا ئەوانەی ڕوویان کردە سوریا سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبوون، بەڵکو تەنیا ئامانجیان دەست پێکردنەوەی شۆڕش بوو**

دیموکراتی فەڵەستینی، کە داوایان لێ دەکات نێوەندگیری لەنێوان ئەوان و حزبی شیوعی عێراقدا بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەوڵەکان پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵدا نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٢٣).

ئەو بارودۆخەی ئاماژەمان بۆ کرد، لە کاتێکدایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە باشووری کوردستان لە چەند لایەکەوە لە شەڕدا بوو، ئەوەش بە ڕوونی لەو پەیامەیدا بەدیارکەوت، کە بۆ هەڤاڵانی لە دەرەوە نووسوی بووی و دەڵێت: «ئێمە لە ٣ لاوە لە شەرەوە گلاوین، هەوڵی زۆرمان داوە لەگەڵ جود پیک بیین، سەری نەگرتووە. لەگەڵ سوریا و لیبیا و فەلەستینییەکان هەوڵ بدەن شەری ئێمە و جود ڕابگرن و ئێران تینمان بۆ نەهینێت، ئەگینا ناچارین خۆمان هەوڵ بدەین شەڕ لەگەڵ عێراق ڕابگرین» (نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ١٩٩٨، ٣٣٢).

لە ڕاستیدا، بەردەوامی قەیرانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و خراپی باری حکوومەتی عێراق هەردوولای ناچار بە دانوستان کرد، سەرەنجام دانووستانەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ دەستی پێکرد. دەستپێکردنی دانوستانەکان لەم ئان و ساتە پڕ لە ململانێیەی نێوان هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، هەڵوێستی جیاواز و کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. لێرەشدا بەر لەوەی هەنگاوەکانی دەستپێکردنی دانوستانەکان بچنە قۆناغی فەرمییەوە، پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس بە گومان و بەشێوەی جیاواز باسی لێوە دەکرا، هەروەها کاتێکیش دانوستانەکان چوونە قۆناغێکی فەرمی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری شەڕ ڕاگرتنی خۆی لەگەڵ بەعسدا ڕادەگەیەنێت و ڕژێمیش وەڵامی ئەو هەنگاوەی دەداتەوە، هەڵوێست و کاردانەوەکان شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە بینی (ئەحمەد حەمەدئەمین، ٢٠٢١، ٥١ – ٥٦).

بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێک بوو لەلایەنە سەرەکییەکان، هەرزوو ئەو هەنگاوەی بە خیانەت وەسف کرد و لە بەیاننامەیەکدا لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت و ئەندامێتی یەکێتیی نیشتمانیی لە بەرەکەدا هەڵدەپەسێرێت. جگە لەوەش ڕایدەگەیەنێت، ئەوان ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی یەکێتیی نیشتمانیی و ڕژێمی بەعس نین، پێشێلکارییە لە پێڕەوی ناوخۆی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) (بیان جوقد حول ...، ٢٥ كانون الاول ، ١٩٨٣).

هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ بڕیاری دەرکردنی یەکێتیی نیشتمان کوردستان لە ئەندامێتی بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتی (جوقد) ڕادەگەیەنێت (بیان جوقد تصريح الصحفي، حول طرد ...، ١٩٨٤/١/٢٣).

هەرچی تایبەتیشە بە هەڵوێستی سوریا لە بەرانبەر دانوستاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس. ئەوە هەر لەسەرەتاوە وەکو پاڵپشتیکاری یەکێتیی نیشتمانیی لە دوای دامەزراندنییەوە، بە هەواڵەکە نیگەران دەبێت، بەبیانووی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی، پێشتر لەم بارەیەوە ئاگاداری نەکردوونەتەوە، ئاکام وەکو هەڵوێست و کاردانەوەیەک بەرانبەر بە

دانوستان، کادیرانی یەکێتیی لە وڵاتەکەی تەنگاو دەکات و وەدەریان دەنێت (ڕێباز، ٢٠٠٨، ٢٨٩).

ئیدی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانییدا دەبێتە پەیوەندییەکی دوژمنکارانە و تا دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکان ئاسایی نابێتەوە.

هاوکات لەگەڵ بوونی ناکۆکی نێوان سوریا و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ شاندێکی بەرەی جود بە سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانی و بە بەشداری ڕەسووڵ مامەند (١٩٤٤ – ١٩٩٤) و فەخری کەریم زەنگەنە چاویان بە حافز ئەسەد دەکەوێت و باس لە بارودۆخی ناوچەکە و پێشهاتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق دەکەن، پێشبینی ئەوە دەکەن ڕژێمی عێراق نیازی نزیک کەوتنەوەی لە کەمپی خۆراوای هەبێت، بۆیە داوەتی حوسنی موبارەک (١٩٢٨ –٢٠٢٠)ی سەرۆکی میسری کردووە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی تێبینییە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی سوریا زۆر گرنگیان بەو دیدارە داوە و لە ناوچەکەدا دەنگی داوەتەوە (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٦٠). ئەمەشیان بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی و لایەنەکانی جود بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک ساڵی ١٩٨٥ ناکۆکی دەکەوێتە ناوخۆی یەکێتی و ئاڵای شۆڕش[٩] جیادەبنەوە باڵوێزی سوریا لە تاران خۆشحاڵی خۆی بەم بارودۆخەی یەکێتیی نیشتمانیی دەردەبرێت (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٣٩٧).

وەنەبێت هەڵوێستە سیاسییەکان بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، تەنیا لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا بووبێت، بەڵکو بەرانبەر هەر وتەیەکیش بووە، کە لە زاری سەرکردەیەکی کورد هاتبێتە دەرەوە و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەگونجابێت. لەم چوارچێوەیەدا کاتێک نەوشیروان مەستەفا ساڵی ١٩٨٧ لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆمۆندی فەرەنسی) دەڵێت:

«بارودۆخ لەبارە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەربەخۆیمان و دەمانەوێت عێراق پارچە پارچە بکەین، چونکە هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ دەستکەوتن و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئێمە نییە» (کریس کۆچیرا، ٢٠٠٢، ٨٠). ئەو قسەیە ئێران و تورکیا و سوریا زۆر نیگەران دەکات، لەبەرانبەریشدا سالح دگلە سکرتێری (التجمع الوطني العراقي- توع) لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی (الغد الديمقراطي) ئۆرگانی (توع) هێرش دەکاتە سەر بۆچوونەکەی نەوشیروان مستەفا، جگە لەوەش دەسەڵاتدارانی سوریا نوێنەری یەکێتیی لە وڵاتەکەیان ناچار دەکەن لە ١٨ی نیسانی ١٩٨٧ ڕوونکردنەوەیەک بە ناوی نووسینگەی (شام)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاو بکاتەوە و ڕۆژنامەی (لۆمۆند) بە دوور بخاتەوە (نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەیدا ....، ١٩٩٩، ١٢٣- ١٢٤).

کاڵبوونەوەی ململانێی نێوخۆییەکان لەسەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان و هەنگاونان بۆ ئاشتبوونەوەی سەرتاسەری و دواتریش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە ٢ی

**ئەو هاوکارییەی بۆ یەکێتیی دەهات زۆر زیاتر بوو لە وەی بۆ پارتی دەچوو، ئەوەش دەرخەری ئەوەبوو پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەهی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سوریا پتەوتر بوو**

> **ساڵی ١٩٨١ هاوکاری و هەماهەنگییەکانی سوریا و لیبیا بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق زیادی کرد، هەر لە مانگی مایسدا ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی لەلایەن سوریاوە بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نێردرا**

مایسی ١٩٨٨، تا هەنگاوێکی گەورە بەرەو دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی فراوانی عێراقی باوێت، لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و بونیادنانی ڕژێمێکی دیموکراسی. بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە هەوڵی ئەوەی پارتە نیشتمانییەکانی سەر گۆرەپانی عێراق بانگ بکات، بەڵام هەرزوو ئەو مەسەلەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازاندە بوویەوە، لەوانەش سوریا نارەزایی نیشاندا و هەریەک له فازیل ئەنساری ڕابەری بەعسی عێراقی دانیشتووی سووریا و عەبدوڵڵا ئەحمەر یاریدەدەری حزبی بەعسی سوریا، کە کەسی دووەمی نێو حزبەکەی بوو، ڕایانگەیاند مافی بڕیاردانی چارەنووس دروشمێکی جوداخوازە و پێکهێنانی بەرە کەلێن لەنێوان کورد و عەرەب زیاتر دەکات، جگە لەوە عەبدوڵڵا ئەحمەر بەڕاشکاوی ڕایگەیاند، هەتا ئەوکاتەی کوردەکان هەڵوێستەکانیان نەگۆڕن هاوکار و هەماهەنگ نابن (ئازاد مستەفا، ١٩٨٨، ٣٤؛ کریس کۆچیرا، ٢٠٠٢، ٨٢).

لەسەر ئاستی ئەو ڕووداوانەی دواتر، کە لە باشووری کوردستان ڕوویاندا، بەتایبەت لە مەسەلەی کیمیاباران کردنی ناوچەکان، هەریەک لە سووریا و لیبیا، تاکە دەوڵەت بوون دژایەتی خۆیان و پاڵپشتیان بۆ کورد ڕاگەیاند (عەلی تەتەر نێروەیی، ٢٠٠٨، ٤٢٨) ڕەنگە ئەوەش بۆ هەوڵ و چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی لەم ماوەیەدا بگەڕێتەوە، لەم ماوەیەشدا جەلال تاڵەبانی وەکو سەرۆکی بەرەکی کوردستانی بۆ کاروباری دەرەوە لە سوریا، سەردانی حافز ئەسەد و عەبدوڵڵا ئەحمەری جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سوریای کردووە، تێیدا مەسەلەی تاوانەکانی ڕژێمی بۆ باسکردوون.

**ئەنجام**

* سیاسەتی سوریا و وابەستەبوونی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوای کورد لە باشووری کوردستان، مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست بووە لەم قۆناغەدا، لەبەر ئەوەی هەم سوریا لەبەر ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق پێویستی بە کورد بووە، هەمیش کوردەکان پێویستیان بە هاوکاری سوریا بووە، لەبەر ئەوەی قۆناغی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و ئێران لەبەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق ئامادەی هاوکاریکردنی کورد نەبوون. هەرچی تورکیاشە هەمیشە دژی کورد بووە. واتە تاکە دەروازە بۆ کورد سوریا بوو، تا بتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

* لەگەڵ ئەوەی هاوکارییەکانی سوریا بۆ کوردی عێراق مەرجدار و ڕێژەیەکی

وانەبووە، کەچی لەسەر ئاستی پارتەکانیش ڕێژەی هاوکارییەکانیان جیاواز بووە. لەوەشدا زیاتر بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و دەست تێخستن لە ڕووداوەکان بوو، بۆ ئەوەی بابەتەکان بە ئاراستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی سوریا بگۆڕێن.

* سیاسەتی سوریا لەم سەروبەندەدا ئەوەبووە تەسفییەی حیساباتی خۆیی لەگەڵ عێراق لە ناوچەکەدا بکات، نەک کورد مافەکانی دەستەبەر بکات، بە بەڵگەی ئەوەی هەرکاتێک هەوڵێکی نزیکبوونەوە و دانوستان هاتووەتە پێشەوە، یەک ڕاست نیگەرانییەکانی نەشاردووەتەوە و پەیوەندییەکانی پچڕاندووە و هەڕەشەی دەرکردنی کادیر و نوێنەرانی کردوون.

* سیاسەتی سوریا بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد لەم قۆناغەدا، هاوشێوەی سیاسەتی ئێران بوو لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، بە جۆرێک هاوکاری و هەماهەنگییەکی کەمی پێشکەشکردوون، تەنیا بەشی مانەوەی کورد بووە لە بەرانبەر ڕژێمی عێراقدا.

> **کاتێک یەکێتی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی بە ناوی (ڕێبازی نوێ) چاپ دەکات، هەرزوو سوریا ڕێگە لە دەرچوونی دەگرێت**

---

## پەراوێزەکان

(١) ناکۆکییە سیاسییەکانی سوریا لەگەڵ عێراق بریتی بوون لە: ململانێی ئایدلۆژیاکانی نێوان باڵی بەعسی هەردوو وڵات. ناکۆکییەکانیان لەسەر ئاوی فورات. ناکۆکی توندی نێوان سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و حافز ئەسەد سەرۆکی ئەوکاتەی سوریا. جگە لەوەش جیاوازی بۆچوونەکانیان لەسەر مەسەلەی فەڵەستین و ڕێکەوتننامەی جەزائیر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محمودی مەلا عزەت، ١٩٩٨، ١٣٦؛ سامی شۆڕش، ٢٠٠٢، ل٣٢ بە دواوە).

(٢) بڕی ئەو پارەیەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتادا لە سوریای وەرگرتووە (١٥) هەزار دیناربووە، دواتر ساڵی ١٩٨٧ زیادی کرد بووە بە (٣٥) هەزار دینار. (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠١٠، ٢١٦).

(٣) (التجمع الوطني العراقي- توع) ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست- سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، بزووتنەوەی عەرەبیی سۆسیالیست، حزبی شیوعیی عێراق/ قیادەی مەرکەزی، حزبی ئیشتراکی، کۆنگرەی نەتەوەییە سۆسیالیستەکان و سوپای میللی بۆ ڕزگارکردنی عێراق وەکو ڕێکخراوێکی بەرەیی لە سوریا دامەزرا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی دەستەی دامەزرێنەر لە ١١ی شوباتی ١٩٧٦ بڕیاری چوونە ناو ئەو بەرەیەی دا (بڕوانە: بيان الاتحاد الوطني الكردستاني بمناسبة انضمامه إلى التجمع الوطني العراقي، ١٩٧٦/٢/١١؛ بيان حول انضمام الاتحاد الوطني الكردستاني لتجمع الوطني، ١٩٧٦/٢/١١).

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی) لە ١٠ی کانوونی یەکەمی

١٩٧٥ لەسەر دەستی هەریەک لە: مەسعوود بارزانی، ئیدریس بارزانی (١٩٤٣- ١٩٨٦) سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٢ – ٢٠٠٤) جەوهەر نامیق سالم (١٩٤٦ – ٢٠١١) عارف تەیفور، کەریم ڕەزا، ئازاد خەفاف، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، وریا سەعاتچی، فازیڵ میرانی و عەبدولڕەحمان پێداوی دامەزراوە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حبیب محمد کریم، ١٩٩٨، ١٤٧-١٤٨؛ محەمەد مەلا قادر، ٢٠٠٧، ٧١-٧٢).

(٥) بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، بیرۆکەی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥، بەتایبەت ئەو کەسایەتیانەی بەنیازی بەرەنگاری و درێژە پێدانی شۆڕش بوون، هەربۆیە دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق بەردەوام چاویان بەیەکدی کەوتووە، سەرەتا بە چاولێکەری (الحرکة التصحیحیة) کە بەعسییەکان لە سوریا دایان مەزراندبوو ناو لە خۆیان دەنێن (بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە) بە بیانووی ئەوەی چەوتی و لادانە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاست دەکەنەوە، بەڵام دواتر دوای تاوتوێکردنی بابەتەکە لەسەر دەستی هەریەک لە: ساڵح یوسفی (١٩١٨- ١٩٨١) عەلی عەسکەری، خالید سەعید (١٩٣٤ – ١٩٧٨) تاهیر عەلی والی، سەعدی گچکە (١٩٤٦ – ١٩٧٨) عومەر دەبابە (١٩٢٤ – ١٩٩٢) ڕەسووڵ مامەند ، عەلی هەژار (١٩٤٣ – ١٩٨٢) کاردۆ گەڵاڵی (١٩٥١ – ١٩٨٢) مەلا ناسیح لە سەرەتاکانی مانگی یەکی ١٩٧٦ بڕیاری دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان درا. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ٢٠١٣، ٢٢-٢٥).

(٦) بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی نەتەوەیی عێراق (جوقد) دوای هەوڵدانێکی زۆری نێوان لایەنە کوردییەکان و لایەنە عەرەبییەکان لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە دیمەشق دامەزرا. لایەنەکانی بریتی بوون لە: حزبی شیوعیی عێراق، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی- سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحرکة الاشتراکیة العربیة) ڕێکخراوی سوپای میللی بۆ ڕزگاری عێراق (منظمة الجیش الشعبي لتحریر العراق) حزبە کوردستانییەکانیش تەنیا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان تێیدا بەشداربوون (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سروە قادر سمایل، ٢٠٠٩، ١٨).

(٧) بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق (جود) لەلایەن حزبی شیوعیی عێراق، حزبی سۆسالیستی یەکگرتووی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ دامەزرا (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سروە قادر سمایل، ٢٠٠٧، ٢٧).

(٨) لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣ لە تەڕابلس پایتەختی کۆماری لیبیا نوێنەرانی (١٩) ڕێکخراوی کوردستانی وعێراقی کۆبوونەوە، کە پێکهاتبوون لە: بزووتنەوەی ئیشتراکی عەرەبی، حزبی ئیشتراکی عەرەبی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان_عێراق، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی- سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، ڕێکخراوی سوپای ڕزگارکردنی میللی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستانی، یەکێتی دیموکراتی یەکبوونی ئیشتراکییەکان، یەکێتی دیموکراتی کوردستانی، کۆنگرەی گەلی عێراق، حزبی شیوعیی عێراق، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بزووتنەوەی پێشڕەوی دیموکراتی عێراق، کۆنگرەی نەتەوەییەکانی ئیشتراکی، پەلەکانی شۆڕش عێراق، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکخراوی تورکمانە دیموکراتییەکان، پارتی کاری ئیشتراکی عێراق (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فاتح رسول، ٢٠٠٦، ١٣٦ – ١٣٨).

(٩) بۆ زانیاری لەبارەی جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بڕوانە: پشکۆ نەجمەدین، ٢٠١٠، ١٩٨ بەدواوە؛ برایم جەلال، ٢٠١١، ٤٤٦ بەدواوە؛ کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش) ٢٠١١، ئەحمەد حەمەدئەمین، ٢٠١٦، ٢١١ بە دواوە).

(١٠) بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ئاشتبوونەوەی گشتی و چۆنییەتی دامەزراندنی بەرەی کوردستان بڕوانە: توانا قادر ئەبوبکر، ٢٠١٧، ١٨-٢٩).

## سەرچاوەکان


یەکەم: دیکۆمێنتی بڵاوکراوە

البيان الاول للاتحاد الوطنی الكردستانی فی ٦/١/١٩٧٥.

بيان الاتحاد الوطنی الكردستانی بمناسبه انضمامه الی التجمع الوطنی العراقی، ١٩٧٦/٢/١١.

بيان (جوقد) حول المفاوضات المذله التی اقدم عليها الاتحاد الوطنی الكردستانی مع النضام الفاشی فی العراق» فی ٢٥ كانون الاول ١٩٨٣.

بيان (جوقد) تصريح الصحفی، حول رد الاتحاد الوطنی الكردستانی من الجبهه الوطنيه الديمقراطيه ١٩٨٤/١/٢٣.

بيان حول انضمام الاتحاد الوطنی الكردستانی لتجمع الوطنی، ١٩٧٦/٢/١١.

دووەم: بیرەوەرییەکان

ئەرسەلان باییز ئیسماعیل (٢٠٠٢) ڕۆژانی سەخت (بیرەوەی) بەرگی یەکەم، سلێمانی.

برایم جەلال (٢٠١١) چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

پشکۆ نەجمەدین (٢٠١٠) ئەزموون و یاد ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێیەم، بێ شوێنی چاپ.

ڕێباز (٢٠٠٨) قەندیل بەغدا هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەندە، سلێمانی.

کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش) (٢٠٠١)، یەکێتی و ململانێ توێژینەوەیەکی سیاسی ڕەخنەییە لە بەشێکی گرنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

مەسعوود بارزانی (٢٠٠٤)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥»، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

نەوزاد عەلی ئەحمەد (٢٠١٠) پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چاپی یەکەم، سوید.

نەشیروان مستەفا ئەمین (١٩٩٩)، خولانەوەی لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨، چاپی دووەم، سلێمانی.

نەوشیروان مەستەفا ئەمین (١٩٩٨) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣، چاپی سێیەک، سلێمانی.

نەوشیروان مستەفا ئەمین (١٩٩٧) لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥- ١٩٧٨، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

مەعد فەیاز (٢٠٠٩) بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێرانی: سۆران عەلی، چاپی یەکەم، کەرکووک.

سێیەم: نامە و تێزی زانکۆیی

توانا قادر ئەبوبکر (٢٠١٧) بەرەی کوردستانی ١٩٨٧ – ١٩٩٢ توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین.

سروە قادر سمایل (٢٠٠٩) ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان- عێراق ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠-٢ی ئابی ١٩٩٠ (توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە) نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

چوارەم: کتێب

ئەلیف: بە زمانی کوردی

ئازاد مستەفا (١٩٨٨) کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، سوێد.

ئەحمەد حەمەدئەمین (٢٠١٦) ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان کۆمەڵە وەک نموونە، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

دیڤید ماکداول (٢٠٠٣) مێژووی هاوچەرخی

کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

جەمال فەتحوڵڵا تەیب (٢٠١٣) بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١- ١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (٢٠٠٥) چاپی دووەم، سلێمانی.

سامی شۆڕش (٢٠٠٢) عێراق و دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵڵا (٢٠١١) ژیانی سیاسیی لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ «سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسالیستی کوردستان وەک نمونە» چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (٢٠٠٢) یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦ «لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە» چاپی یەکەم، چاپخانەی نما، سلێمانی.

د. عەلی تەتەر نێروەی (٢٠٠٨) بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عیراق و ئیران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨) چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

کریس کۆچیرا (٢٠٠٢) بزووتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆی، وەرگێرانی ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی.

محمد مەلا قادر (٢٠٠٧) خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و کلتوری بارزانی، چاپی دووەم، هەولێر.

محمودی مەلا عزەت (١٩٩٨) بازنەکانی ململانێی و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی.

بێ: بە زمانی عەرەبی

باقر حسين (٢٠٠١) قول ما لايقال عن معارضة العراقية، وقائع واسرار، الطبعه الاولى، بيروت.

حبيب محمد كريم (١٩٩٨)، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦- ١٩٩٣، دهۆك.

سامي شورش (٢٠٠١) كردستان و الاكراد الحركة القومية و الزعامة السياسية ادريس بارزاني نموذجا، دار ئاراس، أربيل.

صلاح الخرسان (٢٠٠١) التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان.

علي سنجاري (٢٠٠٩) القضية الكوردية و حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك.

فاتح رسول (٢٠٠٦) صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي، ترجمة وتقديم: كمال غمبار، الجزء الثالث، مطبعة شفان، السليمانية.

كاظم حبيب (٢٠٠٥) لمحات من النضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، دار ئاراس، أربيل.

پێنجەم: گۆڤار:

ئەحمەد حەمەدئەمین (٢٠١٣) بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٢ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری کلتور، ژمارە (٩)، سلێمانی.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (١٩٨٦) هاوپەیمانی نەک کلکایەتی، دۆستایەتی نەک نۆکەرایەتی، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (١٢) خوولی سێیەم.

شەشەم: ڕۆژنامە

بەرەی کوردستانی (تشرینی دووەمی ١٩٨٨) چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٢).

دیمانەیەک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی (١٩٩٦/٦/٣) ئامادەکردنی: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨) سلێمانی.

# ئەدەب


- **تراژیدیای گوێزانەوە لە شیعری ژیان لە موسافیرخانەدا**

عەلی شێخ عومەر

- **ئەحمەدی مەلا (هەرمێیەکانی فیرعەون) دەخوات**

بۆتان جەلال

- **پەرتووکی بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا - ژانی گەل بە نموونە**

د. نەجم ئەڵوەنی

- **شیعرێکی ناتیقی شاعیر لەسەر شاکر مەجروم**

یاسین برایم/ ڕواندز

- **دوو سەرنج لەسەر ناوونیشانی دوو ڕۆمانی محەمەد شوکری**

سەروەر جەبار

- **ڕەنگزی یا گولێن خوینێ!**

موحسین عەبدولڕەحمان

- **سندووقی هاوسەرگیری**

نووسینی: کاسی بوورک – و: مستەفا ڕابەر

- **پیرەژن و مریشکی هێلکەکەر**

هونەر سمایل

- **چیرۆکی ئەفسانە لە ژاپۆنەوە**

وەرگێڕانی/ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

- **نامەی غوربەت و دووریــی**

سەلما تۆما کاکۆ

- **دواجار سێبەری تۆ ماڵی منە**

موراد عەلی

# تراژیدیای گوێزانەوە لە شیعری ژیان لە موسافیرخانەدا



عەلی شێخ عومەر

گەر تێشووی دەق لە ڕێگای گومانەوە، نهێنی گەشتێکی یەقینی هەڵگرتبێت و بیەوێت بگات بە وێستگەیەک، وەرگر ئاڵودەی پرسیارێک بکات.

ئایا تا چ ئاستێک نووسینی شیعر و ئەدەب لە ژیانەوە نزیکن؟ ئایا هەردووکیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە دوای نەمریدا ناگەڕێن؟ ئایا نووسین دەرخەری مانەوەی یەقین نییە؟ سڕکردن و تیمارکردنی ئازارەکانی گومان نییە، سیحری ونبوونێکی کارامەش نییە، دۆزینەوەی خود نیشتەجێبوونی لەنێو پێدراوەکانی دەقدا، ئایا ئەزموونی کردنەوەی سەرجەم ئەو دەرگا و دەروازانە نین، کە بنووس بە دەقەوە گرێدەدات؟ ئایا لە دەنگی سادەی دەقەوە ئاوێزانی سەدایی ئاڵۆز و ڕۆحی دووەمی نووسەر نابین؟ یان لە هاوسەرگیری شیعری سەفەردا، لەنێو کردەی ڕێککەوتنی نێوان نووسەر و وەرگردا، ناکەوینە نێو دەرهاویشتەکانی یەقین و گومان؟ ژیان و مردن، بیرۆکەی هەڵگرتنی تێشووی سەفەرێک لە مووسافرخانەی ژیاندا، لە وێنەیەکدا ڕەتووش ناکرێت؟ لە دوالیزمەی هاودژەکاندا تراژیدیای گوێزانەوە لە شوێنەوە بۆ ناشوێن، لە وێنەوە بۆ ئاوێنە، فشارێک ناخاتە سەر فاکتەرەکانی ئاسۆی بوون؟ لەنێو سروشت و خەوندا، تێڕامان و قەیرانی هاوکێشەیەک دروستناکات؟ هەڵبەت پێداچوونەوەی خەون و بەرجەستەکردنی لە داکەوتەکانی بەردەستدا، مونتاج کردنی فاکتەکانی ژیانە، زەقکردنەوەی ڕێساکانی مردنە، لەنێو خوددا وێنە و ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، ئایا نمایشکردنی وێنە لەنێو ئاوێنەدا، بەسە بۆ ناساندنی خودی شاعیر؟ کاتێک هیچگەرایی ژیان وەکو سەفەرێک، ڕێگای ئەوەی لێدەگرێت خود بە نەمری لەنێو دەقدا ببینێت، هەڵاتن لە پرسیارەکانی جێگیربوون لەنێو دەقی شیعر و شوێندا، دەتوانێت لە ناشوێندا وەڵامی پرسیارەکانی گومان بداتەوە، بۆ دەژین؟ ئەی بۆ دەمرین؟ بۆ دەنووسین؟ لە زیندەگیدا هەمیشە حەزدەکەین هەوێنی بۆشاییەکانی سەفەر بگرینەوە، خۆمان بنووسینەوە، بیرۆکەی سەرەکی سەفەرکردن، گەر خۆ جیاکردنەوە نەبێت لەوانی دی، ئەوا گەشتێکە بۆ خۆ دۆزینەوەی وێنەیەک، زیاتر لەو وێنیەیەی لە ئاوێنەی گەشتەکەیدا، خۆمان بەدی دەکەین، شیعری «ژیان لە موسافیرخانەدا»١ شیعرێکی نایابی (موحسین ئاوارە)یە ئەم شیعرە لە نۆ کۆپلە پێکهاتووە، هەر لە ناوونیشانەکەیەوە، بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەتەک ژیاندا دەکات، ئاماژە بە خەسڵەتی بێلایەنی شوێندەکات، پابەندنەبوونی خود بەپێی بنەماکانی هاوشێوەبوون دەکاتە جەمسەری جیاوازی لە تێڕوانیندا، جووڵەی ڕاستەوخۆی خود بە ئاراستەی شوێن دەبێتە ڕەهەندێکی زیندوو، لە بیرەوەری شاعیر و لە زمانی شیعریدا شوێنی خۆی دەگرێت، زمانی شیعری خۆی لە خۆیدا، لەنێو زمانی سواوی ڕۆژانەدا گەشتێکە، پارادۆکسێ لە دژی دەستەمۆکردنی شوێن لە دۆگمادا فەراهەم دەکات، ژیان لە موسافیرخانەدا پۆلینکردنی شوێنە، دەرخەی وێنەیەکی دیکەی شوێنە، لە جوگرافیایی خۆیدا دەتوانێت ئاساوار و تێڕوانین و سنووری دەقی شیعری ئاسایی تێپەڕێنێت، کێشەی سنووری دەقی شیعری، سنووری وێنەی خود و ئاوێنە پێکەوە ببەستێت، گوێنەدانی خود بۆ سروشتی

سەفەر، خۆ نەبینینی جیاواز، جۆرێک نییە لە مردن؟ گیرسانەوە بە هەستێکەوە، بە تاقە شوێنێکەوە، لێکەوتەی چ پەرچەکردارێک لە گوتاری شیعری «موحسین ئاوارە»دا فەراهەمدەکات؟ چۆن چۆنی لەنێو تێکستدا ئەو فیگەرانە دەخاتە سەرپشت؟ کە خۆی تێدا شاردووەتەوە، بەرێزە پەیوەندییەکی دەلالییەوە دەورووخولی ئەو وێنانە دەدات، کە مانا لە ناوەرۆک، پرسیار لە وەڵام، بونیاد لە هەڵوەشاندنەوە بەرهەمدەهێنێت، بۆ داگەڕان بەنێو دونیای شیعری «ژیان لە موسافیرخانە»دا هەر لە ناونیشانەکەیەوە، لەنێو کردەی ڕێکەوتنی نێوان نووسەر و وەرگردا، ئامبازی ئاخنینی کلیلی کردنەوەی دەروازەکانی دەق دەبین، بەرکەوتنێک لەنێوان دوو شتی جیاوازدا دەکەین، لە پتەوکردنی پەیوەندییەکدا، یەکدی تەواودەکەن، ڕەنگدانەوەی ژیان وەکو بگۆڕێک، لە شوێنێکدا هاوشان لە تەکیدا دەگۆڕێت، هیچ مۆرک و پابەندبوون و شووناسێک هەڵناگرێت، نە خاوەن پێشگرێکە، نە پاشگرێک لە دوای خۆی بە جێدەهێڵێت، موسافرخانە چیرۆکی درزێکە، هەوێنی گومانێک، ڕێڕەوی ناجێگیرییەک دەخاتە ڕیزی بوونێکەوە، لە دیاردەی نامۆبووندا، ناتوانێت لە خودی شاعیردا تێزی دڵنەوایی دروست بکات، هەمیشە هەستێکی جیاکەرەوە هەیە، پەیامداری لە کارڕایی گەشت، ژیان لە مردن، دنیای واقیع لە خەیاڵ جیادەکاتەوە، لە ناوونیشانەکەوە، درک بەو جیاکارییەی نێوان واقیع و خەیاڵ دەکەین، کاروان عومەرکاکە سوور لە شوێنێکدا دەڵێت: «ناونیشان خاڵی جیاکردنەوەی نێوان واقیع و خەیاڵە»٢

دژوار نییە بۆ پێشچاوخستن، جێگرتنی دەق، ئاماژە بە دەستبژێری چەند کۆپلەیەک بکەین، هەر لە سەرەتاوە شاعیر بەم جۆرە دەرگای دەقە شیعرییەکەیمان بۆ واڵا دەکات و دەڵێت:

***ژیانێک بۆ ڕەوت و سەفەر***
***چراکەی داگیرساوە***
***بە بەهارستانی وێستگە و بازگەکاندا***
***تێپەڕ دەبێ***

***تا لە دوا بازگەی مەرگەساتەکەدا***
***چراکەی لێ وەردەگرن و دەیکوژێننەوە***
***لە تاریکی وەردەپێچن و دەینێژنەوە!***

بە شێوازێکی ئەبستراکت، دوور لە دیاردەکانی نەرسیسی شاعیرانە، هاوشان لەتەک دونیای ڕیالیزمدا «موحسین ئاوارە»ی شاعیر وەک ئاماژەیەک باس لە دۆخی مرۆڤ دەکات، لە کێشانی وێنەیەکی خۆیدا، ناتوانێت خۆی لەو وێنەیە جیاکاتەوە، کە لە ئاوێنەی بێهودەییدا دەدرەوشێتەوە، جیاکارییەکی وەها بەهێز لەنێوان گەشتەکەی و کۆتاییەکانی ژیاندا نابینێت، بیرکردنەوەی شاعیر بوونێکی بریندارە، ئەزموونی ئەم برینداربوونە لە ئاست پێوەرەکانی سەقامگیری و جێگیربووندا، درزێک لەتەک ژیاندا دروست دەکات، لە وێنەیەکدا



موحسین ئاوارە

پارادۆکسێ لەتەک ئەو هێزە پەیدا دەکات، کە لە دوو دیوی یەک دیاردەدا، هەوێنی ترس و گومانێک لە داگیرسان و کوژاندنەوەی ئەو چرایەدا دەگرێتەوە، لە یەک کاتدا، هەم هێمایە بۆ بەردەوامی مانەوەوەی ژیان، هەم بۆ کوژاندنەوە، هەموو هەبوونێک تۆی نەبوونی خۆی هەڵدەگرێت، زەقکردنەوەی کێشەکە، خۆی لە هاوشێوەبوونێکی ئەو وێنەیەدا دەبینێ، بەم کردەیەش شاعیر لێکچواندنێک لەنێوان ڕۆحی خۆی و چراکەدا دەستەبەردەکات، لە هەمان کاتدا، شاعیر لە باروودۆخێکی دەروونیدا، بە چەمکی ڕیاڵی «لاکان»ی گوزارشت لە داکەوتێک دەکات، هەڵبەت سیستەمی «لاکان»ی بەم جۆرە باس لە ڕیاڵ دەکات و دەڵێت «ڕیاڵ ئەو جێگایەیە، کە نە خەیاڵ، نە ئاماژە، نە زمان، نە دەسەڵات تێدا ئیشناکەن»٣

ئێمە لێرەدا لە بەردەم سیستەمێکین بژاردەی تێدا نییە، ساتە خۆشەکانی تەمەن، وەرزە کورتە سەوزەکەی سروشت، کە لە بەهاردا خۆی نمایش دەکات، وەکو حەز و بگۆڕێک، بە ناچاری دەبێت لەنێو لەمپەر و وێستگە نەگۆڕەکان دا تێپەڕێت، لە پڕکردنەوەی درزی نەگۆڕەکاندا، بازگە نموونەیەکی گونجاوە بۆ شکستهێنان، هەڵبەت زنجیرەی پچڕانی خۆشییەکان هەمە ڕەنگن، هەمیشە لە سنوورێکدا جێگیرنین، لە گەمەی شاردنەوە و گەڕاندا، لە کۆتایی چاوشارکێی مردن و ژیاندا، ڕزگاری نابێت، لە کۆتایی دوا بازگەدا، دەستپێشخەری دوا ئەجێندای ڕادەستبوونی زۆرەملێ دەستپێدەکات، ڕادەستبوون بە گوێزانەوەی وێنەی زیندووەوە بۆ ئاوێنەی مردوو، لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکی، لە داگیرسانەوە بۆ کوژاندنەوە، جووڵانەوە لە ژیاندا، لە وێستگەی یەکەمی گەشتەکەیەوە کارەساتی پەکخستنی بگۆڕەکانە لەنێو نەگۆڕەکان، کوشتنی دونیای خۆشییەکانە لەنێو چاوەڕوانییەک، لە پڕ لە دوا بازگەدا لێت دەسەندرێتەوە، لێسەندنەوەی چاوەڕوانی، لێسەندنەوەی هیوایە، جێگیربوونییەتی لە جەستەی ڕیاڵ دا، دەرکردنی ڕۆحی خەیاڵە، بە مردن کۆتایی دێت، کە لە پەرگەی یاخبوونەوە لەناو کۆی سیستەمێکی داخراوی ڕادەستبووندا دەجووڵێتەوە، لە جووڵاندنەوەی مردندا، ژیان دەوەستێت، گومان نامێنێت، چاوەڕوانی کۆتایی دێت، سڕینەوەی وێنەی خود لەنێو ئاوێنەی بێهوودەییدا دەبێتە درزێک، ژیان لە مردن، یاخیبوون لە چاوەڕوانی، وێستگە لە بازگە جیادەکاتەوە، لەنێو ئەم جیابوونەوەیەدا، شاعیر بە جۆرێکی پاسیڤ، ئاماژە بە ستراکتۆری دەقە شیعرییەکەی دەدات، لە کۆپلەیەکی دیکەی هۆنراوەکەیدا، لە دەروشاندنەوەی گۆشەنیگایەکی شاعیرانەوە لە بەرانبەر ژیاندا، پەیامە بەرزەکەی ئەدەب ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

***ڕۆژێ دێ و***

***(ئەو) بە دوامدا ڕادەکا و هاوار دەکات***

***ئاوڕێکم لێ بەرەوە***

***دەفتەری بیرەوەریت لە لای من جێماوە***

***کەچی من***

***بەسەر باڵی سیمرخی تیژڕەوی مەرگەوە***

***تیژ تیژ تێدەپەڕم***

***کاتێ زانی ناگاتە من و منی لێ بزر بووە***

***بێهودە و نائومێد دەگەڕێتەوە***

***ئەوە کێ یە؟***

***(ژیان)***

دەرخەری کرۆکی ئەدەبی لە ڕووبەرێکدا لەنگەردەگرێت، تایبەتمەندی تاک لە وێنێارای ڕاستینەیەک نیشاندەدات، کە پێکهاتەی ئەدەب جومگەکانی هاوشێوەبوون، پارادۆکسێ لەتەک دامەزراوەکانی دەرەوەی خۆیدا دروست دەکات، شاعیر سیلەی ئەم پێدراوە دەکاتە دەرچەی بیرۆکە و هەستی جیاواز، لە کردەیەکی گرتنەخۆیدا، قسەکردن و داگەڕان لەسەر دۆخی مرۆڤدا دەکات، لە دونیادا گرنگی دەقی ئەدەبی، بەتایبەت شیعر، لەوەدایە، شاعیران بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان ناتوانن ڕووداوەکانی واقیع وەکو خۆیان بگێڕنەوە، بەم پێودانە «موحسین ئاوارە» لە هەڵڕژانێکی هەمەکیدا، پەنا دەباتە بەر ڕەگەزەکانی خەیاڵ و فانتازیا، هەر لێرەوە، شاعیر لە گێڕانەوەی تێڕوانینی

**“ بە شێوازێکی ئەبستراکت، دوور لە دیاردەکانی نەرسیسی شاعیرانە، هاوشان لەتەک دونیای ڕیالیزمدا «موحسین ئاوارە»ی شاعیر وەک ئاماژەیەک باس لە دۆخی مرۆڤ دەکات ”**

**شاعیر پەنا بۆ باڵندەیەکی ئەفسانەیی دەبات، سیمرخ دەکاتە هێمایەکی ئەکتیف**

بۆ واقیعی ژیان، لە ڕێگەی منی بکەرەوە پێداگری لەسەر ئەگەری ئەدەبێک دەکات، گومانەکانی ترسی مردن، هەستە سادەکانی نێو واقیع بچووک دەکاتەوە، خۆی پێی گەورە دەبێت، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، بەرکەوتنێک لەتەک هەستە سادەکانییدا ڕەتدەکاتەوە، لە شوێنێکدا بە لاپرەسەنییکەوە پێدراوەکانی واقیع بەجێدەهێڵێت، ئاوێزانی دونیا بەرفراوانەکەی جەوهەری ئەدەب دەبێت، هەر سەبارەت بەم بۆچوونە «بەختیار عەلی» لە شوێنێکدا دەڵێت: «جەوهەری ئەدەب وەک شوێنێک کە تێیدا هەستە سادەکان، ڕەهەندە ڕاستەوخۆ و پێدراوەکەی واقیع بە جێدەهێڵین»٤

هەڵبەت لەنێوان ئێستە و ئایندەی دەقدا ڕۆژێک دێت، ئەو بۆشاییە لەنێو دەبات، کە هەرگیز منی شاعیر، بە ئەوی دیکەوە نالکێنێت، هەرچەندە وێنەی من بوون، هیچ نییە، جگە لە گەڕانەوە و تەماشاکردنی ئاوێنەی ئەوی دی، کە لە یادەوەریەکانیدا مانایەک هەڵدەگرێت، ئەمی شاعیر بێ سڕینەوەی ئەو مانایەی لە بیرەوەریدا ئەرشیفکراوە، ناتوانی لە ئاست نەرسیسی شاعیریدا خۆی بەسەرکەوتوو بەدیکات، ئەم خۆبینینەی منی شاعیر، لە ئاست نسکۆ و پێدراوەکانی بێهوودەیی ئەوی ژیان، لادانێکە لە چەمکی یەک ڕەهەندی مانا و خوێندنەوە، کە ئەمی شاعیر بە ئەوی واقیعەوە گرێ دەدات، نە پەڕینەوە، نە بازدانی تێدایە، گوزارشتکردن لە ناسینی ئەوی دۆگما، گەڕانەوە نییە بۆ ئاشتەوایی و بەرکەوتن، بەڵکو هاوتەریبێکە، دەرخستنی یاخیبوونێکی بوونەگەراییە، پاراستنی شووناس و دۆزی مانەوەیە، ڕادەست نەبوونی ئەدەبە، بە جۆرێک شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵ و فانتازیاوە، بڕیاری ئەوە دەدات، خۆی لە دەست و پەیوەندییەکانی واقیعی ئەوی ژیان ڕزگار بکات، پیادەکردنی خەیاڵ، نزیکبوونەوە لە خود، ئاوێتەبوون لە دونیای شیعر و توانەوە لەنێو ئیستێتیکا، دوورکەوتنەوە و پچڕاندنە لە ڕایەڵە دزیوەکانی ئەوی ژیان، هەستی پێشگری گۆشەگیریی گوتاری یاخیبوونە لە ئەوی پاشگری ژیان، ئەم پێشگر و پاشگرە لە ململانییەکی هاوتەریب دان، هیچ کات بەیەک ناگەن، وێناکردنی ئەوی ژیان، بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکی نائامادە، لە چەمکی فانتازیادا فاکتەرێکی گونجاوە بۆ کرانەوەی ئاسۆکانی دەق بەڕووی وەرگردا، لە ڕێچکەی چەمکی فانتازیاوە شاعیر پەیوەندییەکانی بە ئەوی ژیان و شتەکانەوە دەگۆڕێت، لە گرتەیەکدا حزوری منی قسەکەری شاعیر، بەر لە خوێندنەوەی هۆنراوەکە، بوونی نییە، ئەوە کردەی خوێندنەوەی وەرگرە، منێکی نۆیی شایستە بە ئەدەب فەراهەم دەکات، منێک کە لە چەقگەرایی دەسەڵات و ئەزموونی هەستە سادەکانی ئەوی نائامادە خۆی ڕزگار دەکات، کە چیدی ئەمی شاعیر نابزوێنێت، بەرکەوتنی لەتەکدا ناکات، گوێ لە هاوارەکانی ناگرێت، ئاوڕی لێناداتەوە، هەرچەندە گوتاری شیعری پێ لە حەقیقەتی نەهێنی دەفتەری بیرەوەرییەکان دەنێت، کە وەکو شایەد حاڵ و بەڵگەیەک لای ئەوی نائامادە لە دونیایەک بەجێماوە، کە هیچ ڕەهەندێکی تازەی پێ نییە، وێنەی شیعریی بگەیەنێتە ئەندێشە و سۆز، هەڵچوون لە خولقاندنی وێنەیەکی نوێدا، جیابوونەوە و جیاوازییەکی تۆکمە هەیە بە دیوێک لەنێوان تێڕوانینی منی شاعیر لە داڕشتنەوەی دونیا بە شێوەیەکی دیکە، بە دیوێکی دی دەرخستنی حەقیقەتی ئەوی ژیانە، لە درککردنی ئەو جیاوازییە، نەبوونی هاوسەنگی لەنێوانیاندا، شاعیر پەنا بۆ باڵندەیەکی ئەفسانەیی دەبات، سیمرخ دەکاتە هێمایەکی ئەکتیف، تەژی بە ئومێد، بە نەمریی، لە کۆدەنگی پێشبڕکێیەکی هەستییدا، ڕوونان لە پیادەکردنی فانتازیا، دەتوانێت گریمانەی پێشوەختی ماهییەتی شیعری سەرخات، دژوارە ئەوی ژیان پێی

**“«موحسین ئاوارە» لە هەڵرژانێکی هەمەکیدا، پەنا دەباتە بەر ڕەگەزەکانی خەیاڵ و فانتازیا”**

بگات، دونیای ئەدەب وەکو واقیعی ژیان شکست و خرتوخاو نییە، تێڕوانینی سادەنییە، بۆیە لە چوارچێوەی فانتازیادا، تێکەڵی دونیای ئەدەب دەبێت، کە هاوشێوەبوون لەتەک پێدراوەکانی دونیای دەرەوەدا دروست ناکات، وەکو نووسەرێکی کارامە و یاخی، لە ڕێساکانی ژیان نارەزاییە، شاعیر لە ڕێگای وێناکردنی هەست و خەیاڵەوە، ئاوێتەی دەقە شیعرییەکەی بووە، لەنێویدا دەژی، لەم کۆپلەیەدا، «موحسین ئاوارە» پێچەوانەی کۆپلەکەی پێشوو، ئەو بەدحاڵیبوونە ڕاستەدەکاتەوە، دەتوانێت وێنەی نەرسیسی خۆی لە ئاوێنەی بێهوودەیی جیا بکاتەوە، تیژڕەو بەسەر ئاستانەکانی مەرگدا تێپەڕێت، سنووری شاردنەوە و گەڕان و ونبوون و دۆزینەوەی ئەو گەمەیە ببەزێنێت، کە لە ژێر ڕێساکانی یەک ئاسماندا بۆی کێشراوە، چیدی تێزی شیعربوون لە تەنگەژەیی گیربووندا ناسرەوێت، بەڵکو لە دەرهەستەکی فانتازیدا، بەسەر باڵی سیمرخەوە سیمرخ ئاسا، لە مردن و سووتانی خۆیدا، سەر لەنوێ زیندوو دەبێتەوە و بە نەمری دەمێنێتەوە، نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی، دەرهاویشتەی مردنی واقیعێکی ژیانە، نەمریی لە دووی خۆی بەجێدەهێڵێت، باڵابوون و فراوانکردنی ئاسۆکانی دیدەی شیعریی، بانگەشەی پۆلینکردنی بەهرەی منی شاعیرە، گەشەسەندنێکی ناوەخنی خودە، درەوشانەوەی منێکی لێدەکەوێتەوە، کە چیدی نایەوێت ئەوی ژیان، لە ئاوێنەی بێهوودەییدا بدۆزێتەوە، نە دەیناسێت و نەپێیدەگات، ئەوە جێهێشتن و جیاکردنەوەی ئەو وێنەیەی ژیانە، کە لەتەک وێنەی نەرسیسی خود دا لە دنیایی شیعردا یەکنایەتەوە، کە لە دەسپێک و کۆتایی کۆپلە شیعرییەکەیدا، بە هەژاریی و بە سادە تێڕوانین لەنێو دوو کەوانەدا، بە مردن و بە ڕەهەندەکانی بێ ئومێدی داخراون، ناتوانن خۆیان لە فانتازیا و ئەدەبی ڕاستەقینەدا زیندووبکەنەوە، بۆیە شاعیر چیدی نایانناسێت، دەکەونە دەرەوەی بازنەی فانتازیا، لەتەک خەیاڵدا لێکەوتن ئەنجام نادات، لەنێو دوو کەوانەدا دیاریدەکات، بە سەرسوورمانەوە دەڵێت ئەوە کێیە؟ ژیانە، بەرپرسی شاعیر لە پرسی چێگوتن و جوانگوتندا، لە گەشتە شیعرییەکەیدا لە دیمەنێکی ناوازەدا، بە چاوگێڕانەوەیەکی نێو موسافیرخانەدا، لە ڕێچکەی لادانی واتاییەوە، لە گرتەیەکدا ئەدگارەکانی لێکچواندن و خواستن دستبەردەکات و دەڵێت:

> **“لەنێوان ئێستە و ئایندەی دەقدا ڕۆژێک دێت، ئەو بۆشاییە لەنێو دەبات، کە هەرگیز منی شاعیر، بە ئەوی دیکەوە نالکێنێت”**

***قفڵی داخراو، بە کلیل دەڵێ***

***وەرە بخزێوە نێو گیانمەوە***

***بسووڕێ بە نێو بنی هەناومەوە***

***با ڕووناکی بگەڕێتەوە ئەو ژوورەی لە تاریکی ترساوە***

***پاڵکەوتووانی هەڵسنەوە سەر پێ***

***چیتر باوێشک نەدەن لە نێو جێ***

***ئەی ئەوانەی دۆستی چرا و گوڵ و خۆرن***

***ئێوە لەگەڵ تاوان و بەدگۆیدا ناجۆرن!***

گەر وێنەی ئەدەب، شیعر بەتایبەت، ڕەنگدانەوەی وێنەی ئەوی ژیان بێت لە منی شاعیردا، دڵەڕاوکێ و بێهودەیی لێبکەوێتەوە، مانەوەی ژیان بەم شێوەیە لە خوددا یەکنایەتەوە، نە لەتەک ناسنامەی شیعرەکە و ناوونیشانەکەی، نە لەگەڵ چەمکی گەشت و سەفەرکردندا، سەفەرکردن داخراو نییە لە شوێنێکدا، بەڵکو پرۆسەی گەڕان و گۆڕین و کرانەوەیە بە ڕووی دونیادا، ئەزموونی تازەی دەوێت، خۆ تەکاندنە لە گەرد و تۆزی ڕابردوو، خۆپاککردنەوەی دەروونە، ئیلهامە، تیمارکردنی نەرسیسی بریندارە «موحسین ئاوارە» زیرەکانە لە ڕێگای «خوازەی ژیرییەوە» مامەڵەی لەگەڵدا دەکات «خوازەی ژیرەیی» هەر وەک عەبدولعەزیز عەتیق دەڵێت: «بریتییە لە دانەپاڵی کار، یان هەرشتێکی دی، کە هاوتای کارەکە بێت، جگە لەوەی بۆی دانراوە»٥

خۆنووساندنی شاعیر بەم سیلە نیگایەوە، پێدزێکی لەبارە بۆ گوزارشتکردن، لەو ئاخاوتنەی کە دەتوانێت ئەو واتا باوانە تێپەڕێنێت، کە پێی ناسراون، مانایەکی دیکە بخاتە سەر واتاکە، کە هەڵگری وشە بەکارهێنراوەکەیە، لە وێنەیەکدا بە کردەی دانەپاڵ لە بەکارهێنانی خوازە بە پەیوەندی ئامێری، وشەی قفڵ بەکاردەهێنێت، قفڵ بنرێژی هێمای نیشانکەرێکە «دالە» ئاماژە

به بونیادی جوومگەکانی گوتاری هۆنراوەی داخراو دەکات، بە دیویێک قفڵ وەکو نیشانکەرێک وێنەی خۆیەتی، نەرسیس و بەهرەی شیعری بە نیشانکراوی »مەدلول« نەبێت، کە کلیلە ناتوانێت خۆی لە وێنەکە جیا بکاتەوە، بە دیوێکی دیدا، بە بەکارهێنانی کلیل، گومان بە یەقینەوە پەیوەست دەکات، گوتاری هۆنراوەکەی بە ئاخنینی کلیل لەنێو قفڵ دا دەکاتەوە، کلیل وەکو نیشانکراوێک بانگەشەی کارکردنێکی ئەکتیڤی خەیاڵ و فانتازیایە، پەڕینەوەیە لە واقیعی داخراو، بۆ خەیاڵ و خەونی بەربڵاو، ئەوە قفڵی داخراوی واقیعە، ئاخاوتن لەتەک کلیلی ڕزگارکەری خەیاڵ دەکات، ئەوە خودی دەقە، گوزارشت لە تەنیایی خۆی دەکات، وێنەی خۆی لە ئاوێنەی واقیع جیادەکاتەوە، بە کلیل دەڵێت وەرە ناو منی شاعیرەوە، تا لە ئەوی دی جیا ببمەوە، پۆلگرتنی ئومێد لە ئێستەی زەمەنی نووسینی شیعردا، بەرخوازێکە، هێشتا نەهاتووەتە دی، ئەگەری شوێنێک لە بۆشاییەکانی دەقدا فەراهەم دەکات، درەوشانەوەی خەیاڵ دەکاتە بزوێنەری گەڕانەوەی ئومێدێک، کە لە چوارچێوەی فاکتێکدا، ڕووناکی دەبەخشێت، لەنێو نەستی شاعیردا یەق دەداتەوە، گوتاری ئەوی دیی هەڵدەگرێت، کە پێشتر ئامبازی تاریکی بووە، سڵی لێکردووە، نائارامی پێ بەخشیوە، تاریکی ترس و نارەحەتییە، شاعیر لە کرانەوەیەکی بزوێنەردا، وەکو نووسەرێک، لەنێو کردەی نووسیندا، بەدیوێک بیر لە پێگەی خۆی دەکاتەوە و وریا دەبێتەوە، بەدیوێکی دیکەدا، بیر لە بەشێک دەکاتەوە کە موسافیری نێو دەقی سەرکەوتوو نین، بێ ئاگان لە سەفەرەکەی نووسەر، بە حسێبی وەرگر، بنووس داوای وریابوونەوە و هۆشیارییان لێدەکات، دەق شوێنی ئەوەی تێدا نییە، تییدا بخەویت، یان باوێشک بدەیت، لە کۆتایی دەستبژێرێکدا، ئەو وەرگرانە، بۆشاییە تاریکەکانی واقیع بە خەیاڵ و فانتازیا پڕدەکەنەوە، بە کاریگەری تەمەڵی و پاشکۆکانی، گەشتی سەفرەکەی ئەدەب، لە ڕێساکانی نووسەر، وەرگر و دەق تێک نادەن، لەنێو خودی هۆشیارییەوە، ئاشق و مەئشوقی سروشت و ڕووناکی و خۆرن، کە هەردووکیان بە جووتە دوو دیوی یەک دونیان، کە لەتەک

**موسافرخانە چیرۆکی درزێکە، هەویێتی گومانێک، ڕێڕەوی ناجێگیرییەک دەخاتە ڕیزی بوونێکەوە**

تاریکی و ناپاکیدا یەکنایەتەوە، کاتێک بەم ڕێچکەیەدا لە ڕێگەی دەقەوە وەرگر ئاگادار دەکاتەوە، لە گومانەوە دەیانپەڕێنێتەوە بۆ یەقین، لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی، لە داخرانی دەقەوە بۆ کرانەوە، لە تاک ڕەهەندییەوە بۆ فرە ڕەهەندی، پەیگیری وەرگر بەم ڕێرەوە، پارادۆکسێ لەتەک چەمکی تێنەگەیشتن لە دەقدا دروست دەکات، کە شاعیر بە تاوان و بەدگۆیی دەیخوێنێتەوە.

**ژێدەرەکان**


١. موحسین ئاوارە، عەترێکە و لەنەوەی گوڵخانە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ساڵ ٢٠١٩، لاپەڕە ١٢

٢. کاروان عومەر کاکەسوور، دواڕۆژ کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە (ڕۆمان) چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ساڵ ٢٠١١، لاپەڕە ٩

٣. بەختیار عەلی، جوانییەکانی ناڕێکی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، سلێمانی، لاپەڕە ٨٩

٤. بەختیار عەلی، زنجیرەکانی دۆنکیشۆت، چاپخانەی ئەڵوەن، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، لاپەڕە ١٥٤

٥. ئیدریس محەمەد رەزا، وێنەی شیعری لە دیوانی «تەمەن»ی ئەحمەد محەمەد دا. چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵ ٢٠٢١، لاپەڕ ٩٨

# ئەحمەدی مەلا

## (هەرمێیەکانی فیرعەون) دەخوات



بۆتان جەلال

شاعیر بۆ جوانترکردن و بە چێژکردنی وێنە شیعرییەکانی، پەنا بۆ فراوانکردنی خەیاڵ دەبات، لە ڕێگەی وەسفی خەیاڵەکانییەوە، بازنەکانی کایەی زەینی بەجۆشتر دەبن و دەکەونە جموجۆڵ، واتە لە کرداری وەهم خولْقاندنەوە بۆ ڕەسمکردنی شتگەلێکی زۆر ئامادە دەبێت و دواتر وێنە دوای وێنە مەبەستی شاعیرەکە لەو ڕەسمکردنە ڕوونتر و ئەکتیڤتر خۆی دەنوێنێت.

لە شیعری (ستایشی باران)دا گوتاری شیعریی لە چوارچێوەی ئەو شێواز و فۆرم و ستراکتۆرانەی، کە پێیدراون لە دەلالاتی هێمایی و سەرسوڕمانی و پرسیار ئاراستەکردندا، لە ناو کایەیەکدا، کە تەواوی بریتییە لە گەمەیەکی خود لە ژێر پاڵەپەستۆی مەعریفی و ئەزموونی جیهانبینی و گۆشەنیگای خودێک، کە شاعیرە و لە غوربەتدا دەتوێتەوە، بەرجەستەکراوە، بەجۆرێک بەهەڵمبوونەکەی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی خەیاڵ و دیدگە و لێکترازانی ڕۆح لە جەستە و پاشان دوورکەوتنەوەی ئەو هەڵمە و گەڕانەوەی بەسەر زێدی وڵات و مەفتەنی، کە هەر هێمایەکی چیرۆکێکی لە پشتە و پڕاکتیزە بووە، خەیاڵ لە وەهمەوە دەگۆڕێت بۆ واقیعی ژیانی و بە کڵۆجی جیاجیا و لە وێنەی جیاجیا شوێنیان بۆ دەکاتەوە:

***ستایشی بارانم دەکرد دەمێ***

***پەڕ پەڕ هێشووە ئەستێرە، لە دەلاقەکانی خەمەوە بەسەر***

***پەیکەرە مەرمەڕینەکان دەنیشتنەوە***

***ستایشی بارانم دەکرد دەمێ***

***گوێم بۆ ڕیتم و تریقەکانی هەڵدەخست***

***تەڕ تەڕ هێشوە ئەستێرە***

***لە دەلاقەکانی تەمەوە بەسەر جامی خانووە***

***بەردینەکەمدا***

***هەپروون بە هەپروون دەبوون***

***ئەو ناوەیان دەکردە چراخان و***

***ئەسپەکانیش لە نێو تاریکیدا ون دەبوون***

***ستایشی بارانم دەکرد دەمێ***

***لەسەر نووکی پێنووسەکەم چەندین باشووکە***

> **دروستکردنی (چێژ) لەهەر دەقێکی شیعردا کاری لە پێشینەیە بۆ بونیاد و هاوسەنگ ڕاگرتنی هارمۆنیا و ڕیتم و ئاماژە بەخشین و پرتە مەعریفییەکان و گۆڕینەوەی دەرهاویشتەکان و کارلێکردن لە نێوانیاندا**

**هەڵدەنیشتن**

**چەندین کلکە تەقێن، تۆقیو، ڕاپەڕیوی ناو کازیوەکان**


**دەبوورانەوە.**

دەق، واتە گوتار، بونیادی تێکست لە کەرستەکانی (زمان و خەیاڵ و چەمکی مەعریفی) ئامادە دەکرێت تاکو ئاماژەیەکی هەستیی بخاتە ناو زیهنی خوێنەر مایەی وەرگرتن و شیتەڵ و چێژبەخشبن بێت، هاوتەریب لەگەڵ ئامرازەکان، ئاسۆی ئێستێتیکیایەکی ئاماژەییش لە قاوغی دەقەکە بدرەوشێنێتەوە، بە ئاراستەی ئایکۆنی ڕوون و واتادار، تا لە ناوەوەی میتراڵەکانیدا ڕەهەندی مەزن و تێر و تەسەلی فرە چەشنی وریایی و مەعریفی ببەخشێت.

دۆخی شیعر ناجێگیرە و زمانەکەیەتی دۆخەکە هاندەدات جێگۆڕکێ بکەن، خەیاڵە ئامێزی بۆ ئۆپراسیۆنی وشە ساز دەکات بۆ ئەوەی بکەویتە جووڵە و کردار، مەعریفە و ئەزموون سەنتراڵی نەستی شاعیر بەرەو تاوێکی ڕۆشن دەبەن و وێنە و تابلۆی دیالێکتیکی پڕ لە گەنگەشە و پرۆپۆزلیست دەخولقێنن، چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەکان دەداتە دەست ئەوانەی توانای شرۆڤە و تێگەیشتنیان هەیە. لە خەسڵەتی دەق و کارلێککردنەکانیان، شاعیران هەمیشە ڕسکیان بە خوێنەرانیان کردووە، لە گەڕان بە دوای پەنهانەکانی سروش و ئاوێتەکانی.

دوای کەرستە ناسراوەکانی دەق، باری سایکۆلۆژی ڕێزی پێشەوە دەگرێت و لە گرنگی کرداری نووسینی شیعردا، هیچ داهێنەرێک لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر باری دەروونی هاوکاری نەبێت، زۆرجار ئەفرێنەر لە باری سایکۆلۆژی خراپدایە، دەقێک بەرهەم دەهێنێت ناوازە و نایاب، جاریش وابووە لە دۆخی ئاسایدا شاکار نووسراوە، لە هەردوو فیگەرەکەدا زەمینە لەبەردەم زیهن و جوڵەپێکردنی سروش خۆشبووە، ئەگینا ئەستەمە بێ زەمینە خۆشکردن کارێک ئەنجام بدرێت شایستەی داهێنان و نەمریی بێت.

مەرج نییە، شاعیران هەر لە پەژارەیی و تاڵی ژیاندا نووسینی باش بەرهەم بهێنن، وەکو چۆن، مەرجیش نییە، لە ئاسوودەیی و ژیانی خۆش هیچیان نەنووسیبێت جێی سەروەری داهێنانیان بووبێت.



ئەحمەدی مەلا

"

**بەرزاییەكانی شیعر زۆر سەخت و دژوارترن لە نشێوەكانی، سوتان و ژانی تەنیایی غوربەت زۆر بەسوێترە لە ساتە وەختەكانی ئاسایی و هێوری**

"

غـوربـەت و گـوزەرانـدن لـە هـەنـدەرانـیش چركەی خۆشی و ناخۆشی تێدایە، ئەگینا بۆچی سەرهەڵدەگرن و زێد و نیشتمان و كەسوكاریان بەجێ دەهێڵن و چارەنووسیان بـە قـــەدەر و چـانـس دەسـپـێـرن، دۆخـە سایكۆلۆژییەكە ڕەنگدانەوەی تایبەتی دەبێت لەسەر جووڵە پێكردنی ناخ و هەست و نەست و لێكەوتەی لێدەكەوێتەوە، شاعیر یەكێكە لەو شاعیرە كوردانەی ڕەنگدانەوەی غوربەت و ئاوارەیی هێندە گیرۆدەی كردووە، لە حەژمەتا نەخۆشكەوتووە و تـای گەرمی لێهاتووە و پێستی دەم و چاوی پربووە لە تامیسكە، تا سنووری گریان و ڕۆندك باراندن و هاوار بەرزبوونەوەی:

***دوێنێ تایەكی كوشندە***

***وەكو جاجمێكی دووقەدی ڕەوەندان***

***نووشتاندمییەوە دەم كوانووی ورێنە***

***خەجیجە هات و لە تامیسكەكانم هورد بووەوە***

***لەسەرچۆك دانیشت***

***ناولەپی خستە سەر هەنیەم***

***هەردوو چاوم چووقاو***

***هەردوو بیلبیلەم ڕۆچوونە تێو قووڵایی ئاو***

شاعیر لـەم شیعرە و شیعری دیكـەش لە دەقەكانی ناو كۆمەڵە شیعری (هەرمێیەكانی فیرعەون) ئەزموونی تاڵی غوربەتی و بێكەسی و دەرەتانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، تێكستەكانی یادكردنەوەن لە بەرگی (نۆستالژیا)دا وێنە و ئاماژەكانی لە كێڵگەی یادگارییەكانییەوە بوار بە (زمان) دەدات ئاسۆی بیركردنەوە و پرسیارە ڕابردووەكانی نوێ بكاتەوە و بگەڕێتەوە ناو كەشوهەوای ساڵانێك لە تەمەنی، كە لەگەڵ ڕەنگە جیاوازەكانی شەبەنگی خەونە سەوز و زەردباوەكـانی حەسرەت و ئاواتە بەدی نەهاتووەكانی تێكەڵ بێت و ڕووی ئاراستەی (گێڕانەوە)كانی لە نوێكردنەوەی زامی كۆن و تازەكانی بكات و دەهشەیەك لە گوتاری شیعریی بخوڵقێنێت، كە خۆی لە گوتاری (زەمەن)و (شوێن)ی دەدۆزێتەوە، وەكو ئەو چەند دیمەنەی نێو دەقی (ناولەپی خەجیجە):

***لە ئاستانە دەگەڕامەوە***

***پرچی ئایشە و فاتیمە***

***لە گزینگی سینەمەوە پەرتدەبوونەوە***

***گمەی كۆترەكانی سەر پردی تەپەقچەلی***

***ئەسپەكەی جەرجیس***

***سێبەرەكانی «زاكیرەی با»***

***ئەتڵەسەكانی ئەرپە***

***منارە ئاوییەكانی ئاخورحوسێن***


***پڕدێنە كەسكەكەی دانیال***

***كراسە دڕاوەكەی حەویجە***

***مەمكە تورتەكانی گومەتەكان***

***ئەشكەوتەكانی قۆرییە***

گەڕان و سوڕان بەناو زاكیرە و یادگارییەكان پرۆسـەیـەكی دەروونـــی و كەشفكردنێكی دەلالییە، وێنەكان دەبنە تابلۆی جیاواز جیاواز لە پێكهاتەی میتاشیعرێكی سینەمایی و لەسەر شاشەی وەرەقـەدا نمایشیان دەكات و بینەر



(خوێنەر)یش بەشداری پێدەکات و ئاوێتەیەک لە خۆگونجاندن بەرپا دەبێت، کە ڕەنگدانەوەکانی بەسەر ناوەڕۆکی دەق و دەرهاویشتەکانی لە خەون و خەیاڵ و سۆزی هەڵچوون بەدەرنین، لە نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاریدا دێن و دەچن، جیهانبینییەکی والا بەسەر دەسەلاتی چرکە گرنگەکانی کاتی نووسین و ئەفراندن جێدەهێڵن.

بە بۆچوونی من، دروستکردنی (چێژ) لەهەر دەقێکی شیعردا کاری لە پێشینەیە بۆ بونیاد و هاوسەنگ ڕاگرتنی هارمۆنیا و ڕیتم و ئاماژە بەخشین و پرتە مەعریفییەکان و گۆڕینەوەی دەرهاویشتەکان و کارلێکردن لە نێوانیاندا، ئەمانە هەموویان پێکەوە (چەقی سەنتڕاڵ) نیشاندەدەن، کە هێمایە بۆ کامڵبوونی دەق و ئامادەبوونی بۆ خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی، لەناو ڕووبەری فۆرمی جیاواز و فرەدەنگیدا. شاعیر جیا لە بەرهەمەکانی پێشووی، لە کۆشیعری (هەرمێیەکانی فیرعەون) زمانی شیعری جۆرێک لە نەرمی و ساکاریی پێوە دیارە، وێنەکانی ڕاستەوخۆ و ڕوونن، وازی لەو تەمومژ کردن هێناوە، کە جاران سیمای زمانی بوو، لێرەدا بەرەو زمانێکی (گێڕانەوە)ی پەخشنئامێز چووە، تۆزێک لە هاوسەنگی نێوان زمانی شیعر و پەخشاندا، بەرەو پەخشان لار بووەتەوە و ویستوویەنی بەیەک ئاراستە و یەک هێڵی ڕوون ڕوئیای بیر و هونەری دەقدارشتن بپارێزێت و بە هاوکارییەکی چالاکی زمانەکەی، شیعریک لە دایک ببێت، لە نەژاد و کرۆمۆسۆمی خۆی بچێت.

لە تێکستی (بێدەنگیی) ئەم دیارکەوتنانەی سەرەوە هەستیان پێدەکرێت:

**گزەی**

**مێشێک**

**دێت**

**بێدەنگی**

**دەشلەقێنێ**

**مێشێک**

**گززەی**

> **مەرج نییە، شاعیران هەر لە پەژارەیی و تاڵی ژیاندا نووسینی باش بەرهەم بهێنن، وەکو چۆن، مەرجیش نییە، لە ئاسوودەیی و ژیانی خۆش هیچیان نەنووسیبێت**

**دێت**

**تێکەڵ**

**بە**

**حەپەی**

**سەگێکی**

**دوور**

**دەبێت**

شاعیری ئێرلەندی شیمۆس هینی (١٩٣٩ - ٢٠١٣) وای بۆ دەچێت، شیعر سەکۆیەکە پێیدا هەڵدەزنێین، نەک دەرگایەک بێت پێیدا هاتوچۆ بکەین.

بەرزاییەکانی شیعر زۆر سەخت و دژوارترن لە نشێوەکانی، سوتان و ژانی تەنیایی غوربەت زۆر بەسوێترە لە ساتەوەختەکانی ئاسایی و هێوری، ئەحمەدی مەلا بە ئامرازی شیعر دیمەنە تاڵەکانی دابڕان لە خاک و مەفتەنی چڕ کردووەتەوە، ژیانێکی نیگەرانی لە ناو ژیانێکی نیگەرانتر دروستکردووە، لە نێوان ڕەتکردنەوەی چارەنووسی خۆی وەکو (خود) و وەکو مرۆڤێکی کوردی هەمیشە نیگەران لە ژیان و گەڕانی بەدوای ئارامییەکی نادیار دەستی بۆ هەرمێیەکانی فیرعەون درێژ دەکات بیانخوات، بەڵکو تۆزێک وزە و هێزی ژیانکردنی پێ درێژبکاتەوە.

# پەرتووکی بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا

## ژانی گەل بە نموونە



د. نەجم ئەڵوەنی

کارکردن لە سەر هەردەقێکی ئەدەبی (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و...هتد) پێویستی بەوەیە ڕەخنەگر میتۆدێکی ڕەخنەیی پەیڕەو بکات و بەوردی سوود لە بنەماکانی ئەو میتۆدە وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە پراکتیکدا هەڵەنەکات و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەلاڕێدا نەچێت.

ئەم پەرتووکەی لێرەدا بەکورتی دەیخەمە بەر تیشکی ڕەخنە، لە نووسینی توێژەر (محەمەد نوری ئەحمەد)ە و لە (٣٣٦) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا، لە چاپخانەی خاک لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٤)دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کۆی ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر پێنج بەش و پاشکۆیەکدا. توێژەر بە پێی میتۆدی بنیاتگەری و پشتبەستن بە دەیان سەرچاوەی ڕەخنەیی و کۆمەڵێ وتار و ڕۆمان هەوڵیداوە بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانی ژانی گەل شیبکاتەوە. بۆچوونەکانی ڕۆڵان بارت و ژیرار ژنێت و تزفیتان تۆدۆرۆف و کۆڵن ولسن و مۆریس ئەبو نازرو ...هتد بوونەتە بناخەی کارەکەی.

نووسینی ئەم توێژینەوەیە ماندووبوونێکی زۆری پێوەدیارە و توێژەر زۆر بەوردی گرنگترین بنیاتەکانی دەقی ڕۆمانەکەی دیاری کردووە و لە هەمووشیان گرنگتر بنەماو توخمەکانی گێڕانەوەیە لەم ڕۆمانەدا.

ئەوەی جێی داخە، لەڕووی زمان و ڕێنووسەوە بێ ژمارە هەڵەی گەورە و زەقی تێکەوتووە. بریا پێش چاپکردنی پێداچوونەوەیەکی وردی زمانی و هەڵەچنی بۆ بکرایە، چونکە بەم چاپەی ئێستا، ئەو هەڵانە بوونەتە خەوشێکی گەورەی پەرتووکەکە و تاڕادەیەکی زۆریش لە بەهای زانستیی توێژینەوەکەیان کەم کردووەتەوە. بۆ نموونە لە سەدان شوێن لە باتی (ئەگەر بڵێین) نووسراوە (ئەگەر بڵێن) یاخود (دەرکەوتن) کراوە بە (دەرکەووتن) (خرافە) بووەتە (خدافە) و ناوی پەرتووکەکەی (ڤلادیمیر پرۆپ) لە لاپەڕە (٢٩٣) بەهەڵەی نووسەر بووەتە (مۆرفۆلۆجیای ئەفسانە) لە کاتێکدا بەخۆی (مۆرفۆلۆجیای خورافە)یە، گۆڤاری (الثقافة الاجنبیة) بووەتە (الثقافة الجنبیة) ( گوللەیەکی بەرکەوتووە) کراوەتە (گوللەیەکی پێگەیشتووە)... هتد. ئەم هەڵانە نموونەی مشتی خەرواریکن، لەمەش خراپتر ئەوەیە هەڵەی چاپ و ڕێنووس کەوتووەتە نێو ئەو پەرەگرافانەشەوە، کە بۆ نموونە و شیکاری لە دەقی ڕۆمانەکەوە وەرگیراون. بۆ ئەوەی وتارەکەم زۆر درێژ نەبێت و بە پوختی و کورتی ئامانج لەم کۆمەڵە ڕەخنەیەی ئێرەم بخەمەڕوو، زۆر لەسەر ئەو لایەنانە هەڵوەستە ناکەم و خوێنەر بەخۆی دەتوانێت تێبینیی ئەو دیاردانە لە خودی پەرتووکەکەدا بکات.


توێژەر کۆمەڵێ لێکدانەوەی وردی بۆ بنیاتی کارەکتەر و کردار و شوێن و زەمەنی گێڕانەوە کردووە، لە هەمان کاتیشدا لە بارەی پەیوەندی نێوان واقیع و دەقی ڕۆمانەوە، کۆمەڵێ بۆچوونی زانستییانەی خستووەتە ڕوو، ئەگەرچی لەبارەی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و مێژوو، بەنموونەی ڕۆمانی (مولازم تەحسین)ی فەرهاد پیرباڵ لە لاپەڕە (٢٨٨)دا داکۆکی لەو ڕۆمانە و هەر ڕۆمانێکی دیکە دەکات، ئەگەر بەهەڵە باسی ڕووداوێکی مێژوویان کردبێت دەستکاریی ئەو

ڕووداوانەش بەڕەوا دەزانێت. پاکانەشی بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە ڕۆماننووس لاسایی واقیع ناکاتەوە و خوێندنەوەی بۆ مێژوو، جیاوازە لە خوێندنەوەی مێژوونووسێک. بە بڕوای ئێمە هیچ کاتێک ڕۆماننووس بۆی نییە ڕاستییەکانی مێژوو بشێوێنێت، ئەگەر ویستی باسی بابەتێک بکات، کە پەیوەندی بە مێژووەوە هەبێت، دەتوانێت خۆی لەو باسانە بدات، کە مێژوونووس فەرامۆشیان دەکات و بە ڕووداو و هۆکاری لاوەکییان دەزانێت، وەکو شیکردنەوەی باری دەروونیی سەرکردەیەکی مێژوویی، چونکە ئەم جۆرە بابەتە پەیوەندی بەناخی ئەو کەسەوە هەیە و مێژوونووس ناچار نییە بەناو ناخی ئەواندا ڕوو بچێت، بەڵگە مێژووییەکانیش ئەم لایەنە بە فاکتەرێکی بابەتی نازانن. توێژەر لە کوردانندنی هەندێک دەستەواژەدا تێیکەوتووە و هەوڵیداوە دەقاودەق دەستەواژەکە لە عەرەبییەوە بخاتە سەر زمانی کوردی، لەم هەوڵەشیدا سەرکەوتوو نەبووە. وەکو (السرد البنيوي) کە ئەم کردوویەتی بە (گێڕانەوەتی بونیادگەری) کەچی دروست ئەوەیە بڵێین: (گێڕانەوەی بنیاتگەرانە).

لەباسی جووڵەی زەمەندا، هەڵەی گەورە کراوە، توێژەر جیاوازی لە نێوان (گێڕانەوەی زنجیرەیی) و (گێڕانەوەی بازنەیی)دا نەکردووە، تەنانەت وایزانیوە جووڵەی زەمەنی گێڕانەوە لە حیکایەت و سەرگوزەشتەدا، جووڵەیەکی بازنەییە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣٦)دا دەڵێ: ((ئەمەش وادەکات سیستەمی گێڕانەوە لە ناو ڕۆمان و چیرۆکەکان جودابنەوە لە ڕێکخستنی بازنەیی حیکایەتە میللی و سەرگورشتەکان)) لە کاتێکدا جووڵەی گێڕانەوە لە حیکایەت و سەرگوزەشتەدا، هەمیشە بە شێوەیەکی زنجیرەییە، ئەوە چیرۆک و ڕۆمانی نوێیە، کە سستمی گێرانەوەی بازنەییان هێنایەکایەوە.

هەمان ئەم هەڵەیە لە لاپەڕە(٨٤ ـ ٨٥) دووبارە بووەتەوەو توێژەر وادەزانێت ڕەوتی کات لە (ڕابردوو ــ بۆ ئێستا ــ بۆ ئایندە) ڕەوتێکی بازنەییە، لە کاتێکدا ڕەوتی زەمەنی سروشتی تەنیا یەک ئاراستەی هەیە و بەرەودوایش ناگەڕێتەوە.

یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، پێشخستنی ڕووداوێکی ئایندەیە و دەبێت ئەو ڕووداوە لە کاتی خۆیدا بێتە دی. ئەم تەکنیکە زۆر جیاوازە لە تەکنیکی پێشبینی، چونکە باسی ڕووداوێکی ئایندە دەکات، کە لەوانەیە نەیەتە دی. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی ئەو دوو تەکنیکەیە. توێژەری ئەم پەرتووکەی، کە لێرە کردوومانەتە بابەتی ئەم وتارە ڕەخنەییەمان، سەرەتا لە لاپەڕە (٨٣)دا زۆر بەڕێکی لێکیان جیادەکاتەوە، بەڵام دواتر لە لاپەڕە(٩٣، ٩٤) دا لە ژێر کاریگەری بۆچوونێکی (فرانک کیرمۆد)دا، پێشبینی بە لقێکی پێشخستن دادەنێت، کە ئەو زاراوەی (پێشکەوتن)ی لەباتی پێشخستن بەکارهێناوە. ئەم هەڵوێستەش توێژەری خستووەتە هەڵەیەکی زەقەوە. ئەم دوو تەکنیکە ئەگەرچی لەڕووی ڕەوتی زەمەنەوە یەک ئاراستەیان هەیە، بەڵام لەڕووی ئەرکەوە تەواو جیاوازن، یەکەمیان: واتە پێشخستن دەبێت بێتە دی، کەچی پێشبینی ئەگەری بەدی نەهاتنی زیاتر بەسەردا زاڵە.




لە باسی جۆرەکانی گۆشەنیگا و جۆرەکانی بگێڕەوەدا، کە توێژەر لێرەدا ناوی لێناوە (گێڕەرەوە) هەوڵێکی باشی داوە بۆ لێک

**“ساڵێ پێش ئەو، واتە لەساڵی (٢٠٠٣) لە شیکردنەوەی بنیاتی زەمەن لە سێ ڕۆمانی کوردیدا: (ژانی گەل، شار، ڕاز) هەمان تیۆرم لە تێزی دوکتۆراکەمدا بەکارهێنانەوە”**

جیاکردنەوەیان. بە تێری باسی پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و نووسەر و بگێڕەوە و کارەکتەری کردووە. کێشەی سەرەکی لەم بەشەدا کە لە تەواوی بۆچوونەکانی ئەودا هەتا دوایی ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە زۆر شوێن، بەتایبەتی لە باسی بگێڕەوە لە ڕۆمانی ژانی گەلدا تێکەڵاوی کردووە، لە نێوان (دانەر) واتە نووسەر و بگێڕەوە و کارەکتەری سەرەکیدا. لە کاتێکدا نووسەر سوودی لە بۆچوونەکانی ژنێت و ڕۆلان بارت و تۆدۆروف و ئایزەر وەرگرتووە، بەڵام پەی بەوە نەبردووە، کە ئەم ڕەخنەگرانە بەڕاشکاوی ئەو سێ توخمەی گێڕانەوەیان لە یەک جیاکردووەتەوە و بەهیچ شێوەیەک قایل نەبوونە بە ئاڵوگۆڕی ڕۆڵی هەریەک لەمانە لەنێو خۆیاندا. بە واتایەکی دیکە ئەوان نووسەر و بگێڕەوە و کارەکتەر بە سێ توخمی جیاواز و سەربەخۆی گێڕانەوە دەزانن.

بەگوێرەی بۆچوونەکانی ژنێت و بارت و تۆدۆرۆف و ئایزەر، هیچ یەک لەو سێ توخمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، ناتوانن ڕۆڵی ئەوی دی بگێڕن. ئەمانەش گەورەترین و ناودارترین ڕەخنەگرانی سەر بە میتۆدی بنیاتگەرین، کەچی توێژەری پەرتووکی (بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، ژانی گەل بە نموونە) لە لاپەڕە ( ٤٨)وە هەتا کۆتایی توێژینەوەکەی، بەتایبەتی لە باسی ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ لە نێوان بگێڕەوە و کارەکتەری سەرەکی (جوامێر) لە بەشی نۆیەم و دەیەمی ئەو ڕۆمانەدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە لەو دوو بەشەدا، بگێڕەوە بێدەنگ دەبێت و دەبێتە گوێگر و جوامێر دەبێتە بگێڕەوەی ئەو دوو بەشە. هەر بەوەندەشەوە نەوەستاوە، لە لاپەڕە (٧٤)دا خەندانی چکۆلەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیارعەلی)یشی بە بگێڕەوەی شاڕووداوی ئەو ڕۆمانە دادەنێت.

تۆدۆرۆف دەڵێت: (گێڕانەوە نییە بەبێ بگێڕەوە) هەروەها جۆرەکانی بگێڕەوە بەم جۆرە دابەش دەکات:

١ـ بگێڕەوە زیاتر لە کارەکتەر دەزانێ
٢ـ بگێڕەوە بەئەندازەی کارەکتەر دەزانێ
٣ـ بگێڕەوە کەمتر لە کارەکتەر دەزانێ.

**“ لە زۆر شوێن، بەتایبەتی لە باسی بگێڕەوە لە ڕۆمانی ژانی گەلدا تێکەڵاوی کردووە، لە نێوان (دانەر) واتە نووسەر و بگێڕەوە و کارەکتەری سەرەکیدا ”**

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای ڕۆڵی بگێڕەوە بکەین، دەبینین بەهیچ جۆرێک کارەکتەر نابێتە بگێڕەوە و هەروەها بگێڕە بێدەنگ نابێت و ناشکرێت ڕۆڵی گوێگر ببینێت، تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە (من) ڕاناوی سەرەکی گێڕانەوەی دەقەکە بێت. لەم جۆرە ڕۆمانانەدا بگێڕەوە بەڕاناوی (من) لەزاری کارەکتەری سەرەکییەوە، کارەکتەرەکانی دی و ڕووداوەکان پێشکەش دەکات. لێرەدا بگێڕەوە دەچێتە کەوڵی کارەکتەری سەرەکییەوە و لەزاری ئەوەوە گێڕانەوەکە بەڕێوە دەبات. کەواتە بگێڕەوە ڕۆڵی کۆتایی نایە و کارەکتەریش تەنیا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، نەک ڕۆڵی بگێڕەوە.

ئەم پەرتووکە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، لە ساڵی (٢٠٠٤) چاپکراوە، کەچی خودی نووسەرەکەی لە لاپەڕە (٢٢، ٢٣)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە پێش ئەو هیچ نووسەرێکی کورد تیۆری ڕەخنەی بنیاتگەری بەکارنەهێناوە، لەهەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەخنەگرانی عەرەب وەکو (مۆریس ئەبو نازر و سیزا قاسم و نووسەری جەزایەری شەربیت ئەحمەد شەربیت) سوودیان لێوەرگرتووە. من خەم بۆ خۆمان دەخۆم و دەڵێم بۆ دەبێت بە شانازی و ئەوپەڕی ئاگادارییەوە، هەندێک توێژەری کورد، وەکو نووسەری ئەم پەرتووکەی بەردەستمان ئاگایان لە نووسەر و ڕەخنەگرانی گەلانی دی بن، کەچی بێ ئاگابن لە توێژەرانی هاوزمان و هاونیشتمانییان و نەزانن پێش ئەوان نووسەر و ڕەخنەگری دیکەی کورد هەن، هەمان تیۆریان پەیڕەو کردووە، تەنانەت یەکێک لەوانە خۆمم کە ساڵێ پێش ئەو، واتە لەساڵی (٢٠٠٣) لە شیکردنەوەی بنیاتی زەمەن لە سێ ڕۆمانی کوردیدا: (ژانی گەل، شار، ڕاز) هەمان تیۆرم لە تێزی دکتۆراکەمدا بەکارهێناوە و زۆربەی ئەو بابەتانەی ئەو لەم پەرتووکەدا باسی کردوون، من پێش ئەو بە نموونەوە خستوومەتە بەر ڕۆشنایی ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی و زۆربەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕەخنەی بنیاتی گێڕانەوەم تێدا بەکارهێناوە، لەوانەش پەرتووکی (گوتاری گێڕانەوە)ی ژێرار ژنێت، کە ئەو لێرەدا بەهەڵە لەژێر ناوی (گوتاری حیکایەت)دا کردوویەتییە کوردی و نەیزانیوە وشەی حیکایەت لەم ناونیشانەدا مانای گێڕانەوە دەگەیەنێت.

# شیعرێکی ناتیقی شاعیر لەسەر شاکر مەجروم

یاسین برایم/ ڕواندز

دوو کەسی نزیک لە شێخ مەحموود، یەکیان لەگەڵی دەخوێنێ و ئەویدیکەش لەماڵی ئەو دەژییت و باوەڕپێکرا و خۆشەویست و برای شیریی بووە. هەردووکیان لە سلێمانی دەبن، وەلێ خۆری دەسەڵاتی ڕۆژگاری شێخ مەحموود ئاوادەبێت و بە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ئەم شارە و بارودۆخی ژیانی ئەو سەردەمە. ئەم دوو کەسەش لەیەک دوور دەکەونەوە، یەکیان بۆ هەڵەبجە و ئەوی دیکەشیان بۆ بەغدا و دواتر لە ڕواندز دەگیرسێتەوە.


مەلا کەریم کوڕی مەعرووف ئاغا، کوڕی وەسمان ئاغایە، بە ناتیقی شاعیر ناسراوە. شیعرەکانی باس لە ئەڤینداری و خۆشەویستی نیشتمان و ئەم وڵاتە جوانە دەکەن، ئەوکاتەی بۆ خوێندن ڕوودەکاتە سلێمانی (هاوڕێیەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمردا هەبووە، پێکەوە لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی دەرسی قورئانی پیرۆزیان خوێندووە، هەر لەبەرئەوەش خەڵک پێیان گوتوە مەلا کەریم.

لە پەلامارەکەی زەعیم سەدیق لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ سەر شاری سلێمانی و ئاگرتێبەردانی بازارەکەی، دووکانی ناتیقی شاعیریش بەردەکەوێت و دیوانەکەی دەسووتیت(١)

شاکر مەجرومیش، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و بوێر بووە. بەڕێوەبەری پۆستەوگەیاندنی حکومەتی شێخ مەحموود بووە لە سلێمانی، بنەماڵەکەیان ناسراو و زەنگین بووە و مەجرومی باوکیشی شاعیر بووە، ئەم نازناوەش بۆ ئەو و بنەماڵەکەی ماوەتەوە، لە دوای نەمانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود و هاتنی ئینگلیزەکان. ئەو پیاوە دوور دەخرێتەوە و بەهیچ شێوەیەک ناهێڵن بگەڕێتەوە سلێمانی، ئەویش دەچێتە بەغدا و دوکانێک دادەنێت و دەبێتە باوەڕپێکراوی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو سەردەم، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لە بواری ڕۆشنبیریی و کوردایەتیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت، دواتر لە ڕواندز دەبێتە فەرمانبەر(٢) ڕەنگە یەکترناسینی ناتیق و شاکیر بۆ ئەو زەمانەی بگەڕێتەوە کە ناتیق لە سلێمانی بووە و بەهۆی خۆشەویستیان بۆ شێخ مەحموود و یەکدی، عیشق و وەفادارییان بۆ یەک زیاتر بووە.

گیوی موکریانی، کە گۆڤاری هەتاو (١٩٥٤-١٩٦٠) لە شاری هەولێر دەردەکات. ئەم دوو کەسە کوردپەروەرە دەبن بە باوەڕپێکراوی ئەو گوڤارە، ناتیق لە هەڵەبجە و شاکریش لە ڕواندز، لە چەند ژمارەییەکیشدا ناویان لەسەر لاپەڕەی گوڤارەکە

> **"شاکر مەجروم، کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و بوێر بووە، بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندنی حکومەتی شێخ مەحموود بووە لە سلێمانی"**



شاکر مەجروم



ناتیقی شاعیر

> " **گیبوی موکریانی، کە گۆڤاری هەتاو لە شاری هەولێر دەردەکات. ئەم دوو کەسە کوردپەروەرە دەبن بە باوەڕپێکراوی ئەو گۆڤارە، ناتیق لە هەڵەبجە و شاکریش لە ڕواندز** "

دەنووسرێت. ئیدی هەردووکیان دڵسۆزانە هاوکاری ئەو گۆڤارە دەکەن، ناتیق لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری هەتاو شیعرێکی هەشت دێڕیی بۆ شاکر مەجروم دەنووسێت. دیارە ئەو سەردەمە شاکر لای شاعیران و ڕۆشنبیران و نووسەران کەسێکی خۆشەویست بووە و زۆر کەس شیعریان بۆ نووسیوە، تەنانەت (شێخ مەحموودی)یش چوارینەیەکی لەسەر ئەو هەیە(۳)

(ساڵی ۱۹۲۲ شاکر مجروم ڕەوانەی بەغدا کرا و دوای ئەوەی لە بەندیخانە ئازاد دەبێت، بە یارمەتی مەهدی برادەرییەوە، دووکانێکی لە بەغدا دانا (ناتیق)یش ئەم هەڵبەستەی بۆداناوە* و دەڵێت:

***شەو بەدەردی داغی تۆوە تا سحر ئەتلیمەوە***
***هەر ئەلێی خاری جەفا بەخشە بە صفحەی جیمەوە***
***دڵ بە مخزونی لە هجرانا دەناڵێ دەم بەدەم***
***دەنگی بانگی الفراقی دیتە حلقەی گویمەوە***
***سەیری ئەکەم شاکر لە باتی شربت و شهدی وصال***
***غەم ئەخۆم هە گا ئەچم بۆ کۆنە وار دیمەوە***
***عینی نەی بارانی وصل و بای فراقی لی بدا***
***گەه بە شادی سەوز ئەبم گاهی بە غەم ئەشکیمەوە***
***دەردەکەم دەردیکە بی دەرمان و چاری زحمتە***
***سەد طیب دەرمانی کا بی سوودە هەر ئەکولیمەوە***
***یار ڕەبی هەرکەس کە ایمەی خستە گێژاوی فراق***
***غرقی بحری غەم بیت و تا ئەبەد ببی مەوە***
***عرضی اخلاصیم لە خزمەت مهدیا تبلیغی کە***
***یادی دەرناچی لە دڵ باللە تا نەبریمەوە***
***اگری هجرانی (شاکر) (ناطقا) سوتاندمی***
***بوومە (فەقنەس) تا حشر زحمت کە هەڵگیرسیمەوە(٤)***

ئەم شیعرە لە هەردوو (دیوانی ناتیق)(٥) دا نییە، هەروەها ئەو کتێبەی ئومێد شێرکۆ(٦) کە کتێبێکی پڕ زانیارییە لەسەر ئەو کەسە مەزنە، بەڵام ئەو شیعرەم تێیدا بەرچاونەکەوتووە.

ناتیق بێجگە لەو شیعرە، شیعرێکی دیکەشی لە هەتاو بڵاوکردووەتەوە و تا وەستانیشی باوەڕپێکراوی ئەم گۆڤارە بووە، شاکر مەجروم لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا لە ۱۹٥٧/۹/۱٤ لە ڕواندز کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گەردەگەرد بەخاک دەسپێردرێت، (گیبوی موکریانی)یش هەواڵی کۆچی دوایی ئەو ڕۆشنبیرە لە گۆڤارەکەی بڵاودەکاتەوە و دەڵێت:

(شاکر کاک مجرم کە سەرۆک نووسیاری دادگای ڕەواندز و لە بنەچەکەدا خەڵکی دیاربەکر بوو، ڕەوانی پاکی بە گیان ئافەرین سپارد، شاکر مجرم پیاوێکی زۆر وێژەپەروەر و نیشتیمان پەرستی وابوو، کە هەموو سامانێکی خۆی لە سلێمانی فرۆشت بۆ ئەوەی هەمیشە لە داماو (حوزنی) نزیک بێ لە ڕەواندز دانیشت. وە ڕیشەکەی یادگاری بەندیخانە بوو، برادەری ئەستەمبۆل و حەلەب و بەغدامان بوو. خوا بە ڕەحمەتی خۆی لەوی خۆشبێ و ئارامی بە دڵی برا و منداڵەکانی و هەموو لایەکمان بدات)(٧)

ناتیقی شاعیر، بەرهەمی هزر و ماندووبوون و شەونخوونی چەندین ساڵەی، بەدەستی دوژمنانی کورد دەبێتە خۆڵەمیش، شاکر مەجرومی ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆست و کوردپەروەریش، ئەرشیف و بەڵگەنامە و دەستنووس و شتی گرانبەهای بنەماڵەکەی خۆیان، وەک دەڵێن سندووقێکی گەورە و پڕ گەنجینەیان لابوو، وەلێ ئەویش ونبوو و فەوتا. کەچی ناوی ئەو دوو مرۆڤە لەنێو مێژووی میللەتەکەی خۆیان هەردەمێنێ و کورد شانازیی بە کوردپەروەری و ڕۆشنبیریی و دڵسۆزییانەوە دەکات.

## سەرچاوە و پەراوێز

١. ئاسۆس کەمال کەریم، ناتیقی شاعیر و بەسەرهاتی ژیانی،ماڵپەری کوردپیێدیا.

٢. یاسین برایم، شاکر مەجروم، باوەڕپێکراو و خەمخۆری دیاری ڕۆژنامەگەری کوردی، هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ژ (٤٨٩) ٢٠١٩/٤/٢٣

٣. چوارینەکە ئەمەیە:

***سەد سەلامت لێبێ شێتی پەتەڕی***
***قەولێکت گرتووە وەک ڕێوی گەڕی***
***وەتەنت تەرک کرد بۆ پیرێژنیک***
***زۆر حەیفە بۆ تۆ کە ئاخر شەڕی***

دیوانی (نووربەخشی) شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شیخ مەحموودی بەرزنجی» عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٠

* دەسکاری شیعرەکەم نەکردووە و وەکو خۆی نووسیومەتەوە.

٤. شیعری ناتق لەسەر شاکر مجروم، گۆڤاری هەتاو، ژ(٢٩) ١٩٥٥/٤/٣٠، ل١١

٥. دیوانی ناتیق، سالح هەژار، ١٩٧٠. دیوانی ناتیق، توێژینەوەی حەکیم مەلا ساڵح ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩

٦. بڕوانە پەرتووکی (ئومێد شێرکۆ) شاکر مەجروم، جوامێرێک لە نیشتیمانپەروەری و نەبەزین، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری نما، هەولێر، ٢٠٢١

٧. گۆڤاری هەتاو، ژ (١٠٨) ١٩٥٧/٩/٢٠.


# دوو سەرنج لەسەر ناوونیشانی دوو ڕۆمانی محەمەد شوکری



سەروەر جەبار

لەئەدەبیاتدا گەلێک جار ناوی ڕۆمانێک بەدوو ناوونیشانی جیاواز بڵاوبووەتەوە، ئەمەش کاتێک بەرهەمەکە لەزمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم وەرگێڕدراوە، یان لەدووەمەوە بۆ زمانێکی دی ناوێکی دیکەی بۆ دانراوە، واتە ناوونیشانە ڕاستەقینەکە گۆڕدراوە، دیارە ئەمەش بەگوێرەی ئاستی پاشخانی مەعریفە و ڕۆشنبیریی وەرگێڕەکە و جۆر و چۆنیەتیی تێگەیشتنی بۆ دەقەکە دەبێت لەدانانی ناوێکی نوێ و گونجاو بۆ ڕۆمانەکە.

لەئەدەبیاتی ئینگلیزی، گۆڕینی ناوونیشانی ڕۆمان لەوەرگێڕاندا، تارادەیەک ڕێڕەوێکی سروشتی وەرگرتووە، بەڵام ڕێک پێچەوانەی ئەمە، کە لەیەکەم ڕۆمانی بڵاوکراوەی محەمەد شوکری بەزمانی عەرەبی ڕووی داوە. هەروەها ڕۆمانێک هەر لەزمانی یەکەم بەدوو ناوی جودا بڵاوکرابێتەوە و ناسرابێت، ئەمەشیان هەر لەڕۆمانێکی دیکەی نووسەری ناوبراودا ڕوویداوە. ئێمە لێرە نموونەی هەردوو ڕۆمانەکە دەخەینە بەرباس.




هەڵبەت ئەوەی کە نووسەر بەخواستی خۆی دوو ناوی جودا لەیەک ناوونیشان بۆ ڕۆمانەکەی دابنێت، ئەمەیان جیاوازە و مەبەستی ئێمە نییە، بۆ نموونە ڕۆمانێکی جەنگیز ئیتماتۆف بەم ناوونیشانە هەیە (هەورە سپییەکەی جەنگیزخان، یان ئیعدامێک لەسارۆزیک) یاخود ڕۆمانێک لەلایەن وەرگێڕەوە بەئاگاداری و ڕەزامەندیی نووسەر ناوێکی دیکە وەربگرێت* ئەوەشیان بابەتێکی دیکەیە و مەبەستی ئێمە نییە.


نانی ڕووت (الخبز الحافي) ئەم ڕۆمانە وەکو ناسنامەی نووسەری ناوداری مەغریبی و جیهانی بەڕەچەڵەک ئەمازیغی محەمەد شوکری ناسراوە، کە دواتر هەرچی نووسی و بڵاویکردەوە دادی نەدا و ئەم ناوە تا مردن بەرۆکی بەرنەدا. بەمەش شوکری وەکو زۆرێک لەنووسەرانی دونیا بە یەک بەرهەم ناوبانگ و شۆرەتیان دەرکرد.

ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەمجار بەزمانی ئینگلیزی بەناوونیشانە ڕاستەقینەکەی خۆی (For bread alone) چاپ و بڵاوکرایەوە، کە بەواتای (تەنیا لەپێناو ناندا) دێت (من اجل الخبز وحده) ئەم ناوونیشانەش وەکو پێچەوانەیەک بوو بۆ ئەو گوتە بەناوبانگەی کە لەسەر زاری حەزرەتی مەسیحدا هاتووە، کە دەفەرمووێت: (ليس بالخبز وحده يحيا الانسان) بەمانای )مرۆڤ تەنیا بەنان

> «ڕۆمانی نانی ڕووت وەکو ناسنامەی نووسەری ناوداری مەغریبی و جیهانی بەڕەچەڵەک ئەمازیغی محەمەد شوکری ناسراوە»

ناژیت( تەنیا لەپێناو ناندا، گوزارشتێکی ڕاست و دروستی سەرگوزشتەی نووسەر بوو بۆ ژیانی منداڵی و هەرزەکاریی خۆی، کە بەسەختی و برسییەتی، مەینەتی و نەهامەتی بەسەری بردبوو، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی نان گەڕان و سووڕان لەسەر گوفەک و ناو تەنەکە زبڵی ماڵە دەوڵەمەندان کە ببووە پیشەی هەمیشەیی و ڕۆژانە پاتەی دەکردەوە، دیمەنی بەرچاوی نەسکی یەکەمی نێو ڕۆمانەکەیە. نانی ڕووت تەواوی قۆناغی نەخوێندەواری لەژیانی محەمەد شوکری (منداڵی، هەرزەکاری، سەرەتای ساڵانی گەنجی) دەگرێتەوە. دەشێ بوترێت ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەمجار بەزمانی سێیەم، نەک زمانی یەکەم و دووەم، چاپ و پەخش کرا، ئەمە بۆچی؟! پاشان بۆ لەزمانی یەکەم ناوونیشانەکەی بۆ (نانی ڕووت) گۆڕدرا، ئەمە چۆن؟ بێگومان حەکایەتی خۆی هەیە.

بڵاوکاری بەریتانی پیتەر ئۆین (١٩٢٧-٢٠١٦) لەگەڵ محەمەد شوکری بەگرێبەستێک ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە شوکری دەستنووسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی پێ بدات، کە لەڕاستیدا دەستنووسەکە بوونی نەبوو، لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ پۆڵ بۆلز (١٩١٠-١٩٩٩) نووسەری ئەمریکی (تەنجەنشین)یش ڕێککەوت بۆ زمانی




ئینگلیزی وەری بگێڕێت، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو، نە ئەم ئینگلیزی دەزانی، نە ئەویش عەرەبی! وەلێ هاوکات هەردووکیان تا ئاستێک زمانی ئیسپانییان دەزانی، ئیدی بەوە ڕازی بوون کارەکە بەو زمانە مەیسەر بکەن. سەرەتا نووسەر دەقەکەی بەزارەکی بەو ئیسپانییەی دەیزانی بۆ بۆڵز دەخوێندەوە، ئەویش دایدەڕشتەوە و ڕاستەوخۆ بۆ زمانی ئینگلیزی وەری دەگێڕا. هەندێک جاریش شوکری مانای ڕستەکەی بەفەڕەنسی بۆ ڕووندەکردەوە، گەر پەیوەندی بەگفتوگۆشەوە هەبوایە، ئەوا بەجلفەی مەغریبی تێیدەگەیاند. ئا بەو شێوازە سەیرە ڕۆمانەکە هاتە بەرهەم.

بەمجۆرە دوای کەمتر لەدوو مانگ، لە ساڵی ١٩٧٢ محەمەد شوکری ڕۆمانەکەی نووسی (کە وەکو دەستنووس تا ساڵانێکی دواتر مایەوە) بەڵام هەر زوو لە ساڵی ١٩٧٣ ڕۆمانەکە بەئینگلیزی چاپ و بڵاوکرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەشی بەتایبەتی بەزمانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٨٠ سەدایەکی زۆری دایەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و بۆ زمانەکانی دیکەی دونیا وەرگێڕدرا، تا گەیشتە نزیکەی ٤٠ زمان. بەم شێوەیە ئەم کارە نووسەرەکەی خستە ڕیزی نووسەرانی جیهانی.

هەرچی چاپی زمانی عەرەبی ڕۆمانەکەیە، سەرەتا بەدەستپێشخەری و هەوڵی نووسەر و ڕەخنەگر (محەمەد بەڕادە) بەشێکی ئەم ڕۆمانە هەر بەناوونیشانەکەی خۆی (من اجل الخبز وحده) ساڵی ١٩٧٧ لەگۆڤاری (آفاق) کە خۆی سەرنووسەری بوو، بڵاوکرایەوە، پاشان ناوبراو ڕۆمانەکەی ئامادەکرد بۆ دیداری ڕۆمانی عەرەبی لەشاری فاس ساڵی ١٩٧٩ و دەستنووسەکەی دایە (دار الآداب)ی بەیرووت، بەڵام خانەی ئاماژە بۆ کراو پۆزشیان هێنایەوە و بەهۆی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە، چاپیان نەکرد، بەمەیش چاپکردنی کتێبەکە دواکەوت.

دواتر دوای دە ساڵ لەنووسینی ئەم بەرهەمە، ئەمجارە لەسەر پێشنیازی نووسەری مەغریبی تاراوگەنشین (تاهیر بن جەللون) کە خۆیشی بۆ زمانی فەڕەنسی بەناوی (Le Pain nu) واتە (الخبز العاري) وەری گێڕابوو، ناوونیشانەکەی

گۆڕدرا بۆ نانی ڕووت (الخبز الحافي) و لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ یەکەمجار بەزمانی عەرەبی لە وڵاتی مەغریب چاپ کرا. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە محەمەد شوکری بەزمانێکی چڕی ئەدەبی وتەیەکی وەکو پێشەکی بۆ چاپە عەرەبییەکە نووسیوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ڕەخنەی توند و تووڕەیی و هەرای نایەوە، بەو هۆیەوەش لە مەغریب و ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی قەدەغە کرا، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا، مۆرکی جەسووری و ئازایەتی و ڕاستگۆیی و دانپیانانی نووسەری نیشان دەدا ، شکاندنی شوورەی شتە قەدەغەکراو و حەرام کراوەکان، کە ئەمەیش ئەوکاتە قبووڵکردنی کارێکی ئەستەم بوو لە چاو کۆمەڵگەی نەریتخوازی عەرەبی، تەنانەت زانکۆی ئەمریکی لەقاهیرە بڕیاریدا کە ڕێگە نەدات ڕۆمانەکە بەخوێندکارانی بوترێتەوە ٦/ ل١٢٩. بەمشێوەیە ئەم ڕۆمانە لە دونیای فراوانی ئەدەبی جیهانی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی جێگەی نەبووەوە، بەقەدەغەکردنیشی وەکو سروشتی حاڵ ڕەواج و برەوێکی زیاتر و خواستێکی زۆرتری پەیدا کرد.

ئیدی تا ساڵانێکی زۆر هەروا مایەوە، ساڵی ١٩٨٣ لە مەغریب سانسۆری خرایە سەر، تا دوای حەڤدە ساڵ و لەسەرەتای سەدەی نوێ لە ساڵی (٢٠٠٠) ئینجا جارێکی دیکە چاپ کرایەوە.

سەردەمی هەڵەکان (زمن الأخطاء) دووەم ڕۆمانی محەمەد شوکری لە سێینەی ڕۆمان ئامێزی ژیاننامەکەی، لە ساڵی ١٩٩٢ بەزمانی عەرەبی هاوکات بەدوو ناوونیشانی جیاواز چاپ و بڵاوبووەوە (الشطار) ناوونیشانی سەرەکیی ڕۆمانەکە بوو، نووسەر هەر لەسەرەتاوە بەم ناوە دەقەکەی نووسی و نیازیشی وابوو هەر بەم ناوونیشانە بڵاوبکرێتەوە، چ لەدەرەوە، یان ناوەوەی وڵات، ئیدی ناردرایە چاپخانە، بەڵام پێش بڵاوبوونەوەی لەمەغریب، محەمەد بەڕادەی هاوڕێی محەمەد شوکری پێشنیازی بۆ کرد ناوەکەی بگۆڕێت بۆ (زمن الأخطاء) بەتایبەتیش ئەمە ناوونیشانێکی لاوەکی نێو ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیە بەناوی (العيش في زمن الأخطاء) واتە (ژیان لەسەردەمی هەڵەکاندا) هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە (الشطار) ناوێکی کۆنی کەلەپوورییە و خەڵکانێک هەن، ڕەنگە نەزانن واتای ئەم وشەیە چی دەگەیەنێت.

بەم هۆیەوەش داوای مانا و ڕوونکردنەوەی لەبارەیەوە دەکەن بۆیە بەباش و گونجاوی نەزانیوە. هەر لەوبارەیەوە هاتووە، کە ئێمە لەناو هەڵەکردنێکی بێشوماردا دەژین کە هەڵەی تۆ و هەڵەی ئێمە و مانانیشە، دونیا لەسەروبەندی دەستپێداهێنانەوە و پێداچوونەوە دایە ٥/ ل٥٨.

بەو هۆیەوەش جیهان لەڕێی هەڵاوێردنەوە، لەمیانی هەڵەکانییەوە چاک دەبێت، ئینجا بەو پێیەی زۆربەی جار ناوونیشان گوزارشت لەناواخن دەکات بۆیە نووسەر (محەمەد شوکری) ئەو سەردەمەی (سەردەمی هەڵەکان) دەگێڕێتەوە، بەهەڵەیان نابینێت، بەتایبەتیش لەدەسپێکی ڕۆمانەکەدا شوکری قۆناغێکی تازەی ژیانی دەست پێ دەکات، قۆناغی ڕۆیشتن بەرەو قوتابخانە، لەتەمەنی بیستویەک ساڵی بەرەو فێربوونی خوێندنەوە و نووسین و خوێندەواری! هەروەها هەندێک لەهاوڕێکانی کەسانێک بوون یاخی بوون لە ژیانی وێڵگەرد و سەرگەردانی، ئەوانە ڕوویان کردە خوێندن و چوونە خوێندنگە، کە دواجار دەرچوون و لە شوێنی جیاجیادا




«بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ڕەخنەی توند و تووڕەیی و هەرای نایەوە، بەو هۆیەوەش لە مەغریب و ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی قەدەغە کرا»

> «(الشطار) کۆمەڵە کەسێک بوون لەخەڵکانی بەدڕەوشت و دز و ڕێگر و تاڵانچی لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا»




دامەزران، ئەمەش شۆڕشێک بوو لەژیانی هەر یەکێکیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا شوکری دەربارەی ئەو سەردەمەی ژیانی دەڵێت: (بەشێک لەئەزموونم، پێداچوونەوەی بەهەندێک شت تێدایە، کە بەشێوەیەکی جیاوازتر دەیانبینم) ٥/ ل٥٨».

هەر دەربارەی دانانی ناوونیشان لای شوکری، لەدیدارێکیدا دەڵێت (لەدیاریکردنی ناوونیشانی بەرهەمەکانمدا سەرکەوتوو نیم ٥/ ل٥٧». ئیدی قەناعەتی بەپێشنیازەکەی بەڕادە کرد و ڕازی بوو بەگۆڕینی ناوونیشانەکەی، بەڵام لەتوانایدا نەبوو ئەوەی لەدەرەوە چاپ دەکرا ناوەکەی بگۆڕێت، بۆیە ئەم ڕۆمانە لە (هەندەران) لەلایەن (دار الساقي) لە لەندەن بەناوونیشانی (الشطار) چاپ و بڵاوکرایەوە، لەلایەکی دیکەش لەوڵاتی مەغریب (زێد و نیشتمان) بە (زمن الأخطاء) چاپ و پەخش کرا.

بەپێی زانیاریی بەردەست خانەی ناوبراو هەتا چاپی حەوتەمیش ئەم ڕۆمانەی هەر بە (الشطار) بڵاوکردووەتەوە، هەربۆیەش ئەم ڕۆمانە هاوکات دوو ناوونیشانی جیاوازی هەیە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە (الشطار) کۆمەڵە کەسێک بوون لەخەڵکانی بەدڕەوشت و دز و ڕێگر و تاڵانچی لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا، بەرگی تایبەتیان لەبەربوو، ڕێ و ڕەوایەتییان بەخۆیان دەدا دزی و تاڵانی بکەن، ئەم کارەشیان بەتاوان نەدەزانی، بەڵکو بە پیشە و حەڵاڵیان دادەنا بەو پێودانگەی ئەوەی دەستی بەسەردا دەگرن لەماڵی بازرگانە دەوڵەمەندەکان زەکاتی ئەو ماڵەیە کە دەبێت بیدەن بەهەژاران.

محەمەد شوکرییش لەنانی ڕووتدا، لاپەڕەکانی ژیانی منداڵیی خۆی هەڵدەداتەوە و ڕۆژانی سەختی ئەو سەردەمە بەسەر دەکاتەوە، تێیدا دەورانێک دووچاری نادادپەروەری بووەتەوە، هەم لەنێو خێزاندا، بەدەستی باوکییەوە، هەمیش لەشوێنی کارکردن، لەلایەن خاوەن کارەوە (ئەویش منی دەچەوساندەوە، چونکە زانیبووم، کە گارسۆنەکانی دیکە مووچەیان لەمن زیاترە، بڕیارمدا هەرکەسێک بمچەوسێنێتەوە دزی لێبکەم ١/ ل٥٩»

ئەمەش وەکو یاسای کار و کاردانەوە خۆی دەنوێنێت (بەمشێوەیە لەناو ئەو خێڵە حەرامزادانەدا دزیم وەکو حەڵاڵ دانا ١/ ل٥٩»

هەروەها لەشوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا دەربارەی ئەو ڕۆژگارە دژوارەی، کە شوێنی ژیان و مانەوەی لەگەڵ وێڵگەرد و پەراوێزکەوتەکانی دیکەدا دەبێت، دەڵێت: (هەموو ئەم ئازارە بۆ کەمێک نان!...بووبوومە دز و سواڵکەر، تەمەنم



هەر شانزە ساڵان بوو، سەبتاوی حەقی بوو! «شەرمەزارییە بۆ گەنجێک دەست پانبکاتەوە، چاکتر وایە دزی بکەیت و سواڵکەری بۆ منداڵ و پیرەمێردەکان جێبهێڵی» ١/ ل١٥٤»

لەقۆناغێکی دیکەی ژیانیدا «سەردەمی خوێندن لەشاری عەرائیش «خۆی یان لەگەڵ هاوڕێکانی لەپێناو خوێندن و حاڵ و گوزەرانیان هەندێک جار پەنایان بۆ دزی و فێڵ بردووە.

هەروەها ڕۆمانی شوططاری یان (بیکارسک) یش هەیە (بەئیسپانی: Novela picaresca) کە بەڕۆمانی (سەعلووکی)یش ناسراوە، ئەمەش ژانرێکی ئەدەبییە بەشێوەی پەخشان کە لەسەدەی شازدەهەمی زایینی لە ئیسپانیا سەری هەڵدا و ئەدەبی ئیسپانی پێ جیادەکرێتەوە، دواتر لەهەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەدا لەهەموو لایەکی ئەوروپای خۆراوا دەرکەوت و بڵاوبووەوە، تائێستەش کاریگەریی لەسەر ئەدەبی نوێ هەیە. نانی ڕووت دەچێتە خانەی ئەم ژانرەوە.

هەردوو ڕۆمانی (نانی ڕووت) و (سەردەمی هەڵەکان) بەزمانێکی پاراو و جوان لەلایەن نەجاتی عەبدوڵڵا لەفەرەنسییەوە کراون بە کوردی. بەئومێدی ئەوەی وەرگێڕ کار بۆ کۆتا ڕۆمانی ژیاننامەی محەممەد شوکری بکات، ڕۆمانی: سیماکان (الوجوە) بەڕووناکی چاپ بگات، بەمەش کارەکەی تەواو دەکات.

**پەراوێز:**

* نموونەی نزیک بۆ ئەمە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە: ئارام کۆشکی، زۆربای ئێرانی داهێنانەوەی تێکست لەزمانێکی دیکەدا، ڕۆژنامەی هەولێر ژ (٣٣٠٨) ٢٠٢٠/٧/٢٠، ل١٧

**سەرچاوەکان:**





١- محەممەد شوکری، نانی ڕووت، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦

٢- محمد برادة – محمد شكري، ورد ورماد (رسائل) مطبعة دار المناهل، ٢٠٠٠

٣- ویکیبیدیا، رواية الخبز الحافي. رواية الشطار. الرواية الشطارية

٤- YouTube، مقابلة محمد شكري مع محمد رضا نصرالله في برنامج (هذا هو) عام ١٩٩٤م

٥- محەمەد شوکری، نەفرەتی نانی ڕووت، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠

٦- محەمەد شوکری، ژیانم یەکبینە دڵشکان بوو، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠

٧- شێرزاد هەینی (ئامادەکردن و وەرگێڕانی) کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، کوردستان، هەولێر، ٢٠١٢

٨- ڕۆژنامەی هەولێر ژ (٣٣٠٨) دووشەممە ٢٠ی تەمموزی ٢٠٢٠

٩- محەمەد شوکری، دەربارەی نانی ڕووت و شتی تریش، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠

١٠- محەمەد شوکری، سەردەمی هەڵەکان، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠

# ڕەنگزی یا گولێن خوینێ!



موحسین عەبدولرەحمان

**دەرازینک:**

**بپەیڤە دا تە ببینم.. تە بنیاسم!**

گۆتینە وەرگێڕان خیانەتە ل دەقێ ڕەسەن، دبیت لێ چاوانە! ئەگەر وەرگێڕان ژ دەقی داهینەر و ڕەوان و گەشتربیت، وێ گاڤا د. عارفی حیتوی شعرا (کوردستان) ئەوا مەحمود دەروێشی ل سالا ١٩٦٣یێ نڤیسی.. خواندی، ل تەنیشت من هەڤالێ دێرین، شاعرێ دەستهەل (بلند محەمەدی) یێ گۆتنێن وی بسمارێن د دیوارێ فەلەکێ قۆتای.. گۆت: ئەڤ وەرگێڕانە یان شعرا عارفی ب خۆیە؟!

**پێشەکی:**

لڤێرە ئەڤ پرسە د هزرا مندا ئازریا: زانانیە کو شعر هەمی ژانرێن وێژەیێ بۆ وەرگێرانێ بزەحمەتترە، و ئەڤە شاعرەکی ئەڤە گۆت، مە زمانەک هەرەباش و کێمەک ژ باشە نڤێسەران هەیە! هەکە ل شوینا نڤیسەرێن کورد ب زمانێن بیانی خزمەتا خەلکی کری، ب کوردی خزمەتا مللەتێ خۆ کربا، نها دا ڕەوشا زمانێ کوردی چاوابیت و د چ ڕەوش و ئاست دا بیت، دیسان بۆ من بەری لاوازییا کەسی و خۆپەرێسی و هەلپەرێسی یا وان کوردێن کوردیزان و ب زمانێ بیانی دنڤیسن، و مەزنی و خۆگوریکەرییا ئەوێن لژێر ئاراندن و شەیداکرن – اشارة- و فشارێن داگیرکەران خۆراگرتین و لاوازنەبووین.. دیاربوو، ئەڤە دکتور عارف دیوانەکا شعران وەرگێڕایە، ئانکو ڕێکەکا پڕ زەحمەتی لێ دروست و تەندروست دایە بەرخۆ، ئەوژێ وەرگێڕان کو پرا پەیوەندی و ڤێکراگەهشتنا ڕەوشەنبیرییێن مللەتانە، بەرۆڤاژی نڤیسین ب زمانێ بیانی تنێ ڕەنگڤەدانا دویڤەلانکیێ یە. ژبلی هندەک بار و کاودانێن تایبەت و فەر، کو ئەز یێ ژێ بێبەهرنینم، و چەندین گۆتارێن ب زمانێ ئەرەبی ل ساتێن (الحوار المتمدن، النور) من بەلاڤکرینە. لێ ئەڤێ وەرگێڕانا عارفی بۆ ڤان شاکارێن دەروێشی هاندامە نڤێسینا ڤێ گۆتارێ.

**وەرگێڕان یان نڤێسین:**

چ مللەت ڤەدەر ژ مللەتێن دەوروبەر و دویر ژ کارتێکرن و کارلێکرنا زمانی و کلتۆری ناژین، هەروەسا زمان پەیڤان ژ هەڤدو وەردگرن، لەورا چ زمانێن سەداسەد پەتی نینن، دیسان ئەفسانەیا زمانێ پیرۆز درەوەکا سۆرسۆرە! د ڤێ هەڤکێشێ دا هەڤرکی و ململانا مللەتانە دهێتەپێش، ئەڤە د کاودانێ مللەتێ سەردەست و ژێردەست دا دیاردبیت، هەلبەت د ناڤ کوما ژێردەست دا هندەک چ (ژ بێ نەفسی و چ ژ بێ کەسی) ب زمانێ خۆ نانڤێسن، لەورا ئەو بەرهەم بۆ مللەتی وان ناهێتە هژمارتن، چنکو دەق ب چ زمان بهێتە نڤێسین، بۆ وی زمانی دهێتە هژمارتن، هوسا ئەوێن ب ئەرەبی دنڤێسن بەرهەمێ وان بۆ بەرتووکخانەیا ئەرەبییە، دهەمان دەمدا (گولێن خوینێ) کو شعرێن دەروێشی نە بۆ بەرتووکخانەیا کوردی یە!

ئەگەر شعرێن دەروێشی بۆ کوردەکێ بهێنە خواندن، هەلبەت تێناگەهیت، لێ هەمان شعرێ پشتی کوردیکرنا وێ ژلایێ دکتور عارفی ڤە،

> **عارفی نە تنێ کراس کوردی کرەبەر شعرێن دەروێشی، بەلکو ناڤەک کوردێ ژی پێبەخشی، ئەڤەیە لێکگۆهارتنا ڕەوشەنبیرییا تەندروست**

ئەگەر بۆ مەتا مەحمود دەروێشی بهێتە خواندن ئێکجار تێناگەهیت! ئەڤە دسەلمینیت کو خودانییا دەقێ وەرگێرای بۆ پەرتووکخانەیا زمانێ بۆ وەرگەراندی یە. هوسا ب وەرگێرانا عارفی شعرێن دەروێشی بوونە کوردی.

**خودانی ژ هزرێ یە:**

ئەگەر زارۆیەک کورد، ئەرەب، هندی، بەرازیلی. هەر ئێک ل ژینگەها خۆ ژیابیت و د ژورەکێڤە کومبکەین، و هەر ئێکی پێدڤیێن نیگارکرنێ بدەینێ و ژێ داخوازبکەین هەر ئێک دارەکێ نیگاربکەت، ئەری چ دهێتە چاڤەرێکرن، هەر چوار ئێک دار نیگاربکەن؟

هەلبەت هەر ئێک دێ بزاڤێ کەت دارا د ژینگەها خۆ دا دیتی و د هزرێ دا نیگاربکەت، هوسا زارۆکێ کورد دێ دارا کویز یان کەزوان، یێ ئەرەب دارخورما، یێ هندی دارا کویزا هندێ، و یێ بەرازیلی دێ دارا موزێ وێنەکەن. چنکو هەر ئێک ئەو تشتێ هەی و دیتی و وێنەیێ وی لدەڤ کەهی دێ دەربردنێ ژێ دکەت، هوسا پەیڤ ب چ زمان دهێتە گوتن، خودانییا وێ بۆ وی زمانییە.


**زمان ناسنامەیە:**

د هۆندر ئاخفتنێ دا لایەنێن جوداییێن مرۆڤی بۆ کەسێ گۆهدار خۆیادبن، ئەگەر گۆهدارەکێ هشمەندبیت؛ هینگێ پەیڤین ژ درکاندنا پەیڤان، دێ دەربازی لایەنێن بەرچاڤ، نەپەن و پەچنی دبن، وەکو بارێ دەروونی، ئاستێ زانیاری، گیانێ سەرەدەری، ئاراستەیا هزری و...، ئەڤە ژبلی دەستنیشانکرنا ناسنامەیێ، کو ڕۆلێ گرنگ و گەوهەریێ زمانی د گەشەکرنا ناسنامەیا مرۆڤینی دا ب شێوەیەکێ تیر دبیت، بەڕۆڤاژی وێ کەڤلکرن و ڕووتکرنا مرۆڤی ژ بنەمایەکێ سەرەکیێ مرۆڤبوونێ یە، کو زمانێ وێ کومێ یە یێ مرۆڤ دناڤدا بووی!

گرنگیا هەرەفەر یا زمانی شیانا ل سەر ناڤکرنا تشتانە، بناڤکرنێ مرۆڤ هەست ب خودانیبوونا وان تشتان دکەت، دیسان هەست ب ژێیاتیێ ددەتێ، ئانکو دەمێ تشتەکی ب زمانێ خۆ ناڤدکەی، ئانکو هەست ب خودانی و ژێیاتیێ بۆ وی تشتی دکەی! لەورا هەڤۆک نەهەما ڕێزکرنا پەیڤانە،

## کۆشتنا هەر پەیڤەکێ د زمانی دا کۆشتنا ئەندامەکێ لەشێ نەتەوەیە

بەلکو خودانییا ژیانەکێ و ڕەوشەنبیریەکێیە و هەلگرتنا بارێ شارستانییەتەکێیە، دئەنجامدا ئەو خودانێ جیهانەکێیە کو دەربڕینێ ژ وی دکەت! ب هەمان تێگەه عارفی نە تنێ کراس کوردی کرەبەر شعرێن دەروێشی، بەلکو ناڤەک کوردێ



> «دەڤ ب چ زمان بهێتە نڤێسین، بۆ وی زمانی دهێتە هژمارتن، هوسا ئەوێن ب ئەرەبی دنڤێسن بەرهەمێ وان بۆ بەرتووکخانەیا ئەرەبییە، دهەمان دەمدا (گولێن خوینێ) کو شعرێن دەرویشی نە بۆ بەرتووکخانەیا کوردی یە!!»

ژی پێبەخشی، ئەڤەیە لێکگۆهارتنا ڕەوشەنبیرییا تەندروست.

**زیندیکرن و ڤەژاندنا زمانی:**

زمان درکاندنا پیت و پەیڤانە و ژ وان دروستکرنا ڕستە و هەڤۆکانە! لێ هەکە پەیڤ ب دروستی نەهاتە درکاندن، بۆ نموونە لژێر کارتێکرنا ئەرەبی ئەم دبێژین (صالح) لێ کوردەکێ پیر، یان ل گوندان یان ئەو پەنابەرێن ژ خۆرهەلاتی کوردستانێ، بشێوەیەکێ سرۆشتی و کاوکی(عفوی) دبێژن (سالح) گوهێ بدەنگی شاشی وەرگریت، هەلبەتە دێ ل سەر شاشیێ ڕاهێت.

پتریا نڤیسەرێن مە پەیڤێن بیانی و ژ هەمیان پتر ئەرەبی بکاردئینن، دەمێ ژێ دپرسی؟ دێ بێژیت ماچییە، خەلک ڤێ تێدگەهیت؟ و دەمارگیری نەیاباشە، ئەڤە ڕاستە، لێ چ ڕاستی؟ خەلک ئەوان پەیڤان ژ زمانێن دی وەردگرن، دەمێ ئەو پەیڤ د ناڤ فەرهەنگا زمانێ وان دا نەبن و شیانێن ئافراندنا هەڤواتایا وێ نەبن! بۆ نموونە (لبەر حەنەفیێ دەستێن خۆ شویشتن) ئەرێ حەنەفی ب ئەرەبی، یا حیجازێ ما نە (صنبور) ە، و ب کوردی چییە، دێ بێژیت (زەمبەلە!) پا بۆچی تە حەنەفی نڤیسی؟ ما حەنەفی ناڤێ ئامیرەیێ ڤەکرن و گرتنا ئاڤێ یە، یان ئۆلزاییێ دینی یە!؟ کوشتنا هەر پەیڤەکێ د زمانی دا کوشتنا ئەندامەکێ لەشێ نەتەوەیە، دهەمبەردا زیندیکرن و ئاڤراندنا و ڤەژاندنا هەر پەیڤەکێ زێدەکرنا ژییێ وی زمانییە. و باشترین ڕێک و ئامراز بۆ زیندیکرنا پەیڤێن مراندی، ڤەژاندنا پەیڤێن ژبیرکری و ئاڤراندنا پەیڤێن نوی.. هەر دێ مینیت وەرگێران، کو ئەو باشترین و ڕاستگوترین پیڤەرە بۆ هەلسەنگاندنا زمانی نەتەوەیی.

**زمانێ دەسهەلاتێ، دەستهەلاتا زمانی:**

هەردەما دەستهەلات پەیدابوو هینگێ زمان دڤێت، زمان ژی بێ دەستهەلات گەشەیێ ناکەت، نموونە زمانێ پادیشاهیێ ئەسپانی، ئینگلیزی، ئەرەبی، ڕووسی....، لەورا زمان هەڤڕیێ بەردەوام و هەڤالبەندێ دەستهەلاتا پادشاهی بوویە، زمانی و فراوانخوازییا دەولەتێ دایە

> **ناکوکم ل گەل بۆچوونا دکتورێ هێژا، دەمێ گۆتی: دەمێ مە پەیڤەکا خۆمالی نەبیت، ئاساییە پەیڤێن زمانێن دی بکاربینین**

دویڤئێک، ل هەر دەم و جهی دەستپێکرینە، ل وێدەرێ شینبووینە و گەشەکرینە و تاکو پێکڤە لاوازبووینە و کەفتینە، ئانکو زمان و هێز دووروییێن ئێک دراڤن! دشێین بێژین ئەزمان و دەنگێ زانست، هزر، هەستان...هەر زمانە، ئانکۆ شارستانی و زمان جێمکن، چەند هزر گەشەیێ دکەت و شارستانی پێشدکەڤیت زمان ژی دگەلدا وەرارێ دکەت و بەرفرەهتردبیت.

ئێک ژ هەرە دێرینە ڕێکێن دەربڕینا زمانەڤانی هەر شعر بوویە، شعرا کوردی وەکو کاروانی بەردەوامیکرییە، ژ ئێکەم سرۆدا ل پەرستگەهێن خوداوەند شاوشکا و تیشوب و گاتایێن زەرەدەشتی ل دۆلێن زاگروسی دەستپێکرییە تا جگەرخوینی کو نها دبێژینێ هایکو! شاعر ژ ڤی کاروانێ شعرێ جاران ڤەماینە، کەفتینە، ڤارێبووینە، یان ژ ڕێبازێ لادانە، لێ کاروان بەردەوامبوویە، دگەل گوهۆرینا د ناڤەرۆکا هەلبەست، ئەفسانە، چیڤانۆک.. تاکو شعرا ئازاد ل سەر دەستێ قەدری جانی خەملا خۆ نویکری، و لدویڤ پێدڤییاتییا دەمجهی دگوهۆرینێ دایە.

شاستوینا شعرێ ژی زمانە و زمانێ شعرا کوردی ژ هندەک ئەگەرێن بابەتی و هندەکێن خۆیەتی، ژ دوانییا هەڤڕکیێ بۆ پێشئێخستنا زمانی، بووینە دوو جەمسەر، ئێکی زمان پاراستییە و یێ دی تێکدانا زمانی و پەیداکرنا گیانەکێ دویڤەلانکییا زمانی (ئەز هەمبەر زمانێ خۆ، ئەز دگەل زمانێ یێ دی) کرییە و شعر کارتێکەری و ئەرێنی یە دخوازیتە ئاستەکێ بلندێ تێگەهشتن و تاموەرگرتنێ.ئانکو دگەلشارەزایا زمانی حەز ژی دڤێت.

شعر و پەرژەنگێن وی زمانێ کوردی پاراستییە، لێ دهەمان دەمدا ل لایێ دی هەرماندی

و بێبهاكرییە، ئەگەرا سەرەكی نە نەبوونا دەستهەلاتەک كوردی بوویە، چنكو میرگەهێن كوردی دگەل ئوسمانییا سیستەمێ كونفدرالی بوو، و ل سەردەمێ میرێن بەهدینان، بوتان، بابان...هۆنەر و ویژەیی گەشەكرییە، لێ لایێ دی دبیت ژ ئەگەرێن خۆیەتی شاعرا شعر ب زمانێ داگیركەران نڤسییە و بكوردیێ تامدایە، ئانكو دەقێ شعر ب پەیڤێن بیانی و تایبەت عەرەبیێ داگرتییە، هوسا فەرهەنگەک ژ پەیڤان بەرزەبوون و مرن و یا خرابتر زمانێ كوردی ل بەر خەلكی كرێت و رەشكر و یێ داگیركەری ب بەهانەیێن درەو جوان و شرینكر.

**شعر و وەرگێران:**

شعر رەنگەكێ هۆنەرێ ویژەیێ و جوانناسیێ د زمانی دا بكاردئینیت، لەورا وەرگێرانا سەركەفتی بۆ دەقێ شعری بزەحمەتترین جۆرێ وەرگێرانێ یە، چنكو پەیڤ و هەڤۆكان د شعرێ دا ڕامان و رەهەندێن جودا هەنە، ژ خواستن، هەڤرەگەز، هەڤدژی، هەڤواتا، لێكچواندن ...، لەورا مەرجە وەرگێری شعرێ حەز ژێكەرێ شعرێ بدت و شارەزایەک باش د دوو زمانان دا هەبیت، كو دبینین وەرگێرێ هێژا د لاپەرێ حەفت دا دبێژیت: شعر هندەک ئەیونێن گەرمن لدور تەورێ مرۆڤی دزڤرن و هەر چ ڕازەكا ڤەشارتی هەیە، ل سەر لاپەرێن نڤیسای دلەیزیت وەرگێرانا شعرێ ژی ب هەمان بارێ مشت ئەڤرازی و نهێنی و هەستێن پەستكری دكەڤیتە بەر وەرگێری. لەورا وەرگێرانا دەقێ شعری ژبلی شارەزایا زمانی حەزكرن، دەستهەلی، هشیاری و تێگەهشتنا رەوشنبیری ژبۆ هەلبژاردنا باشترین هەڤواتەیان. سەرباری كو هەلسەنگاندنا وەرگێرانێ یا ڕێژەیی یە، لێ ژ خواندنا دەقێن وەرگێرایی دیاردبیت كو وەرگێری خۆ وەستاندییە و د كارێ خۆ دا یێ سەركەفتی بوو.

(زانایێن وەرگێرانێ دبینن كو كریارا وەرگێرانێ د گەوهەرا خۆ دا، نەب ڤەگۆهاستنا زمانەڤانیڤە بەندە، لێ ئەو ڤەگۆهاستنەكا دی هەڤپێچدكەت، ئەوژی ڤەگۆهاستنا رەوشەنبیرییە، ئانكو وەرگێر دەقەكێ د رەوشەنبیرییەكێ دا بووی ڤەدگۆهێزیتە رەوشەنبیرییەكا دی، یا وەكو وێ یان ب تمامی ژ وێ جودا، لەورا زانایێن وەرگێرانێ دبینن كو پێدڤییە وەرگێریێ دوانە زمان (bilingual) و دوانە رەوشەنبیری (bicultural) بیت) و ژ وەرگێرانا ڤێ دیوانا دەرویێشی دیاردبیت، كو دكتور عارف خودانێ دوانە رەوشەنبیرییە زێدەباری حەزكرنا بوارێ ویژەیی، هەر ئەڤە یە ئەگەرێ وەرگێرانا سەركەفتی.

**گرنگییا وەرگێرانێ بۆ هەنوكەیا مە:**

ئێكەم هەڤۆكا وەرگێری د پێشەكیێ دا: (هەر ژ ئەزەلدا، مرۆڤان پێدڤی ب هەڤناسین و سەرەدەریكرنێ و دئێكگەهشتنێ هەبوویە، چ ژبۆ بابەتێن بازرگانی، یان پێكهاتنێن سیاسی و لەشكری، یان ژی ژبۆ فێربوون و ئالوگۆركرنا پێزانینان و شارەزاییێ یێن پیشەیی بیت. د هەمی تەوەران دا) وەرگێری گرنگیا وەرگێرانێ هەر ل دەستپێكێ ڤەبڕی، دەمێ دایەنیاسین ب ئالاڤێ گرنگ بۆ تەناهی و خۆپارێزی و وەرار و پێشكەفتنا وەلاتان. هەچكو دبێژیت بێ وەرگێرانێ فەقەتیان و دابڕان ژ جڤاكێ مرۆڤینی دبیت!

بێگومانە رۆل و كارتێكرنا بزاڤا وەرگێرانێ د كریارا بالایا شارستانی، یا گەلان دا، یا گرنگ و مەزنە، ئەو ڕێكەكە ژبۆ ڕابوونەڤەیا هزرێ، گەشەیا رەوشەنبیری، هوشیارییا جڤاكی و پێشكەفتنا زانستی...

وەرگێران دهێتە هژمارتن دەستپێک و هەڤبەندی پێنگاڤا ئێكێ یا بەرەڤ دەولەتبوونێ، چنكو هینگێ دبیتە پێدڤییەكا كارگێری بۆ برێڤەبرنا دەزگەهێن دەستهەلاتێ، ئەڤێ د ڤۆناخا دیاربوونا دەولەتا عەباسی و دەولەتا ئەسپانی پشتی دەرئێخستنا ئەرەبا ژ ئەندەلوس و د چەرخێ نوی دا هەڤدەمی هەلوەشاندنا دەستهەلاتا ئوسمانی و ڕاگرهاندنا دەولەتا سكۆلار دا ڕوییدایە، تركی ژوورێن وەرگێرانێ بۆ زمانێ تركی و ب پیتێن لاتینی سیستەم گۆهارت، كو بەری هینگێ وەرگێرانێ رۆلەكێ سەرەكی د ڕابوونەڤەیا ئەوروپا دا هەبوو، ئەوژی ب ڤەژاندنا كلتورێ گریكی و رومانی ب وەرگێرانێ بۆ زمانێ ملەتێن ئەوروپی و دیسان وەرگرتن و ڤەكولینا شاكارێن كلاسیكێن ملەتێن جودا بتایبەت خۆرهەلاتی و وەرگێرانا وان بۆ سەر زمانێن ئەوروپی.

**“ شعرا كوردی وەكو كاروانی بەردەوامیكرییە، ژ ئێكەم سرۆدا ل پەرستگەهێن خوداوەند شاوشكا و تیشوب و گاتاییێن زەرەدەشتی ل دۆلێن زاگروسی دەستپێكرییە تا جگەرخوینی كو نها دبێژینێ هایكو ”**

## هەردەما دەستهەلات پەیدابوو هینگێ زمان دڤێت، زمان ژی بێ دەستهەلات گەشەیێ ناکەت

لەرا زمانێ مەیێ کوردی ئەڤرۆ و ژبەر پێشداچوون و پیشکەفتنێن ل جیهانێ رویددەن، نەمازە ژ لایێ هزری، زانستی و رەوشەنبیری پێدڤی وەرگێرانێ یە، وەرگێران کارگەها ڤەژاندن و چێکرن و ڤەدیتنا پەیڤ و زاراڤانێن نوی یە.

لێ ناکوکم ل گەل بۆچوونا دکتورێ هێژا، دەمێ گۆتی: دەمێ مە پەیڤەکا خۆمالی نەبیت، ئاساییە پەیڤێن زمانێن دی بکاربینین، ب هزرا من ئەو پێنگاڤا دویماهیێ و بێچارەیێ یە، و ئەو دهێت پشتی بێهیڤیبوونێ ژ هەبوونا وێ پەیڤێ د زاراڤێن جوداییێن کوردی دا، لێ هندی پەیڤەک کوردی هەبیت یان شیان ل سەر دارشتن و چیکرنا پەیڤەکا نوی هەبیت، پێدڤییە ب کوردی بیت، و نەبکارئینان رامانا کوشتنا پەیڤەکا کوردی ددەت، (ب گوللەکێ ئێک مرۆڤ دکوژی، لێ ب قەلەمی ملەتەکی د کوژی) ئانکو زیانا ژ ژناڤبرنا پەیڤەکا کوردی ژ کوشتنا مرۆڤەکێ کورد زیانبەخشترە، و ئەڤا نها هەر ئەوە ژلایێ داگیرکەرانڤە لگەل مە کوردان دهێتە پەیرەوکرن و بودجە بۆ دهێنە ڤەبرین، کو بساناهترین رێک بۆ لاوازکرنا ملەتەکی نەهێلانا زمانێ وی یە، ئەڤ کارتێکرن ژ ڤێ ئامارێ لدور جیناتێن هاولاتیێن سێ دەولەتێن ئەرەبی دیاردبیت، کو ل رۆژا ١٣ نیسانا ٢٠٢٢ێ، کەنالێ (صباح العربیە) ب مێهڤاندارییا (د. ریم مطر) راستەوخۆ پەخشکرییە، تێدا هاتییە کو دانشتیێن کویتێ (٨٤٪) ئەرەبن و خەلکێ لوبنان (٤٤٪) ئەرەبن لێ یا سەیر ئەوە کو خەلکێ تونس (٨٨٪) ئەمازیغن و تنێ (٤٪) ئەرەبن! لێ هەر سێ ب دەولەتێن ئەرەبی زمان دهێنە هژمارتن! ئەڤە ژبلی کو مسر وەلاتێ قیبتانە، لێ نها تا زمانێ خەلکێ قیبتی ژی بوویە ئەرەبی و ترکی هەر بەحسناکەین!؟

> "وەرگێرانا سەرکەفتی بۆ دەقێ شعری بزەحمەتترین جۆرێ وەرگێرانێ یە، چنکو پەیڤ و هەڤۆکان د شعرێ دا رامان و رەهەندێن جودا هەنە"

دکتورێ هێژا تە گۆت و لپەی خواندنا من، ئەڤ ئەرمییا تە دیارکری، گۆتنا رازیکرنا گۆهداران بتایبەت ئەوێن ل رێزا پێشیێ بوو، چنکو د پێشەکییا درێژدا ئەوا بۆ وەرگێرانا خۆ نڤیسی، کو دوازدە لاپەرن، تاکو دوازدە پەیڤێن ئەرەبی تێدا نەبوون، پێشەکی ب کوردییەک پەتی و دارشتنەک رەوان هاتییە نڤیسین.

وەکو د پێشەکیێ دا وەرگێری دایەنیاسین، و ب دیتنا من دروست گوت، کو (وەرگێران نەزانستە و نەهۆنەرە، بەلکو ئەو هۆنەرەکێ پراکتیکییە، پێدڤی ب راهێنانێن بەردەوام هەیە، چنکو زمان ب خۆ پرۆسەیەکا زیندی و بەردەام د لڤین و گوهۆرینێ دا یە) هەردەمێ مەندبوو؛ وەک ئاڤێ دێ گەنی بیت، هەردەما کار پێ نەهاتە کرن، وەکو ئاسنی دێ ژەنگ گریت، لداویێ دبێژم نها ژ هەر تشتەکی پتر وەرگێر و نڤیسەرێ کورد پێدڤی ب فەرهەنگەکا گشتگیر یا زاراڤێن کوردی (کوردی – کوردی)هەیە.

د ئێڤارییەکا رەوشەنبیری ل رۆژا پێنج شەمبی ٢٣- ٦ – ٢٠٢٢، دا نڤیسەر و وەرگێرێ هێژایێ دکتور عارف حیتوی لدور گرنگییا رۆلێ شعرێ و شێوازێن وەرگێرانێ پەیڤی و چەند پارچە شعرەک، ژ بەرهەمێ شاعرێ فلەستینی (مەحموود دەرویش) ی بناڤێ (گولێن خوینێ) ئەوێن ژ زمانێ عەرەبی وەرگێراینە زمانێ کوردی خواندن. کو ژ ٥٠٨ بەرپەران پێکهاتییە، ژ وەشانێن دەزگەهێ پالۆ یێ پەخش و راگەهاندنێ – دهۆک کوردستان، ٢٠٢٢.

**ژێدەر:**


١- دایڤید گونزالیز نییتو، (اللغە و الاستعمار) وەرگێران: ریما العیسی،Human Architecture: Joural of the Sociology of Self – Knowledge

٢- حکمەت الحاج، مبادرات - نقدیات معاصرە، مومنت للنشر، کتب رقمیە، بپ٥٠.

٣- ١٣ نیسانا ٢٠٢٢ێ، کەنالێ (صباح العربیە) ب مێهڤاندارییا (د. ریم مطر).

٤- نوادر الترجمە و المترجمین، د خالد توفیق، هەلا للنشر والتوزیع، ٢٠١٣.

# سندووقی هاوسەرگیریی

**(بەهۆی ئەوەی لە ژمارەی پێشوودا، سێ یەکی بەشی کۆتایی ئەم دەقی چیرۆکە وەرگێردراوە، لە کاتی دیزایندا پەڕی بوو، ناچارین لەم ژمارەیەدا دووبارە بڵاوی بکەینەوە)**

نووسینی: کاسی بوورک
و: مستەفا ڕابەر

لەشارۆچکەی تینگ چۆ لەچاینا بێوەژنێک بەناوی خانم هسوین هەبوو. هاوسەرەکەی بازرگانێکی زیرەک بوو، کە مرد پارەیەکی باشی لەپاش بەجێما، ئیستە بەو پارەیە خانم هسوین تاڕادەیەکی چاک زەنگینە، ئەو ژنە تەنیا یەک منداڵی هەبوو، کچێک بەناوی هسیانگ لینگ. هسیانگ کچێکی جوان و بەهرەدار بوو. خانم هسیە زۆری خۆش دەویست، هەمیشە کچەکەی چی بویستایە ئەیدایی، نەیدەزانی بەم ڕەفتارە خووی هسیانگ لینگ خراپ دەبیت، کات ڕۆیشت ساڵەکان تێپەڕین، وەکو بفڕن وابوون.

شەوێک خانم هسیە سەیرێکی کچەکەی کرد بینی گەورە بووە تەمەنی شازدە ساڵە، تۆغیانی شووکردنیەتی، خانم هیسوین گەنجێکی باشی لە بنەماڵەیەکی زەنگین لەشارێکی دی دەست نیشانکرد بۆ ئەوەی کچەکەی خۆی لێ مارە بکات، پاشان دەستیکرد بە ئامادەکاری جیازی بووکینی، حەزی دەکرد کچەکەی بەسەربەرزیەوە بڕواتە ماڵە تازەکەی، عادەت وابوو بووک دیاری لەماڵ و مولکی ماڵی باوک بۆ ماڵی زاوا ببات. هسوین خانم دیارییەکانی بە دڵ و داو هەڵدەبژارد، خۆی ڕۆیشت بۆ گرانترین فرۆشگای شار سنووقێکی داواکرد کە بە ئاوریشمی سووری ڕۆشن داپۆشراو بیت بەدورمان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئاژەڵی (چی لین)ی لەسەر کێشرابیت.

ئەو ئاژەڵەی هەموو چاینیەک بەهۆی داستانە کۆنەکان پێی ئاشنا بوون، وایان دەزانی ئەگەر سندووقی شووکردن وێنەی ئەم ئاژەڵەی لەسەر بیت، موژدەی لەدایکبوونی منداڵێکی بەهێز و هۆشمەند دەدات، ئەم دیارییە. هەڵبژاردەی خانم هسویە دەبیت بۆ ڕۆژی شووکردن. هەروەها زۆریش زەحمەت بوو هەر شتێک بکڕیت، بووک پێی خۆشحاڵ بێت، دەیگوت ڕەنگەکە هەونیە، یان قەبارەکەی، هەرشتێک دایکی بیکریبایە دەبوو بیگۆڕێت، یان دەیگەڕاندەوە بۆ فرۆشگە. کاتێک سنووق ئامادەکرا و خزمەتکار هێنایەوە بۆ ماڵ، هسیانگ لینگ هیچ بەدڵی نەبوو بەنیگایەکی سارد سەیرێکی کرد و گوتی: من حەز (چی لین) ناکەم دیزاینەکە هەمووی هەڵەیە بیبەنەوە بۆ فرۆشگە. بۆیە خزمەتکار بۆ فرۆشگەی بردەوە و قسەکەی هسیانگ لینگی پێ گوتن. سنووقێکی دیکەی بەڕادان دا. کاتێک سندووقی دووەمی هێناوە ماڵ هێشتا بەدڵی نەبوو، ڕەنگی زۆر تۆخە و سندووقی سێەمی ڕاسپارد، بەڵام بەویش قاییل نەبوو، لەکۆتاییدا خزمەتکارەکە زۆر بێزار بوو، دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئیدی من ناتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، خەڵکی فرۆشگە پێم پێکەنین، گوتیان قاییل کردنی تۆ زەحمەتە.

بەڵام ئەوە من نیم، تۆی بەزەحمەتیت و بەهیچ شتێک ڕازی نیت، ئەگەر ئەم سندووقەت نەوێت ئیدی من ناتوانم لەم کاری خزمەتکاری بەردەوام بم، دەبی بڕۆم، لای خانەوادەیەکی دی خزمەت بکەم.

هەرچەند هسیانگ لینگ خۆی خراب بوو، بەڵام کەسێکی بەدکار نەبوو، بەزەیی بەخزمەتکارەکەیان هاتەوە، چونکە پیاوێکی بەتەمەن بوو، بەر لەداییکبوونی هسیانگ ئەو خزمەتکاری خانەوادەکەیان بوو، بۆیە ڕەزامەند بوو لەسەر وەرگرتنی سندووقەکە و پێی گوت بڕوات بۆ فرۆشگە پارەکە بدات. خزمەتکار زۆر سوپاسگوزار بوو، کە ڕای خۆی گۆڕی و بەسندووقەکە ڕازی بوو، چونکە نەیدەویست خانەوادەکە بەجی بێلیت.

چوو بۆ فرۆشگەکەو پارەکەیداو سندووقەکەی برد بۆ خانم هسیە بۆ ئەوەی پڕی بکات لەدیاری بۆڕۆژی بووکینی کچەکەی.

ڕۆژی شازدەی هەشت داهات، کاتێک زەماوەندی هسیانگ لێنگ گەیشت، هسیانگ لینگ چەند مانگ بوو چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکرد. کەتەماشای دایکی دەکرد ئەو هەموو دیاری و جلو بەرگە جوانەی بۆ ئامادە کردوە، زیاتر خرۆشا. بەڵام ئەو خەمی ئەوەشی بوو کە دایکی بەجێ دێلیت.

سەرلەبەیانی زوو دایکی هاوکاری هسیانگ لینکی کرد بۆ ئەوەی جلە جوانەکانی بوکینی کە لە بەنرخترین ئاوریشمی سوور بوو، بپۆشیت. پاشان بردیان بۆ کەژاوەکەی کە کورسیەکی تایبەتە بۆ گوازتنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا. بووک لەناو تەختی (هووا چیانوو) دادەنرێت، چوار دەوری بەپەردە دادەپۆشرێت، تا کەس نەی بینیت، پاشان کەژاوەکە بە شانی چوار پیاوی بەهێز هەڵدەگیرێت.

پەردەی کەژاوەکەی هسیان لینگ ئاوریشمی سووری زیبا بوو. خانم هسیە پەردەی کەژاوەکەی لادا بۆ ئەوەی بۆ دواجار قسە لەگەڵ کچەکەی بکات و گوتی: « ئەمڕۆ ڕۆژی تایبەتی تۆیە، من زۆر بەختەوەرم و شانازی دەکەم کە زۆر قەشەنگ دیاری و شووت بە پیاوێکی جوان و باش کرد، ئەمەش سندووقی شووکردنە، دیاری منە بۆ تۆ، کەگەیشتیتە ماڵی نوێت بیکەرەوە تەواوی ئەو دیاریە دانسقانە دەبینی، کە بۆتۆم داناوە. هیوادارم کاتێک دیارییەکان دەبینی، هەست بە خۆشەویستی دایکت بکەیت، بەڵام ئەوی ڕاست بێت هسیانگ لینگ گوێی نەدابوێ، بیروهۆشی لای شووکردنەکەی خۆی و هاوسەرەکەی بوو، کە هەرگیز چاوی پێی نەکەوتبوو نەیدەزانی چۆن دەبێت. دایکی ماچ کرد و سندووقەکەی لێوەرگرت و لەتەنشت خۆی دانا.

پاش چەند خولەکێک چوار پیاوەکە هاتن. کەژاوەی هسیان لینگیان هەڵگرت و ئیدی گەشتی هیسیانگ بۆ ژیانی نوێی دەستی پێکرد، هەرکە گەیشتنە سەرشەقامی سەرەکی یەکسەر باران دایرێژت، بارانێکی ئەوەندە بەخوڕ بوو، ڕێگەکەی کردە دەریایێک لیتە و قوڕاو کەڵکی ڕۆیشتن نەما لەبەر ئەوە پیاوەکان کەژاوەکەیان لەقەراغ ڕێگادا لەژێر پەناگەیەک دانا، چاوەڕێی کۆتایی هاتنی باو بۆرانەکەیان کرد.

هسیانگ لێنگ بەبارانەکە زۆر هەراسان بوو، نیگەران و پەرێشان بوو بۆ ئەوەی بگاتە ماڵە تازەکەی، پاشان هسیانگ گوێ بیستی دەنگێک دەبیت.

کەسێک دەگریێت، یان دەنگی بارانە، پەردەکەی لادا بینی لەنزیک کەژاوەکەی ئەو، کۆنە کەژاوەیەکی دی هەیە، بەڵام وەکو هی ئەو جوان نەبوو پەردەکانی دڕاوبوون بەڵی دەنگی گریانەکە لەناو کەژاوەکە دەهات ئەمەش هسیانگ لینگی پتر بێزار کرد، ئەم ئافرەتە بۆچی لەڕۆژی زەماوەندی بووکینی دلخۆش نییە، بیری کردەوە «کە لەوانەیە ئەم ڕووداوە بەدبەختی بۆ ئەویش بهێنیت» خزمەتکارەکەی خۆی نارد بزانی کێشەی ئەو کچە چییە، خزمەتکار هاتەوە بە هسیان لینگی گوت ئەو کچە خەمبارە لەبەر ئەوەی هەژار بوون هیچیان نەبوو بۆ ماڵە تازەکەی لەگەڵ خۆی ببات.

هسیانگ لینگ زۆر خەمی بۆ خوارد، هەستی کرد خۆی هەمیشە هەموو شتێکی هەیە کە بیەوێت، ئەو کچەش هیچی نییە، خەمبارە،

بەتایبەتی لەو ڕۆژەی کە بە بووک دەچیت.

هسیانگ لینگ پارەی پێ نەبوو بۆیە بڕیاریدا سندووقەکەی پێ ببەخشیت، جارێکی دی خزمەتکارەکەی بانگ کردەوە. لێرەوە. ئەم سندووقەی بۆ بەرە بەڵام پێی مەڵێ کێ ناردوویەتی، ناوی منی پێ مەڵێ. خزمەتکارەکە هەوڵیدا ڕای بگریت، گوتی: بەڵام ئەمە سندووقی بووکینی تۆیە.

هسیانگ لینگ گوتی (شقش) گوێ مەدێ.

فەرمانی پێکرد خێرا بۆی ببات، خزمەتاکار چی پێگۆترا جێبەجێی کرد سندووقەکەی برد و دای بەکچەکە، یەکسەر گریانەکە وەستاو تەنیا سەدای باران دەهات.

زۆری پێنەچوو باران و شلێوەکە وەستا و پیاوەکان کەژاوەکەیان هەڵگرت گەشتەکەیان دەست پێ کردەوە.

هسیان لینگ سندووقی شووکردنی دایە غەریبەیەک بێ ئەوەی بزانێت دایکە خۆشەویستەکەی چی بۆی لەناو داناوە. پاش چەند کاتژمێرێک گەیشتنە ماڵە تازەکەیان و هەر لەو ئێوارەشدا پەیمانی هاوسەرگیری (مارەبڕین) جێبەجێ کرا، بووک بۆی دەرکەوت دایکی هاوسەرێکی باشی بۆ هەڵبژاردووە، هاوسەرەکەی پیاوێکی گەنج و لێهاتوو جوان بوو.

دوای ساڵێک لە هاوسەرگیری کوڕێکی جوان و لەش ساخیان بوو.

هسیانگ لینگ هەستی دەکرد کە بەختەوەرترین ژنە لەدونیادا، بەڵام دوای شەش ساڵ ئەو بەختەوەریە تێکشکا کاتێک لافاوێکی سامناک لەناوچەکەیان ڕوویدا.

هیسینگ لینگ و خانەوادەکەیان ماڵ و حاڵ و هەرچی هەیان بوو لەدەستیاندا، لەکاتی ئەمبازبوون و ڕاکردنیان لەشارەکەیان، هیسینگ لینگ لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا لەهاوسەر و کوڕە ساوەکەی دابڕا، زۆر گەڕا، بەڵام لەهیچ شوێنێک نەیانی دۆزیەوە. لەکۆتاییدا ناچاربوو شکەست قەبوول بکات، لەگەڵ خەڵکەکە ڕەو بکات. وەگەڵ ئەوانە کەوت کەڕایان دەکرد بەرەو شارێک بەناوی (لای چوو) سەفەرێکی سەخت و دژوار بوو، هسیانگ لێنگ دڵ پڕ لەخەم و پەژارە بوو، لەو بڕوایەدا نەبوو جارێکی دی هاوسەر و کوڕەکەی ببینێتەوە، کاتێک گەیشتە شاری لای چوو، ژیان زۆر سەخت و دژوار بوو، بۆیە هەموویان هەوڵیان دا هاوکاری یەکدی بکەن.

ڕۆژێکیان لەقەراخ ڕێگە بە تەنیا دانیشتبوو، ژنێک بۆ لای هات و پێی گوت زۆر خەمبار دیاری پێدەچیت برسیت بیت.

لەشوێنێک زۆر دوور نییە لێرە، لەوێ دەشێت خواردنت دەست بکەویت، لە خوارەوەی ئەم جادەیە بازرگانی گەورە (یوان لوو) چاردرێکی گەورەی هەڵداوە خزمەکارەکەی خواردن دەدەن بە زەرەرمەندەکانی لافاو، ئێستە بڕۆ دڵنیام لەوێ دەتوانیت شتێک بخۆیت، هسیانگ لینگ سوپاسی ژنەکەی کرد.

ڕۆیشت، کە گەیشتە ئەوی سرەیەکی دووردوودرێژی خەڵکی بینی سەر و قاپیان لەدەستدا بوو بێ دەنگ چاوەڕییان دەکرد. هسیان لینگ بەدرێژایی ژیانی شتێکی وای نەدیبوو، هەرگیز ئەوەندە پەست و خەمبار نەبوو، کاتێک قاپەکەی خۆی لەدەست گرتبوو چاوەڕێی نۆبەتی خۆی دەکرد. دەبوو فشار لەسەرخۆی بکات فرمێسکەکانی ڕابگریت.

دوواجار نۆرەی هات خزمەتکارەکەی (یوان لوو) دواین پارچە خواردنی لەناو قاپەکەی هسیانگ لینگ دانا، بەدەنگی بەرز بەو کەسانەی لە سرەکە وەستابون گوت: ئەمرۆ خواردن تەواو، بەیانی وەرنەوە. ئەو کەسەی لەپشتی وەستابوو دەستیکرد بەگریان هسیان لینگ ئاوڕی داوە بینی ژنێکی بەتەمەنە، کە تەماشای کرد دایکی وەبیر هاتەوە، کە چەند خۆشی دەویست، چەند ژنێکی خۆ نەویست بوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت خوارنەکەی خۆی خستە ناو قاپی ژنەکە و ڕۆیشت. نەیتوانی فرمێسکی ڕابگریت، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتنە خوار و بەزەحمەت بەری پێی خۆی دەبینی، کەبۆ کوێ دەڕوات.

خزمەت کارەکە هەموو ئەوانەی بەچاوی خۆی بینی سەری لەو کارەی هسیانگ لینگ سوڕما بەدووایدا ڕایکرد.

لەوکاتەی دوور دەکەوتەوە هسیانگ لینگ گوێبیستی هاواریک بوو «خانم، خانم تکایە بوەستە، هسیانگ لینگ وەستاو گەڕاوە، پاشان خزمەتکار لێی پرسی بۆچی خواردنەکەی خۆت دا بەو ژنە؟ ئەو بەسادەیی گوتی: «من زۆر برسیمە بەڵام لەو گەنجترم زیاتر لەو پیرژنە دەتوانم بەرگەی برسیتی خۆم بگرم. خزمەتکار گرژی یەوە، باشە تۆ کارێکی خۆنەویستانەت کرد.

خاوەنکارەکەی من (یوان لوو) لە دووای کەسێکی وەکوو تۆ دەگەڕێت بۆ سەرپەرشتی منداڵە ساوایەکەیان.

ئایا ئەوکارە دەکەیت؟ هسیانگ لینگ بەخۆشحالییەوە وەڵامی دایەوە، ئۆە بەڵێ سوپاست دەکەم خزمەتکار گوتی: هەرئیستە لەگەڵ من وەرە، پاشان بردی بۆ ماڵی یوان لوو کاتێک یوان لوو چاوی بە هسیانگ لینگ کەوت و باسی میهرەبانییەکەی لەخزمەکارەکەی بیست یەکسەر کارەکەی پێ سپارد پاشان بە هسیانگ لێنگی گوت: هاوسەرەکم دایکێکی بێوێنەیە، بەڵام بەداخەوە چەند ساڵە تەندروستی باش نییە. هەر لەبەر ئەوەشە پێویستیمان بەکەسێکە ئاگای لە کوڕە ساوایەکەمان بیت. تۆش لەم کارە تەواو ئازادیت، بەڵام یەک شوێنمان هەیە نابێت هەرگیز بۆی بچیت، ئەو خانووە بچووکەی لەکۆتایی باخەکەمانە، ئەوێ شوێنیکی تایبەتی ژنەکەمە، ئەگەر بزانم چووبیتە ئەو شوێنە یەکسەر کارەکەت لەدەست دەدەیت، دەربارەی ئەم خاڵە پێویستە زۆر بە ڕوونی پێت بلێم. هسیانگ لێنگ ڕەزامەند بوو ژیانی نوێی دەست پێکرد. منداڵە بچووکەشی زۆر لا خۆشەویست بوو. بەڵام زۆری نەخایاند بۆی دەرکەوت ئەو منداڵە زۆر بەدخووە، هەر شتێکی بویستایە دەگریا و ژیر نەدەبووە، هەتا ئەو کاتەی دەستی دەکەوت، ئەمەشە هسیانگ لینگی زۆر بێزار کردبوو، لەبەر ئەوەی بەدخوویی منداڵی خۆشی وەبیر دەهێناوە.

ئەو ئیستە پەشێمانە کاتی خۆی ئەویش ڕەفتاری چەند خراپ بوو.

ڕۆژێکیان لەگەڵ منداڵەکە لە باخچەکە یارییان دەکرد، کاتێک تۆپەکە کەوتە ناو خانووە بچووکەکە، منداڵە دەستی کرد بەگریان گوتی ‹› تۆپەکەی خۆم دەوێت برۆ بۆم بهێنەوە›› هاواری کرد، هسیانگ لینگ پێی گوت ڕێگەم نادەن بچمە ناو خانووکە، بەڵام منداڵەکە گوێی پێ نەدا بەهەموو هێزی خۆی هاواری کرد، دیسان هەوڵیدا تێیبگەیەنیت «بەڵام دایک و باوکت ڕێگەم نادەن بچەمە ناو خانووەکە. ئەگەر بچم کارەکەم لەدەست دەدەم «

منداڵەکە گوێی لێنەگرت دەم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو بەفرمێسک تەڕ بوو. دوواجار هسیانگ لینگ ناچار بوو دەبێت بچییتە ناو ژوورەکە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد بزانێت کەس نای بینێت. پاشان بەهێواشی بە قادرمەکان هەڵگەڕا و دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، کاتێک چاوەکانی بەتاریکایی ڕاهات، سەری سوڕما لەوەی بینی، پەرستگایەکی هێمن و ئارام بوو. بەهێواشی بەرەو مێزێکی بچووک ڕۆیشت کە بەپارچە ئاوریشمێکی زەردی جوان داپۆشرابوو، لەسەر مێزەکە پەیکەرێکی بچووکی بودا دانرابوو، لەگەل هەندێک وێنەی کۆنی خزم و کەس، لەناو ئەو هەموو شتانە سندووقی بەبووک چوونی خۆی دانرابوو! چاوی بڕوای نەدەکرد بەوەی دەیبینی!

هسیانگ لینگ ڕۆژی بەبووک چونی خۆی وەبیرهاتەوە، کە چەند بەختەوەر بوو، بیری لەخۆشەویستی دایکی کردەوە لە کوڕەکەی، بیری لەهاوسەرەکەی کردەوە، چەند دڵی بۆیان تەنگە و بیریان دەکاتەوە، کە هەموو شتێکی هەبوو، ئیستەش هیچی نییە. دەستی کرد بەگریان، هەتا هەموو گیانی کەوتە لەرزین، لەناکاو کەسێک دەستی لەسەر شانی دانا، داخورپی، خێرا ئاوڕی دایەوە دەم و چاوی ژنێکی تووڕەی بینی کە خانم لوو بوو، هاوسەری خاوەنکارەکەی بوو، کارەکەرێکی گەنجیش لەپشتی سەری ڕاوەستابوو، خانم لوو بەتووڕەیی لێی پرسی « لێرە چی دەکەیت؟ هسیانگ لینگ وەڵامی دایەوە « من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، تۆپی کوڕەکەت کەوتە ئێرە، زۆر پەرێشان بوو هیچ ژێر نەدەبووەوە، ناچار بووم ئەوەی ویستی ئەنجامی بدەم تۆپەکەی

بۆ بهێنمەوە. بەگەورەیی خۆت بمبەخشە، من دەمزانی ئێرە شوێنی تایبەتی تۆیە.

خانم لوو لێی پرسی بۆچی دەگریای؟ چونکە من سندووقی بووکینی خۆم دی، دایکم لەڕۆژی گوازتنەوەمدا ئەم سندووقەی دامێ «خانم لوو ڕاچلەکی گوتی تۆ خەڵکی کوێی؟ لەکاتێکدا سندووقەکەی ڕاکێشاو لەسەر مێزەکە دانیشت، دەنگی گۆڕاو هەندێک شادمان بوو پرسی تۆ خەڵکی کوێیت؟ هسیانگ لینگ وەڵامی داوە، من خەڵکی تەنگ چووم. خانم لوو پرسی ناوی پێش شوو کردنت چی بوو؟ ناوم هسیی هسیانگ لینگ بوو. خانم لوو، هیچی دیکەی بە هسیانگ لینگ نەگوت، بەڵام ڕووی لە خزمەتکارە گەنجەکەی کرد، داوای لێکرد کورسییەکی بۆ بێنێت، خزمەتاکارەکە پێی خۆش نەبوو، کورسییەک بۆ خزمەت کارێکی دی بێنێت. بەڵام چۆن فرمانی پێ درابوو جێبەجێی کرد. پاشان خانم لوو بەهسیانگ لینگی گوت لەسەر کورسییەکە دانیشێت، هسیانگ لینگ سەری لەم ڕەفتار و ڕێزلێنانە سوڕما.

نەیزانی چ باسە، بەڵام دەترسا قسان بکات. خانم لوو پرسی کەی شووت کردووە؟

« لەڕۆژی شازدەی مانگ، هەشت ساڵ لەمەوبەر» خانم لوو تاوێک بێ دەنگ بوو، شێوەی دەموچاوی زۆر گۆڕا، پرسیاری کرد، دەتوانی پێم بڵێ چۆن ئەم سندووقەت ونکرد؟ ئەوجا هسیانگ لینگ باسی لافاوە ترسناکەکەی کرد، لە ڕۆژی بەبووک چوونیا، باسی پیرەژن هوو چیا و ژنە خەمبارەکەی کرد. لەپڕ خانم لوو لەبەردەم هسیانگ لینگ دابەزیە سەر ئەژنووی دەستیکرد بەگریان و گوتی: منت ڕزگار کرد و لەخۆشیا دەگریا. گوتی میهرەبانی ئەو ڕۆژەی تۆ لەڕۆژی بەبووک چوونی مندا نیگەرانی منی ڕەواندەوە و منی زۆر خۆشحاڵ کرد. هەموو ئەو ساڵانە دوعای خۆشبەختی و تەندروستیم بۆت کردووە.

کاتێک گەیشتمە ماڵە تازەکەم سندووقەکەی تۆم کردەوە زۆر شتی بەنرخی تێدا بوو، یەک لەشتە بەنرخەکان، ئەم بەردە سەوزە تۆخە (پیرۆزە) بەنرخە بوو، لەناو سندووقێکی بچووک دابوو دەری هێنا و بەرزی کردەوە، هەتا هسیانگ لینگ ببینێت.

کاتێک بۆ یەکەم جار هاوسەرگیریمان کرد، من و پیاوەکەم هیچ پارە و پوولێکی وامان نەبوو. ئەم پارچە پیرۆزەیەم بردە لای کەسێک پارەی بەقەرز دەدا بڕێک پارەی باشم بەرانبەر وەرگرت. بەپارەکەی توانیمان بازرگانی بکەین زەنگین بووین، کە پارەیەکی باشمان بوو ڕۆیشتم بۆ لای پارە بەقەرزدەرەکە و پیرۆزەکەم لێی کڕیەوە. لەو ڕۆژەوە لەم سندووقەدا پاراستوومە، نەمدەزانی چۆن بت دۆزمەوە، ئەم پەرستگایەم بۆ ڕێزگرتن لەتۆ بونیاد ناوە. هەمیشە ئاواتەخواز بووم چاومان بە یەکدی بکەویتەوە، من زۆر منەتباری تۆم، ئیستە دەتوانم پڕ بەدڵم سوپاست بکەم. تکایە سندووقەکەی خۆت وەرگرەوە. دەبێت دایکت ژنێکی زۆر شکۆدار بووبێت، کە ئەم دیاریە بەنرخەی لەڕۆژی زەماوەندتا پێت داوە.

کاتێک خانم لوو سندووقەکەی دایە دەست، هسیانگ لینگ لە خۆشیانا گریا. پاشان خانم لوو دیسان دەستی بەقسان کرد «من دەزانم کورەکەت و هاوسەرەکەت ون بوونە. یەکسەر چەند کەسێک دەنێرین بەدووایاندا بگەڕێن. خوازیارم بیر لەشتێکی دی بکەیتەوە. کاتێک خێزانەکەت دەگەڕێنەوە، حەزدەکەم لەموڵک و ماڵی ئێمە بەشدار بیت.

« تکایە قەبووڵی بکەیت، ئەگەر ئەم کارە بکەیت ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەکەیت « لەهەمان ڕۆژدا خانم یوان وای لوو خزمەتکارەکانی بۆ گەڕان بەداوی هاوسەر و کوڕەکەی هسیانگ لینگ نارد. زۆر زوو لەنزیک (تینگ چوا) دۆزیانەوە.

پاش ئەوە ئەم دوو خانەوادەیە وێکڕا لەنزیک یەکدی ژیان و بوونە دۆستی زۆر نزیکی یەکدی، هەمیشە ئامادەبوون هاوکاری یەکدی بکەن. بە تێپەڕبونی ساڵ هسیانگ لینگ بەتەمەنتر بوو، زۆرجار چیرۆکی سندووقی شووکردنەکەی دەگێڕایەوە. هەمیشە کۆتایی بەداستانەکەی بەم وشانە دەهێنا: لەبیرت بێت ژیان لەبازنەدا دەخولێتەوە، بەختەوەریش بەشی ئەو کەسانەیە کە یارمەتی خەڵک ئەدەن.



# پیرەژن و مریشکی هێلکەکەر

هونەر سمایل

هەموو بەیانییەک لەگەڵ قوقەقوق و بانگدانی کەلەشێری سەر دیوارە خشتەکەی دراوسێکەم خەبەرم دەبێتەوە، بەڵام بەو ئاوە سارد و بێ نەوتی و تاریکی گەڕەکە هەژارە بێ کارەبایە حەوسەڵەی نوێژم نییە.

هەوری ڕەش و دوکەڵی مۆلیدەکانی گەڕەک ئاسمانی وڵاتی تاریک کردیە، ئەوە منم لەداخان، بە ئاخو ئۆفو گوتنی ئای ئای لە منی گەمژە، خۆ گوندەکەی من ئاغا و دەرەبەگی قەبوڵ نییە، تا کارەبایەکی بیست و چوار کاژمێریمان پێبدەن، خۆ ماستاوچی و کۆیلەی نییە، تا شەقامەکانی بە گوڵ و گوڵزار بڕازێننەوە، تاکو بەردەرگای ماڵی سەردار.....

دەکەومەوە خەوێکی قووڵ، وەکی بڵێی هەر هیچ شتێک بوونی نەبێت، لەم کەونەدا نەمن هەبم لەلای خەڵک و نە ژیانیش بوونی هەبێت، بۆمنی بێ چارە، دەبا بخەومەوە باشترە، پرخ پرخ ئەمجارەیان مریشکە ڕەشەی خانمە تاقانەکەی مام کەڵەشێر دەست دەکات بە گارە گاڕ و لە نیوەڕۆدا خەبەرم دەبێتەوە.

چاو دەکەمەوە قۆڕەی زگم دێت لەبرسان دەڵێی جیڕەی دەرگا شکاوەکەی ژوورەکەمە لێدەبێتەوە، مریشک دەڵێ پیرەژنی ئاخیر شەڕ، تەنیا ئەمڕۆ هێلکەکەم نەبەیت و دەیکەم بە جوجەڵە و نەوەی نوێ لە شێوەی خۆم دەهێنمەوە، کە هیچ کات شێوەی لەتۆ نەچێت چاوبرسی و بە بۆڵە بۆڵ بەدوای کۆریت و هێلکە دزینەوە نەبێت، کەچی پیرەژنی دەست بەگۆچان بەکشە کشە هێلکەکە لەبن باڵی دەردەکات و لەچێشتخانە شڕو شەپڕێوەکەی هەروەکی بڵێی دڵی منە دەکاتە ناو کتریەکی پڕ لە ئاو بەچیلەکە دار و قوشپل، بلق بلق دەیکولێنێت، دوایش بە دەستە لەرزۆک و بێ هێزەکەی توێکڵی هێلکەکە لێدەکاتەوە و دەیکاتە پاروێک، لەناو پارچە نانێکی تەنوری دەنێت، وردە وردە بە مەڵاشوە بێ ددانەکانی وردم دەکات و قوتم دەدات و دەمخوات، پاشان مەسینە ئاوێکی لەسەر دەکا دەڵێ نۆشم بێت و چاوی مریشکە ڕەشەش دەربێت، ئەمڕۆش تێرم خوارد، بۆ سبەینێش خوا کەریمە، بەلەقە لەق دەچێتەوە سەر بەڕماڵ، بۆ نوێژ و کڕنۆش بردن، تەمەنێکی دی بە دوعاکردن بەڕێ دەکات.

منی شەکەت و ماندووش دەڕۆم بەدوای کاردا دەگەڕێم، هیچم دەست ناکەوێت، سەر لە ئێوارە بەناچاری دەگەڕێمەوە کەلاوەکەم، جگە لەناو جێگە خەوەکەم و ژوورە سوتاوەکەم و ژێر بەتانییە چرکن و سەرینە بۆگەنەکەم، هیچی دیم نییە، خەونی ڕەنگاوڕەنگ و خەیاڵی سێو ڕنین هەزاربارە دەبینمەوە، هیچیش بەهیچ ناکەم، تا ڕۆژێکی دی چاوەڕێی قوقەقوق و گارەگاڕی مریشک و بۆڵەبۆڵی پیرەژن دەکەم. ڕۆژێکی دیش بەبێ هیوا لەم مەملەکەتە وێرانە بەڕێدەکەم و سەر دەنێمەوە.



# چیرۆکی ئەفسانە لە ژاپۆنەوە

وەرگێڕانی/ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

## ١ـ ژنە قولینگەکە

هەبوونەبوو ڕۆژگاری زوو، لە گوندێک لە گوندەکان، لاوێکی هەژار هەبوو، لە خانوویەکی ساکاردا دەژیا. بەیانییەک وەکو جاران لە ماڵ دەرچوو، تا گژوگیا بدرویێتەوە، قولینگێکی بینی لەناو قامیشەکاندا گیری خواردبوو، دەیویست بفڕێت و نەیدەتوانی. لاوەکە سکی پێ سووتا و وریایانە ڕزگاری کرد و پاشان ئازادی کرد. قولینگەکە لە خۆشیاندا هەردوو باڵی پێک دادا و بە ئاسماندا فڕی و بەسەر لاوەکەدا سووڕایەوە. ئەو شەوە یەکێک هات و لە دەرگەی دا، کاتێک دەرگەکەی کردەوە، بینی کچێکی جوان لەبەر دەرگە ڕاوەستاوە. کچەکە گوتی:

ـ دەترسم، چونکە ڕێگەم ون کردووە، دەشێت ئەم شەو لێرە بمێنمەوە؟

لاوەکە وەڵامی دایەوە:

ـ فەرموو، فەرموو.

بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە بردییە ژوورەوە.

بەڵام ڕۆژی دواتر و ڕۆژێکی دوای ویش، شتێکی پێشان نەدا، کە دەیەوێت بڕوات. برنجی دەکوڵاند و خواردنی ئامادە دەکرد و ماڵی خاوێن دەکردەوە. پاشان دوای ماوەیەک بە لاوەکەی گوت:

ـ تکایە بمخوازە.

لاوەکە سەیری پێ هات و گوتی:

ـ وەکو دەبینیت من ژیانێکی هەژارانە دەگوزەرێنم و بە ئاستەم دەتوانم خواردن بۆ خۆم پەیدا بکەم. بۆیە ناتوانم بتخوازم.

بەڵام کچەکە وەڵامی دایەوە:

ـ گرنگ نییە، تەنانەت ئەگەر هەژاریش بیت تکایە بمخوازە.

لاوەکەیش قایل بوو، بە شادییەوە خواستی.

بە شادی و کامەرانی دەژیان. کاتێک زستان داهات و بەفر باری، پێی گوت:

ـ هیوادارم لەمەودوا شتێک لە کووتاڵ بچنم، بۆیە تکایە ژوورێکی تایبەت بەوەم بۆ دروست بکەیت.

ئەویش هەر پارەی کۆدەکردەوە تا ئەو ژوورەی بۆ دروست کرد. کاتێک ئامادەبوو، ژنەکە پێی گوت:

ـ بەڵێنم پێ بدە سەیرم نەکەیت و نەمبینیت، کاتێک دەچمە ژوورەوە و دەست بە چنین دەکەم.



پاشان چووە ژوورەکەوە و بە ئامێرەکەی دەستی بە چنین کرد، ئامێرەکەی خستە گەڕ تشووو باتان، تشووو باتان. نیوەشەو داهات و مێردەکە نووست. کەچی هەر کاری دەکرد. بەیانیی ڕۆژ بووەوە پارچە کووتاڵێکی جوانی پێشکەش کرد، پێشتر لە ژیانیدا نەیبینیبوو، ژنەکە پێی گوت:

- تکایە ئەم کووتاڵە ببەو لە شار بیفرۆشە.

بۆ شاری برد و خێرا بە هەزار پارچە زێڕ فرۆشرا.

بە شادییەوە گەڕایەوە ماڵ، ئەوە یەکەمین جار بوو لە ژیانیدا بڕی هەزار پارچە زێڕی دەست بکەوێت.

ژنەکە بە ڕووخۆشی بینی و پێی گوت:

- کووتاڵێکی دیکە دروست دەکەم، بەڵام تکایە هەرگیز سەیری ژوورەوە نەکەیت.

پاشان چووە ناو ژوورەکەوە و دەنگی ئامێرەکە بڵند بووەوە: تشووو باتان، تشووو باتان...

خۆی ڕاگرت و سەیری ناوەوەی ژوورەکەی نەکرد، بەڵام لەخۆی پرسی:

- چۆن ئەم کووتاڵە جوانە بەم شێوەیە دروست دەکات، ئەگەرچی من هیچ داوێکم بۆ نەکڕیوە؟

زۆر تامەزرۆ بوو، چی دیکە نەیدەتوانی ئۆقرە بگرێت، بە دزییەوە سەیری ناوەوەی کردو، بینی قولنگێک پەڕ پەڕ لە پەڕەکانی خۆی دەکاتەوە و کووتاڵی لێ دروست دەکات...

بەڵام ژنەکەی هەستی پێ کرد و لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو پێی گوت:

- من ئەو قولنگەم کە ڕزگارت کرد. دەمویست ئەو کووتاڵە تەواو بکەم کە نیوەم تەواوکردبوو، بەڵام تۆ شێوەی ڕاستەقینەت بینیم بۆیە نەمتوانی کارەکە تەواو بکەم.

هەرکە قسەکەی تەواو کرد گەڕایەوە شێوەی جاران و بوو بە قولنگەکەی ئەوساو بە ئاسمانی پڕ کڕێوەدا فڕی.

## ٢ ـ مرۆڤە ئەسپەکان

هەبوونەبوو. ساڵانی زوو، لە وڵاتێک لە وڵاتان، بازرگانێکی ئەسپ هەبوو. بازرگانیی ئەسپیش واتای ئەسپ کڕین و ئەسپ فرۆشتن دەگەیەنێت. ئەو بازرگانە بەردەوام گەشتی دەکرد و بەدوای ئەسپی باشدا دەگەڕا. ڕۆژێکیان بیستی کە پیرەژنێک لە شارۆچکەیەک هەیە ناوی (تاجیما)یە، ئەسپی زۆری هەیە. ڕووی کردە ئەوێ تا بەخۆی بیبینێت و دڵنیابێت.

ماڵی پیرەژنەکە ئۆتێلێکی بازرگانانی ئەسپ بوو. بۆیە کاتێک گەیشتە ئەوێ داوای لێ کرد و گوتی:

- تکا دەکەم ئەم شەو لای ئێوە بنووم.

پیرژنەکە پێی گوت:

- بەڵام منیش تکام وایە تۆ هەندێک ئەسپ بکڕیت.

- بەڵێ. بەڵێ. تکام وایە سبەینێ بیانبینم.

بەم شێوەیە بڕیاری دا ئەو شەوە لەوێ بمێنێتەوە.

کاتێک ڕۆیشت سەیرێکی سەرپێیانەی تەویلەکە بکات، ژمارەیەکی زۆر ئەسپی بینی. هاوکات نزیکەی دە بازرگانی هاوشێوەی ئەویش لەوێ بوون، ئەوانیش ئەسپیان دەکڕی. کاتێک لە ڕەوشی ئۆتێلەکەی کۆڵییەوە، بە ئاگە هاتەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی (شتێکی سەیر هەیە) پاشان دریژەی دایە:

- هەموو بازرگانەکان هاتوون ئەسپ بکڕن، بازرگانێک نییە هاتبێت و ئەسپی لەگەڵ خۆی بۆ فرۆشتن هێنابێت. لەگەڵ ئەوەیش، ئەسپگەلێکی زۆر لەناو تەویلەکە هەن.. شتەکە زۆر سەیرە!

کاتێک ئێوارە داهات و کاتی نووستن نزیک بووەوە، بەردەستانی ئۆتێلەکە و کارەکەرەکان ژوور بە ژوور دەگەڕان و داوایان لەو کەسانە دەکرد بنوون کە هێشتە نەنووستوون:

- تکایە ڕێبواری بەڕێز بنوو، تکایە بنوو.

بەڵام ئەو بازرگانە نەیتوانی بنوێت، ئەگەرچی ئەوانەی چواردەوری هەموویان نووستن. شتێک هەبوو نیگەرانی کردبوو، ئۆقرەی لێ بڕیبوو.

پاش تاوێک دواتر، پیرەژنەکە هات و لەبەردەم ژوورەکاندا ڕاوەستا و بە دزییەوە سەیری ناو ژوورەکانی دەکرد. بە بڵمەبڵم سەری سوڕماو خۆی بە شێوەیەک پێشان دەدا لە حەوت خەوی شیریندا بێت و پرخەی بۆ دەکرد:

- بەڕاستی پیرەژنێکی سەیرە! بۆچی بەم شێوەیە کوڵ لە ڕێبوارەکان دەگرێت.

نیوەشەو چووە بەردەم دەرگەی ئۆتێلەکە. بازرگانەکەیش لە کونێکی بچووکی دەرگە کاغەزینەکەوە سەیری دەکرد. پیرەژنەکە چوو بۆ گۆشەی دەرگەکە کە سندووقێکی گەورەی لێ بوو بە ڕەنگێکی جوان بۆیە کرابوو. کاتێک سەری سندووقەکەی هەڵدایەوە، ژمارەیەکی زۆر بستەباڵای لێ هاتنە دەرەوە، لە قەبارەی بووکەشووشەدا بوون. هەندێکیان قازمە و هەندێکیشیان داسیان پێ بوو. بە دەیان لەو بچووکانە هاتنە دەرەوە و خێرا دەستیان بە کێڵانی بەردەرگەکە کرد تا بە چاوترووکانێک کردیان بە



زەوی. پاشان دەستیان بە تۆوکردن کرد، هەرکە تەواویان کرد چرۆکان گەورە بوون و خێرا بوون بە گەنمەشامی سپی. گەنمەشامییەکان خێرا پێگەیشتن و کۆیان کردەوە. پاش ئەوەی لێبوونەوە، کوتایان تا بوون بە گەنمەشامیی جوان. پاشان بە دەستاڕ هاڕییان و ئاردەکەیان کردە ناو قازانێکەوە و خستیانە بەردەستی پیرەژنەکە. ئەویش سوپاسی کردن و گوتی:

- کارێکی باشتان کرد، کارێکی باشتان کرد.

پاش ئەوەی ئاردەکەی لێ وەرگرتن، گەڕانەوە بۆ ناو سندووقەکەی لای گۆشەی بەردەرگەکە. هەموویان بزربوون و کەسیان بە دەرەوە نەمان.

بازرگانەکە بەوپەڕی واق وڕماییەوە سەیری هەموو ئەوەی دەکرد.

پیرەژنەکە سندووقەکەی کلیل داو وەک پێشوو دایپۆشی. پاشان قازانە ئاردەکەی برد و ئاوی تێکرد و شێلای تا بوو بە هەویر، گونکی بچووک بچووکی لێ دروست کرد، کاتێک لەوە بووەوە، هەموویانی لەناو ڕۆندا سوورکردەوە و لەناو تەشتێکدا دانیان، پاشان ڕۆیشت و لێی نووست.

پاش ئەوە بازرگانەکە نەیتوانی بنوێت لەبەر ئەو ڕووداوە سەیرەی کە بینی. کاتێک بەیانی داو ڕۆژ بووەوە، هەموو بازرگانە کرپارەکان لەخەو هەستان و بەیانی باشیان لە یەکدی کرد و ئارەزوویان دەکرد بچن ئەسپەکان ببینن:

- با بڕۆین، تا بزانین چ ئەسپگەلێک لەوێ هەن.

پاشان ڕۆیشتن.

لەو کاتەدا، پیرەژنەکە خەریک بوو خوانی بچووک بچووکی ڕێکدەخست. قاوەڵتییەکەیش بریتی بوو لە برنج و نیسکەوای میسۆ و خواردنی دیکە. لەگەڵ ئەوەیش دەورییەکی بچووکیش دانرابوو دوو خڕۆکە هەویری لەو خڕۆکە سوورکراوانەی تێدا بوو.

کاتێک بازرگانەکە ئەوەی بینی لەبەر خۆیەوە گوتی:

- بەم شێوەیە! ئەو خڕۆکانەیە کە دوێنێ شەو دروستی کردن.

لە کاتێکدا هەموو ڕێبوارەکان دەستیان درێژدەکرد و هەردوو خڕۆکەکەیان دەخوارد، بازرگانەکە هەردوو خڕۆکەکەی برد و لە گیرفانیدا شاردنییەوە و خۆی بەو شێوەیە دەرخست کە دەچێت تا دەست بە ئاو بگەیەنێت.

ئەو ڕێبوارانەی هەردوو خڕۆکەکەیان خوارد بوون بە ئەسپ و بەردەستەکانی ئۆتێلەکە جڵەویان ڕادەکێشان و بۆ تەویلەکەیان دەبردن و لە تەنیشت یەکدییەوە دەیانبەستنەوە.

بازرگانەکە واقی وڕما کاتێک لە ئاودەستەکەوە هەموو ئەوەی دەبینی.

- کەواتە بەم شێوەیە! زۆر لە مەترسی نزیک بووبوومەوە. ئای لەو پیرەژنە فێڵبازە! خۆی بەو شێوەیە پێشان دەدات کە ئەسپ دەفرۆشێت، لەکاتێکدا خەڵک دەکاتە ئەسپ و دەیانفرۆشێت. بێ گومان ڕەنگە خەڵکێکی زۆری فریو دابێت. دەبێت تۆڵەیان لێ بکەمەوە.

پاشان بە دزییەوە چووە ناو تەویلەکەوەو بە ئەسپەکانی گوت:

- سوێند بێت تۆڵەی هەمووتان بکەمەوە.

بەڵام ئەسپە بەستراوەکان وەڵامیان نەدایەوە. چونکە نەیاندەتوانی قسەبکەن، بەڵام بەلووت پڕماندیان.

بازرگانەکە خێراو بەدزییەوە لە ئۆتێلەکە چووە دەرەوە و خۆی گەیاندە شار. لەوێ چووە لای شوێنی شیرینی مانگۆ، کە تەواو وەکو ئەو خڕۆکانە خڕن، داوای کرد دوو پارچە مانگۆی بۆ دروست بکەن و ئەو دوو خڕۆکەیان تێدا دابنێن کە لە ئۆتێلەکەوە هێنابوونی. پاشان داوایشی کرد چەندان پارچەی دیکەی مانگۆی لەو شێوەی بۆ دابنێن.

هەمووی کڕی، کاتێک ئێوارە داهات، گەڕایەوە هۆتێلەکە و سەرلەنوێ داوای کرد لەوێ بنوێت:

- تکایە با ئەم شەو لێرە بنووم.

پیرەژنەکە بازرگانەکەی نەناسییەوە، چونکە بڕوای وابوو هەموو ڕێبوارەکانی کرد بە ئەسپ. کاتێک ڕێگەی پێ دا لەوێ بنوێت، پێی گوت:

- ئێستە لە شار ئەم شیرینی مانگۆیەم کڕی، زۆرم لێ کڕیوە چونکە زۆر خۆشن، چی دەڵێیت دانەیەکیان بخۆیت؟

کاتێک گومانی لا پەیدابوو، بازرگانەکە چەند دانەیەکی یەک لە دوای یەکی لی خوارد و پێی گوت:

- ئاااااا، مممممم ... سەیر بکە، ئەم شیرینی مانگۆیانە چەند خۆشن.

ئەوکات پیرەژنەکەیش دەستی درێژکرد و گوتی:

- مادام داوام لێ دەکەیت دەسا دانەیەکم بدەیە.

بازرگانەکە ئەو دانە مانگۆیەی دایە کە پارچە خڕۆکەکەی تێدابوو. هەرکە پیرەژنەکە خواردی و بوو بە مایین، بە جنێوەوە هاواری بەسەردا کرد و گوتی:

- قوڕت بەسەر فریوت دام! ئەی پیاوە فێڵبازەکە!

بازرگانەکە سەیری پێ هات:

- سەیرە بۆچی تۆ قسەدەکەیت و، ئەسپەکانی دیکە ناتوانن قسە بکەن.

پیرەژنە مایینەکە گوتی:

- ئەگەر دوو خڕۆکە بخۆیت دەبیت بە ئەسپێک نەتوانیت قسەبکات. ئەگەر یەک خڕۆکە بخۆیت دەبیت بە ئەسپ و دەتوانیت قسەبکەیت. ئێستە تکام وایە لێم ببووریت، چونکە چی دیکە ئەو کارە ناکەم.

- بە ڕاستی؟ ئەگەر تۆبە دەکەیت، وەڵامی ئەوەم بدەوە کە پێت دەڵێم.

ئەوانەی بوون بە ئەسپ، دەتوانیت بۆ ڕەوشی جارانیان بگێڕیتەوە؟

- بەڵێ دەتوانم.

- چۆن؟

- هەردوو لێوی سەرەوەو خوارەوەی دەدڕین و پێستەکەی لێ دەبێتەوەو دەبێتەوە بە مرۆڤی جاران. جا با لەسەرەتاوە لە منەوە دەست پێ بکەین.

- نا، نا. ئەمە بەسەر مندا تێناپەڕێت. بۆ مرۆڤت ناگێڕمەوە تا هەموو ئەسپەکانی دیکە بۆ ڕەوشی جارانیان دەگەڕێنینەوە.

پاشان بۆ تەویلەکەی ڕاکێشا و لەوێ بەستییەوەو بە ئەسپەکانی گوت:

- ئەی بازرگانانی ئەسپ، ئەوانەی بوون بە ئەسپ، تۆڵەی ئێوەم کردەوە و ئەوەتە ئێستە بۆ ڕەوشی جارانتان دەگێڕمەوە.

دەستی بۆ لێوی سەرەوەو خوارەوەی ئەسپەکان برد و دڕینی، تا هەر هەموویانی بۆ ڕەوشی جارانیان گێڕایەوە. هەموویان سوپاسیان کرد. هەر یەکەیان دەیگوت:

- سوپاس بۆ تۆ، سوپاس بۆ تۆ. بەهۆی تۆوە ڕزگاربووم.

هەموویان بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە.

هەرچی پیرەژنە مایینەکە بوو بە گریانەوە لێی پاڕایەوە:

- منیش بۆ ڕەوشی جاران بگێڕەوە، تکات لێ دەکەم بەزەییت پێمدا بێتەوە و ئێستە ئازادم بکە.

- نا، نا هێشتە زووە. بێ گومان، تا ئێستە زۆر کەست کردووەتە ئەسپ و فرۆشتووتن. دەبێت ئەوانە ڕزگار بکرێن، لێت نابوورم تا ئەو کارە تەواودەکەین. بەڵام ئایە دەیانناسیتەوە ئەگەر بیانبینیت.

- بەڵێ دەتوانم.

- مادامەکی دەتوانیت، ئەوە هەر ئێستە لەگەڵ خۆمت دەبەم و سەرانسەری وڵات دەگەڕێین. با ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە کردووتن بە ئەسپ و ڕزگاریان بکەین. کاتێک ئەوە تەواودەکەین بۆ ڕەوشی جارانت دەگێڕمەوە.

- بەم شێوەیە. بەڵام نازانم ئەو ئەسپانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون.

- لەبەر ئەوەی نازانیت بۆ کوێ ڕۆیشتوون بۆیە بەدوایاندا دەگەڕێین. ڕەوشی تۆیش لە ڕەوشی ئەوان باشترە چونکە دەتوانیت قسە بکەیت. هەرچی ئەوانن کە ناتوانن قسەبکەن، ناتوانن سکاڵایش بکەن. پێدەچێت ئێستە باریان لێ بارکرابێت و لەژێر بارەکاندا نقەیان بێت.

بازرگانەکە قسەکانی تەواوکرد و مایینەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکیشا و ڕۆیشت بە دوای ئەو پیاوانەدا بگەڕێت کە کراونەتە ئەسپ. کاتێک لێرەولەوێ لە سەرانسەری وڵات دەگەڕا، ژمارەیەکی زۆری لێ بینین: هەندێکیان باری قورسیان لێ بارکرابوو سەر هەورازی سەخت دەکەوتن و هەندێکیان گالیسکەی پڕ لە شتی گەورە و قورسیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا. هەرکە پیرەژنە مایینەکە دەیگوت: ئەم ئەسپە یەکێکە لەوان، بازرگانەکە ڕادەوەستا و هەردوو لچی سەرەوە و خوارەوەی دوو شەق دەکرد و پێستەکەی کەوڵ دەکرد و دەیکردەوە بە مرۆڤ.

بەم شێوەیە بازرگانەکە سەرانسەری وڵات گەڕا و ئەو پیاوانەی کرابوون بە ئەسپ بۆ شێوەی خۆیانی گەڕاندەوە کە مرۆڤ بوون.

**سەرچاوە: (چیرۆکی کۆنی ژاپۆنی، کۆکردنەوەو داڕشتنی: تۆشیۆ ـ ئۆزادا، ٥ بەرگ، تۆکیۆ، خانەی فۆکۆ ئینکان ـ شووتین ١٩٩٥).**

# نامەی غوربەت و دووریی

لە کەناری غوربەت و دووریتا دەژیم و
گوێ قوڵاخ بۆ تەقولبابی دەرگا!
ئێستا نیگای تەڵخم
لـە فرمێسکەکانی سـەرگۆنـای پـەنـجـەرە
شکاوەکانی دڵی ژەنگ گرتوومدا دەشۆم!
ئەودڵەی
لە نیگای مێژووی ژیان و تەمەنی گڕگرتوومەوە
لەگەڵ ژان و ئازارا ماوەتەوە!

* * *

ئەی نیشتمان!
تەمەن و ژیان و تاسەی دووری
لەگەڵ مندا پیربوون!
ئا...لەگەڵ ئێمەدا
خەزانی غوربەت هات و
منی لەگەڵ ئازاری دووریی و
گێژەنی خەمەکان هەڵوێزنی!
هات و لە ڕاڕەوی ژیاندا
منی بەر چەقۆی غوربەت دا
ئەو غوربەتەی
لە سەمای مەرگی بەهاردا
شایی وەرزی هەڵوەرینی گوڵەکان
لە پاییزدا دەگێڕێ!

* * *

ئێستا من لێرەم
لێرە، لەگەڵ میوانێکی
بێ موبالاتی بەردەوام و
کوڕێکی پاییزیی و
دووکچی دڵ کەسکی بەهاریی!
لێرەم لەگەڵ
ڕۆحی سپی فریشتەیی
شیعری ژنێکی خۆشناوەتی!
لێرەم، هەرلێرەوەش
سەر ئەکەم بە ماڵی غوربەتتدا
ئەو ماڵەی
ژیان لە غەریبییدا دەچنێتەوە!
ژیانێک
چرکە بەچرکە بۆ (گەڕانەوە) دەژمێرێ و
ڕۆژ لە تەمەن و
مانگ لە چاوەڕوانیدا متوربە دەکا و
خەندە ئەخاتە سەرلێوی شیعر و
لەرە ئەخاتە درەخت و
هاژە ئەخاتە ئاو
عیشق بە جوانیی سروشت ئەدا و
تەمەن ئەخاتە ناو گێژەڵووکەی مەرگ و
ئەوین ئەداتە دەم (با)
(با)ی ژیان
ئێستاش بەو (با)یەوە دەژیم
لەلای (ئەو) و
لە نیشتیمانی برینەکانمەوە هەڵدەکا!

* * *

ئێستا لێرەم
لێرە، هاواری تاساوی ژیان و
نامەی غوربەت و دووریی
لە وێنەی سروشتی نیشتماندا
دەخوێنمەوە!
لێرەوە
لە گەڵ شنەی سەفیندا دەشنێمەوە و
ژیان دێنمەوە نیشتمان و
لەگەڵ شەقڵاوەدا
عیشق دەخەمەوە باخەڵی
(پیرمام) و
لەعەنکاوە ئۆقرە دەگرم و
دەبمە پاڵەوانی
ڕۆمانێکی چاو بە فرمێسک و
پڕ لە برینی شارێکی بێ بەهار
ئەوشارەی
ساڵانێکە لێک ونین !



سەلما تۆما کاکۆ

# دواجار سێبەری تۆ ماڵی منە



موراد عەلی

١

لە پایزێک ملپێچی پێدام ئەشقەکەی
نەگەیشتە زستان
ملپێچەکە تا ئەمڕۆ و مردنیش بەوەوە گرێم
دەدا.

٢

ئەو ڕۆیشت زۆر شت ڕوویدا
هەموویم لە یادگەم هێشتەوە
ئەو نەهاتەوە
یادگەشم «با» بردی

٣

پێویستە لێرە نەمێنم
شوێنێکی نادیار چاوەڕێمە
هێندە بەسە، ئەم هەسارەیە نەبێ

٤

ئەو ڕۆژەی هەمووان هاوار دەکەن
خۆم خۆم خۆم
من بە کزی لەبەر خۆمەوە دەڵێم
یار، یار یار...

٥

لەپەنجەرەی ژوورەکەوە لێم دیاربوو
یاری لەگەڵ منداڵەکەی دەکرد و
ماچی دەکرد
کە چاوی پێمکەوت پەردەکەی داداوە
ئیتر تێگەشتم
ئەو جێگای منی گرتۆتەوە نەک باوکی

٦

لە هەر کەس زیاتر ئێستاش خۆشیم دەوێ
پێی نازانێ!
دەڵێ ئێستا تۆ
تەنیا
بێگانەیەکیت.

٧

ڕاستگۆیانە ژیان پێم دەڵێ
من دوای ئەو لەتۆدا درۆم
بوێرانە پێی دەڵێم
من بێدەسەڵات ترین نەیارتم

٨

مەستی سەما گاڵتە و ڕابواردن
هەموو شەوێک دەمەوێ بمگەیەننە کەنارێک
لە ئارامی
حەقیقەت وادەرناچێ...!

٩

چ بێ هودە دەمەوێ ئێستا بژیم
وەک ئەو پیاوە بەساڵاچووانەی
دەیانەوێ وەک هەرزەکارێک
تیژترین شەڕاب بنۆشن

٢٠٢٢/٧/٢٦ – ٢٠٢/٨/٢٥

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***بەراوردیی نێوان دیرۆکی شاماران و مێدوسا لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە***

نووسینی: شایستە موراد و مێهری ئەسەدی

- ***چۆن نیچە بخوێنینەوە؟***

ن/ دکتۆر فەیزیە زەیفوڵا - و/ عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)

## بەراوردیی نێوان

# دیرۆکی شاماران و مێدوسا

## لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە

بەشی دووەم و کۆتایی

نووسینی: مێهری ئەسەدی[1]
شایستە مورادی[2]

ڕاڤە و کەڵکی پێگەی شاماران لە کۆمەڵگەدا (ڕابردوو و ئێستا):

شاماران خودای مێینە (مێ–ژن) و دێرینی کورد، خودای زانایی و پارێزەری نهێنییەکانە. ناوی شاماران لە (شا+مار+ان) پێکهاتووە (شا) هاوتای کوردی شاهی فارسییە. لە فەرهەنگی کوردی – فارسی (هەنبانە بۆرینە)دا واتای وشەی شاماران بەمشێوەیە هاتووە: شامار: حەزیا، زەها–فارسی: اژدها (شەرەفکەندی:١٣٨١) (مەسروور و هەڤاڵانی، ١٣٩٨: ٨٩)

شاماران خاتووخودای زانایی و زانستی ڕووەک بووە، نوێنەری زانستی مادی و مەعنەوی و پارێزەری نهێنییە، شاماران بۆ کوردەکان دیرۆکێکی کوردییە، لە کوردەواریی ژێر دەسەڵاتی ئێران و عێراق و سووریە و تورکیادا، کە لە دێرزەمانەوە تێکەڵی بیر و بڕوای خەڵکانی ئەم هەرێمە بووە. بە ڕوونی مێژووی شاماران دیارنییە، لە ڕیزی ئیزەدبانووەکانی ئایینی میترایی‌دا ئەژماریان کردووە، بێ گومان پێش ئایینەکانی خاچپەرستی و جوو و ئیسلام لەنێو کورداندا پلە و پێگەی هەبووە، میراتی سەردەمێکە، کە کورد باوەڕی بە چەندین خودای جیاواز و خاتووخودا هەبووە. چونکە لەمێژە کوردیش وەکو زۆربەی کلتوورە کۆنەکان بڕوای وەها بووە، کە هەرکام لەم خودایانە بەسەر لایەنێک لە ژیانی مرۆڤ و سرووشتدا زاڵ بووە (وەرگیراوە لە دیمانەی پیر محەمەد ئەحمەدی، ١٣٩٧) (مەسروور و هەڤاڵانی، ١٣٩٨: ٧٩)

لە زۆربەی کلتوورەکاندا پێگەی دیرۆک بە گوێرەی نرخ و بایەخیان لەنێو کۆمەڵگەدا، بڕوایەکە، پێیان هەیە، ڤەدانێکی هەبووە، کە بووەتە هۆی گواستنەوەی وێنەیی و گێڕانەوەیی ئەو دیرۆکە و شامارانیش لەم ڕەوتە بەدەر نەبووە. زۆربەی ناوچەکانی کوردەواری، تا ڕادەیەک لەگەڵ پێشینەی شاماراندا ئاشنایەتییان هەیە، ڕەنگە تەنیا لە هەندێک وردە بابەت و گێڕانەوەدا جیاوازیان هەبێت، بەڵام لەباری بنەڕەت و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، لەم دیرۆکەدا بە گوێرەی بەڵگە مێژووییەکان و هی ئێستەش گۆڕانکاری ئەوتۆ نابینرێن. بەم پێیە تیشک خراوەتە سەر بەڵگەگەلی نووسراو، هونەری و دەمباسەکانی خەڵک و بەشێکیان لەم گوتارەدا لە زاری پێنووسەوە چۆڕاوەتە سەر قاقەز.

بە پێی بەڵگەکانی ئێستە، کۆنترین نەخشەبەرد بە نیگاری شامارانەوە، بۆ سەدەکانی ١١ و ١٢ زایینی دەگەڕێتەوە، کە ساڵی ٢٠١٦ لە هەڵکۆڵینێکدا لە تەنیشت کڵێسەی گەورەی کاولەشاری (ئانی) دۆزرایەوە و هەنووکە لە مۆزەخانەی شاری قەرسدایە.




**نەخشەبەردی شاماران، مۆزەخانەی قەرس:**
**(WWW.ANADOLU AGENCY.COM)**

وێنەی شاماران لەم نەخشەبەردەدا لەگەڵ ئەو وێنەیە کە لە کوردستان بینراوە لە هەندێک وردەکاریدا جیاوازییان هەیە. هەروەها بە گوێرەی بڕوای خەڵکی مێردین شاماران لە قەڵایەکی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا لە پازدە کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی تارسووسدا ژیاوە. ئەم قەڵایە، کە هەتا ئەورۆ ماوەتەوە لە گەڕەکی مسیسی شاری تارسووسدایە و ئێستەش لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاردا پەیکەری شاماران دانراوە.




**پەیکەری شاماران-شاری تارسووس سەر بە هەرێمی مێرسین (ماڵپەڕی کلتوور و وێژەی بازاڕیی یان ئەدەبی گشتی)**

هەر لەم ناوچەیەدا گەرماوێک (حەمام) هەیە لەسەر دیوارەکانی پەڵەی سووری وەکو پوولەکی مار هەیە، بە بڕوای خەڵکی ناوچەکە هەمان گەرماوی بەناوبانگی شامارانە (ڕەمەزانی، ١٣٩٨: ٧)

لە هەرێمە کوردییەکانی وڵاتی ئێراندا تابلۆیەک بە نەخشی شاماران هەیە، کە بە مەبەستی بێر و بارەوە لەسەر دیواری ژووری کچانی گەنج، یان ژنانی دووگیانی هەڵدەواسن. لەسەر تەختی نووستن و دەفری قەڵەمکاری کراو و شتی چنراو و خەیاتەکاری نموونەی وێنەگەلی شاماران نەخشێنراوە.



**وێنەی شاماران-قەڵەمکاری لە سەر دەفر-ماڵپەڕی ئەنجومەنی خێرەد(ئاوەز) وێنەی شاماران-داتاشراو لە دار-ماڵپەڕی ئەنجومەنی خێرەد (ئاوەز)**



**وێنەی شاماران-نەخشی گلێم-ماڵپەڕی ئەنجومەنی خێرەد (ئاوەز) وێنەی شاماران-چاپی سیەلک-ماڵپەڕی هونەری مۆدێرن (پێشکەوتوو)**

گەرچی بەهۆی تەوژمی کلتووریی و پێشکەوتنی پێوەندی تەکنۆلۆژیاوە بۆ ماوەیەک ئەم دیرۆکە ڕەنگ و ڕووی کاڵ بوویەوە، بەڵام لە ئێستەدا زۆر لە هۆگرانی کلتوور و هونەرمەندەکان بە ژیاندنەوەی چیرۆکەکە و ڕێکخستنی شانۆ و خوەشخوانی بە تەوەری داستانی شاماران، درووستکردنی بووکەڵە و نەخشاندنی وێنەی شاماران لەسەر جلوبەرگ و کەرستە جوانکارییەکان، هەوڵیانداوە ئەم دیرۆکە خۆماڵییە ببووژێننەوە. بۆ وێنە

**"شاماران بۆ کوردەکان دیرۆکێکی کوردییە، لە کوردەواریی ژێر دەسەڵاتی ئێران و عێراق و سووریە و تورکیادا، کە لە دێرزەمانەوە تێکەڵی بیر و بڕوای خەڵکانی ئەم هەرێمە بووە"**

خاتوو موژده دانش پەژو هـ ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی پیشانگەی بووکەڵەکانی شامارانی لە مۆزەخانی (عەرووسەکهایێ ملل)دا کردەوە.



پیشانگای بووکەڵەی ناوخۆیی خۆماڵی-شاماران-خاتوو موژدە دانش پەژووهـ-ماڵپەڕی هونەر ئۆنلاین

بەرگ برەکانیش بۆ بە نرخکردنی ئەم دیرۆکە نەخشەکەیان بە شێوەی چاپ یان چنراو لە سەر جلوبەرگەکان نەخشاندووە و خاتوو شایستە موورادی بە نەخشاندنی شاماران لە سەر تیشێرت و لەچک هەوڵی داوە دیسانەوە ئەم دیرۆکە لە بەرچاو خەڵکیدا بنوێنێتەوە. هەروەها دروستکردنی دیکۆرات و جوانکاریی جلوبەرگ و خشڵیش بە وێنەی شامارانەوە لای کچان و ژنان برەوی پەیدا کردووە.



دەستچنی (گوڵدۆزی) شاماران لەسەر بالنج – ماڵپەڕی رووستایش دەستچنی (گوڵدۆزی) شاماران لەسەر پەردە-ماڵپەڕی فەرهەنگ و هونەری گشتی


لە بەشی کتێب و وتاردا (کامیل ئەحمەدی) لە پەرتووکی Another look at East and Southeast Turkey بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چیرۆکە ڕەنگاڵەکانی گەلانی تورکیا، شامارانی وەکو دیرۆکێکی خۆرسک لە باشووری تورکیا ناساندووە و بە هێمای زایەندێتی، ژنیەتی و زانایی پێناسەی کردووە. لە هەرێمی کوردستانی عێراقیش (باوە بارزان) ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زمانی کوردی لە شاری ئامێدی، چیرۆکی شامارانی لە زنجیرە چیرۆکی کورتدا بە زمانی کوردی کورمانجی نووسیوەتەوە.




پەرتووکی ئەفسانەی شاماران-نووسەر (باوە بارزان) ماڵپەڕی گیسیۆم

لە ئێرانیشدا (شیلان مەسروور) لە گوتارێکیدا تاوتوێ و لێکدانەوەی شاماران لە ناوچەی مووکریانی مهاباد، بە کۆکردنەوەی گێڕانەوەی جۆراوجۆر لەم چیرۆکە لە گوندەواری مهاباددا، دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی لەسەر ئەم مژارە و بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە بنەڕەتی دەمباسەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە و تێکڕا لەسەر ئەوە کۆکن، کە هێمای زانایی و خێروبێر بووە.

(کەماڵ ڕەمەزانی)یش لە پەرتووکی شاماران (لە فەرهەنگ و فۆکلۆری کوردستاندا) بە نووسینەوە و پەتەوکردنی چیرۆکەکە، ئەویش بە زمان و وێژەیکی پەتی و پاراو، وێڕای وێنەگەلێ لەم دیرۆکە، کە لەسەر شتومەکی پیشەیی و هونەری ماوەتەوە دەستی داوەتە ژیاندنەوەی ئەم ئوستوورەیە و هەوڵیشی داوە بە گەلانی دیکەشی بناسێنێت.




پەرتووکی شاماران-نووسەر کەماڵ ڕەمەزانی-
Comwww.bookshahr

میهری ئەسەدی)ش هەوڵی داوە، بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی شاماران لە ساڵی ۹۸ و خوێندنەوەی چیرۆکی شاماران لە (ناوەندی پەروەردە و بارهێنانی هزری منداڵان و گوندەکانی دەوروبەری کامیەران بۆ منداڵان و لاوان) ئەرکی خۆی بە جێهێناوە و بەرەی داهاتووی لەگەڵ ئەم دیرۆکەدا ئاشنا کردووە.

لە درێژەی توێژینەوەی مەیدانی و دیمانە لەگەڵ ژنانی بەتەمەنی شاری کامیەران و گوندەواری ئەو شارەدا بەم ئەنجامە گەیشتین، کە زانیاری خەڵکی سەبارەت بە دیرۆکی شاماران و چیرۆکەکەی زۆر کەم و کورتە، یان هەر هیچی لە بارەوە نازانن.

لەم نێوەدا چەند کەس لەو خانمانە ئاماژەیان بە بابەت و تەوەری جوان و نوێ کردووە، کە لە گێڕانەوەکانیشدا ئاماژەیان پێدراوە.

(خاتوو عیزەت عەلیخانی، ۹۰ ساڵان و کابانی ماڵ، گەڕەکی باخەوانی، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، هاوینی ۱۳۹۹)

چل ساڵە لە ماڵەکەی خۆیدا تابلۆی شامارانی هەیە و لەسەر ڕوەکی دەرمانی زانیاری هەیە و لە کۆنیشدا بەگشتی بۆ چاوڕۆشنی خانووی نوێ ئەم تابلۆیانە بە دیاری و بە ویستی ڕزق و ڕۆزی فراوانەوە بە خاوەن ماڵ دەبەخشێت.

(سەکینە ئەحمەدی، ۸۲ ساڵان، کابانی ماڵ، گەڕەکی تەپەی پیر محەمەد، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، هاوینی ۱۳۹۹)

ژنان لەکاتی منداڵ بوونی ژنێکی گەنجدا ئەم تابلۆیانە دەکەنە دیاری بۆیان و هیوایان دەخواست تەمەن درێژ بێت و منداڵی زیاتری هەبێت، کە ئەمەش هێمای زایەندێتی و هێزی زایینی ژنانە.

بەشێوەی پەرشوبڵاو، بەڵام وێڕای پاراستنی فۆرمی باسەکە چیرۆکی شامارانی لە بیر بوو.

(خاتوو ئاسیە ئەسەدی، ۷۰ ساڵان و کابانی ماڵ، گوندی وزمانە، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، پایزی ۱۳۹۹)

ئاماژەی بە درووست کردنی شلەی (ئاش) شاماران کرد لە وەرزی هاویندا ئەویش پاش هەڵگرتنی خەرمان، کە وەکو شوکرانە و پێزانین بۆ ویستنی ڕۆزی زیاتر، هەروەها بە نیەتی گەڕانەوەی شاماران ئەم شلەیان بە سەر دراوسێدا دەبەخشییەوە.

(قەدەمخێر ئەسەدی، ۵۸ ساڵان و کابانی ماڵ، گوندی وزمانە، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، پایزی ۱۳۹۹)

لە سەر گۆڕی چاکان و پاکان ئەم تابلۆیەی بینیوە، کە هەڵیانواسیوە، شامارانیان وەکو کەسانی گەورە سەیر کردووە و ڕێزی تایبەتییان بۆی هەبووە.

(سەڵتەنەت مورادی، ۵۸ ساڵان و کابانی ماڵ، گوندی کانێشە، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، پایزی ۱۳۹۹)

"

**به ڕوونی مێژووی شاماران دیارنییە، لە ڕیزی ئیزەد-بانووەکانی ئایینی میترایيدا ئەژماریان کردووە، بێ گومان پێش ئایینەکانی خاچپەرستی و جوو و ئیسلام لەنێو کورداندا پلە و پێگەی هەبووە**

"



ملوانکەی زیوین بە نەخشی شامارانەوە-ماڵپەڕی هونەری مۆدێرن
دەسوێنک بە نەخشی شامارانەوە-ماڵپەڕی هونەری مۆدێرن

بەگشتی خاکی سەر گڵکۆی شێخ عەباس کۆماییینیان (لە باوەڕی خەڵکدا ئەم شێخە ماشی مارانگازی هەیە و زاڵە بەسەر مار و مێرووودا) بەسەر دەر و درگا و بانی ئەو ماڵانەی کەوا ماری تێدا بووە دەڕێژا و پاشان بە شێخ عەباس و شاماران سوێندیان دەدا، کە بڕوات و نەیانگەزێت. (فاتمە ئەمانی، ٦٨ ساڵان و کابانی ماڵ، گوندی لایەن، شاری کامیەران، پارێزگای کوردستان، پایزی ١٣٩٩)

بەگشتی جلی تازەبووکیان بەشێوەی پوولەکی و ڕەنگامە کە سەرمەشقەکەی تابلۆی شاماران بوو دەدرووی، هەتا پێگەی ژن بوون و جوانی تازەبووک دەرکەوێت.

**"بە گوێرەی بڕوای خەڵکی مێردین شاماران لە قەڵایەکی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستدا لە پازدە کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی تارسووسدا ژیاوە"**



**مێدوسا و ئاتێنا:**
**پەیکەری مێدوسا-دەسکردی جیان لۆرێنزۆ برنینی (ئیتالی)Penelope. Uchicago.edu -١٦٨٠-١٥٩٨**

مێدوزا ژنێکی زۆر جوان بوو، لە ئەسینا دەژیا. زۆر شانازیی بە شۆخ و شەنگی خۆیەوە دەکرد، بە جۆرێک هەمیشە سەبارەت بە خۆی قسەی دەکرد. ڕۆژێک مێدوزا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە ڕۆیشتن بۆ پەرستگەی پارتنۆن، کاتێک چوونە نێو پەرسگەکە، هەمووان جگە لە مێدوزا لە جوانی پەرستگەکە سەریان سوڕما. مێدوزا پێی وابوو دەتوانێت لەچاو پەیکەرەکانی پەرستگە پەیکەری چاکتر درووست بکات، کاتێک کارە هونەرییەکانی ئاتێنای چاوپێکەوت لەبەر خۆیەوە گوتی: هونەری من لەوە باشترە، کەوایە ڕۆژێک دێت پەرستگەیکیش بۆ من ساز بکەن. کاتێک مێدوزا ئەم قسەی کرد، کاهێنێکە گوێی لە قسەکەی بوو، لەسەر جێگاکەی ڕاپەڕی و کەسانی دیکەش جگە لە خۆی، کە لە بەردەم دەرگەیێکی برۆنزیدا، لە وێنەکەی خۆی ڕامابوو، ئافەرینی لە پەرستگەی چوونە دەرێ دەکرد. کتووپڕ وێنەی خۆی لەنێو درگاکەدا و بوو بە ئاتێنا، بە تووڕەییەوە بە مێدوزای گوت: (هەی گەمژە! پێت وایە لە من جوانتری؟ من گومانم هەیە! تەنانەت وەهاش بێت، ژیان لە جوانی زۆر سەروترە، کەچی تەنیا کاری تۆ تاریف کردنە لە خۆت! جوانی خێرا لەنێو دەچێت. جوانی نەخۆشی چاک ناکاتەوە، برسی تێر ناکات! ئێستە بەهێز و توانایی من هەموو جوانی تۆ لەنێو دەچێت. چارەنووسی تۆ فێری کەسانی دیکەش دەکات لەخۆبایی نەبن و بە سەر فیزی خۆیاندا زاڵ بن) پاش ئەوە مێدۆزا بوو بە دێوێکی ناحەز و قژەکانی وەکو ماریان لێهات و لە یەکدی ئاڵان. هێندە ڕوومەتی ناحەز ببوو هەرکەس لێی دەڕوانی دەبوو بە بەرد.

یۆنانییەکان ئەفسانەیێکی زۆر جوانی دیکەیان هەیە بەنێوی (ئەفسانەی پێرسێ ئووس و ئاندرۆمێدا) کە تیایدا باسی مردنی میدۆزا هاتووە: ڕۆژێک ئاکریس پاشای ستەمکاری ئەسینا لە خەودا کچە تاقانەکەی دانا، بینی کە کوڕێکی بوو، پێی وابوو ئەو کوڕە ئەم دەکوژێت. ئاکریسیوس بەم خەوە زۆر شڵەژا و بڕیاریدا نەهێڵێت کچەکەی مێرد بکات، لە بەندیخانەدا دەستبەسەری کرد. ماوەێکی زۆر لە تاریکی سیاچاڵدا مایەوە، هەتا ئەوەی، کە شەوێک زئۆوس دیتی و لە ئاسمانەوە وەکو بارانی زێڕ بەسەریدا باری. زئۆوس لە قەواڵەی ئازادی (دانائە) بەڵێنی زەواجی لێ وەرگرت، ئەویش بە ناچاری قبوولی کرد، پاش چەند مانگێک لەم زەواجەیان کوڕێک بە ناوی پێرسێ ئووس لە دایک بوو. ئاکریسیوس بەم کارەی زانی و بڕیاریدا، هەم کچە و هەم کوڕەکەی

بکوژێت، بەڵام کاهینەکان لە ترسی تۆڵەی خوداکان پاشایان لەم تاوانە سارد کردەوە، لە بەرانبەردا فەرمانی دەرکرد هەردووکیان بخەنە نێو سندووقێک و لە ئاوی دەریایان باوێن. لەوکاتەدا زئۆوس بەدوای خۆشەویستێکی دیکەیدا ڕۆیشتبوو ئیدی نەیتوانی یارمەتی ژن و منداڵەکەی بدات. ماوەیەکی زۆر سندووقەکە لەسەر ئاو بوو، لە قەراخی دوورگەیەک کەوتەوە، میری دوورگەکە کاتێک سندووقەکەی کردەوە و چاوی بە (دانائە) کەوت ئاشقی بوو و بڕیاریدا لەگەڵی زەواج بکات، بەڵام چونکە منداڵەکەی وەکو بەربەست دەبینی، داوای لێکرد وەکو دیاری زەماوەندەکە سەری ئاژەڵێک بە ناوی مێدوزای بۆ بهێنێت، پێرسێ ئووس نەیدەزانی مێدوزا کێیە، هەربۆیە خێرا قسەکەی میری قبووڵ کرد و گەشتەکەی دەستپێکرد، سەرەتا ڕۆیشتە پەرستگەی ئاپۆلۆ، تا سەبارەت بە مێدوزا چەند پرسیارێک لە گەورەی پەرستگەکە بکات. پێیگوت مێدوزا ئاژەڵێکی مەترسیدارە، شەیتانێکی تۆقێنەرە، پرچی لە مار دەچێت و هەرکەس لێی بڕوانێت دەبێت بە بەرد، پێرسێ ئووس کە زۆر ترسابوو بڕیاریدا بۆ دوورگەکە بگەڕێتەوە، بەڵام لەوکاتەدا ئیزەدبانوو ئاتینا و خودای هێرمس لێی دەرکەوتن و فێریان کرد، کە چۆن بەسەر شەیتاندا زاڵ بێت. ئیدی پێرسێئووس ڕۆیشت بۆ هەرێمی تاریکی، کاتێک گەیشتە ئەو ئەشکەوتەی، کە مێدوزای لێ بوو، بەو ئاوێنەیە، کە ئاتینا پێی دابوو سەیری مێدوزای کرد، کە دڵنیا بوو خەوی لێکەوتووە، بە شەقە شمشێرێک سەری پەڕاند، بێ ئەوەی سەیری ڕوومەتی بکات لە کیسەیەکی خست و خێرا بەو پێڵاوە باڵدارانەوە، کە هێرمس پێی دابوو بە ئاسماندا فڕی (شەفا، ١٣٨٣: ١٨٨)

## لێکدانەوەی دیرۆکی مێدوسا و پێگەی لە نێو کۆمەڵگەدا (ڕابردوو و ئێستە)

مێدوسا یەکێکە لە سێ گورگونەکان، کە مێدوزایشی پێ دەڵێن؛ بوونەوەرێکی هیبریدی بوو وەکو ژنێکی باڵدار، کە پرچی لە ماری ژەهری و هێزێکی ئاوەزبەزێنی شەیتانی هەبوو، بەهەر سەیرکردنێکی ڕاستەوخۆ شتێکی بە بەرد دەکرد، لە ئوستوورەکانی یۆنانی کۆن بوو. ئەم بوونەوەرە تۆقێنەرە، کە دڵی هەموو کەسێک لەبەری تۆقیبوو سەردەمانێک ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو. بە گوێرەی دەمباسەکان بەهۆی فیز و بایی بوونەوە لە هەمبەر ئیزەدبانووی گەورە، واتە ئاتینا و پەرستگە تووشی ئەم چارەنووسە بوو. سەبارەت بە مێدوسا و چارەنووسەکەی ڕاڤەی جیاواز هەیە و لە هەندێک لقی زانستیدا وەکوو دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەدەبیات وبە کورتی، یان بە چڕ و پڕ ئاماژەی پێ دراوە و بیرۆکە و بۆچوونی لەسەر دانراوە. لە بواری هونەریشەوە، هەر لە دێرزەمانەوە هەتا ئێستە نەش و نمای لەسەر زۆرێ لە کارە هونەرییەکان دەرکەوتووە. سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەم دیرۆکە بەسەر فەرهەنگ و هونەردا، لە گەڕان و پشکنینی سەرچاوە کتێبخانەییەکانی ئێراندا شتێکی بەرچاو نەبینرایەوە، زۆرتر لە خشتەی گوتار و بەڵگەی مێژوویی و کلتووریی، لە دەرەوەی ئێران بابەتگەلێ هەڵبژێردرا و دواتر دانراوە. زۆرێک لە یەکەم توێژەرانی کلاسیک، ئەفسانەی مێدوسایان وەکو نیمچەمێژوویێ شرۆڤە کردووە، کە بەپێی ڕووداوێک، نەریتێک، یان شێوازێ شتێک لە ڕابردوودا ساخت و پوخت کراوە (گریۆز، ١٩٥٥: ٢٤٤) وەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا ئیزەدبانووەکان وەکو هێمای خێروبێر و دەسەڵات، (مار)یان پێ بووە، ئەگەر لەگەڵ مرۆڤیشدا تێکەڵ بووبێت ترسی مرۆڤ و کوشندە بوونی مار کەمتر ئەو ڕۆڵە خراپ و نەرێنییەی بەرچاو بووە، مێدوسا یەکێک لەو نموونە بێ وێنانەی دیرۆکە، کە هێمای ترس و خراپە بووە. ئەم تایبەتمەندییە خراپ و نگریسەی نەک هەر لەنێو نەچووە، بەڵکوو لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەگوڕتر باس و خواسی لەسەر کراوە. بۆ نموونە ساڵی ٤٩٠ پێش زایین لە قەسیدەیەکدا، کە هۆنراوەتە، باس لە ئینجانەیێک دەکات، کە وێنەی دێوێکی لەسەرە، ئەمەش ئاماژە بە ڕوومەتی مێدوسا دەکات (Marjorey. milne,١٩٤٦,١٣٠) لە زانستی دەروونزانی و سەرنجدان بە ڕق و قینی مێدوسا لە خەڵکی، بە ڕوانینێ لە گوتاری سەری مێدوسا نووسینی زیگمۆند فرۆید، کە پێوەندی بە دەستدرێژی سکسی و خەساندنەوە و زانستی دەروونزانییەوە بووە، پاکی و پاکیزەیی سەرەتایی ژن، کە بەهۆی دەستدرێژییەوە تووشی ترس و تۆقین دەبێت

**“ لە هەرێمە کوردییەکانی وڵاتی ئێراندا تابلۆیەک بە نەخشی شاماران هەیە، کە بە مەبەستی بێر و بارەوە لەسەر دیواری ژووری کچانی گەنج، یان ژنانی دووگیانی هەڵدەواسن ”**

**"**

***زۆربەی ناوچەکانی کوردەواری، تا ڕادەیەک لەگەڵ پێشینەی شاماراندا ئاشنایەتییان هەیە، ڕەنگە تەنیا لە هەندێک وردە بابەت و گێڕانەوەدا جیاوازیان هەبێت***

**"**

تاوتوێ کراوە (فرۆید،٢٠١٧: ٢٧٣) لە توێژینەوە فمێنیستییەکانی سەدەی بیستەمدا مێدوسا زۆر کەوتە بەرچاوی ژورنالیستە فمنیستەکان و یەکەم ژوورنالێک کە ئەم بیرۆکەیەی دۆزیەوە گۆڤاری Women Ajournal of Liberetion بوو، کە لە ژمارەی شەشدا مێدوسای وەکو هێمای تووڕەیی ژنان ناساندووە. مێری ڤالنتیس و ئان دیڤان، کە لەهەرە چالاکەکانی بواری فمێنیستن دەڵێن: کاتێک پرسیار لە ئافرەتێک دەکەین، کە تووڕەییان بەچ شێوازێکە، بەردەوام مێدوسایان بەو قژە مارینەوە بیر دێتەوە و هەموان دەیانگوت مێدوزا ترسناکترین ژنی جیهانە، کەچی هیچکام لەو ژنانە، کە قسەمان لەگەڵیان کرد وردەکاری دیرۆکی مێدوزایان نەدەزانی (Wilk,٢٠٠٧,٢١٧-٢١٨) لە توێژینەوەکانی بواری نەیهێلیسمدا (پووچ بوونەوە) بابەتی مێدوسا لەگەڵ زۆرخوازی و هیچ خوازیدا دەردەکەوێت و لەگەڵ ئیدئالیزمی ئاشقانەدا دژایەتی هەیە. لەم شرۆڤەیەدا لە مێدوزا و بەرگری کردن لەوەی، کە کەس سەیری چاوەکانی نەکات پیشاندەری ڕاستییێکی نەخوازراوە، کە بێ واتایی جیهانە و لە یەکێک لە بەرهەمەکانی (جەک لەندەندا) بەهەمان واتاوە وەبیر هێنراوەتەوە (پیترسێن، ٢٠٠٢: ٤٣) بەڵام زۆرترین کاریگەری ئەم دیرۆکە لە ئاسەوارە هونەرییەکاندا دەرکەوتووە. لە وێنە، نەخش و نیگار، خشتەکاری، هەڵکۆڵینی قۆقز، پەیکەرسازی، لە یۆنانی کۆن هەتا هونەری پێشکەوتووی ئەمڕۆ وەکو فیلم، وێنە، ئالا، ئەنیمەیشن و لۆگۆ.. زناکی نەخشی مێدوسا دەبینرێت. کۆنترین ئاسەواری نەخشێنراوی مێدوسا لەسەر ئینجانەیەکە، کە پێرسێ ئووس سەری مێدوزای لە خەودا بڕیوە و ئێستە لە مۆزەخانەی مێترۆپولیتنە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (نزدیکەی ٤٥٠ - ٤٤٠) پێش زایین. هەروەها وێنەکەشی لەسەر ڕەختی جەنگیی ئەسکەندەر بەبان خشتەوە (مووزایک) هەڵکۆڵدراوە، هەتا بۆ کەسانی ئایینی بە نێوی ئیجێس (وشەیەک بە بنەڕەتی یۆنانییەوە، کە کەرەستەیەکە وەکو قەڵغان و پشتێن بۆ کەسانی ئایینی و لە ئوستوورەکانی یۆنانیشدا ناوی قەڵغانێک بوو، کە زئۆوس و ئاتێنا بەکاریان دەهێنا) وەکو قەڵغانێک بێت.



وێنەیکی خشتەیی(مووزایکی) مێدوسا، مۆزەخانەی سووس، توونێس www.tarikhema.org



وێنەیکی خشتەیی (مووزایکی) ئەسکەندەر مەقدوونی-مۆزەخانەی نەتەوەیی ئاسەوارناسی ناپل-پێگەی داتای هونەری

له هونەری نیگارکێشیشدا هەر لە داوینچییەوە،

هـەتـا کـەسـانی بێ نـاوونیشـان و خـوارتـریش تابلۆیان لەسەر مێدوسا نەخشاندووە. داوینچی تابلۆیەکی بەناوی مێدوزا نەخشاند کە وێنەی سەری مێدوسای کێشاوە. هونەرمەندانێکی دیکە وەکوو کاراوجۆ، لوکوجوردانۆ، ئارنۆڵد، بوکلین و تاکاچس لە بەرهەمەکانی خۆیاندا پۆرترەی ڕوومەتی مێدوسایان تۆمار کردووە.



سەری بردراوی مێدوسا – بەرهەمی پیتێرپۆل ڕابێنس ١٦١٨ – (هـ س)



نەخشی مێدوسا–بەرهەمی Caravaggio

هەڵبەت لە پەیکەرسازیشدا نموونەی دیرۆکی مێدوسا هەیە و گرنگترینیان پەیکەری پێرسێ ئوسە کە سەری مێدوسای بە دەستەوە گرتووە، بەرهەمی بنووانتوسلینی (١٥٥٤) و پەیکەری برۆنزی پێرسێ ئووس بەرهـەمی سـالـوادۆر دالییە. هەروەها سەرکۆڵگەلێ (سەرئەستوون) بەشێوەی سەری مێدوسا لە هوماراوی باسیلیکای قوستەنتەنیەدا هەیە.



پێرسێئوس بە سەری مێدوساوە، بنووانتوسلینی ١٥٥٤
http://sarzaminearyan.com



ساڵی ١٥٩٥–پێگەی داتای هونەری
نەخشی مێدوسا – بەرهەمی Arnold Böcklin- ساڵی ١٨٧٨ – (هـ‌س)

**به پێی بەڵگەکانی ئێستە، کۆنترین نەخشەبەرد بە نیگاری شامارانەوە، بۆ سەدەکانی ١١ و ١٢ زایینی دەگەڕێتەوە**

بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازی وێنەکێشان، ڕوومەتی مێدوسا بۆ درووستکردنی هونەرگەلێکی وەکو لۆگۆ، فیلم، ئەنیمەیشن و وێنە کەڵکی لێ وەرگیرا. بە جۆرێک یەکێک لە بەناوبانگترین براندە جیهانییەکان براندی (ورساچێ) دیزاینی لۆگۆی تایبەت بە کۆمپانیاکەی خۆی لە ڕوومەتی مێدوسا دروستکردووە. بە گوێرەی سەرچاوەگەلی بەردەست هۆکاری بەکارهێنانی ڕوومەتی مێدوسا لە لایەن ئەم کۆمپانیایەوە، وەکو لۆگۆی تایبەتی خۆی بۆ کایگەری سێحری ئوستوورە دەگەڕێنێتەوە، کە کڕیارانی جادوو دەکات.




لۆگۆی کۆمپانیای ورساچێ
www.sefatamrica.com

لە پیشەی فیلم و سینەماشدا فیلمێکی ترسناک و زانستی - خەیاڵی بەنێوی The medusa touch لە دەرهێنانی (جەک گۆڵد) لە ساڵی ١٩٧٨ زایینیدا بەرهەم هێنرا. هەروەها فیلمێک بەنێوی شەڕی تاتیانەکان، یان تووڕەیی تاتیانەکان لە دەرهێنەری (جاناتان لیبسمەن) لە ساڵی ١٣٩١ بەرهەم هات، کە ساتەوەختی پەڕاندنی سەری مێدوسا تیایدا نمایش کراوە. لە بەشی ئەنیمەیشندا ساڵی ٢٠١٣ فیلمی مێدوسا، کە ئەنیمەیشنێکی خەیاڵی و ترسناکە درووست کرا. هەڵبەت جگە لەمانە، کە باس کرا، لەنێو یاری کۆمپیتەری، یاری ترسناک و خەیاڵیشدا (کایەکلێ) ڕوومەتی ترسناکی مێدوسا بەکار هێنراوە.



کایەکلێ (یاری) بە ژێستی مێدوساوە
www. Hobbykala.com



ئەنیمەیشنی میدوسا – www.Bestshow.com

**ئەنجام:**

لە دێرزەمانەوە هەتا ئێستا ئوستوورەکان بە ڕوخساری جیاوازەوە لە کلتوور و وێژەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا خۆیان دەرخستووە و بەشێک لە بیروبڕوای خەڵکیان بە خۆیانەوە خەریک کردووە. خاڵی بەرچاو لە ئافراندنی گشت دیرۆکەکاندا، حەزی بەتینی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات، هەروەها زاڵبوون بەسەر دەوروبەری خۆیدا، کە لە هەندێکدا وەکو بەسوود و یارمەتیدەر، لە هەندێکیشدا وەکو ستەمکار و دژبەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرکەوتووە. ئەم کەسایەتییانە بە ڕوخساری ئینسانی، ئاژەڵی، یان تێکەڵی لە هەردووکیان لەنێو کلتوور و وێژەی گەلاندا دەرکەوتوونە و نەخشی ئاژەڵانێکی وەکو مار بە دوو ڕوومەتی چاک و خراپ دەبینرێت. هەربۆیە لەم توێژینەوەدا دوو دیرۆکی شاماران (ژن بە جەستەی مارەوە) لەنێو گەلی کورد و میدوسا (ژن بە پرچی مارینەوە) خاتووخودای خەڵکی یۆنان بە دوو تایبەتمەنی جیاوازەوە لێکدرانەوە و ئەنجامی بەرهەم هاتوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرخەری ئەوەیە، کە شاماران بە پێشینەیکی دوور و درێژەوە لەنێو کورداندا وەکو هێمای خێروبێر، زانایی، زانست و زایەندێتی دەوری گێڕاوە و لە زۆر دەمباس و ئاسەواری بەجێماوی پێشینیاندا ئاماژە بە خێرخوازی و مرۆڤ ویستی کراوە، لە هەمبەردا دیرۆکی میدوسا لەنێو یۆنانییەکاندا بە شەڕ و شۆڕ ناسراوە و هێمای خراپە و ڕق لێبوونەوەیە. ئەمڕۆکە لەهەر سووچێکی کۆمەڵگەدا نەخش و نیگاری جیاوازیان لێ دەبینرێت، کە برێک جار دەوریان دیارە و هەندێک جاریش کاڵ دەبێتەوە، بەڵام خاڵی گرنگ لەهەر دوو دیرۆکەکەدا ئەوەیە، کە تایبەتمەندی کەسایەتییان لە گوزەری زەماندا ڕاوەستاو و پایەدار بووە و پێگەی خۆیان لە بیر و باوڕی خەڵکدا پاراستووە. بۆ نموونە لەو لێکدانەوانەی، کە کراوە شاماران لە بەرهەمی هونەری و کلتووریی و وێژە و بڕوای خەڵکیدا بەگشتی وێڕای توێژینەوەی توێژەران هەر بە هێمای زانست (ڕوەکی دەرمانی) خێروبێر و زایەندێتی دەرکەوتووە و لەنێو بەرهەمە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆشدا میدوسا هەر بە ئەو ڕوومەتە پڕ لە قینەیەوە لەنێو ئاسەواری کلتووری و هونەری دونیادا پیشان دراوە.

> **میدوزا ژنێکی زۆر جوان بوو، لە ئەسینا دەژیا. زۆر شانازیی بە شۆخ و شەنگی خۆیەوە دەکرد، بە جۆرێک هەمیشە سەبارەت بە خۆی قسەی دەکرد**

**سەرچاوەکان:**
۱- مسرور، شیلان، رهبر، ایلناز (۱۳۹۸) بررسی و تحلیل اسطوره شاماران در منطقه موکریان مهاباد، ماهنامه فرهنگ و ادبیات عامه، شماره۲۸: مهر و آبان۹۸
۲- محمدی فشارکی، محسن و نصیری، جبار (۱۳۹٤) بررسی نمود اسطوره باروری در حماسه برزونامه بر اساس نظریه جرج فریزر، نشریه متن پژوهشی ادبی، سال۲۰، شماره ٦۷. بهار۹۵
۳- بهار، مهرداد (۱۳۹۸) نگاهی به تاریخ اساطیر ایران باستان، تحریر سیروس شمیسا، چاپ اول تهران، علم
٤- طاهری، صدرالدین (۱۳۹۸) تندیس های ایـزد بـانـوان بــاروری ایــران، مطالعـات اجتماعی روانشناسان زنان، سال۸، شماره:۲، ص ۷۷-ف٤۳
۵- سیسیل، اردیشانه و سیسیله سسیلپ (۱۳۸٦) افسانه های کردان، ترجمه امیر حسین اکبری شالچی، تهران، ثالث
٦- رفیع فـر، جـلال الـدیـن و مـهـران ملک (۱۳۹۲) آیکونوگرافی نماد پلنگ و مار در آثار جیرفت، هزاره سوم قبل از میلاد، پژوهشهای باستان شناسی ایران، د ۳،شماره٤. ص ۳٦-۷
۷- شرفکندی، عبدالرحمن (۱۳۸۱) فرهنگ کوردی- فارسی (هنبانه بورینه) تهران، سروش
۸- هال، جیمز (۱۳۸۰) فرهنگ نگاره ای نمادها در شرق و غرب، ترجمه رقیه بهرامی، تهران، فرهنگ معاصر
۹- یاحقی، محمد باقر (۱۳۸٦) فرهنگ اساطیر و داستان واره ها،تهران، فرهنگ معاصر
۱۰- اسمیت، ژوئل (۱۳۸۷) فرهنگ اساطیر یونان و رم، ترجمه شهلا برادران خسرو شاهی، چاپ دوم، تهران، فرهنگ معاصر
۱۱- مختاریان، بهار (۱۳۸٦) الگوی پیشنهادی رده بندی داستانهای پریان بر بنیاد اسطوره ها،ماهنامه انسان شناسی، سال چهارم، شماره۸
۱۲- میرخوشخو، سید آمنه، عالم، عبدالرحمان (۱۳۹٦) بررسی اسطوره شناختی جایگاه ایزد بانوان در جهان فکری، معنوی ایران باستان، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطوره شناختی، سال۱۳، شماره ٤٦، بهار ٩٦
۱۳- شفا، شجاع الدین (۱۳۸۳) افسانه خدایان، نشر دنیای نو،سال۱۳۸۳، ص۹۱-٦۳
۱٤- پین سنت، جان (۱۳۷۹) شناخت اساطیر یونان، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر تهران، چاپ اول۱۳۸۰
۱۵- ملک، مهران (۱۳۹٤) فیل ها، مارها، پرندگان (نقدی بر سه گانه هنرهای هندویی و بودایی) فصلنامه نقد کتاب هنر، سال دوم، شماره۵، بهار۹٤
۱٦- طاهری، صدرالدین (۱۳۹٤) بازگونی مفهوم یک نماد (بررسی کهن الگوهای مار در ایران و سرزمین های همجوار، نشریه هنرهای زیبا-هنرهای تجسمی، دوره۲، شماره۳، پاییز ۹٤
۱۷- گاردنر، هلن (۱۳۷٤) هنر در گذر زمان، ترجمه محمد تقی فرامرزی، انتشارات نگاه، تهران
۱۸- طاهری، صدرالدین (۱۳۹۳) ایزد بانوان در فرهنگ و اساطیر ایران و جهان، نشر روشنگران و مطالعات زنان، تهران، چاپ۹۳
۱۹- آموزگار، ژاله (۱۳۸٦) تاریخ اساطیری ایران، تهران، انتشارات سمت، چاپ هفتم
۲۰- پاکباز، رویین (۱۳۸۰) دایـره المعارف هنر، انتشارات فرهنگ معاصر، تهران
۲۱- کریستین وستا، سرخوش (۱۳۸۳) اسطوره های ایرانی، ترجمه عباس مخبر، تهران، نشر مرکز، چاپ چهارم
۲۲- محمد پناه، بهنام (۱۳۸۹) کهن دیـار، تهران، انتشارات سبزان، چاپ پنجم، جلد ۱ و ۲
۲۳- گامبریچ، ارنست (۱۳۸۰) تاریخ هنر، ترجمه علی رامین، تهران، نشر نی
۲٤- رمضانی، کمال (۱۳۹۸) شاماران (در فرهنگ فولکلور کردستان) انتشارا طاق بستان کرمانشاه، چاپ اول
۲۵- مصاحبه شفاهی با عزت علیخانی ۸ تیر ماه۱۳۹۹ محله باغبانی شهرستان کامیاران ساعت ۱۰ صبح
۲٦- مصاحبه شفاهی با سکینه احمدی ۱۰ تیر ماه ۱۳۹۹ تپه پیر محمد شهرستان کامیاران ساعت۱۱ صبح
۲۷- مصاحبه شفاهی با آسیه اسـدی ۲۰ شهریور ۱۳۹۹ محله امام خمینی شهرستان کامیاران ساعت٦ بعد از ظهر
۲۸- مصاحبه شفاهی با قدم خیر اسدی ۲ خرداد۱۳۹۷ روستای وزمانه (منطقه سورسور) ساعت ٤ بعد از ظهر

1. Marjorie J.Milne،Perseus and medusa on a attic Vazone The Metropolitan Museum of Art Bulletin(1301946(126-
2. Wilk،Stephen(2000).Medusa:Solving the Mystery of the Gorgon.New York:Oxford University Press.p.219
3. Harrison،Jane Ellen(1903) 3rd ed. 1922.Proiegomena to the Study of Greek Religion:The kar as Gorgon Stan
4. Graves،Robert(1955).the Greek Myths. Psychological Works of Sigmund Freud. The Hogarth Press.XVIII:273.

۱- ماستەری ئەدەبیاتی فارسی
۲- ماستەری هونەر

# چۆن نیچە بخوێنینەوە؟ (١)

ن/ دکتۆر فەیزیە زەیفولا[٢]
و/ عەبدوللا ئەحمەد (سەرمەد)

**بەشی یەکەم**

ئەمجۆرە پرسیارە، پرسیاری دیکە لەخۆیدا حەشاردەدات و گرنگیشی لەوەدایە، کە دەکرێت، بۆ چەند شێوازێکی دیکە لە ڕووی ستراکتۆر و بابەتەوە بیگۆڕین. لەوانەیە باشتر بێت، بڵێین: پێویستە چۆن نیچە بخوێنینەوە؟ یان بپرسین: ئایە هێشتە دەکرێت نیچە بخوێنینەوە؟ ئایا زۆری تەفسیرە نیچەوییەکان کۆسپ لەبەردەم خوێندنەوەی دیکە دروست دەکەن؟

پێدەچێت، پرسیارکردن لەبارەی خوێندنەوەی نیچە، پرسیارێکی بازنەیی بێت، وڵامـدەرەوەی ئەو مەرجە تەکنیکییانە نەبێت، کە فارابی لە کتێبی (الحروف) دیاریکردووە[٣]

چی وامان لێدەکات، نیچە بخوێنینەوە؟ چۆن دەکرێت لە نیچە بگەین، یان بیخوێنینەوە؟

خودی نیچە، مەترسی لەوانە هەبوو، کە لە داهاتوودا ئەو دەخوێننەوە، بۆیە ئەویش پرسیاری ئەوەی دەکرد، ئاخۆ دەکرێت خوێندنەوەیەکی جیدی و دادپەروەرانە بۆ نووسینەکانی بکرێت.

ئەو دەڵێت: «هەرگیز متمانەم بە خوێنەران نییە، چۆن دەکرێت بۆ خوێنەرانێک بنووسم؟ بەڵام بۆخۆم چاودێری خۆم دەکەم[٤]

کێ دەزانێت، ئایە نیچە ویستوویەتی خەڵکی لە فەلسەفەکەی بگەن؟ پێدەچێت، نیچە لەو کەسانە بێت، کە دەقەکانی وا دەنووسێت، ئەگەری تێنەگەیشتنی هەبێت[٥]؟

مامۆستا محەمەد مەحجوب لەهەندێک توێژینەوەی، کە لەوانەیە بەمزووانە بڵاوبکرێنەوە، جەختی لەوەکردووەتەوە، کە ئێمە ئەگەرچی خوێنراوی نیچەین، بەڵام نیچە دەخوێنینەوە.

بۆیە خوێندنەوەی نیچە هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی چەند لایەنێکی ڕۆڵی هێرمینۆتیکا دەبێتەوە، کە ئەمەش بەهۆی نامۆبییەوە نایەت، کە هەر خوێنراوێک لەبارەی خوێنەرەکەی هەیە، کەچی بەهۆی نزیکی خوێنراوەکە لە خوێنەرەوە ڕوودەدات، ئەمە مانای چییە؟

لەوانەیە ئەوەی کۆسپ بۆ خوێندنەوەی نیچە دروست بکات، ئەوەیە: ئێمە لە یەک کاتدا هەم خوێنەر و هەمیش خوێنراوین، ناتوانین غەیرەبوون (خۆجیاکردنەوە) لەنێوانماندا لەگەڵ ئەو دروست بکەین، چونکە ئەو «غـەیـرە» دەبێتە «خـۆمـان» بۆ ئـەوەی دەوری تێگەیشتن بدەین، دەبێت بەینێک لەنێوانمان و لەنێوان «ئەوەی دەیخوێنینەوە» دروست بکەین، بەڵام ئەمە بەسەر خوێنراوی حاڵ جێبەجێ نابێت، چۆن دەکرێت، ئەوەی بۆمان ئاشنا بێت، بکەین بەوەی لێمان نامۆیە؟

پێویست ناکات زۆر پشت بەو چەندە کەڵەکەبووە زۆرەی شەرح ببەستین، کە دەستیان داوەتە تەفسیرکردنی کارەکانی نیچە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم کارانەی پێویستیان بە شەرح، یان تەفسیری ئەکادیمیستان نییە، بەڵکو پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تەئویلی هەیە، بەتایبەت، کە شێوازی نووسەر، شێوازێکی عادەتی و ئاشنا نییە، نە بە نووسینی فەلسەفەکانی پێش خۆی دەچێت، نە بەوەی سەردەمەکەی. کاری نیچەیی، نە ئەگەری ڕۆتینی شەرح هەڵدەگرێت، نە سادەیی تەفسیر، بەڵکو خودی نیچە لەپێشەکی کتێبی (جینیالۆجیای ئەخلاق)دا داوا لە خوێنەرانی دەکات، کە دەبێت تەئویلی ئەوەی، ئەو نووسیوویەتی بکەن، هەندێک جار بە ئەنقەست ئامۆژگاریی تەئویلی پێشکەشکردووە، هەروەکو ئەوەی لەکتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە) کردوویەتی[٦].

شەرحکەر، کارەکە شەرحدەکات، دەیەوێت تەفسیری بکات، هەرچی تەئویلکەرەکەیە، ئەو دەقە دەخوێنێتەوە، کە ناڕۆشنە، تێیدا بەدوای مانادا دەگەڕێت و بۆخۆی دیدگایەک دیاری دەکات، کە بەهۆی ئەو دیدگاوە بەسەر دەقەکەدا دەڕوانێت، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو بەهۆیەوە لەناو دەقەکەدا دەگیرسێتەوە، ئەو شەرحکەرەی کە دەیەوێت دەقێک تەفسیر بکات، پێویست ناکات شەرم بکات لەوەی هەر دەبێت ڕەمز و لوغزەکانی

**نیچە هەر لە کتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە) بە ئەنقەست دەستی بردووە بۆ نووسین بە شێوازی پارچەیی، کە ئەو کتێبەی بە خاڵی وەرچەرخان لە فەلسەفەکەی دادەنرێت**

شیبکاتەوە و لەباریەکیان هەڵوەشێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر پرسەکە بە بابەتێکی نیچەییەوە پەیوەست بوو، بەڵام تەئویلکەرەکە ئەو باوەڕەی لا دروست نەبوو، کە بەوەندەی شەرحکەران لە شەرح و تەفسیرەکەیان بەرووبانخستووە وازبێنێت، چونکە «وشەکان» ناتوانن ئەوەی ئەو دەیخوازێت بەدەربخات و بەرگی ناڕۆشنی لەبەر داماڵێنێ، چونکە دەقەکە خۆی لەپەنای جوانی شێوازی نووسین شاردووەتەوە، ئەوەندە خۆی لەپشت ڕەمز شاردووەتەوە، لەچاوان بزربووە، خاوەن دەقەکە ئەوەندە هێما و ناڕۆشنی دارشتووە، ئیشکالی لە تێگەیشتنی ماناکەی دروستکردووە، با خوێنەر بۆ نموونە سەیری (زەردەشت وای گوت) بکات.

نیچە هەر لە کتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە) بە ئەنقەست دەستی بردووە بۆ نووسین بە شێوازی پارچەیی، کە ئەو کتێبەی بە خاڵی وەرچەرخان لە فەلسەفەکەی دادەنرێت. ئەو دەقەیە، کە شەرحکەرانی نیچە بە «قۆناغی دووەمی» فەلسەفەکەی دایدەنێن. بۆیە هەموان ئاماژە بە شێوازە داهێنەرانەکەی نووسین و نامۆیی ستراکتۆریی دەقەکەی دەکەین. وەکو ئەوەی بیەوێت ئەو خووەی فەیلەسوفان لە نووسینی فەلسەفە گرتوویانەتەبەر بشکێنێت، بۆیە تێگەیشتن لێی قورس بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جارێک سەخت بوو لەمەبەستەکەی بگەیت و جارێکیش نیازەکانی لەناو دەقەکە دەشاردەوە، ئەمەش وای دەکرد، لە ڕێگەی «وشەکانی»یەوە نەتوانرێت تێیبگەیت، چونکە مانای وشەکان لێرە و لەوێ لەنێوان پەرەگرافەکان بڵاوبووەتەوە، تێگەیشتنەکان بەقەد دیدگاکان و جیاوازی گۆشەنیگاکان فرە دەبوون.

**ئایە نیچە ویستوویەتی خەڵکی لە فەلسەفەکەی بگەن؟ پێدەچێت، نیچە لەو کەسانە بێت، کە دەقەکانی وا دەنووسێت، ئەگەری تێنەگەیشتنی هەبێت**

بۆمان ڕوونبووەوە، لە هەموو بارێکدا، مەبەست لەو شەرحانە، مەبەستێکی ئەکادیمییە، واتە دەیەوێت لەپێناوی تەفسیر و فێرکردن، تەنیا دەست بە شەرحکردنی کارێکی فەلسەفییەوە بگرێت، مەبەست لە خوێندنەوەی تەئویلی هەر ئەوە نییە لە چوارچێوەی شتی ئەکادیمی و فێرکردن بکرێت، بەڵکو بەسەر ئاسۆی دیکەش دەکرێتەوە، کە وای لێدەکات بە پرسی دیکەی فەلسەفییەوە گرێبدرێت، بۆیە وەکو بنەمایەک بۆ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی نیچەیی، پێویستە لەسەرمان پشت بە خوێندنەوە فەلسەفییەکان ببەستین، سەربارى ئەوەش پێویستە ئەوەی شەرحکەرانی نیچە پێیگەیشتوون، وەربگرین، بەبێ ئەوەی بە مەبەست لەنێوان خوێندنەوەی تەئویلی و شەرحی ئەکادیمی لایەکییان بەسەر ئەوەی دیکەیان بخەین، بەڵکو دەستبردنمان بۆ ئەو شەرحانە لەم خوێندنەوەیەدا، بەهۆی ئەوەوە بووە، ئەو شەرحانە، یان نەیانتوانیووە تێی بگەن، یان خراپ تێیگەیشتوون، بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی نیچە لەنێوان بابەتی فەلسەفی و شیعریی ڕەمزیی دابووە، بۆیە پەیدابوونی «وشەکان» لای ئەو پەیدابوونێکی مۆزیکی (هاوڕێیەتی لەگەڵ ڤگنار) بووە، ئەمەش وایکردووە لەبەردەم هەموو هەوڵێک بۆ شەرحکردن، یان تەفسیرکردنی بەرگە بگرێت.

خودی نیچە لە پێشەکی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)دا کە ساڵی ١٨٨٨ چاپ بووە، جەختی لەوەکردووەتەوە، کە ڕێبازی ئەو لە بیرکردنەوەدا، لەسەر (هونەری گوێگرتن) بوونیادنراوە، نەک لەسەر (تێڕوانینی ڕەمەکی) یان سەیرکردنی سادە[7]

ئەی بۆچی هێشتا خوێندنەوەی نیچە کێشەیە؟ یان پشت بەچ خوێندنەوەیەک ببەستین؟ بەچ پێوەرێک خوێندنەوەیەک هەڵبژێرین و یەکێکی دیکە هەڵنەبژێرین؟

**٢ - پرسی کارەکانی نیچەیی:**

پێدەچێت پرسی سەرەکی، کە ڕووبەڕووی تەئویلکاران دەبێتەوە، خودی کارەکانی نیچە خۆیەتی: واتە ئایە فەلسەفەی ڕەسەنی نیچە لەو کۆمەڵە کارانەیە، کە نیچە بەخۆی بڵاویکردونەتەوە، یان لەوانەیە، کە بەبێ بڵاوکردنەوە بەجێی هێشتوون[8]؟

هەڵوێستی یەکەم، دەڵێت، بەخشینی ڕەسەنی نیچەیی لەو کارانەیدایە، کە دوای مردنی بڵاوبوونەتەوە، کەسانێکی زۆر نوێنەرایەتی ئەم هەڵوێستە دەکەن، وەکو ویرزباخ[9] و هایدگەر.

هایدگەر هەرچییەک فەیلەسوف بەخۆی بڵاویکردبێتەوە، بە دەرەوەی کار دایناوە، هەرچی هەڵوێستی دووەمە، ئەوا لەلایەن هەریەکە لە کارڵ شلیشتە و سارە کۆفمان نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوانە لەو باوەڕەدان کە بەخششی نیچەویی لەو کارانەدایە، کە نیچە بەخۆی ئامادەی کردوون و بڵاویکردوونەتەوە، شلیشتە لەمیانەی کتێبی (Der Fall Nietzsche) کە ساڵی ١٩٥٨ چاپ بووە، ڕایگەیاندووە، کە لە (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە)ەوە دەستی بە خوێندنەوەی نیچە کردووە، ئەو تەنیا دان بەو چاپکراوانەی نیچەدا دەنێت، کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٧٨ بۆ ١٨٨٩ دەرچوونە.


هەڵوێستی سێیەم: کە کۆرت پۆڵ یانز (کە کار مۆزیکییەکانی نیچەی بڵاوکردووەتەوە) نوێنەرایەتی دەکات، باوەڕی وایە کە فەلسەفەی ڕاستەقینەی نیچە لەناو تەواوی نامەکانیدایە (الرسائل الکاملة) پۆڵ یانز باسی ئەو نامەیەی نیچەی کردووە، کە ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٨٨٨ بۆ کارڵ سبیلار نارد، کە تێیدا باسی ئەو بێدەنگییە دەکات، کە باڵی بەسەر کتێبی (ئەودیوی چاکە و خراپە)وە کێشاوە، کەچی ئەو کتێبە کلیلی تێگەیشتنی بیروڕاکانییەتی، بۆیە پۆڵ یانز بۆ خوێندنەوەی نیچە، پێشنیازی ئەوە دەکات، کە دەبێت سەرەتا لەم کتێبەیەوە دەست پێ بکرێت، هەرچەندە سووریشە لەسەر ئەوەی، کە نامەکانی دەبێت گرنگی زۆریان پێ بدرێت[11]

بۆ دڵنیابوون لەوەی پۆڵ یانز باسی کردووە، گەڕاینەوە سەر بەرگی هەشتەمی تەواوی نامەکانی نیچە، بینیمان ئەوەی پۆڵ یانز لەبارەی گرنگی خوێندنەوەی کتێبی (ئەودیوی خێر و شەڕ) باسی کردوە دروستە، لەوێ ئەم دەقە دەخوێنینەوە:......دواین نیشانەی پرسیار: بۆچی کتێبەکەم (ئەودیوی چاکە و خراپە) کپ و کڕکەوت؟ من چاک دەزانم، ئەو کتێبە سەرباری قەدەغەبوونی، بەڵام کلیلی تێگەیشتنە لەمن، پێویستە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەمن، سەرەتا دەست بەخوێندنەوەی ئەو بکات[12].

هەرچی (کارڵ یەسبرس)ە ئەوا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە هەموو کارەکانی نیچەویی وەکو گشتێک بخوێندرێنەوە، چونکە «وشەکانی» لە کتێبەکان دانەبڕاوە، لەوانەیە ئەوەی بە بڕوای ئێمە لاوەکی و ناجەوهەریی بێت، دەکرێت لە فیکری ئەو بنەڕەتی و جەوهەریی بێت، نیچە هیچ کارێکی سەربەخۆ و جیاوازی نییە، دابڕاوبێت لە هەموو کارەکانی دیکەی، هەروەها (یەسبرس) وای دەبینێت کە دژەوانەیی تەئویلەکان نابنە بەربەست، یان کارێکی نەزۆک لەبەردەم خوێندنەوەی نیچە، بەڵکو دەبنە هاندەرێک بۆ تێگەیشتنێکی وردتر[13].

لەمیانەی (وشە بنچینەییەکانی) دەمانەوێت، خوێندنەوە بۆ نیچە بکەین، بۆئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتمان بە بیریاری سەرەکی وەک هایدگەر بەستاوە. هایدگەر وای دەبینێت پشت بەستن بە خوێندنەوەی دژ، هیچ سوودێکی بۆمان نابێت، چونکە لە خودی نیچەمان دووردەخاتەوە، بۆیە ئامۆژگاریمان ناکات، کە پشت بە هەمەجۆر ئەو شەرحانە ببەستین، کە ویستوویانە لە فەلسەفەکەی بگەن، چونکە کارێکی وا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەکرێت بە تێگەیشتنێکی ڕەسەن بگەین.

ئەوەی بوێری فیکریی و پەرۆشیی فەلسەفیی تێدابێت، بەخۆی دەتوانێت خۆی لە قەرەی



سەختی خوێندنەوەی نیچە بدات، بەبێ ئەوەی دەست بەوەی شەرحکەران لەبارەی نیچە نووسیوویانە بگرێت[١٤] بۆیە هایدگەر ئامۆژگاریمان دەکات نووسینەکان نیچە وەکو ئەوەی هەیە بخوێنینەوە، بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لەوانە بکەین، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنەی کە پێویستیان بە خوێندنەوەی دیکە نەبێت. ئەو خوێندنەوانە، تەنیا شەرحێکن، پەل بۆ شتە بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی نیچە ڕاناکێشن، ئەو فرە شیکردنەوانە (شەرحانە) شەرحی فەلسەفین و بە شیکردنەوەی دیاریکراو دەمێننەوە، دەکرێت بڵێین، تاکە خوێندنەوەی فەلسەفی تا ئێستا بۆ نیچە کرابێت، ئەو خوێندنەوەیە بوو، کە هایدگەر کردوویەتی، چونکە چۆتە قوڵایی (وشە بنەڕەتییەکانی) نیچە.

هایدگەر لەو باوەڕەدایە کە پرۆژەی (ئیرادەی ئیقتیدار، ١٩٠١) کارێکی سەرەکی نیچەیە، ئەگەرچی زۆربەی بڵاوکەرەوانی نووسینەکانی نیچە، نکۆڵیان لەوەکردووە،

***خودی نیچە لە پێشەکی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)دا کە ساڵی ١٨٨٨ چاپ بووە، جەختی لەوەکردووەتەوە، کە ڕێبازی ئەو لە بیرکردنەوەدا، لەسەر (هونەری گوێگرتن) بوونیادنراوە***

کە ئەم کارەی هی نیچە بێت (شلیشتە) چونکە لە کۆبەرهەمە بڵاوکراوەکان، ئەوانەی هەریەکە لە جیۆرجۆر کۆلی و مازینۆ مۆنتیناری[١٥] بڵاویانکردەوە، ئەم کارەی تێدا نییە، بەڵکو خودی مۆنتیناری کتێبێکی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکردەوە و ناوی نا (ئیرادەی ئیقتیدار، بوونی نییە)[١٦] هەروەها جیۆرجیۆ کۆلی لەمیانەی ناساندنی کۆمەڵێ کاری نیچەویی لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (نووسینەکانی لەبارەی نیچە) باسی ئەو نووسینەی نیچەی ناکات[١٧].

جێی ئاماژە بۆکردنە، کە شلیشتە، نووسینەکانی نیچەی لە سێ بەرگدا لەماوەی ساڵانی ١٩٥٤- ١٩٥٥- ١٩٥٦ لە چاپخانەی کارڵ هنسەر لە میونیخ چاپکرد، چاپخانەکە خۆی هانیدا کارێکی وا بکات[١٨].

هەروەها بڵاوکراوەی دیکەش هەیە، کۆبەرهەمەکانی نیچەی لەخۆگرتووە، ئەو چاپە ئەڵمانییەی، کە هەریەکە لە جیۆرجیۆ کۆلی و مازینۆ منتیناری ئامادەیانکردبوو، لەهەموویان زیاتر تۆکمەتر و بەناوبانگتر و جێی متمانەترە[١٩].

ئەم دووانە وەرگێڕانە ئیتاڵیەکەی نووسینەکانی نیچەیان لەوەتەی ساڵی ١٩٦٤ بڵاوکردووەتەوە، دواتر ئەمەیان بۆ زمانی فەرەنسی و زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوە، هەر ئەم دووانە دەستنووسەکانی نیچەیان بە گوێرەی سیستەمی بەدوایەکداهاتنی زەمەنی ڕێکخست، کەچی چاپخانەی گرۆس ئۆکتاف بە گوێرەی سیستەمی زنجیرەی بابەتەکان، نووسینەکانی نیچەیان بڵاوکردەوە، چاپی ئەڵمانی لەلایەن دی گریتەر لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکرایەوە[٢٠] هەرچی چاپە ئیتاڵییەکە بوو، لەلایەن ئەلفی ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکرایەوە، هەروەها چاپی فەرەنسییەکەش لەلایەن گالیمار ساڵی ١٩٧٨ بە سەرپەرشتی جیل دۆلۆز و مۆریس دی گوندیاک بڵاوکرایەوە[٢١].

ئەو چاپەی لێرە پشتمان پێبەستاوە، لە ١٤ بەرگ پێکهاتووە، سەبارەت بە (ئیرادەی ئیقتیدار) ئەوا پشتمان بە چاپی فەرەنسی بەستاوە، کە ج. بیانکیس لە ئەڵمانییەوە (لە بڵاکراوەی ساڵی ١٩٤٠ بەناوونیشانی Das Vermachtnis F. Nietzsches) وەرگێڕاوە

١- لەبارەی ئەم جۆرە پرسیارانە، بۆ نموونە سەیری جۆن فرنسوا بالودی بکە لە پێشەکی کتێبی (خوێندنەوەیەک لەبارەی نیچە) ل٥.

٢- ئەمە پێشەکی کتێبی کلمات نیچە الاساسیة، ضمن القراءة الهیدغریة، لە چاپخانەی الضفاف ساڵی ٢٠١٥ لە لوبنان چاپکراوە.

٣- الفارابی، کتاب الحروف: تحقیق و تقدیم وتعلیق: محسن مهدي، بیروت ـ لبنان، دار المشرق، ١٩٩٠. فارابی لە فەسڵی سێیەمی ئەم کتێبە پرسیاری لەبارەی ئەو پیتانە کرد، کە لە زمانی عەرەبی بۆ پرسیارکردن بەکاردەهێنرێن، بۆی دەرکەوت کە لە زۆربەی کاتاتەکاندا ئەو پیتانە بریتین لە: (ما= چ)، (أي= کامە)، (هل= ئایا)، (لم= بۆچی)، (کیف= چۆن)، (کم= چەند)، (أین= لەکوێ)، (متی= کەی) سەیری پرسیارەکەی خۆشمان بکە: ئەمڕۆ چۆن بۆمان دەلوێت نیچە بخوێنینەوە؟

فارابی لەمبارەیەوە دەڵێت:... ئێمەش دەڵێین: ئەمە لە ڕەفتاری ئەودا چۆن بووە؟ دەگوترێت: باش، یان خراپ، ئەی لە خیلقەتی چۆن بوو؟ دەگوترێت: ترسێنەر، یان ئاشتیخواز، ئەی لە دەسترەنگی چۆنە؟ دەگوترێت: زیرەکە، یان گەمژە، ئەی لە ژیانییدا چۆن چاودێری دەکات؟ دەگوترێت: پەککەوتەیە، یان خاوەن پیشەیە. فارابی بۆی دەرکەوت، کە ئەوەی لە وشەی (چۆن)ی هەموو ئەو شوێنانەدا داواکراوە، شتێکە لە دەرەوەی ماهییەتی وشەکە. پرسیاری: چۆن دەکرێت ئەمڕۆ نیچە بخوێنینەوە؟

ئەو پرسیارەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین خوێندنەوەی نیچەی پێ بکەین، بەمەش لەوە دەگەین، ئەو چۆنایەتییەی فارابی باسی دەکات، مەبەست لێی ماهیەتی جۆرەکانە، کە بەمە دەگوترێت جۆری جۆری» چۆن بوو» بەڵام لەمجۆرە پرسیارە و ئەوانی دیکەشدا، کە پشتیان بە (چ) یان (کام) بەستاوە، هەر وەکو خۆی دەمێننەوە، فارابی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە داواکراو لە پیتی (لە کوردی پیت نییە وشەیە) (چۆن) پرسیارکردنە لە زاتییەت، هەروەها هەمان شتیش لە پیتەکانی (چ و کامە) داواکراوە، کە دەڵێین: چۆن مانگ دەگیرێت؟ وەکو ئەوە وایە بڵێین: مانگیران چییە؟ یان چ مانگ گیرانە؟ ئەوانە هەموویان یەک داواکارییان هەیە، وەڵامی هەموویان ئەوەیە بگوترێت، زەوی ڕێ لە گەیشتنی تیشکی خۆر دەگرێت بەری بکەوێت. بەمە ڕوون دەبێتەوە، کە پرسیاری: (چۆن دەکرێت نیچە بخوێنینەوە؟) وشەی پرسەکە بۆ ئەوە نییە ئێمە بەدوای وڵامدا بگەڕێین، یان بەدوای کەسی وڵامدەرەوە بگەڕێین، لەوانەیە «ئێمە» لە هەمان کاتدا هەم پرسیارکەرەکە و هەمیش پرسیارلێکراوەکە بین، یان وەکو فارابی دەڵێت: لەبەرخۆمانەوە ئەو پرسیارە بکەین، سەیری بەشی سێیەمی کتێبی (الحروف)ی فارابی لە لاپەرە ١٦٢ بۆ ٢٠٤ بکە.

کەچی فارابی لە بەشی سی و یەکی هەمان کتێبدا ئەم پرسیارەی لە ڕیزی پرسیارە فەلسەفییەکان هەژمار نەکردووە، کەچی لە میانەی قسەکردنی لەبارەی وشە پرسەکان لەبارەی عیلمی ئیلاهی (بەشی ٣٢) باسی ئەمەی کردووە، ئەگەر پرسیار لەبارەی خودا بکرێت: ئایا خودا هەیە یان نا؟

Nietzsche, Fragments Posthmes XIII, 9[188], Cite 4- par Wolfgang, Muller-Lauter, Nietzsche. Physiologie de la volonte de puissance, Paris, Edition. Allia, textes reunis et precedes du Monde la Volonte Patrick

٥- نیچە لە برگەی ٣٨١ کتێبی (العلم المرح، لاپەرە ٢٤٧ وەرگێڕانی حسان بورقیة) دەڵێت: کاتێک دەنووسین، هەر هەوڵنادەین، نووسینەکانمان مەفهوم بێت، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدەین، مەفهومیش نەبێت، ئەگەر هەر کەسێک حوکمی ئەوەی لەسەر کتێبێک دا، بەوەی کە مەفهوم نییە، ئەوا ئەمە بەرهەڵستییەکی تەواو نییە، چونکە لەوانەیە، بەهۆی نییەتی نووسەرەکەوە بێت، ئەو ویستوویەتی هیچ کەس لە نووسینەکەی نەگات.

٦- نیچە لەمیانەی برگەی هەشتەمی پێشەکی (جینیالۆجیای ئەخلاق) ئاماژە بەوە دەکات، کە نووسینەکانی تێگەیشتنیان سەختە و دەبنە کێشە لەبەردەم خوێنەرانی، چونکە نیچە پشتی بە شێوازی پارچەیی (اسلوب الشذري= ئەو شێوازەیە کە نووسەر بیرۆکەی نووسینەکەی پارچە پارچە و پەرەگراف پەرەگراف دەنووسێتەوە، مەرج نییە پەرەگی پێشوو بە پەرەگرافی دوای خۆی ببەستێتەوە) بۆیە ئەو داوا دەکات، کە زەرورە دەست بە تەئویلی نووسینەکانی بکەن، بەڵام ئەمە بەرای ئەو پێویستی بە زیرەکییەکی زۆر هەیە لە بواری تەئویل. سەیری:

Nietzsche, Genealogie de la morale, Preface, 8, .trad. C

شارڵ مۆران لە کتێبی (Nietzsche problem genealogie d une pensee, Paris, J, Vrin, les presses de lUniversite de Montreal, Preface de L-M. Regis, P30)

Nietzsche, Crepuscule des idoles. Eric Blondel 7- .Nietzsche, philosopher musician; 1985,p.21

G Colli et M. Montinari; Etats des textes de 8- .Nietzsche.1964, Paris, Ed de Minuit, 1967, p.127

F. Wurzbach, Das Vermachtnis Friedrich 9- .Nietzsche, Pustlet, 1943, Preface, p. X

Heidegger. Nietzsche I, Trad. P. klossowski, 10- .Paris, Galliard, 2001, p. 18

Janz, Die Briefe Friedrich Nietzsches, Text 11- Probleme und ihre Bedeutung fur Biographie und Doxographie, 1972, p. 147. Cite par, Charles Murin, Nietzsche problem Genealogie. Paris. J. Varin, Les .41-presses de I Universite de Montreal, pp. 40

Karl Jaspers, Nietzsche introduction a sa - 12 philosophie, Trad. Henri Niel, Letter preface de J. .13-wahl, Gallimard, 1980, Introduction, pp12

.Heidegger. Nietzsche I, p. 19 - 13

١٤- ئەو بڵاوکراوەیەی کە جیۆرجیۆ کۆڵی و مازینۆ منتیناری ئامادەیانکرد، بریتیی بوو لە چواردە بەرگ، لە بەرگی یەکەم (لەدایکبوونی تراژیدیا و چەند پارچەیەکی هەمەجۆر و چەند نووسینێکی دیکە) هەبوون، کە هی ماوەی نێوان ١٨٧٠ بۆ ١٨٧٣ بوون. لە بەرگی دووەم: (ئیعتیباراتی لازمنیة ١ و ٢ و ٣ و ٤ و چەند پارچەیەکی هەمەجۆر کە بۆ ساڵانی نێوان ١٨٧٤ بۆ ١٨٧٦ دەگەڕێتەوە، لە بەرگی سێیەم: کتێبی (مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە و چەند پارچەیەکی هەمەجۆر) هەبوون، کە بۆ ماوەی نێوان ١٨٧٦ تا ١٨٧٩ دەگەڕانەوە. بەرگی چوارەم بۆ (فجر و چەند پارچەیەکی جۆراوجۆر) تەرخانکرابوو، هی ساڵانی نێوان ١٨٧٩ بۆ ١٨٨١ بوون، بەرگی پێنجەم (العلم المرح و چەند پارچەیەکی هەمەجۆر) لەخۆگرتبوو، کە هی ساڵانی

١٨٨١ بۆ ١٨٨٢ بوون، بەرگی شەشەم، بۆ (زەردەشت وای گوت)، بەرگی حەوتەم، بۆ (ئەودیوی خێر و شەڕ و جینالۆجیای ئەخلاق) و بەرگی هەشتەم بۆ (حاڵەتی فاگنەر و ئابوونی بتەکان و دژە مەسیح و ئەمەیە مرۆڤ و نیتشە دژ بە فاگنەر) تەرخانکرابوو، بەرگەکانی دیکە بۆ کۆمەڵێ قەسیدە و چەند پارچەیەکی جۆراجۆر تەرخانکرابوو، کە هی ساڵانی نێوان ١٨٨٢ بۆ ١٨٨٩ بوون.

15-Mazzino Montinari; La volote de puissance,Paolo .D Ioria, Paris, L Eclat, 1996

16-Giorgio Colli, Ecrits sur Nietzche, Traduit de I .italien par Patricia Farazzi, Paris, 1996

Schlechta Le cas Nietzsche, Paris, Gallimard, - 17 .1960, P.11

١٨- مازینۆ مونتیناری بەشی یەکەمی کتێبەکەی بۆ ئەو رەوشە تەرخانکردبوو، کە کۆبەرهەمەکانی نیتشەی تێدابوو، بەر لە دەرچوونی چاپی شلیشتە، ئلیزاباث فورستاری خوشکی نیتشە لەوەتەی ساڵی ١٨٩٤ەوە دەستیکردبوو بە دانانی ئەرشیفی نیتشە، کە دواتر ئەم ئەرشیفەی بۆ ئەرشیفی فایمار گواستەوە، بۆیە چاپی گرۆس ئۆکتاف بۆ ماوەی ساڵانی نێوان ١٨٩٤ بۆ ١٩٢٦ دەگەڕێتەوە، هەریەکە لە نۆمان و کرۆنار سەرجەم چالاکییەکانی ئەرشیفی تایبەت بە نیتشەیان لایە، ئەم بڵاوکراوەیە سێ بەشی لەخۆگرتووە: بەشی یەکەم بۆ ئەو نووسینانە تەرخانکرابوون، کە نیتشە بەخۆی چاپیکردبوون، ئەویش لە هەشت بەش پێکهاتبوو، بەشی دووەمیش: بۆ نووسینە جۆراجۆرەکان بوو، کە لە هەشت بەش پێکهاتبوو، لەماوەی نێوان ١٩٠١ بۆ ١٩١١ بڵاوکرایەوە، بەشی سێیەم: لە بەشە ماوەکانی دیکە پێکهاتبو، کە دەقە فەلسەفییەکانی نیتشەی لەخۆدەگرت، مازینۆ منتیناری جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەم چاپە بووە بنەمایەک هەموو چاپەکانی دیکەی دواتر پشتیان پێی بەستاوە، هەریەکە لەم دووانە (مۆنتینار و کۆلی) لەوەتەی ساڵی ١٩٣٣ەوە، بیریان لەوە کردبووەوە، کە بڵاوکراوەیەک بڵاوبکەنەوە هەموو کارەکانی نیتشە لەخۆ بگرێت، بەڵام خوشکی نیتشە نەیهێشت کارێکی وا ئەنجامبدرێت. لە ١٩٦١ مونتیناری دەستنووسەکانی نیتشەی لە ئەرشیفی فایمار بەسەرکردەوە، ئامادەیی خۆی پیشاندا لەگەڵ مامۆستاکەی (جیۆرجیۆ کۆلی) سەرجەم کارەکانی نیتشە لە بڵاوکراوەیەکی رەخنەیی بڵاوبکەنەوە، ساڵی ١٩٦٤ لە ئیتاڵیا بەرگی یەکەمی چاپ بوو، ئینجا خانەی بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی فالتر دی گروتار مافی بڵاوکردنەوەی ئەم کارانەی بە زمانی رەسەن پێگەیشت، دوای ئەویش خانەی گالیماری فەرەنسی و ئەدلفی ئیتاڵی.

چاپە ئەڵمانییەکەی لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوبووەوە، بۆ ماوەی ١٢ ساڵی درێژەی کێشا، کە ٣٣ بەرگی لەخۆگرتبوو، لە فەزڵی ئەو چاپە رەخنەییە نوێیە کۆبەرهەمی نیتشە لە ١٨٦٩ بۆ ١٨٨٩ بەردەست بوو، لە چاو چاپەکەی گرۆس ئۆکتاف نزیکەی ٥٠٠٠ لاپەرە دەبوو، کە چاپەکەی گرۆس تەنها ٣٥٠٠ لاپەرە بوو. سەیری: (:Mazzino Montinari .La volonte de puissance, Paris, L Eclat, ١٩٩٦) هەریەکە لە باتریسیا فارازی و میشال فالنسی لە ئیتاڵیەوە وەرگێڕاوە. لاپەرە ١٣ بۆ ٢٧.

١٩- ئەم دووانە کۆبەرکارەکانی نیتشەیان لە چاپخانەی گریتەر بە دوو چاپی جیا و ناوەڕۆکی جیا لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکردەوە. کۆبەرهەمەکانی نیتشە بە چاپی ئەڵمانی لەلایەن چاپخانەی ج نۆرمان فرلاغ لە ساڵی ١٩٠٩ بە بیست بەرگ چاپ بوو، هەروەها خانەی هانس یۆیاخیم مات ساڵی ١٩٣٣ بۆ ١٩٤٠ لە حەوت بەرگ بە چاپی گەیاند. هەروەها چاپی ویلیام هۆپ و کارڵ شلیشتە ساڵی ١٩٣٨ دەرچووە، کە کارەکانی نیتشە و نامەکانی لە ساڵی ١٨٥٠ بۆ ١٨٦٥ لەخۆگرتبوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٦ کارڵ شلیشتە بە تەنها ئەرکی لە چاپدانی کۆبەرهەمی نیتشەی لە ئەستۆگرت، کە لە سێ بەرگ پێکهاتبوو، بڵاوکراوەکانی ئەلفرێد کرۆنەر ساڵی ١٩٣٨ بۆ ١٩٣٩ یەکەمجار نووسینەکانی نیتشەی لە دوو بەرگ چاپکرد. دووەمجار لە ساڵی ١٩٦٤ دووبارە چاپیکردەوە، کە ئەمجارەیان (ئیرادەی ئیقتیدار)ی لەخۆگرتبوو. چاپی سێیەمی ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن کرۆنەر فرلاغ بە ١٢ بەرگ دەرچوو، ساڵی ١٩٧٨ هەمان خانە بە دوو بەرگ چاپیکردەوە.

چەندین وەرگێڕان بۆ کۆبەرهەمەکانی نیتشە بە زمانی فەرەنسی کراوە، هێنری ئەلبار لە خانەی مرکۆر دی فرانس کۆبەرهەمەکانی نیتشەی بەچاپ گەیاندووە، لەسەر ئەرکی جیل دۆلز و مۆریس دی گندیاک چاپەکەی کۆلی و مونتیناری چاپکرایەوە، هەروەها مارک دی لۆنای بە پشت بەستن بە چاپەکەی کۆلی و منتیناری دووبارە کۆبەرهەمەمەکەی نیتشەی لە خانەی گالیمار ساڵی ٢٠٠٠ چاپکردەووە، هەروەها کۆبەرهەمەکەی بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕدرا، کە لەلایەن چاپخانەی ئەلێکسەندەر تایل بڵاوکرایەوە، کە ١١ بەرگی لەخۆگرتبوو، هەروەها ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ئەدلفی کرایە ئیتاڵی.

Marc B. de Launay: Euvres philosophues 20- .60-completes. Juin 1975, pp 55

Charles Murin, Nietzsche problem Genealogie 21- .d une pensee, note n 15, p. 38

# دیدار
# نزار خەیلانی

نزار خەیلانی لەم چاوپێکەتنەدا باس لەسەرەتاکانی دەستپێکی ژیانی ئەدەبی و هونەری خۆی دەکات، بەتایبەتی، چۆن بۆ یەکەم جار لەبەردەم جەماوەردا شیعری خوێندووەتەوە و یەکەم شیعریشی لەکوێ بڵاو کردووەتەوە.
جیاوازی ئەم دیدارە لەوەدایە، نزار زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە هێندێک لە بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە.
باسی ئەوەش دەکات، کە چۆن شەوێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب کۆبوونەوەتە و بەرنامەی ئەوەیان داڕشتووە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکەن.
تۆ بڵێی ئەو ئەدیب و نووسەرانە کێ بووبن، بۆ ئەو ڕێگەیان هەڵبژادووە؟
نزار خەیلانی ئاماژە بەناوی زۆر لەو شاعیرانە دەکات، کە لە ژیانیدا ناسیونی و پەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵدا هەبوونە.
بەڵام تۆبڵێی، ئەو شاعیرەی ئەو پێی سەرسام بووە کێ بووە؟
لە ئەڵمانیا چۆن ئەو کچە ئەڵمانییەی ناسیوە و چۆن مارەی کردووە؟
لوغزی ئەوە چییە، لە ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵەی ڕەنجدەران کاری کردووە، کەچی یەک زەرە باوەڕی بە مارکس و لینین نەبووە.
ئەم دیدارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجام دراوە، ئەو لە شاری بۆن-ی ئەڵمانیا و منیش لێرە لە هەولێر.



# نزار خەیلانی:

# یەک زەرە ئیمانم بە مارکس و لینینی نەبووە

دیمانە: سمکۆ عەبدولکەریم

**- سەرەتای منداڵی و ژیانت لەکوێوە دەست پێدەکات؟**

+ لە ڕواندزێ لەدایک بوویمە، هەر لە ڕواندزێش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم تەواو کردیە، دواناوەندیشم لە ئێرانێ، لە ئاوارەیی تەواوکرد، بەڵام حکومەتی عێراق ئیعترافیان پێ نەکرد، بەناچاری جارەکی دی لە هەولێرێ ئیمتیحانم داوە، دەرچووم و چوومە زانکۆی لە بەغدایێ.

**- بەڵام نەتگۆ ساڵی چەند لە دایک بووی؟**

+ لە نفوسی ئەرێن لە (١٩٥٤/٢/١٠) بەڵام یان دەبی ساڵەکی گچکەتر بم، یان دەبیت ڕاست بیت، چونکە ڕەحمەتی کامەرانی برام یەک ساڵی لە من گچکەتر بوو، ئەو مەوالیدی ١٩٥٦ بوو، لە (١٩٥٦/١/٦) لەدایک بووە، ئەوە زۆر گرنگ نییە.

**- باشە ئێوەی خەیلانی چ پەیوەندییەکتان بە ڕواندزێ هەیە؟**

+ خەیلانی پەیوەندی بە ڕواندزێوە نییە، بەڵام ئەمە خەیلانینە و چووینە ڕواندزێ و یەکێکیشین لە بنەماڵە کۆنەکانی ڕواندزێ.

**- ئەی چۆن کەوتنە ڕواندزێ؟**

+ خەیلانی ڕەوەند بوون، بەهاران دەهاتن و دەچوونە کوێستانان، لای حاجی ئۆمەران، کوێستانی خۆیان هەبوو، وابزانم کوێستانەکەیان ناوی (پیرزینی خەیلانیان) بوو، زۆرجارانیش لە دەشتی دیانای ڕەشمالیان هەڵدەدا. مەلای وێندەریش عادەتی بوو، کە کۆچەر دەهاتن، هەر عەشیرەتەک بان، سەری لێدەدان و بەخێرهاتنی دەکردن، ڕۆژەک دەچتە ناو خەیلانیان. باپیرەم کە ئەوسا منداڵ بووە، مەلا دەبینی ئەو منداڵە زۆر زیرەکە. بە داک و باوکی دەڵێ: ئەگەر ئەو منداڵەی لە کنەمن بەجێ بێڵن دەیکەمە کوڕێ خۆم، دەیکەمە پیاوەکی گەورە. ئەوانیش ڕازی دەبن و دەیبات دەرسی پێدەڵێ و دەیکاتە مەلا، دواییش کیژەکی خۆی دەداتێ و مزگەفت و حوجرە و ئەو شتانەی تەسلیم دەکات. بەوجۆرەی بنەماڵەن لەوێندەرێ دەمیننەوە. ئەوە باپیرە گەورەم پێشی سێسەد ساڵ بەر لە ئێستە، لە زەمانی مەلای خەتێ.

**- ئەی لە کوێوە دەستت پێکرد و چی ئەو سەرەتایەی خۆتت بیرماوە؟**

+ یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە باخچەکەی ڕواندزێ خۆپیشاندنەکی گەورە کرا بۆ دەربڕینی دڵخۆشی و پیشوازیکردن لە ڕێککەوتننامەی بەیانی یازدەی ئازار، هەم شوعییەکان، هەم پارتییەکان تێیدا بەشدار بوون، دوای کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکەش لە باخی گشتی کۆبوونەوە، لەوێ مامۆستا زرار محەمەد سەکۆیەکی بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەری دروست کردبوو، دەستکرا بە خوێندنەوەی وتار، منیش قوتابی بووم، تەمەنم هەر ١٥-١٦ ساڵ دەبوو، چوومە کن مامۆستا زراری، پێمگوت شتەکم نووسییە، ئەگەر پێوباش بی و ڕێگەم بدەن دەیخوێنمەوە .

ئەوە یەکەم شیعرم بوو، لە ژیانم و لەسەر مایکرۆفۆن خوێندمەوە، دەشتوانم بلێم یەکەم شیعرمە، کە بڵاوکرابێتەوە، وەکو خوێندنەوە، نەک

بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار.

شیعرەکەشم هەر ئەودەمی نووسی و لەبەریشم کرد و پیشانی مامۆستا زرارم دا، بەبێ ئەوەی لە بەرنامەشدا بووبم، ڕێی پێدام بیخوێنمەوە، منیش بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە، هەر لەبەر خوێندمەوە:

***یازدەی ئازار***
***ئازارێک***
***بۆی هێنان موژدەی ئازادی***
***لە یادما نەما زوڵم و بێدادی***
***کوردستان بەرگی جوانی خۆی پۆشی***
***گەلی کورد ئاوی سازگاری نۆشی***
***شمشاڵی شوان دەنگی هاتەوە***
***دوژمنی کوردی خستە ماتەوە***
***بەفیڕۆ نەچوو بەخشینی ڕەنجمان***
***هەزاران کوژران لە منال و گەنجمان***
***پەردەی ڕەش لەسەر خاکی کوردستان***
***گۆڕا بۆ ڕەنگی سەوزی دارستان***
***هەردووکیان جەژنن دوو ڕۆژی پیرۆز***
***یەکێکیان ئازار ئەوەی دی نەورۆز***

**– پێشتر هیچ جارێکی دیکە شیعرت بڵاونەکردبووەوە، ئەوە یەکەم جارت بوو؟**

+ یەکەم بەرهەمم بوو، وەکو بەرهەمی بڵاوکراوەی بەدەم خوێندنەوە، بە نووسین نا، ئەو شیعرەم هەتا ئێستەش لەهیچ گۆڤار و ڕۆژنامەکی بڵاونەکرایتەوە، بەڵام نیەتم هەیە ئەگەر شیعرەکانم چاپ بکەم، ئەو شیعرەشی تێدا بێت، زۆر شانازی پێوە دەکەم چونکە شتێکی جوان بوو بۆ تەمەنێکی وا بچووک.

**– ئەی ئەگەر بیرت بێت یەکەم بەرهەمت وەکو نووسین، ساڵی چەند و لە کوێ بڵاوکردووەتەوە؟**

+ یەکەم شیعرم لە ژمارە دووی گۆڤاری (بەرەو ڕووناکی) بڵاوکردەوە.

**– ئەو گۆڤارەی سەرەتای حەفتاکان لە (گەلاڵە)ی دەردەچوو؟**

+ ئافەرین، ئەوە نەژادی عەزیز سورمێ بڵاوی دەکردەوە، حەسەن کوێستانی لێپرسراو بوو، منیش ئەو وەختی جێگری لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم لە ڕواندزێ، برادەرایەتیم لەگەڵ هەبوون.

**– برادەرایەتیت لەگەڵ کێ هەبوو؟**


+ لەگەڵ هەموویان، حەسەن کوێستانی، نەژادی عەزیز سورمێ، ئێستەش هەر زۆر برادەرمە، هەموویان برادەرم بوون، کوڕەکی دیشی لێ بوو، برایمی ناوبوو ئیبراهیمی سەید، ناوی بابیم لەبیر نەمایە، بەس دەزانم لە ڕواندزێ دووکانی سەعاتیان هەبوو، سەعاتیان چاک دەکردنەوە.

**– سەیدەی سەعاتچی؟**

+ نا.. سەیدەی سەعاتچی نییە، ناوی هەبوو، برادەرم بوو، سەید ئیبراهیم، لە ئیرانێ بوو، بەو دواییەی هاتەوە، وەبزانم ئێستە لە سۆران دادەنیشی.

**– ئەو شیعرەت بۆ کەسێکی نووسییە، بەناوی عومەر مستەفا، ئەوکەسە کێیە؟**

+ عومەر مستەفا خوێندکار بوو لە زانکۆی بەغدایێ لە بەشی کوردی، لەناکاو مرد، برادەرم بوو، زۆرم خۆش دەویست، لە من گەورەتر بوو، ئەو شیعرەم بۆ ئەو کاک عومەرەی نووسی.


«شیوەنیك»
بۆلاوی جوانەمەرگ عمر مصطفی - !
چۆن تۆ بەم جۆرە دڵت نەسووتا
واشینی دایك وبابتە بە جووتا
ڕەواندوز - نزار خیلانی

چۆن تۆ توانیت بەرەو گەردە گەرد
لەگەڵ خۆت بەری خام وخۆڵ وبەرد

شاری ڕەنگینمان شڵەژا تێکرا
کاتێ گوڵی مەرگ بۆنی بۆت هێنا

بەخوا من هیچ کات باوەڕم ناکرد
کەجێمان دێڵی وبیرم بۆ نابرد

برادەرانت وا لەدانیشگا
باسیان نەبیستبوی مەروانەرێگا

لەخەو ڕاپەرە هێشتا زۆر زووە
باوکی داماوت ئەمەی نارە زووە

بەخوات ئەسپێرم ئەی خۆنچەی تازە
مەرگی وەك مەرگت شایانی نازە

١٩٧٢

دەقی وێنەی شیعرەکە لە گۆڤاری (بەرەو ڕووناکی)

> **“یەکەم شیعرم لە گۆڤاری (بەرەو ڕووناکی) بڵاوکردەوە”**




**بەرگی یەکێ لە گۆڤارەکانی بەرەو ڕووناکی**

**- دوای ئەوە، هەر بایەخت بە نووسینی شیعر دەدا، یان نووسینی دیت لە بواری دیکەش نووسی، بەتایبەتی کە بۆ خوێندن چوویە بەغدا؟**

+ دوای ئەوە، هەر لە ڕواندزێ بووم، زیاتریش بایەخم بە شانۆ دەدا، شانۆگەریم دەنوسی، وەکو شانۆگەری (زانیاری بۆ کوڕ و کچ وەک یەکە) مامۆستا زرار کاری دەرهێنانی بۆ کرد، بۆخۆشم وەکو ئەکتەر دەورم هەبوو، ئەوەش یەکەم بەرهەمی شانۆییم بوو، کە ساڵی ١٩٧٣ لە ڕواندزێ پیشان درا.

شانۆگەری دووەمم (چەک دوژمنی ئادەمیزادە) ئەو وەختی هێشتە لە ئامادەیی ڕواندزێ بووم، ئەو شانۆگەریەشمان پێشکەش کرد (حەسەن ڕەمەزان) کە لە ژیاندا نەماوە، ئەو کاری دەرهێنانی بۆ کرد، ئەویش شانۆگەریەکی زۆر چاک بوو، بەڵام پاشتر زیاتر خوم دایە کاری ڕۆژنامەگەری و شیعر نووسین و بڵاوکردنەوە، بەتایبەتی کە بۆ خوێندن چوومە بەغدا، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و ڕادیۆی کوردی (بەغدا)یێ و (شەمس کوردستان-ڕۆژی کوردستان) و (بەیان) دەستم بە بڵاوکردنەوە کرد. حەفتانە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) نووسینێکم هەبوو، چ شعر بوایە، یان چاوپێکەوتن.

**- ئەوە ساڵی چەند بوو؟**

+ کە لە زانکۆی بەغدا وەرگیرام، ساڵی ٧٦ بوو. لەوێندەرێ ڕا دەستم پێکرد، ئەوکاتی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕحمان)یش لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بوو.

(مەحمود زامدار و لەتیف هەڵمەت و نازم دڵبەند) لە وێبوون و دەیاننووسی، ئەو وەختی کوڕەکی دیش هەبوو، پێم خۆشە لەبیری نەکەن و بەسەری بکەنەوە، ئێستا لە عەنکاوەی دەژی ناوی (زادوق ئادەم) بوو، کوڕەکی زۆر چاکە، پەیوەندی پێوە بکەن، خزمەتێکی باشی زمان و ئەدەبی کوردیی کردیە، باش بوو ناوم لەبیر نەچووە.

**- لە بەغدا چۆن تێکەڵی کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین و بڵاوکراوە کوردییەکان بووی؟**

+ تەقریبەن لەوێ لەگەڵ هەموویان دۆست بووم.

**- هەموویان کێ؟**

+ نووسەر و شاعیرەکان، وەکو لەتیف هەڵمەت و حوسێن عارف و شێرکۆ بێکەس و مەحموود زامدار و نازم دڵبەند ئەوانەم هەموو دەناسین.

شێرکۆ بێکەس لە بیرەوەرییەکانی خۆی، ئەگەر خوێندبیتتەوە، لە دوو سێ جێیان باسی من دەکات، دڵشاد مەریوانیش یەکێک بوو لە برادەرە نزیکەکانم.

**- ئەی عەبدوڵڵا پەشێو و هێمنی شاعیر**

+ ئەوانم نەدەناسین، هێمنی شاعیر جارەک هاتبووە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێرێ، منیش ئەندامی دەستەی کارگێری بووم لەوێ، بەڵام ئەو ڕۆژەی من لەوێ نەبووم نەمدیت.

**- ئەو هاندەرانە چی بوون، کە وای کرد بێیە ناو دونیای ئەدەب و هونەر؟**

+ هەمووی کوردایەتی بوو.

**- باشە ئەتو کوردایەتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانت کو پێکەوە گرێ دابوو؟**

+ ئەوە پرسیارەکی زۆر جوانە، من لێرە، لە ئەڵمانیا لێپرسراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووم، بەڵام یەک زەرە ئیمانم بە مارکس و لینینی نەبووە. برادەرەکم هەبوو، ئێستەش هەر برادەرمە زۆریشم خۆش دەوێ ناوی (ئاواتی

**"کوڕەکی دیش هەبوو، پێم خۆشە لەبیری نەکەن و بەسەری بکەنەوە، ئێستا لە عەنکاوەی دەژی ناوی (زادوق ئادەم) بوو، کوڕەکی زۆر چاکە"**

کەریم دەوڵەت)ە کۆمۆنیستەکی موتەتەریف بوو، لە بەشی ناوخۆیی دەژیا. زۆجار دەچوومە کنی. وێنەی ستالین و مارکسی لە ژوورەکەی هەڵواسی بوو، منیش دەمگوت ئەو تۆڕی و مۆڕیانە چنە لێرەت خڕ کردینەوە، شێت دەبوو. دەیگوت کوو ئەو قسانە دەکەیت، ئەتو وەرە بەس یەک شتم پێ بڵێ، کوو هاتییە ناو ئەو کۆمەڵەیەی؟ دەمگۆ لەبەر ئەوەی هاتیمە ناو ئەو (کۆمەڵە)ی ئەوەی لەو (کۆمەڵە)ی ئیش دەکات هەموویان کوڕی چاک و ڕێکوپێکن، نازانن خیانەت چییە، منیش پێم خۆشە لەگەڵ ئەوانە ئیش بکەم، بە حەقیقەتیش وەبوو.

**– واتە تۆ وەکو فیکر، کەسێکی مارکسی لینینی نەبوویتە؟**

+ قەتعییەن هەر لە بنەماڵەی مە، مارکس و لینین و ئەو شتانە هەموو مەنبووز بوو، ئێمە سرف بنەماڵەکی کورد پەروەر بووین، دەبوایە پێن بڵێن کاژێک.

**– دەکرێت ئەو چیرۆکەمان بۆ بگێڕیەوە، ئەو شەوەی، کە کۆبوونەوە و ڕێککەوتن بچنە شاخ و ببنە پێشمەرگە؟**

+ کاکە سمکۆ ئەوەم بە تەواوی لە بیرە، بەڵام هیوادارم ناوی کەس لەبیر نەکەم، چونکە سەبر سەبر بەخۆت دەزانی زاکیرەی ئینسانی زەعیف دەبێ. ڕۆژی (٧/٢٩) ساڵی (١٩٨٢) بوو، لە یانەی ئەندازیارانی هەولێر، ئەوەی بەرانبەر یاریگەی، کۆبووینەوە، لە باخچەکەی دانیشتین هاوین بوو، ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان جێگەی ڕێزن، چونکە بەڕاستی سەلماندییان، کە کەسانی دڵسۆزن، با ناوەکانت پێ بڵێم: (سامی شۆڕش، کاکەمەم بۆتانی، مستەفا ڕابەر، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج، خالید جوتیار، سەڵاح عومەری چیرۆک نووس) ئەو ناوانەنم لە بیرە، بەڵام وابزانم یەک دووەکی دیشمان لەگەڵ بوو، ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، لەو کۆبوونەوەیەی ڕێککەوتین پەیوەندی بە (شۆڕش)ەوە بکەین، مەرجەکانیشمان بەو شێوەیەی بوو، هەرکەسەک بە کەیفی خۆی ئازادە، چ حزبەکی هەڵدەبژێرێت و دەچیتە ناو چ حزبەکی، هەر کەسێکیش بێلایەن بمینیتەوە، دەتوانێت بە بێلایەنی بمینیتەوە، بەڵام ئێمە لەوێ یەکێتی نووسەران دروست دەکەینەوە، ئەوە ڕێککەوتننامەکەمان بوو.

**– واتە ئێوە ئامانجتان دروستکردنەوەی یەکێتی نووووسەران بوو لە شاخ؟**

+ نەخێر.. نەخێر.. هەمووومان ناومان هاتبووەوە بۆ سەربازی و نەماندەویست ببینە سەباز، ئەودەمی یەکێتی نووسەران مابوو، خۆ یەکێتی نووسەران تێک نەچوو بوو، بەڵام ببووە یەکێتی نووسەرانی حزبی بەعس.

**– دوایی چیتان کرد ڕۆیشتن؟**

+ ڕێککەوتین (٨/٥) هەموومان بڕۆین، ڕێک لەکاتی دیاریکراویشدا هەموو گەیشتنە شاخ، بەس من دواکەوتم، منیش لەبەر ئەوەی دواکەوتم، دەبووایە بچمە جوندیان، لە بێشوکێ ماڵی کاک عارفی بابی دڵزاری. مامی فەرهادی هاتووچۆی سەرنەوسێی دەکرد، لەوکاتەی لەوێ نەبوو، دەبوایە یەک دوو ڕۆژ لەوێ چاوەڕوان بم، بۆیە چاوەڕوان بووم هەتا هات.

**_ ئێوە چۆن ئەو متمانەیەتان بە یەکدی هەبوو، یەک لە ئێوە خەبەری دابا هەمووتان ئاو و ئاو چوو بوون؟**

+ ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگ بوو، یەک لەمە خائین بوایە، هەموومان لەناو دەچووین، باش بوو وەبیرم هاتەوە دوو نووسەر ڕەتیان کردەوە ببنە پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش جێی ئەوپەڕی متمانە بوون.


**– ئەو دوو کەسە کێ بوون؟**



**سمکۆ عەبدولکەریم و نزار خەیلانی**

***“ ماڵێ من پێیان دەگۆت کافتریای کوردان، ئەو دەهات ئەم دەڕۆیی ”***

"
**بەس نەوزاد ڕەفعەت حەزی لە حزبایەتی نەبوو، ئەو بە بێلایەنی ماوە، بەڵام ئەوانی دیکە، کە لە گەڵمە دابوون، بوونە یەکێتی**
"



**رواندز**
**نزار خەیلانی**

**بەقەد بەژنی مێژووی**
**وا کوڵاوی پڕ روداوت**
**بەقەد باڵای پاشا و میرو**
**خزمەتکاری وا پیاوت**
**بەقەد زانا وهونەرمەندی**
**پیر و لاوت**
**بە قوڵایی خەرەندتەوە**
**لە ژێرەوە بەروە ژووردا**
**ئەتۆ بەرزی**
**تۆ هەندرێنی... هان و وەرەی**
**کە نابەزی**
**تۆ کورەکی... کێوێکی رك**
**لێژ نابیەوەو ... دانابەزی**
**زۆزکێکی سۆزی عیشق**
**لە ستەمی ڤین و ژیندا**
**باخ و ڕەزی**
**بۆ خۆت حەزی**
**بەم حەزەشت گەنج دەبمەوە**
**کە پێم دەڵێن رواندزی !**

+ کاکەمەم بۆتانی گوتی: من وەختی خۆی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمی ئەفسەری بەرگری میللی بووم، ئەگەر ئێستە بگیرێم دەمکەنەوە ئەفسەر، با بزانم بارودۆخ چی لێدێت، ئەوکاتی بڕیارەکی دەدەم.

(مستەفا ڕابەر)یش گوتی منیش ئەفسەری پۆلیسم، هەتا ئێستە هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەکردیمە، بۆیە بمێنمەوە سوودم زیاترە.

**– وابزانم چەند ئەدیبێکی دیکەش هاتنە شاخ، کە لەو دانیشتنەدا لە گەڵتان نەبوون؟**

+ ڕاست دەکەی، بیرم کەوتەوە، لە کۆبوونەوەکەی گوتیان چەند کەسی دیکەش هەن دەبێت پەیوەندییان پێوە بکەین، لەو ناوانەی باسیان کردن (نەوزاد ڕەفعەت و ئەنوەر مەسیفی) بوون، گوتم من ئەنوەر مەسیفی ئاگادار دەکەمەوە، چونکە لە سەری ڕەش لێپرسراو بووم، هەموو دەمێ دەمدیت (نەوزاد ڕەفعەت)یش وابزانم مستەفا ڕابەر خۆی لێکردە ساحێب و گوتی من قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەوان کە گەیشتبوونە شاخ (نەوزاد ڕەفعەت)یشیان لەگەڵ چووبوو (ئەنوەر مەسیفی) یش لەگەڵمەن هات. چونکە ئەویش دواکەوت، خەبەرم دایێ هاتە بێشوکێ و بەیەکەوە چووینە سەرنەوسێ.

**– هەمووتان چوونە نێو یەک ڕێکخراوی سیاسی، یان هەرکەسە و پەیوەندی بە حزبێکەوە کرد؟**

+ بەس نەوزاد ڕەفعەت حەزی لە حزبایەتی نەبوو، ئەو بە بێلایەنی ماوە، بەڵام ئەوانی دیکە، کە لە گەڵمە دابوون، بوونە یەکێتی. ڕادیۆی یەکێتی تازە دروست کرابوو (ڕادیۆی مەشخەڵان) بەرنامەیەکیان دایێ. وەکو یەکێتی نووسەران پێشنیازی منیان کردبوو ئەو بەرنامەیەی پێشکەش بکەم، لەبەر ئەوەی شارەزاییم لێ هەبوو، من پێشتر لە ڕادیۆی کوردی بەغدایێ ئیشم کردبوو، بەڵام (جەوهەر کرمانج) بەرنامەکەی پێشکەش کرد.

**– ئێوە هەمووتان بەیەکەوە بوون و لە یەک شوێن کۆبوونەوە، یان پەرتوبڵاو بوون؟**

+ ئێمە بە پەرت و بڵاوی ڕۆیشتین، بەڵام لەوێ یەکترن گرتەوە، من کە گەیشتمە ئەوێ، ئەوان یەکێتی نووسەرانیان دروست کردبوو. وەکو بۆیان گێڕامەوە مام جەلال پێی گۆتبوون، وەرن ئەی هەولێرینە، ئەنگۆ چەند بێ عەقڵن، ئێستە چاپچییەک لە یەکێتی نووسەران لە سلێمانی هاتبا، سلێمانی دەیانکردە هەرا، ئێوە ئەو هەموو نووسەرەی هەولێرێ، بەبێ دەنگی و بە کرێ هاتینە، مام جەلال زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێکردبوون و خانوویەک هەبوو، پێیان دەگوت خانووی هاوڕێ خەجۆی لە (نێو زەنگ)ی ئەو خانووەی دابووینێ، بیکەینە بارەگەی یەکێتی نووسەران.

**– پێش ئێوە، لە نووسەر و ئەدیبان کێ لەوێ بوو؟**

+ پێشی ئێمە حەمەی حەمەباقی و محمد موکری و فەرید زامدار لەوێ بوون (کەریم دەشتی)یش لە خانێ بوو، ئێستە هەر ئەوانەم لە بیرە.

**– دەکرێت بزانین چۆن پەیوەندیت بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە کرد؟**

+ وەکی دەڵێن، وەکو جووجەلەی، کە لە هێلکەی

دیتەدەرێ من ڕۆحی کوردایەتیم هەبووە، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر پێگەیشتووم، لە بابی خۆم فێری کوردایەتی بوویمە، بەڵام بوونە یەکێتیم بەو جۆرەی بوو، ساڵی ١٩٦٦ لە مزگەفتێ بووین نوێژن دەکرد، ئەو وەختی منداڵ بووین. تۆفیقی کوڕی حەبیبی چایەچی برای عەبدوڵڵا حەبیبی، برای محەمەد مەنگوڕی، باوکیان چایەچی بوو، تۆفیق لەگەڵ من قوتابی بوو، ڕۆژەکی پێی گوتم دەبییە یەکێتی قوتابیانی کوردستان؟ منیش لەخوام دەویست، گوتم ئا.

ئەو وەختی بابم نەمابوو، لە کۆبوونەوەیەکی جەلالیان بەشدار بووم، ئەوە یەکەم پەیوەندیم بوو، دوایی لە کۆتایی حەفتایەکان یەکێتی بووین، بەڵام یەکێتییەکی شاراوە، بێ پەیوەندی کردن، یەکەم کەس، کە دەیویست بمهێنیتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر بوو، کە تازە لە حەپسێ بەرببوو پێی گۆتم کاک نزار پێم خۆشە یەکدی ببینین، پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە، بەڵام پاش هەنگی نەمتوانی بیبینمەوە، ببووە پێشمەرگە، دەکرێت بڵێم ئەوە یەکەم پەیوەندیم بوو.

**– کە لە بەغدا بووی، ئەو وەختە تۆ یەکێتی بووی؟**

+ نا، ئەو وەختی یەکێتی تازە دامەزرا بوو، هێشتە وا نەناسرابوو، هەر ئەو کۆمەڵەیە ناسرابوون، کە لە سێدارەدران (هەڵۆی سوور)یان پێ دەگۆتن ئەو ڕۆژەم چاکم وەبیرە، ئێمە ئەوکاتی لە بەغدا بووین، ئەو هەواڵە زۆر ئازاری داین. ئەو وەختی ئەوانەی یەکێتی بوون زۆر دەگمەن بوون.

دوای تەواوکردنی خوێندن هاتمەوە هەولێر، لە سەری ڕەش دامەزرام وەکو بەڕێوەبەری گوندی گەشتیاریی سەری ڕەش. لەوێ زیاتر ئاشنای بڵاوکراوەکانی یەکێتی بووم، بەتایبەتی گۆڤاری کۆمەڵە، کوڕێک لەلامان کرێکار بوو، خەڵکی وڵاشێ بوو، لەوێ بڵاوکراوەکانی بۆ دەهێنام، ڕێککەوتبووین بۆی لە جێیەکی دادەنام. بەوشێوەیەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەم بەدەست دەگەیشت و دەمخوێندنەوە، بەڵام دوایی بەخۆم بە (ئازاد جوندیانی)م گوت دەمەوێت پەیوەندیو پێوە بکەم. گوتی نا، ئەتوو بە کەلکی پەیوەندی نایێ.

گۆتم بۆ؟

گوتی ئەتو زمانت پەلە، ڕەنگە ڕۆژەکی تووشی کێشەکی ببی نهێنیەکان هەمووی ئاشکرا بکەی. تەنیا یەک شتی بکە، ئەگەر پێتکرا یارمەتی بۆ یەکێتی کۆبکەوە، ئەمنیش وەمکرد.

**– یارمەتی وەکو چی؟**

+ ماددی، وەکو پارە و شتی وا، خەڵکێک هەبوو سیقەیان بە من هەبوو پارەیان دەدامێ و منیش بۆم دەناردن، پارەی ئەو وەختی چ بوو، ئەگەر مانگێ دینارەک خڕ بووباوە.

**– ساڵی چەند چوویە ئەڵمانیا، تۆ لێپرسراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووی لەوێ؟**

+ ساڵی ١٩٨٢ هاتمە ئێرە ئەڵمانیای، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، نەک هەر لێپرسراوی کۆمەڵەی بووم، هی یەکێتیش بووم. ئەوسا یەکێتی دوو کۆمیتەی لە ئەڵمانیای هەبوو، خۆراوا و خۆرهەڵات

**– واتە ئەڵمانیای شەرقی و ئەڵمانیای غەربی؟**

+ بەڵێ ئەوەی غەربی من هەر لێرە لە (٨٤)ەوەو مەسئول بووم، هەتا ساڵی ١٩٩٧، تا ئەوکاتەی قادر وەرتی هاتە ئەڵمانیای، دەبوایە ئەو بێتە جێی من، بەڵام هەڵبژاردن کرا و یەکێکی دی دەرچوو، بووە لێپرسراو لەجێی من.

**– تۆ گوتت ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیان چوونە ڕیزەکانی پێشمەرگە لە شاخ، باسی ئەوەش دەکەیت، کە هەر هەمان ساڵ چوویتە ئەوروپا، واتە تۆ هیچ لە شاخ نەماویتەوە و یەکسەر چوویتە ئەڵمانیا؟**

+ ئەوەش پرسیارەکی جوانە، چونکە من بە مەبەستی ئەوەی نەهاتبوومە دەرێ ببمە پێشمەرگە، نامەوێت مەدحی خۆم بکەم، ئەوهام کرد و ئەوهام کرد، نا وەنیە. من هاتبووم بچمە دەرەوەی وڵات، بچمە ئەمریکای لای مامم، بۆ تەواوکردنی خویندن، هەرچەندە حەسەن کوێستانی پێی خۆش بوو بمینمەوە، بەڵام ئەوانەی پشتگیریی چوونەدەرەوەیان کردم و هانیاندام نەمینمەوە (سەید کەریم هاودیانی و ئازاد جوندیانی) بوون.

**– مەبەستت مولازم سەید کەریمە؟**

+ بەڵێ، بەڵێ، ئەو قوتابی باوکم بووە و زۆریشی خۆش دەویست. ڕۆژەکیش مەوعیدم هەبوو لەگەڵ مام جەلالی لە نێوزەنگی، بەڵام فەرید زامدار ئامۆژگاری کردم، گوتی مەچوو.

**– بۆ؟**

> **“ ڕۆژەک مەوعیدم هەبوو لەگەڵ مام جەلالی لە نێوزەنگی، بەڵام فەرید زامدار ئامۆژگاری کردم، گوتی مەچوو ”**



نزار خەیلانی لەگەڵ مام جەلال

+ گوتم بۆ؟ گوتی بچی ڕازیت دەکات بمینیەوە، منیش گوتم ئاخر پێم خۆشە ببینم، گوتی مەچوو، ئینجا نەچووم و خۆم پێشان نەدا و بەسەردا ڕۆیشتم. بۆیە من هەمووی سێ چوار مانگ لەناو پێشمەرگەی بووم. ئەوە حەقیقەتە، هەیە ئەگەر دوو ڕۆژاش پێشمەرگە بووبی، دەڵێت کاکە بیست ساڵان پێشمەرگە بوویمە.

**– لەڕووی ماددییەوە کێ یارمەتی دای؟**

کەس یارمەتی نەدام، من پارەی خۆم هەبوو، دوو هەزار دینارم وێبوو، بینە بەرچاوی خۆ دوو هەزاری ئەوکاتی، پارە بوو نەک گەمە. هەتا حەسەن کوێستانی پێی گوتم، وەرە مەڕۆ بەو پارەی کلاشینکۆفەکی بکرە و لێرە لەگەڵ ئێمە بمینەوە و ببە پێشمەرگە، زۆریان هەوڵ لەگەڵدام، کەمال خۆشناویش زۆری هەوڵدا بمینمەوە، بەڵام ئازاد جوندیانی و سەید کەریم گوتیان برۆ ئێرە جێی توو نییە و بە کەلکی تو نایێت.

> "حەسەن کوێستانی پێی گوتم، وەرە مەڕۆ بەو پارەی کلاشینکۆفەکی بکرە و لێرە لەگەڵ ئێمە بمینەوە و ببە پێشمەرگە"

**– تۆ پێشتر چیت خوێند بوو، دەتویست بچی لە ئەمریکای چ بخوینی؟**

+ دەمویست هەر شتەکی بخوینم، چونکە مامم زۆری پێخۆش بوو شەهادەکی باشم هەبیت، پێشتر لە بەغدا لە زانکۆی موستەنسەرییە دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بووم، لە بەشی گەشتوگوزار، بەڵام وام دانابوو بچمە ئەمریکای، مامم چی بۆ دانابام ئەوم دەخوێند، مەرج نەبوو هەر لە گەشتوگوزاری بخوینم.

**– مامت کێ بوو؟**

+ مامم دکتۆر ئەسعەد خەیلانی، بەقەد مام جەلالی بەناوبانگە، کوو نایناسی؟

(دەزانم، دەزانم، هەر دەمەوێت پرسیارت لێ بکەم)

**– تۆ ساڵی چەند لە گەشت و گوزار دامەزرای؟**

+ لە (١٩٧٧/١٢/٢٢).

**– کەواتە تۆ زۆر زوو کەسەکی خوێندەوار بوویتە؟**

+ کوو، مەخسەدت چییە؟

**– مەبەستم ئەوەیە کتێبت دەخوێندنەوە؟**

+ ئەمن لە منداڵییەوە هێشتا سەفی شەشم تەواو نەکردبوو، نەهجی بەلاغە و تەفسیرم خوێندبوونەوە، لەماڵێن کتێبخانەکی گەورە هەبوو.

**– یانی تۆ بە خوێندنەوەی کتێبی ئایینی دەستت پێکردووە؟**

+ نا، نا، ئەوکاتی گۆڤاری ژین و گۆڤاری نزارم دەخوێندنەوە، ئەو گۆڤارانە هەمووی لە ماڵێ مە هەبوون. زۆرجار باوکم دەیگوت: تۆ هێشتە منداڵی، ئەوانە بۆتۆ قورسن، تێیان ناگەی، دەچوو کتێبی دیکەی بۆ دەهێنام تێیان بگەم. من لە ماڵەکی گەورە بوویمە هەمووی کتێب و پەروەردەی ڕۆشنبیری بوو، ئەو گۆڤارانەی ئەو سەردەمی، هەموون بە موجەلەد هەبوون، بەڵام من هاوینان لە کن مەلای دەرسم دەخوێند، بابم من و براکەمی دەناردە مزگەفتێ بۆ خوێندنی قورئان. نوێژم دەکرد و ڕۆژیم دەگرتن، بابیشم پیاوێکی بە دین بوو بەڵام ئەویش بەو شێوەی نەبوو، پیاوێکی زۆر لیبراڵ بوو.

**– زیاتر چ جۆرە کتێبێکت دەخویندەوە، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، فیکر؟**

+ ڕاستییەکەی زیاتر ڕۆمانم دەخوێندنەوە، هەتا ئێستەش هەندەک ڕۆمان هەنە، لە مێشک و یادەوریم هەر ماون.

**– وەکو؟**

+ ڕۆمانەکانی (عەزیز نەسین) (کوێرەوەری) مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، (شار)ی حوسێن عارف.

**– ئەی شیعر؟**



دکتۆر ئەسعەد خەیلانی و نزار خەیلانی

+ شیعریش، بەڵام زیاتر شیعری عەرەبی وەکو شیعرەکانی جەواهیری و موزەفەر نەواب و نازک مەلائیکە و مەحموود دەرویش.

**– لە شاعیرە کوردەکان بە کێ سەرسام بووی؟**

+ لە شاعیرە کوردەکان، ئەگەر بە دڵنیاییەوە پێت بڵێم (دڵشاد مەریوانی).

**– لەبەر چی؟**

+دلشاد مەریوانی پیاوێکی ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرێکی چاک بوو.

**– بە چی دیاربوو کە کەسێکی ڕۆشنبیرە؟**

+ لە ڕەخەگرتن و نووسینەکانی، ئێستەش لەبیرمە چیرۆکەکی نووسی بوو بۆ منداڵان بەناوی (بوکەخان) ئەو بوکەخانە ئێستەش لەناو مێشکم دەرنایێ. وابزانم کردیانە شانۆگەریش، ئەو لای من شاعیرەکی گەورە بوو.

**– ئەی نەوزاد ڕەفعەت؟**

+ نەوازاد شاعیرەکی ڕێکوپێک و جوان بوو.

**– سەعدوڵڵا پەرۆش؟**

+ سەعدوڵا پەرۆش و فەرید زامدار، هەردووکیان، هەردوو لایەنیان تێدا بوو هەندێک شیعری جوان و هەندێکیشیان من چێژم لێ نەدەبینین.

**– ئەی شێرکۆ بێکەس؟**

شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام من یەک شتی شێرکۆم بەدڵ نەبوو، بەخۆییشم گوتییە. ئەو شێوە خویندنەوە شیعرییەی شێرکۆم بە دڵ نەبوو، کەچی لەو ڕووەوە ئەو زۆر بەخۆی سەرسام بوو. دەیگوت ڕاهێنانی زۆرم کردیە، هەتا بتوانم ئەو شیعرانە ئەوها بخوینمەوە.

**– تۆ بۆ ئەو شێوە خوێندنەوەی شێرکۆت بە دڵ نەبوو؟**

+ خوێندنەوەکەی وەکی ئەوەی بوو لەشەڕێ بیت. شیعر شەڕ نییە، گوێ بدە دڵشاد مەریوانی وەکی شیعری دەخوێنیتەوە، ئەوەندە نەرم دەخوێنێتەوە، ئێستە من و تۆ چۆن قسان دەکەین ئەوهای دەخوێندەوە، ئەوەندە کاریگەری هەبوو، بەڵام ئەوەی شێرکۆ بێکەس هەراوهۆریایە، قەرەبارغییەکی دروست دەکرد، چێژی تێدا بزر دەبوو، چونکە لای من شیعر چێژە. ئەگەر نا شێرکۆ شاعیرەکی گەورەیە (لەتیف هەڵمەت)یش شاعیرەکی گەورەیە.

**– هەر بەکوردیت دەنووسی، یان بە عەرەبیش؟**

+ بە عەرەبیشم دەنووسی، بەڵام دوایی عەمدەن، لەبەر کوردایەتی، چیدی بە عەرەبیم نەنووسی.

**– ئەوکاتی کێ زیاتر هاندەرت بوو؟**

+ زۆر بوون، یەک لەوانە (دکتۆر خورشید شەوکەت ڕواندزی) بوو، یەکێکی دی (دکتۆرە نەسرین فەخری) بوو، ئەوانە زۆریان هاندام (ئیبراهیم عەزیز)یش، کە دکتۆر بوو لە کۆلیژی ئاداب و پەروەردە لەبەشی کوردی لە بەغدا.

**– تۆ دوایی ئەو هەموو خوێندنەوە و نووسینی شیعر لە کۆتایی حەفتاکان و بڵاوکردنەوەیان لە بڵاوکراوە کوردییەکان، کە لە بەغدایێ دەردەچوون؟ دوایێ بۆ دابڕای، هەست ناکەی بەتەواوی دابڕاوی؟**

+ من لە نووسین دانەبڕام، نووسین لە من دابڕا، چونکە ئاوارە بووم، ئەوکاتیش نە ئینتەرنێت هەبوو، نە فەیس بووک، هەتا تەلەفزیۆن بەوشێوەیەی نەبوو، ئەگەرچی ئەودەمی لەوێش زۆر زۆر چالاک بووم، هەموو نەورۆزان، من ئاهەنگی نەورۆزەکانم بەڕێوەدەبرد. دەیان کۆڕی ئەدەب و شیعریم ئامادە و بەڕێوە بردوە. بەتایبەتی بۆ شێرکۆ بێکەس، بۆخۆشی باسی دەکات، دەڵێت جوانترین کۆڕم بۆ کرابێت، ئەو کۆڕەی شاری (بۆن) بوو. بۆ دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و فەرەیدوون عەبدولقادر و حەسەن کوێستانی. ماڵی من پێیان دەگۆت کافتریای کوردان، ئەو دەهات ئەم دەڕۆیی.

**– چەند منداڵت هەنە؟**

+ سێ منداڵم هەنە.

**– ناوەکانیان کوردینە؟**

+ کوڕی گەورەم ناوی (کاردۆ)یە کوڕی گچکەشم، ناوەنجی ناوی (شۆڕش)ە کیژەکەشم ناوی (زارا) یە.


**– کوردی دەزانن؟**

+ بەداخەوە کوردی نزانن، بەڵام هەرسێک ناوەکانیان کوردینە.

**– تا ئێستە سەردانی کوردستانیان کردووە؟**

+ نەخێر، بەڵام بە نیازم لەو یەک دوو ساڵەی

**“ یەکەم کەس، کە دەیویست بمهێنیتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر بوو ”**




دادێت بیانهێنمەوە، چونکە زۆریان پێخۆشە.

**– خێزانەکەشت کوردستانی نەدیتیە؟**

+ نەخێر.

**– دەکرێت باسی ئەوەمان بۆ بکەیت، لە ئەڵمانیای ئەو ژنەت چۆن ناسی و چۆنت هێنا؟**

+ جیرانی یەکدی بووین، کە ویستم بیهێنم دایکی دەیگوت نابێت مێردی بەتو بکات، لەبەر ئەوەی کوردی. منیش چوومە لای پێمگوت: من نە تورکم، نە عەرەبم، نە فارس، ئەوانە دوژمنایەتی ئێوەیان کردووە، ئێمەی کورد هەر ماڵ وێران بووینە.

ئەویش گوتی: ئاخر لەبەر هەندێ ڕازی نیم، ئێوە هیچ نینە، ئەوان هەرنەبی دەوڵەتیان هەیە، ئێوە چیتان هەیە. ڕەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەو بیرکردنەوەشی ئەوە بووبێت، کە پێشتر نازی بووە، مێردەکەشی هەر نازی بوو، بۆیە زۆر کەیفم پێنەدەهاتن، بەڵام بۆخۆی بیرکردنەوەی وانەبوو، کە کارەساتی هەڵەبجەی لە تەلەفزیون بینی لە ساڵیادی هەڵەبجەی زۆر بۆ کورد گریا.

من ئەو قسانەی دایکی خێزانەکەم بۆ کاک نەوشیروانی گێڕابووەوە، ئەویش ئەو چیرۆکەی لە چەند کۆبوونەوەیەکی کادیران گێڕابوەوە، ڕەهبەری سەید برامیش لەوی وەرگرتبوو، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ گوتارێکی لەسەر نووسی بوو.

**– ئەی چۆن مارەت کرد، بە ئیسلامی، یان بە مەسیحی؟**

+ من سێ جار، بەسێ شێوە مارەم کردووە.

**– چۆن چۆنی؟**

+ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٨٥ بە کوردەواری و ئیسلامەتی، جاری دووەم ساڵی ١٩٨٦ بە مەسیحییەت، جاری سێیەم ساڵی ١٩٩٢ بە فەرمی لەڕێی حاکمەوە.

ئەوکاتی زۆر ئیمانم بەو شتانە نەبوو، خێزانەکەم گوتی: ئەگەر دەتەوێت ببمە ئیسلام دەبمە ئیسلام، منیش پێمگوت، نا ئەگەر خۆت دەتەوێت ببیە ئیسلام باشە، ئەگەرنا لەبەرە من مەبێ، کە بە ئیسلامەتیم مارە کرد، ئەویش گوتی: ڕازیی بە مەسیحییەتیش مارەبڕی بکەین، گوتم بۆ نا، حەز دەکەی بە هی جووش دەیکەین.

**– دەکرێت بزانین چۆنت بە ئیسلامییەتی مارەت کرد؟**

+ ئەوە قسەیەکی خۆشە. با بۆت بگێڕمەوە، من بۆ شاهێدی مارەکردنێ تەلەفۆنم بۆ ئەسعەد خەیلانی مامم کرد لە ئەمریکای، ئەو هات ببیتە شاهێد، لە (بۆن)یش عەبدول حوسێن فەیلی ئەویش پیاوێکی تێکۆشەری پارتی بوو، کاتی خۆی برادەری کاک ئەسعەد و مام جەلال و ئەوان بوو، ئەویش شاهێدیکی دیکە بوو، چووینە مزگەفتەکی ئەیانگۆتێ مزگەفتی (تورکان) چووینە ژوورێ مەلایەک لەوێ بوو، نەم دەزانی مەلایەکە چ قەومە بە ئەڵمانی پێم گوت: ئێمە ئیشەکی ئێوهان هەیە. ژن هینانە و ئەوانەش شاهێدن.

گوتی: ئەوها نابیت، دەبێت مەوعیدی دانێن و بە مەوعید بێن. کاک ئەسعەدی مامیشم گوتی: کوڕە دەلێی گەڕێن لەو سەگبابەی، با بچین یەکێکی دیکە پەیدا کەین، دیاربوو کورد بوو، تێگەیی.

گوتی: هەوە کرمانجن، وەرن وەرن. ئیشەکەی بۆ جێبەجێ کردین.

**– پێشی ئەوەی بیهێنی، پێت گوتبوو لەسەر ئایینی**



**نزار خەیلانی لەگەڵ خێزان و دوو لە منداڵەکانی**

**ئیسلامی مارەت دەکەم؟**

+ پێم گوت بوو، ئەو شتانە لەکنە من گرنگ نینە، بەڵام دایکم زۆری پێخۆشە، چونکە ئەو دەڵێ ئەوە حەرامە و گوناحە، لەبەر خاتر و ڕێزی داکا خۆ

**"ئەوانەی پشتگیریی چوونە دەرەوەیان کردم و هانیاندام نەمینمەوە (سەید کەریم هاودیانی و ئازاد جوندیانی) بوون"**

ئەمن ئەو ئیشەی ئەکەم.

**– یانی بۆ ژن هینانەکەت، پرس و ڕات بە کەسوکار و داکت کردبوو؟**

+ ناوەڵڵا، چووم و مارەشم کرد و گواستمەوەش، بەس شریتی ئاهەنگەکەم بۆ ناردنەوە.

**– چەند جار ژنت هێناوە؟**

+ یەکجار

**– ئێستە پەیوەندیت لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانت چۆنە؟**

+ زۆر باشم هەموو پێکەوە دەژین.

**– کوڕەکانت ژنیان هیناوە؟**

+ نا، کوڕە خۆ لێرە ژن هینان هەندە گرنگ نییە.

**– کوڕی گەورەت تەمەنی چەند ساڵە؟**

+ تەمەنی سی ساڵە.

**– کارڵ مای نووسەرەکی ئەڵمانییە، کتێبێکی هەیە، بەشێکی لەسەر کوردە، لە ئەڵمانیای زۆر بەناوبانگە، چیرۆکەکانی کراینە فیلم و ساڵانە بڵاودەکرێتەوە، تۆ چی زانیارییەکت لەسەری هەیە، یان بیرەوەریت لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەو نووسەرەی چییە؟**

+ ئەها، بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی خێزانەکەم گوێم لە ناوی بوو، کە خێزانەکەی خۆم ناسی، کوردی نەدەناسی، گوتی: تۆ خەڵکی کێندەری. گوتم: من کوردم.

گوتی: من شتەکی لەسەر کوردان دەزانم. گوتم چۆن؟ باسی حیکایەتەکانی کارڵ مای بۆ کردم.

**– کە زانی کوردی هەڵوێستی چۆن بوو؟**

+ نەوەی ئێستەی ئەڵمانیا بە جۆرەکی دی بیر دەکەنەوە، نەوەی ئێستەی ئەڵمانیا دوای نازیەت و هیتلەر پەروەردەیەکی زۆر جوان کراینە، ڕێزی هەموو کەسەک دەگرن.

**– وەک دەڵێن چیرۆکەکانی کارل مای کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر خەڵکی ئەڵمانی بەرانبەر بە کورد بەجێ هێشتییە؟**

+ کارڵ مای بە سەدان حیکایەتی بۆ منداڵان نووسییە، کە هەمووی بە خەیاڵ نووسرایە، هەموو ئەو شتانەی کە لە سەری نووسینە نەیدیتینە، کوردستانیشی نەدیتییە. حیکایەتەکانی بۆ منداڵان هێندە خۆش بووینە کراینە پرۆگرام، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان دەخوێندرێن، منداڵەکانیان لەوێ فێری ئەو حیکایەتانە کردیە، هەندێک لە حیکایەتەکانیشیان کردینە فیلم هەموو ساڵێک لە ڕۆژی لە دایکبوونی مەسیح لە تەلەفزیونەکان بڵاودەکرێتەوە. ئەو بەشەی باسی کورد دەکات، هەم خوێندیتمەوە، هەم بە فیلمیش دیتیتم. زۆر شتی کوردەواری تێدایە، بەڵام سەد لە سەد نا، چونکە میللەتی کوردیش ئەو وەختی وەکو ئێستە نەبووە، بەڵام کتێبەکەی لەسەر کورد خراپ نییە، هەرچەندە ناوونیشانەکەی ئەوەیە (بە کوردستانێکی کیویدا) بەڵام ئەو کیویەی ئەو بەکاری هێناوە لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ سوکایەتی پێکردن نییە. بەمانای وڵاتێکی وێران، وڵاتێکی شاخ و دار و بەردی لەبیرکراو.



نزار خەیلانی

**– باشە زمانی ئەڵمانییەکەت چۆنە، بایی ئەوەی هەیە پێی بنووسی و بخوێنییەوە؟**

+ ئەڵمانییەکەم خراپ نییە، لە زۆران باشترە.

**– باشە تۆ هێندە ساڵە لە ئەڵمانیای، بۆ هەوڵت نەدا هیچ بەرهەمێک لە کوردی بکەیە ئەڵمانی، یان لە ئەڵمانی بیکەیە کوردی؟**

+ دەترسێم، بەڕاستی ترسم لە وەرگێڕان هەیە. با بۆت بگێڕمەوە ئەو ترسەش لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

ڕۆژەکی لە لەندەن بووم چووبوومە لای ئەسعەدی مامم، کە دەعوەتی فەوزی سائیبی (فەوزی بەگ) قائیمقامی وەختی خۆی ڕواندزێ بوو، کە دوایێش

بووە نائیبی موتەسەریفی بەغدایێ، لە زەمانی جەلالیانیش پالێوراو بوو، بیکەنە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق.

مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)یش لەوێ بوو، ئیبراهیم ئەحمەد بنەماڵەی ئێمە و باوکمی دەناسی، لە ئەسعەدی پرسی ئەو کورە کێیە لەگەڵت دایە، ئەویش گوتی برازایتم کوڕی جەلالی، گوتی: وەرە لەکنەمن دانیشە، چووم لەکنی دانیشتم گوتی چ ئیشەکی دەکەی لە ئەڵمانیای؟ گوتم: ئیشی وەرگێڕان. گوتی بۆ کوردیی، یان بۆ چ زمانەکی گوتم بۆ کوردیی و عەرەبیی. گوتی: عەرەبیەکەت کووە گوتم خەراپ نییە، گوتی ئەدی کوردییەکەت؟ گوتم ئەویش خەراپ نییە. گوتی ئەدی بادینی (کرمانجیی) گوتم ئەویش برەک شلەتێنە. جا دوو شتی بۆ گێڕامەوە، بۆیە من لە وەرگێڕانی ترسام گۆتی: منداڵ بووم پۆلی شەشی سەرەتایی بووم لە بەغدا، لەسەر ڕێم کوشکەک هەبوو ڕۆژنامەی لێ دەفرۆشرا، لەو کوشکەی بەردەوام ڕۆژنامەم لێ دەخویندنەوە، تێش نەدەگەیشتم، عەرەبیم نەدەزانی. گوتی ڕۆژەکی لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان خویندمەوە نووسرابوو (الکرد ینال حقوقهم) واتە کورد بە مافەکانی دەگات، منیش خەنی بووم. ڕۆژانە عانەکم هەبوو ڕۆژنامەکەم کڕی و بردمەوە ماڵێ و ئەوەم بۆ گێڕانەوە، کە لە ڕۆژنامەکەیدا نووسرا بوو، هەموو سەریان سوڕما، گوتیان ئەتو ئەو هەواڵەت لە کێ هینا. منیش ڕۆژنامەکەم پیشاندان، کە خوێندیانەوە، هەموو وێکڕا پێکەنین، منیش واقم وڕما گوتم: بۆ پێدەکەنن، گوتیان دەزانی ئەوە چ نووسرایە، منیش گوتم من ئەوهای تێگەیشتیمە، گوتیان نا، نووسراوە (الکردینال وحقوقهم) کاردینال پیاوێکی ئایینی مەسیحییە، مانای (کاردینال و مافەکانیان).

شتەکی دیشی بۆ گێڕامەوە، گوتی نووسەرێکی ئەرمەنی هەبوو، ناوی (بوڤیان) بوو، یەکێک گوتارێکی وی لە عەرەبییەوە کردبوە کوردی (بوڤیان)ەکەی کردبوە (باوکی ڤیان).

لەو ڕۆژییەوە زۆر لە وەرگێڕان ترساوم، بەڕاستی وەرگێڕان کارێکی زۆر مەترسیدارە.

وەختی خۆی سامی شۆڕش لە ئێزگەی (براغ) بەرنامەکی هەبوو بۆ (ئەحمەد چەلەبی) کە پارەی لە ئەمریکای وەردەگرت. تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی:

> “ کوڕێک لەلامان کرێکار بوو، خەڵکی وڵاشێ بوو، لەوێ بڵاوکراوەکانی بۆ دەهینام ”

بابەتی وەرگێڕدراوم بۆ بنێرە پارەکی باشت دەدەمێ. گوتم کاک سامی من نەوێرم خۆم لە وەرگێڕانی حەرفی بدەم، ئەو داوایەی لە من مەکە، نایکەم، بەلام بۆ وەرگێڕانی شەفەهیی ئامادەم، جا ئەوەم بۆ ئەویش گێڕایەوە، بۆیە خۆم لەکاری وەرگێڕان بەدوور گرتییە.

**– ئێستە لە ئەڵمانیا بە چی خەریکی؟**

+ کات کوشتن، بەلام سبەینان لە خەوێ هەڵدەستم چوار کیلۆمەتر، دەبێت بە پێیان بڕۆم، برادەرەکی ئەڵمانیشم هەیە جاروبار بە تەلەفۆن قسان لەگەڵ یەکدی دەکەین و هەندێک جاریش پێکەوە دەچینە دەرێ بۆ مەلەوانگەی، یان نان خواردنەکی، ئەوە بەرنامەی ڕۆژانەمە.

**– بەچی هاتووچۆ دەکەیت، بەخۆت ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی؟**

+ بە ئۆتۆمبێل، بەلام بەخۆم نەوێرم باژۆم، منداڵەکانم داژۆن، لە هەولێرێ بەخۆم داژۆم بەلام لێرانە بەخۆم لێناخورم.

**– ماندووم کردی، بەلام خەریکە شتێکی ئەوهامان نەمایە، پێم بڵێ وەکو کتێب چیت چاپ کردووە و بە نیازی چی تازە چاپ بکەیت؟**

+ یەکەم جار کە هاتمە بەرلین، نامیلکەیەکم بڵاوکردەوە کە دەست نووسی (ئەکرەم خامۆش)ی بوو بەناوی (ژانی ئاوارە) گۆڤارێکیش هەبوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بڵاویان دەکردەوە، لەوێش بە بەردەوامی شیعر و نووسینم تێدا بڵاو دەکردەوە.

باش بوو ئەوەشم بەبیر هاتەوە من یەکێکیش بووم لە دامەزرێنەرانی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردیی) ئێستەش ماوە، سەرۆکەکەی ناوی (مەتین ئینجەسۆ) من جێگری بووم.

دەستەی کارگێڕیی لە کوردانی هەموو پارچەکان پێکهاتبوو، دوو سێ کەسی ئەڵمانیشمان لەگەڵ بوون، گۆڤارێکیشمان دەردەکرد بەناوی/ kurdistan heute کوردستانی ئەمڕۆ) لەو گۆڤارەشدا، من بە بەردەوامی بابەتم بە زمانی ئەڵمانی تێدا دەنووسی، جێگری سەرۆکی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەش بووم.

(کاک سمکۆ ماندیت کردم)

# هونەر

- ***حوزنی زیرەک***

بەگێڕانەوەی: حەسەن پەروەر

- ***سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا***

ئەسعەد قەرەداخی



# حوزنی زیرەک

بەگێڕانەوەی: حەسەن پەروەر

لەسەر هەر گۆرانییەکی حەسەن کتێبێک پێویستە. هەر دانەیەکی گەوهەرێکە کە سەنعەتکاری بە سەبر و ئاسنگەری بە زەبری دەوێت بیکوتێتەوە و برازی بکات و ئیبرازی بکات، تا لەسەر نووسینەکە شایانی بالآی گۆرانییەکە بێت. بەس لە داخی کورتهێنان ناشێ کورتەی قسە لەسەر ئەم گۆرانی و ئەویدی نەکرێت.

لەسەر گۆرانی (هەی بەلار و بەلار) قسە دەکەم. دەبێت ئەم ناوونیشانە ئاماژە بن بۆ ئاهەنگسازی و بەزم و ڕەزم. خۆی ناوەرۆکی گۆرانییەکە و بەیتەکانی وایە کە لە بەزم و ڕەزمی تێپەڕاندووە و هی شەوق و زەوق و ئیرۆتییکە. ڕەنگە لەبەر ئەوە لە چاو گۆرانییەکانی تری زیرەک و تایپێک لە گۆرانی ئیروتیکی کوردی کەم لەسەری دەدوێن.

* * *

بەڵام من پێچەوانەکەی دەبینم، نازانم بۆ لە موناسەبەی ئەم گۆرانییەدا هەست دەکەم گوێ لە گۆرانییەکی خەمین و غەریبنەوازی دەگرم. ئەگەر قسە لەسەر سلۆی ئاوازە، زیرەک ئاوازی دیکەی سلۆ و خاوی هەیە و (ئەی بەلار) لەچاویا پەلەتر و ئاهەنگسازترە، بەڵام نا، قورگی زیرەک لەم گۆرانییەدا غوربەتێکی سەیر و نامۆبوونێکی تاڵی هەژاری پێوەیە. (خەمگین و دڵپەشێوە) بە وەسفی وەفایی، لەجیاتی نۆتە، خەریکە خوێنی گەشی چۆڕێتی. نەغمە دلۆپی بێدەنگ و ئاورینگی تەنکی پێوەلکاوە. مەگەر دکتۆرێکی میعلان پێوەری قورگ و گریانی ناخیمان بۆ هەڵبسەنگێنێ.

* * *

گۆرانییەکە لێرە نانووسمەوە، چونکە خۆم دەمەوێت نووسینەکەم لەسەر کاغەز نا، لەسەر گۆرانییەکە بنووسمەوە. نازانم شتی وا دەبێت یان نا؟! چوون پێشەکی کورتی شوکرڵڵا بابانی-ی دڵم تێر ناکا و مەبەستم ناگەیەنێت. ئاخر ئەو لە کورتی دەیبڕییەوە کە ئیقلیمچییانە لە زمانی فەردۆسی دەیڵێتەوە: هونەر بە لای (ئێرانیانەوە)یە. بەمەش بە ناچاری و ڕاستەخۆ گەرمێنی کوردستانی لە بەهەشتی زیرەک دەردەکرد، وەکو هەڤاڵ ئەفلاتۆن شاعیرەکانی لە کۆماری ئاوەدانی خۆی خستە دەرەوە. شەکروڵڵا بەمە گەرمێنی بێبەش دەکرد و کاشان و ئەسفەهانی خواپێداو و بێ ئیحتیاجی دەکردە شەریکە بەش لەگەڵ ڕەنجی فەرهادی حەسەن زیرەکدا.

* * *

چۆنی باس بکەم دادم نادا، خۆتان ئەم فاریزە و وێرگویلانەم تێکەڵی نۆتەکانی دەنگی بکەن. گوێ لە هەی بەلار بگرن.. ئەم هەمەموو خەم و خەفەت و لەهەمان کاتدا دڵنیاییە پتەوە لە کوێوە دێنێت؟ زیرەک لەم گۆرانییە حەریفەی تەجرەبەی دەیان ساڵەی گەرمێن و کوێستان، بەغدا و تاران، تەورێز و کرماشانی لەبەردەستە و وەک جەنەراڵێکی نێو ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)یەکەی تۆڵستۆی قامک

> **زیرەک ئاوازی دیکەی سلۆ و خاوی هەیە و (ئەی بەلار) لەچاویا پەلەتر و ئاهەنگسازترە، بەڵام نا، قورگی زیرەک لەم گۆرانییەدا غوربەتێکی سەیر و نامۆبوونێکی تاڵی هەژاری پێوەیە**

لەسەر بەسەرهاتەکان دادەنێ و تەپۆلکە و گرد و ڕووبارۆچکە دیاری دەکا و دەیکاتە هەوێنی داستانی گێڕانەوە. زیرەک تۆلستۆییە لە گێڕانەوە، ئەم حاجی موراد و قەفقاس و تیری (بوخارا و سەمەرقەندی) تیژ دەکرد و زیرەک ناڵەشکێنە و کرماشان و داری بابان دەلاوێنێتەوە.
خۆی وشەگەلی گۆرانییە ئیروتیکییەکە تۆکمە و دامەزراوە، وەکو باڵا و ئەتڵەسی ئەو خانومانە بێ ناوەی بە شانوباڵیدا هەڵدەدات. وەکو هەر گۆرانییەکی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات یەکێتی ناوەرۆک و بەیت و بابەت و تەلاری مانای فۆلکلۆری وا ڕیز کراوە کە یەک مانا و یەک چیرۆک بگێڕێتەوە. پێچەوانەی گۆرانی فۆلکلۆری خۆمان، لە باشوور، کە وەکو بازاڕی لەنگەکە هەموو سنفێکی تیایە.
تەواوی گۆرانی (هەی بەلار و بەلار) باسی گوڵئەندام. باس باسی جوانی خواپێداوی مامۆستا گۆرانە، وەختێک هێشتا مەلۆتکەی فۆلکلۆرە.
هەر بەیتەی گەوهەرێکی وەزن و قافیە تێکەڵ دەکات، بەڵام هەر بە ڕاست ئەمە باسی یار و هەی بەلارە؟ یان حەسەن زیرەک لەم نەغمە حەزینە بە کوڵ بۆ شتێک دەناڵێنێ و دەگری؟ بۆ ڕەنجی بێ حاسڵ دەگری.

* * *

سەرەڕای ئەوەی بە سافی و بێگەردی تۆماری دەنگەکە دیارە هی قۆناغی قاڵبوونی زیرەکە. هی نیوەی شەستەکانی سەدەی بیست، وەختێک ئەزموونی بولبولی خۆشخوانی بۆکان وا گەشەی کردووە، کە خاوەنەکەی هەم بە باوەڕ و متمانەوە گۆرانی دەڵێ و هەم چاوی لەسەر ئایندەی نادیاری ئەم خەزنەیەی خۆی تیژە، کە نازانێ بۆ کوێ دەڕوا؟ وەکو سەفەری لای ئێوارانی ماشێنی نوحی کوردەواری کە لە پێچاوپێچی شارەکان (لەنێوان میاندواو و گوندانی دەوروبەری) بچمی لە ئاوایی تازە نزیک دەبێتەوە و دەشێت سوارێک دابەزێنێ و پیادەیەک بۆ وێستگەیەکی دی ببا.

* * *

دەق یەک بینە قەڵپ دەدا و لێی دەرژێ. هەر دەڕوا و هەر دەڵێ، چونکە گۆرانیبێژی حەریف هەویری دەشێلێ، فەقەت لە حوزنی نەغمە، هەم ڕیتمی غەریب و نامۆیی و تەنیایی جێگەی هەیە، هەمیش پرسیاری ناکامی هەیە. ئێ دوای ئەوە چی؟ دوای ئەوەی بەستەی (هەر بەلار) تەواو دەبێت، زیرەک بۆ کوێ لار دەبێتەوە؟
لەبەرچاومانە (ئوستاز حشمەتی)یەک، یان چوزانم، بەهنودییەک، تەعاروفێکی ئێرانی لەگەڵ زیرەک دەکات و (بەه بەهێکی) لێ بەردەبێتەوە و ڕادیۆی دەوڵەتی پێ شاباشی دەبێت و ڕادیۆی سەرانسەری بە کەمترین نرخەوە بەم خەزنەیە شاد و خەندان دەبێ و دواجار کرماشان و ستافی میدیای شاهەنشاهی گرەوی گۆرانییەکی دی لە ڕادیۆی بەغدا و تیمی مامۆستا عەلی مەردان، لەوێ دەبەنەوە.

* * *

کارم بەسەر ڕۆم و عەجەمەوە نییە و من وێڵی حوزنی دۆستی بۆکانییم. چیت لێ قەوماوە و چۆنت لێ قەوماوە کاک حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی تۆماری کتێبەکان باسیان کردووە؟ یان شریت و بەکرەکانی ئەبوسەباح لێیان گێڕاویەتییەوە؟
خۆزگە دەمزانی لە پشت ئیرۆتیکا و (بێ حەیایی) فۆلکلۆری شەستەکانمانەوە چیت حەشار داوە؟ لەم قەرەباڵغییە بە زەوق و شەوقەدا چی خەمێکی قاچاخت حەشار داوە و ناتەوێ دەست نەیار و بێ بار بکەوێت.
(هەی بەلار و بەلار و بەلاراوە
تو سەری باوکت وەرەماڵەوە)


**بە سافی و بێگەردی تۆماری دەنگەکە دیارە هی قۆناغی قاڵبوونی زیرەکە، هی نیوەی شەستەکانی سەدەی بیست، وەختێک ئەزموونی بولبولی خۆشخوانی بۆکان وا گەشەی کردووە**



**لە ڕاستەوە: تایەر تۆفیق، حەسەن زیرەک، موچتەبا میرزادە، عەلی مەردان- کرماشان**



# سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا



ئەسعەد قەرەداخی
سوێد

بەشی یەکەم

سەرەتا، با لە لێکدانەوەی وشەی مۆزیکاوە دەستپێبکەم، بزانین بۆچی؟

مۆزیک μουσική:mousike لێرەشە وشەیەکی زۆر دێرینی یۆنانییە، کە بەشێوگی موس Μούσα Muse: هاتووە و ڕۆمێنراوە Romanized بەشێوگی مۆوسای Moûsai.

پێدەچێت ڕەگی ئەم وشە یۆنانییەیش لە بەراییە ڕیشەی هیندۆ- ئاوروپییەوە Proto-Indo-European root هەڵێنجرابێت کە مانایشی» بیئاخنەمەند «Put in mind دەگەیێنێت.

دواتر هەر لە زوانی یۆنانییدا، بە مۆسیس Mosis:Μώσης/ کە ئاماژە بووە بۆ حەز و ئارەزوو Desire and wish.

ئەم گوزارەیە بەسترایەوە بە نۆ پەری-یکەی زیۆسی خودا Zeus God منیمۆسینەی خودێ Mnemosyne Goddess (پارێزەری هونەر و زانست) هەر یەک لەم پەری-یانەیش گوزارە لە جۆر و چەشنە هونەرێک دەکەن کە بەخشێنەری ڕاماندن Meditation و سرۆ: إلهام Inspiration بێت لە بوارەکانی وێژە، زانستەکان و هونەرەکان کە ببنە چاوگی ناسین و زانین-ی بەرجەستێنراو لە شیعر (شیئر) Poetry lyrics ستران و داستان-داستانەکانی یۆنان.

لەو چاوگە بەر-مێژوویانەی Prehistory کە شوێنەوارناسان Archaeologists لێگەڕان و کنە و پشکنینیان تێداکردووە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لەو کار و چالاکییانەی مرۆڤە سەرەتاییەکان هەیانبووە، هونەری مۆزیک بووە.

سەرەتای ئەو چالاکییانەیشی لە ڕێوڕەزمی دینی-یەوەرا سەرچاوەی بەستووە. ئەو ئاوازانەیش سازێنراون بە سەما و شیعر بەشێوگ و چێوەیەکی بەزمێنراو و داڕێژراون و بەزموڕەزمێکی زۆر بەهەند و سپەنتا Spantā(مقدس Sacred) و پیرۆز (مبارك: Blessed) بیەکی وەهای کە لای ئەو خودا باوەڕپێکراوە پەسەندبێت تاکو ئەویش تکا و نزا و پاڕانەوەکان وەربگرێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوە و بڕوابوونە، گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە بۆنەی تایبەتیی و وەرزی تایبەتییدا، زموڕەزمی جەژنئاسای بۆ بسازێنرێت.

هەر بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕێوڕەزمەیشەوە، گوزارە و زاراوەیەکی تایبەتیی بۆ دابڕێژرێت کە لە زوانی کوردیدا بە سروودی دینی Hymn ناودێرکراوە.

بۆ سەردەمانێکی زۆر دێرین-یش ئەو گوزارەیە، لایەنێکی دیکەیشی لەخۆگرتووە، ئەویش: لایەنی گوزارەکردن لە جۆشوخرۆشی خوێنگەرمیی، ڕاپەڕین و شۆڕش، بەمەبەستی هاندان و جۆشدان بۆ بوژانەوەی بەرگریی و هەڵگیرسانی بەرخودان دژ بە پەلاماردان و ڕاسان لە ڕووی شاڵاوبردنی دوژمنان و پاراستنی ئاخ و زێد و یەکانگیریی نەتەوە (أمة:Nation) ئەویش لەژێر زاراوە گوزارین (تعبیر إصطلاحي)Idiomatic Expression بەناوی «سروودی نیشتمانیی National anthem»

لەم کورتە لێکدانەوە و شرۆڤاندنەڕا، دەتوانرێت بگوترێت، کە هەر بابەتێکی هونەریی لە مۆزیک و شیعر پیرۆز و سپەنتای لێبەدی بکرێت، دەخرێتە چێوەی سروود-ەوە.

> **سروود، ئەو دەنگە خۆشئاوازانە دەگرێتەوە کە بتوانێت یەزد بهەژێنێت و بگەیێنێتە ئاستێکی زۆر باڵا و بە بەها**

لێکدانەوەی وشـەی سـروود/یـش، ڕەچەڵەکی وشەیەکی زۆر دێرینی سانسکریتە، کە بەشێوگی سـاروود Sarūd هەڵێنجراوە، کە ئاماژەیە بۆ مۆزیک و ئامێرێکی هیندستانیی بە مانای: گۆرانیی پیرۆز، سپەنتا (مقدس) Holy hymn لە ئاڤێستا، بەشێوگی سراوتەن Sraotem و لە کوردیی-دا بەشیوگی سروود Sarūd هاتووەتە سەر گۆ، کە هەمان مانا دەبەخشێت.

هەر لەم وشـەی سـروودەوەرا، وشـەی سرۆت (طقوس دينية: بۆنەی دینی) Ritual وشە سرۆ-یش هەڵێنجران و بوونەتە پەیوەندێک لەنێو بەیتی سپەنتا و ژەنینی ئەو ئامێری مۆزیکەدا.

گەر خزمایەتییەکی یەزدیی (ڕۆحانیی) بیوژێنینەوە لەنێوان ڕێوڕەزمی ڕیگڤێدا Rigveda ڕێوڕەزمی جـەمـی یـارسـانـان و سـرۆتـە یـەزیـدیـیـەکـان، دەردەکـەوێـت هـەر هـەمـان سـرۆیـە بـەدەی دەکرێت کە ڕۆچووە بە ناخی هزر و دەروونـدا، ئـەم سرۆیەیش بریتییە لە ئاوێزاندنی واژەی سەرزمان (لسان) و برگە دەنگی سەرزار (نطق) ئاوێزاو بەو ئامێرە مۆزیکییەیی کە پاڵهێزێکە بۆ سرۆ پێبەخشین بۆ زیاتر دەربازبوونی یەزد (ڕۆح) لە جەستە و خۆگەیاندن بە یەکبوونی «The Unity of Being» کە ڕێبازێکی دەروێشییە (سۆفیگەرییە).

بۆ نموونە، هیندییەکان ئـەو ئامێرەی سروود بەکاردەهێنن، یارسانیی و یەزیدییەکانیش ئامێری تەبوورە و ساز بەکاردەهێنن.

**بۆچی سروود؟**

سروود، ئەو دەنگە خۆشـئاوازنە دەگرێتەوە کە بتوانێت یـەزد بهەژێنێت و بگەیێنێتە ئاستێکی زۆر باڵا و بە بەها. ئەمەیش زیاتر لە ڕێوڕەزمە دینییەکاندا دەبینرێنەوە، کە هەر لە ڕۆژگاری زۆر مێژین و سـەردەمانێکی زۆر دێرینەوە مۆزیک بە دینەوە ئاوێزانرا، کە لە بۆنە و میهرەجانی تایبەتدا ئەنجامدەدران، زاراوەیەکی تایبەتیشی بۆ داڕێـژراوە، کە هـەر گـوزارە لـەو سپەنتا و پیرۆزییانە دەکات ئەویش وشـەی سرووده.

**سروودی نیشتمانیی:**

بریتییە لە پارچە ئاوازێک یاخود میلۆدییەکی چنراوی سـازکراو بە بەزمێکی شیعراوێز، کە گوزارە لە خەباتی مێژوویی گەل و نیشتمان بکات، ستایش و بـەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو خەباتە ئاوێزاوە بە ئاکار و نەریتیەوە و باوەڕپێکراو و دانپێنراو لەلایەن سەرانسەری گەل و دەوڵەتەوە، یاخود وەکو دیاردەیەکی باوی سەپێنراو لەلایەن بەرە و چین و توێژەکانی گەلەوە.

ئەم سروودەیش هەمیشە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا ئەنجامـدەدرێت، لە پێشوازییە فەرمییەکاندا، لە خوێندگە و تیپە وەرزشییەکان و بەخاکسپاردنی کەسایەتی بەناوبانگ و نەبەردان و جـەوامێرانی نیشتماندا بەدەنگێکی زوڵاڵ دەگوترێن.

سـروشـتی ئـەو سـروودەیـەیـش، جـۆشـدان و وروژانـدنـی هـەسـتی خۆشەویستییە بـۆ گـەل و نیشتمان و بـووژانـدنـەوەی خـۆگـرێـدراوی هەستونەست و خۆبەختکردن بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی گەل و نیشتمان.

**پێشەکی**

بەرلە چوونە ناو بابەتەکەوە، با بزانین سروودی نیشتمانیی چ مانایەک دەبەخشێت.

لە جیهانی ئەمڕۆماندا، دەبینین کە هەر وڵاتە بە جۆرێکی جیا و تایبەتی سەربەخۆیانە گوزارە لە پێناسەی خۆی دەکات و بە ئاشکرا پێشانی دەدات، ئیدی ئەو وڵاتە گەورە بێت یاخود بچووک.

ئەو پێناسەیەش جۆرێکە لە خۆدەرخستن، وەکو گەل و خاوەن زێدێکی جیا لەنێو گەلان و وڵاتاندا.

لە نزیکەی سێ سەد ساڵی ڕابوردوودا، لەکاتێکدا کە ئـازادیی گـەل لـە نیشتمانێکی دیاریکراوی سەربەخۆدا لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئەو چەمکە بـەرە بـەرە پێگەیی و سـەریهەڵدا، یەکێک لەو هێما هـەرە دیارانـەی وەکو دەنگێکی زوڵاڵ بۆ جێژوەرگرتن لەو ئازادی و سـەربەخۆییە لەسەر زێد، دەرکەوتنی سروودی نیشتمانیی بوو.

دەتوانین بڵێین، سروودی نیشتمانیی، یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ، کە لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا گەل بە یەک دەنگی بڵند لە سروودی نیشتمانییەوە شانازیی بە خۆیەوە دەکات.

لە ڕاستیدا یەکێک، لەو هۆکارانەی دەرکەوتنی سروود، هەڵگیرساندنی جەنگ بوو لەنێوان دوو گەل و نیشتمانی جیاوازدا.

> **سروودی نیشتمانیی بریتییە لە پارچە ئاوازیک یاخود میلۆدییەکی چنراوی سازکراو بە بەزمێکی شیعراوێز، کە گوزارە لە خەباتی مێژوویی گەل و نیشتمان بکات**

**ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چ لەڕووی کێشی شیعر، یان مۆزیکەوە زانرابێت. بۆ یەکەم جار، سروودی نیشتمانیی لە وڵاتی هۆڵەندە سەری هەڵداوە**

ئەم سروودانەیش بە زۆری، گێڕانەوەی ئەو پەرۆێزیی و خەبات و بەرخودانانە دەگرێتەوە کە نەبەردانی گەل زێدپەروەران بەڕووی ئەو تەنگژە و نەهامەتییانەدا دەبوونەوە و تێیدا سەرکەوتوو دەبوون.

بێگومان، خوێندنەوەی ئەم نەسک (Text)انە بە دەنگێکی زوڵاڵ، کە چەند جارێک دەدرێت بە گوێی نەوە دوای نەوە، بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە وەکو داستانێکی پڕ لە شانازی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتێیدا پێشاندەدرێت و دەڵێت: ئەوە منم کە هەم.

مەبەست لە چڕینی سروودی نیشتمانیش، چاندنی گیانی خۆبەیەکزانین و خۆبەندییە بە نەتەوە و خاکی نیشتمانەوە، پاراستن و بەرزڕاگرتنی ڕیزەکانی گەل لەو زێدەی تێیدا ژیاوە و دەژی.

دەرخستنی ئەو گیانە نیشتماپەروەریی و نەتەوەیییەیش لەنێو تاکەکانی هاوڵاتیاندا، لەکاتی پێویستدا، وەکو هێمایەکی خۆناسین و یادکردنەوەی ڕووداوێکی نەتەوەیی، جەژنی نەتەوەیی، میهرەجانێکی گەورەی وەرزشی و چەمەری و گەلێک بۆنەی دیکە.

کاتێک نەتەوەیەک، خۆی لە چەند بنەما و توخمێکی سەرەکیدا کۆدەکاتەوە، وەکو زوان و ڕۆشنبیریی و گیانی خۆبەیەکزانین لە نەتەوە و نیشتمانێکی یەکگرتوودا.

کاتێک دەگاتە خۆناسینی، وەکو قەوارەیەکی ڕامیاریی، پێویست دەکات ئەو هەموو بنەما و توخمەسەرەکییانەی لە گوزارەیەکی چڕوپڕی پڕمانا دەرببڕێت، وەکو کورتە پانۆرامایەکی پڕ لە شانازیکردن بەو پێشینە و ڕابردووەی، بەو هێز و برست و توانایەی کە لێوەیڕا هەنگاو بنێت بەرەو ئایندەیەکی شکۆمەند و ئاسۆیەکی ڕوون و بڵند.

لە دوانیوەی سەدەی هەژدەمدا، بزووتنەوەی نەتەوەیی سەریهەڵدا و بەرەبەرە پێی نایە نێو سەدەی نۆزدە و بیستەمەوە. ئەم بزاڤانە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە زۆر ناوچەکانی جیهاندا گێڕا، بەتایبەتیی لە جەنگە ناپۆلیۆنییەکان و شۆڕشی فەڕەنسا، نازییە ئەڵمانییەکان و فاشییە ئیتاڵیاییەکان و هەندێک وڵاتانی دیکە بە دوایاندا.

دەشێت بگوترێت نزیکەی ئەم سێ سەدە ساڵی ڕابردووە، بەرپرسبووە لەم بارودۆخەی ئێستە، کە گەلانی جیهانی تێکەوتووە، هەر لە هەناوی ئەم بارودۆخانەیشەوە سروودی نیشتمانی سەریهەڵدایەوە و بە بەرگێکی نوێ جارێکی دی هاتەکایەوە.

لە سەرەتادا، سروودی نیشتمانی بەو شێوەیەی ئێستە نەبوو، زۆر جار ئاواز لەلایەک بووە و هۆنینەوەی داستانی پاڵەوانیی و شانازیکردنیش لە چامەیەکی ڕەزمین لە لایەکی دیکە بووە.

نموونەیەکی خۆمان دەهێنمەوە، کە دەڵێن کاتێک شاری سلێمانی کرایە بنکەیەک بۆ دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان و مەلیکی کوردستان، شێخ مەحموودی حەفید بووە، ئەو شیعرە نیشتمانییانەی لەو سەردەمەدا دەخوێنرانەوە بێ مۆزیک بوون، وەکو تارێکی بەجۆش و خرۆش و هاندانی جەماوەر دەخوێنرانەوە. هەندێک لەو شیعرە پڕمانا و بەرز و بەجۆشانەی دەبیستران، پێهەڵدان بوون بە زادەی شێخی نەمردا.

**مێژووی سەرهەڵدانی**

دەشێت مێژوویەکی زۆر دێرینی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چ لەڕووی کێشی شیعر* یان مۆزیکەوە زانرابێت. بۆ یەکەم جار، سروودی نیشتمانیی لە وڵاتی هۆڵەندە (ناسراو بە زەوییە نزمەکان) سەری هەڵداوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ١٥٦٨ و ١٥٧٢ بەدوایدا و بەرەبەرە لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵادا بووە بە نەریتێک و پێناسەیەکی ڕەنگ و دەنگی نەتەوە و گەلێک لە زێدێکیدا کە پێیدەگوترێت نیشتمان.

ئێمەی کوردی کوردستانیی وەکو نەتەوە و گەلانی دیکە، کەسانی دڵسۆز و لەخۆبوورد و داهێنەر، کەوتوونەتە خولیای ئەوەی بگەڕێن بەدوای هێمایەک، کە ئەو هەموو خۆشەویستیی و گیانبەختیی و پیرۆزیی و دڵسۆزییە بۆ گەل و نیشتمانی تێیدا کۆبکرێنەوە، ئەویش لە سروودێکدا بەناوی سروودی نیشتمانیی (سروودی ئەی ڕەقیب).

سروودی ئەی ڕەقیب، سروودێکی نیشتمانی کوردستانییە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ ز دانراوە. کاتی خۆی، لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد-دا بەم سروودە نیشتمانییە ئاڵای کوردستان لە سەرای شاری مەهاباد هەڵکراوە و لە سایەیدا بانگەشەی کۆماری کوردستان کراوە.

* **شعر، لە شیر/سۆمێرییەوە وەرگیراوە.**

# خوێندنەوەی کتێب

- **پرسی زمانی کوردی لە عێراقدا**

محەمەد گۆران

- **ئەوان چاوەڕێی کازیوەن**

باهۆز مستەفا

- **کتێبی (الحداثة في الفن التشكيلي)**

نورەدین جاف

- **وەرگێڕان، واتا، یان شێواز**

عەبدولوەهاب ئەبوزێد
و/ لە عەرەبییەوە: کەریم سۆفی

# پرسی زمانی کوردی لە عێراقدا

## لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی نێو دەستوور و یاساکانی عێراقدا



محەمەد گۆران

ئەگەرچی نووسەر (خەلیل عەبدوڵڵا) لەناوونیشانی کتێبەکەیدا نووسیویێتی (پرسی زمانی کوردیی لەعێراقدا) بەڵام لەپێشەکی پەرتووکەکەیدا دەڵێت: «زمانی کوردی وەک یەکێک لەبنەما سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن دوژمنانی کوردەوە هەڕەشەی لەناوبردن و سڕینەوەی لێکراوە، نەتەوەی کورد سەرسەختانە هەوڵی پاراستن و گەشەپێدان و بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی داوە. سەرەتای داخوازیی گەلی کورد بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی وەک زمانی خوێندن بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩١٠ بەهەوڵی ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان، یەکەم قوتابخانەی کوردی لەشاری ئەستەنبوڵ دامەزرا».

دەکرێت ئەو هەوڵەی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان جیا بکرێتەوە لەپرسی زمانی کوردیی لەعێراقدا، ئەگەرنا ئەوەی دیکەی کە دەمێنێتەوە و لەکتێبەکەدا هاتووە، نووسەر زۆر بەوردی و ئەکادیمیانە هاتووە ڕاگوزەرێکی لەسەد ساڵی ڕابردووی پرسی زمانی کوردی لەعێراقدا (باشوور) کردووە و ڕۆشنایی خستۆتە سەر سەرجەم ئەو دەستوور و یاسایانەی لەو سەد ساڵەدا، هەر لەسەردەمی مەلەکی و دامەزراندنی عێراقەوە، تا دەگاتە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و چەند ساڵەک بەر لەئێستادا.

کتێبەکە قەبارە مامناوەندە و لە ٧٦ لاپەڕە پێکهاتووە، کە تیایدا نووسەر لە ٥٢ لاپەڕەدا زۆر بەوردی و بەشێوەی زنجیرە، هاتووە یەکە بە یەکەی ئەو دەستوور و یاسایانەی لەحکوومەتی ناوەند و هەرێم دەرچووە، باسکردوون و سەرنجی خۆی لەسەریاندا داوە، لە ٢٤ لاپەڕەی کۆتاییشدا، سەرجەم دەستوور و یاساکان دیۆکۆمێنت کراون و دانران، بۆیە کتێبەکە سەرچاوەیەکی گرنگ و دانسقەیە بۆ ئەو کەسانەی خەریکی (پرسی زمانی کوردین لەعێراق)ی سەد ساڵەی ڕابردووی ئەو بەشەی باشووری کوردستان.

**سەرەڕای ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست ماددەکانی ئەو دوو یاسایە جێبەجێ نەکراون**

نووسەر دەڵێت: «لەسایەی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفید لەسلێمانی، زەمینەیەکی لەبار بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی ڕەخسا و شێوەزاری کرمانجی خواروو ڕەگوڕیشەی زیاتری داکوتا. لەدوای ڕووخانی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود لەساڵی ١٩٢٣ خەباتی گەلی کورد بۆ پاراستن و بە ڕەسمی ناسینی زمانەکەی بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٧٠دا نەتوانرا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی بخرێتە دووتوێی دەستوورەکانی عێراقەوە، تەنیا زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی بوو».

خەلیل عەبدوڵڵا لەکتێبەکەیدا (پرسی زمانی کوردیی لەعێراقدا) کە پێشکەشی بە (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) کردووە نووسیویێتی: «ئەو مامۆستا مەزنەی گەورەترین خزمەتی بەزمانی کوردیی کردووە«، دەڵێت: «سەرباری ئەوەی لەساڵی ١٩٣١ حکوومەتی عێراق لەژێر فشاری کۆمەڵەی گەلاندا، یاسای زمانە ناوخۆییەکانی دەرکرد و بەڵێنی جێبەجێکردنیدا، کە بەپێی ئەو یاسایە دەبوو لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا زمانی کوردیی زمانی خوێندن و ئیدارە و دادگاکان بووایە، بەڵام ئەو یاسایە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا، بەشێوەیەکی سنووردار زمانی کوردیی لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی چەند ناوچەیەک بەکارهات و بەشێوەیەکی بەرتەسکیش ڕێگە بەچاپ و بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردیی درا».

عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە، هەر لەگەڵ دامەزرانیدا، ڕەوشە سیاسییەکەی هەمیشە کاریگەری و لێکەوتەی بەسەر هەموو کایەکانی دیکەی ژیاندا هەبووە، لەسەرەتای دامەزرانیدا لە ١٩٢١ تەنیا ویلایەتی بەغدا و بەسرا بوو، پاش چەند ساڵەک و لە ١٩٢٥ ئینجا ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان – کوردستانی عێراق)ی خراوەتە سەر

دوو ویلایەتەکەی دیکە و عێراق سنوورەکەی لەزاخۆوە گەیندراوەتە بە فاو، ئەگینا پێشووتر سنووری عێراق تاکو چیای حەمرین بووە، بێگومان بەدرێژایی ئەو ماوەیەش، ئەم ڕەوشە سیاسییەی عێراق و پشتگوێ خستنی نەتەوەی کورد و زمانەکەی، هەر لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە بەردەوام بووە تاکو بەیاننامەی ساڵی ١٩٧٠ی نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد.

نووسەر لەم قۆناغانەدا نەچووەتە سەر باسکردنی ڕەوشی سیاسی و کاریگەری لەسەر دەرچوونی دەستوور و یاسا تایبەتەکانی ڕەوشی زمانی کوردی و هەمووارکردنەوەیان و دەڵێت: «لەدوای ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لەنێوان کورد و حکوومەتی عێراق، دەستووری کاتی ساڵی ١٩٦٨ هەموار کرا، لەدەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠دا دان بەزمانی کوردیدا نرا وەک زمانی ڕەسمی ناوخۆیی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا. ئەوە بۆ یەکەمجاربوو لەدەستووری عێراقیدا بەڕەسمی دان بەزمانی کوردیدا بنرێت».

ئەم قۆناغەش (بەیاننامەی ساڵی ١٩٧٠) لەگەڵ قۆناغی دوای خۆی ٣٣ ساڵ دەخایەنێ و ئەمجارە: «لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەساڵی ٢٠٠٤ دەرچوو، ئەم یاسایە کە دەستوورێکی کاتی بوو، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بەزمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عێراقدا ناساند. ئەوە بەخاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ دادەنرێت، چونکە بۆ یەکەمجاربوو لەژیانی دەستووری عێراقدا، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی سەرانسەری وڵات بناسرێت، چونکە پێشتر لەباشترین حاڵەتدا وەک زمانی ناوچەیی لەهەرێمی کوردستان ناسرابوو، نەک سەرانسەری عێراق. دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەڕێی ڕاپرسی گشتییەوە پەسەند کرا، جارێکی دیکە زمانی کوردی بەزمانی ڕەسمی لەسەرانسەری عێراقدا ناسی».

خەلیل عەبدوڵا لەو پەرتووکەیدا دەیەوێت بڵێ کە یاسا و دەستوورە زمانەوانییەکانی زمانی کوردی لەعێراقدا، بەشێوەی تیۆری و وەک هەبووە باشن بەڵام لەپراکتیکدا کورتیان هێناوە و کاربەدەستان جددی نەبوونە بەرامبەر جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکاندا، وەک لەبەشێکی پەرتووکەکەیدا دەڵێت: «دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ دانی بەفرەیی زمان لەعێراقدا ناوە، زمانەکانی (عەرەبی و کوردی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابیئەی مەندائی) وەک زمانی ڕەسمی و زمانی ناوخۆیی ناساندووە، بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانیش، زمانەکانی (عەرەبی و کوردی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی) وەک زمانی ڕەسمی و ناوخۆیی ناسێنراون، ئەوەش شتێکی ناوازەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنها یەک زمانیان بەڕەسمی ناسیوە».

نووسەر وەک جۆرێک لەڕەشبینی دەڵێ: «بەهەر حاڵ دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان چەند ساڵێک دواکەوت، دواتر ڕووناکی بینی، سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای زمانە فەرمییەکانی دەرکرد، ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ٢٠١٤ لەرۆژنامەی (وەقائیعی عێراق) بڵاوکرایەوە. لەبەر ڕۆشنایی ماددەی چواری دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا، پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئاسایی ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا، یاسای زمانە فەرمییەکانی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد». خەلیل عەبدوڵا، دواجار دەشڵێ: «سەرەڕای ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام تائێستا وەک پێویست ماددەکانی ئەو دوو یاسایە لەعێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکراون و فەرامۆش کراون».




ئەم پەرتووکە (٧٦) لاپەڕەیە قەبارە مامناوەندە (پرسی زمانی کوردی لە عێراقدا) نووسەر (خەلیل عەبدوڵا) لەسەر شێوازی توێژینەوەی ئەکادیمی نووسیویەتی، لە (چاپخانەی ڕۆژهەڵات)ی شاری هەولێر، لەم ساڵەدا (٢٠٢٢) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**“لە دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠دا بۆ یەکەمجار دان بە زمانی کوردیدا نرا، وەک زمانی ڕەسمی ناوخۆیی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا”**

# ئەوان چاوەڕێی کازیوەن

بامۆز مستەفا

بابەتی سەرەکی و کرۆکی تێمەکانی ناو چیرۆک و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ٥٣٤ لاپەڕەییە، لەسەر تابلۆ گەورەکەی کێشەی کوردە لە باکوری کوردستان.
بەرسڤی سیاسی بۆ ئەو کێشەیە لە لایەن حکومەتی تورکی و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، تا هەنووکە، هەروەها کاردانەوەی هێز و گروپە چەکدارەکانی کورد لە ڕابردوودا و دروست بوونی حزبی کوردی لە ساڵانی هەشتاکان و پەرچەکرداریان دژی فاشستی تورکی و کاریگەری فاشستی تورکی لەسەر ئەو حزبە و کادیرانی.
ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە زۆری لە شرناخ و جزیر و مێردین و نسێبین، هەروەها شاری گەورەی باکوور دیاربەکرە.
لە کۆتا ڕۆژەکانی شەڕ و لێدانی زەنگی هەڵگیرسانی قەدەغەی هاتوچۆ، ئامەد لە خەڵوەتە بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی (مەجنوونی سەلما) دەستنووسەکەی هەڵدەگرێت و بەرەو مزگەوتی ئەسیری، لەوێش بۆ شەقامی شارەوانی و سیا تەپە، تا دەگاتە ماڵەکەی خۆی، لەژێرزەمینی ماڵەکەیان کتێبی مەم و زین دەدۆزێتەوە، کە باوکی شاردبوویەوە، لەوێ هەست بە بۆنی کتێب دەکات.
لێرەدا نووسەر باسی هێرشی دوژمنان دەکات لە لایەن دەوڵەتی تورکییەوە بۆ سەر کلتور و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، کە بەم هۆیەوە ناچار بوونە کتێبە گرنگەکان بشارنەوە.
ئەو ڕەوشتە دوژمنکارانە لە باشووری کوردستانیش ڕوویداوە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، کتێبێکی زۆریان کۆکردەوە و لەناویان برد، بەداخەوە خەڵکەکە، بگرە بەشێک لە نووسەرانیش کەوتنە ئەو هەڵەوە بۆ پارە کتێب و دەستنووسی زۆر گرنگیان دایە دەست ڕژێم و ئەوانیش لەناویان بردن.
ئەحمەد ڕەزای ٤٥ ساڵی کە ناسناوی خەباتی ئامەدە، دەرچووی بەشی ئەدەبی تورکییە لە زانکۆی دیجلە- دیاربەکر، وازی لە سیاسەت هێناوە و چووەتە نێو دونیای وشە و پیت. تەرمی نیشتمان لەژێر خانووە وێرانبووەکەی دەدۆزەتەوە، تەرمەکە بەهۆی مانەوە و گەرمای هاوین بۆگەن بووە ناچار دەمی دەگرێ و تەرمەکە بە ملپێچەکەی بۆ لای دارهەنجیرەکە ڕایدەکێشێت، تا لە ژێر ئەو دارهەنجیرە بینێژێت. هەرچەندە تەرمەکە شێوێندرابوو، بەڵام ئامەد بە هەستی دڵی دەیناسێتەوە.
بیرەوەری ناو خەندەقەکانی (خەنەکە) شەڕی ٧١ ڕۆژەی شارەکانی کوردستان لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ دوای شکستی ئاشتی لە نێوان حکومەتی تورکیا و حزب، بە بیانووی کوشتنی دوو پۆلیس لە لایەن گەریلاکان، کە دواتر ناونرا تۆڵە، ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانەن و تەواوی گەمە هونەرییەکانی لەنێو ئەو بیرەوەریانەوە دروست بووە.
نیشاندانی کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێم لە لایەک و تیرۆرەکانی گروپە تۆرانییەکان لەنێو شار و شارۆچکەکانی تورکیا بەرانبەر کەسایەتییە دیارەکانی کورد، وەکو نووسەر و پارێزەر و دادوەرەکان لە لایەکیترەوە بۆ پاراستنی تورکیا و نەتەوەی تورک. هەروەها چالاکییەکانی حزبە لە گوند و شارەکان و کوشتنی ئەو گوندنیشینانەی چەکیان بۆ ڕژێمی تورکیا هەڵگرتووە (جاش) بۆ پاراستنی گوندەکانیان لە تیرۆرستان! زۆرجار ئەو کوشتنانە منداڵ و پیریشی گرتووەتەوە.
نیشتمانی تەمەن بیست ساڵی و ناخێکی پڕ لە نهێنی، بڕیاریداوە ببێتە گەریلا و لەگەڵ هەڤاڵانی لە گەڕەکی یافیسی شاری جزیرە بەرگری بکات بۆ ئازادکردنی ئەو شارە. ڕۆژە سەختەکان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی تۆمار دەکات و دڵنیایە ئامەدی ڕۆماننووس دەیخوێنێتەوە و دەیکاتە بابەتی ڕۆمان.
لەڕێگەی بیرەوەرییەکانی نیشتمان، جگە لە بوونی بە گەریلا و وێنەی ئەو شەڕە نابەرانبەرە، دەمانباتەوە نێو کێشە کۆمەڵاتییەکان، کە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری و هەژاری خەڵکەکە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. هەر لە دەستدرێژی سێکسی مام بۆ سەر برازە بچووکەی، کە لەو کاتەی باوکی سینان دۆغان لەبەر بازرگانی و دەستکەتنی پارە دەچێتە ئیستەنبول، ئاگای لە ژیانی خێزانەکەی نامێنێت و باپیریشی، کە مەلای مزگەوتە پارەکەی بۆ سپی دەکاتەوە، لەو نێوانەدا نیشتمانی جوان ئەتک دەکرێت و هاواری ناگاتە هیچ فریادڕەسێک. هەروەها فەقێ حەمێ بەناوی خوێندنی قورئانەوە منداڵبازی دەکات.
خۆڵبارین گرێک، یان ڕەمزی نێو بابەتی ڕۆمانەکەیە، کە سی ساڵە خۆڵبارین هەڵیکردووە و بەرچاوی هەموانی داپۆشیوە و تەنگەنەفەسی کردوون. مەبەست لێی نەبوونی بیرکردنەوەیەکی گشتگیر و فرەلایەنە و بەرەیەکی نیشتمانییە، زیاتر یەک هێز، یان یەک حزب خاوەنی بڕیار

و بیرکردنەوەی خەڵکەکەیە، بە ئەمەش نەیتوانیوە وڵات بباتە قۆناغێکی باشتر و چارەسەرێکی ئاشتیانە، کە سی ساڵە خەباتی بۆ دەکات، هەرچەندە هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری گرتووەتە دەست. بە پێچەوانەوە فاشیزمی دەوڵەتی تورکی لە خۆی جێبەجێ دەکات! بۆیە کاتێک لەگەڵ جەمشیددا لە ڕێستۆڕانتی ناقۆس لەسەر ڕووباری دیجلە گورانی دەڵێن و جنێو بە جەندرمە و گەریلا دەدەن، جنێو بە ئەتاتورک و ڕێبەر دەدەن. جەنگ تەنیا قۆچقۆچانێیە.

چیرۆکەکانی وەیسی شرناخی و کوشتنی جەمیلە، کوژران و شەهید بوونی گەریلاکانی ناو خەندەقەکان و سووتاندنی ئەو خەڵکانەی لە ژێرزەمنیەکان خۆیان حەشاردابوو، لە لایەن حکومەتی تورکی و هەراسانکردنی گوندنشینان لە لایەن حزب و سوکایەتی ناو گرتوخانەکانی دیاربەکر کوردانی باکووریان داغان کردووە، ژیانی بێ لایەنی بوونی نییە، یان دەبێت ببیتە ئەندام و دۆستی حزب و گەریلا، ئەوکاتە، یان لە بناری شاخەکان دەکوژرێت، یان لە زیندان ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و سووکایەتی دەبیتەوە و دەبێت لە بەردەم پۆلیس و جەندەرمە بڵێی تورکم و سرووودی تورکی بڵێیتەوە و ئەتک بکرێیت. یاخود ببیتە جاش و چەک بۆ ڕژێم هەڵبگری دژی گەریلا، ئەمەش دووبارە بڕیاری شەڕکردن و سووتانی گوند و کوشتنیانە لە لایەن گەریلاوە بە بیانووی خیانەت. ئەم جۆرە کورد کوژییە لە گوندەکانی باشووری کوردستان ڕوویداوە لە ساڵانی هەشتاکان!




نووسەر لەڕێگەی خەون و گفتوگۆ سیاسییەکانی نێوان ئامەد و جەمشید و زەینەڵ، مێژووی سیاسی و جوگرافیای شارەکانی باکووری کوردستان دەخاتە بەردیدەمان، وەکو کامیرا تەواوی شاری جزیری و مێردینمان پیشاندەدات. هەروەها لە ڕێگەی شیعرەکانی خانی و جزیری هەندێک وانەمان پێدەڵێت و گفتوگۆ دەربارەی خۆشەویستی دەکات لەگەڵ مەلای جزیری (خۆشەویستی ئەشکنجەیەکی چێژبەخشە، خۆشەویستی یەقینە) شیعرەکانم لە جێی منن، لە هەموو قەسیدەیەکمدا بەشێکی منی تێدایە.

جگە لە کێشە سیاسییەکان، کۆمەڵێک چیرۆکی دیکەی لە ڕێگەی بیرەوەری باوکی ئامەد (ئەحمەد ڕەزا) هێناوەتە نێو ڕۆمانەکە، چۆنیەتی گۆڕینی ناوی بنەماڵە و ڕاگواستنیان بۆ شاری ئەدرنە کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و بولگاریا و یۆنان، ئەو شوێنەی، کە پێشتر هی جووەکان بووە دەرکراون.

**تێبینی: دوو زانیاری هەڵەی تێدایە:**

١- لە لاپەڕە ١٩٠ ئیلیاس کانێتی نووسەرێکی ئەڵمانی نییە، بەڵکوو بولگاری-بەریتانییە. لە بولگاریا لەدایک بووە، لە زوریخ کۆچیکردووە.

٢- لە ئیلیادەی هۆمیرۆس، ئەخیلس هیکتۆر دەکوژێت و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێت، نەک بە پێچەوانەوە.

**ئەنجام:**

١- لە ڕووی هونەرییەوە بەهێزە، چنینی چیرۆکەکانی و گرێدانەوەی بە یەکدییەوە زۆر وردە.

٢- چەند ڕستەیەک نەبێت دووبارەکردنەوەی زۆر کەمە.

٣- پەیامی ڕۆمانەکە دۆزینەوەی ڕێبازێکی دیکەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لە تورکیا، دژی شەڕە و دژی شێوازی کارکردنی پارتی کرێکارانە لە تورکیا. هەروەها دژی فاشستی تورکییە.

٤- دژی شۆڕشی چەکدارییە لە باکوور و خۆراوا، ئەلتەرناتیڤی شۆڕش نەخراوەتە ڕوو. پێیوایە شۆڕش تەنیا قۆچقۆچانێیە، جگە لە ماڵوێرانی کورد چیدی نییە.

٥- زمانی نووسین و شێوازی نووسین، هەرچەندە وەرگێڕانە، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی پەیام و فەلسەفەی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، بەبێ هیچ ئاڵۆزی و ناڕوونییەک.

٦- بیر و خەیاڵێکی فرەوان و سۆزێکی هەست بزوێن و چێژێکی تایبەتی دەداتە خوێنەر.

دەست خۆشی لە نووسەر جان دۆست دەکەم. دەست خۆشییەکی زیاترم بۆ کوردۆ شابان، چونکە کوردییەکەی زۆر جوانە و وەرگێڕانێکی سەرکەوتووە.

*** ئەم ڕۆمانە لە لایەن جان دۆست-ەوە نووسراوە و کوردۆ شابان**

**لە کرمانجی سەروو کردوویەتییە کوردی.**

**شوێنی چاپ: هەولێر، ماڵی وەفایی، ٢٠٢٢**

## کتێبی

# (الحداثة في الفن التشكيلي)

نورەدین جاف

ئەم کتێبە ڕێگای هونەری مۆدێرن لە سەرەتای دەرکەوتنی، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، تا جەنگی جیهانی دووەم، واتە مۆدێرنیتەی مێژوویی و مۆدێرنیتەی کلاسیکی ڕوون دەکاتەوە.
بەشی یەکەم بەناوونیشانی سەرچاوە و ئەولەویەتەکانی مۆدێرنیتە، کە بە هونەرمەندی ئیسپانی، گیا و هونەرمەندی ئینگلیزی، تۆرنەر و کۆمەڵێک بۆچوون و بۆچوونی دیکە سەبارەت بە سەرەتاکانی مۆدێرنیتە دەست پێدەکات.
لەم بابەتەدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئیمپرێشنیزم لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا، سیمبۆلیزم و شێوازی ئەکادیمی، ئەم بابەتە لە ٧٦ لاپەڕە پێکهاتووە.
بەشی دووهەم بە ناوونیشانی سەرەتای سەدەی بیستەم و ڕوونکردنەوەی پرۆسەکانی ڕزگاری ڕەنگ و نوێبوونەوەی فۆرم لەخۆدەگرێت. لە ڕزگاری ڕەنگدا ڕوونکردنەوەیەک بۆ درندەیی فەرەنسی و ئێکسپرێشنیزمی ئەڵمانی و نەمسا و ڕۆڵی ئێدڤارد مونچ لە ئێکسپرێشنیزمدا هەیە و پاشان ڕەوتە هونەرییەکانی دیکە، کە لە ژێر کاریگەریی درندەیی و ئێکسپرێشنیزمدا سەریان هەڵدا، وەکو شۆڕشگێڕی شین و ئایینی ئێکسپرێشنیزم، هەندێکی دیکەیان لە ژێر کاریگەریی کوبیزمدا سەریان هەڵدا، وەکو ئێکسپرێشنیزم و ئۆرفیزم، لەم بابەتەدا لەسەر بەشداری هونەرمەندانی ڕووسی و هۆڵەندی و ئەڵمانی لە نوێکردنەوەی فۆڕمدا. ئەم بابەتە لە ١٢٤ لاپەڕە پێکهاتووە.
لە بەشی سێیەمدا باس لە فیوتۆریزم و ڕۆڵی تۆخمە دینامیکیەکە لە کاری هونەری داهاتوودا دەکات، پاشان سەرهەڵدانی ڕەوتی هونەری کە لە ژێر کاریگەری فیوتۆریزمدا هەیە، وەکو کۆپۆفۆتۆریزم و ڕایۆنیزم. ئەم بابەتە لە ٥٠ لاپەڕە پێکهاتووە.
لە بەشی چوارەمدا باس لە بزووتنەوەی دادا و سەرهەڵدانی کاپرێت ڤۆڵتێر لە زیوریخی سویسرا لە ساڵی ١٩١٦ و ڕۆڵی هوگۆ بۆڵ و تریستان تسارا و پاشان دادایزم لە هانۆڤەر و نیویۆرک و کۆڵن و بەرلین و پاریس و تەکنیکی مێرتز بۆ کورت شیڤەرز فۆتۆمۆنتاژ لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە دەکات، لێرە هۆچ و ڕائول هاوسمان و هونەری ئێستە، کە لەلایەن مارسێل دۆشاسەوە دروستکراوە، شوێنەوارێکی گرنگن لە دادا. ئەم بابەتە لە ٣٨ لاپەڕە پێکهاتووە.
بەشی پێنجەم و کۆتایی باس لە سوریالیزم و ڕوونکردنەوەی لەدایکبوونی سوریالیزم و پاراستنی ڕۆحی دادا و ڕۆڵی سیگمۆند فرۆید لە سوریالیزمدا و ڕوونکردنەوەیەکی تەواو لەسەر دوو بەشە سەرەکییەکەی سوریالیزم، ئەو بەشە وەهمییەی، کە لەسەری سەریهەڵدا بنەمای تابلۆ میتافیزیکییەکانی جۆرجۆ دی گێریکۆی ئیتالی و نووسینی ئۆتۆماتیکی ئاندرێ بریتۆن، کە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەندییە ئازادەکانی نێوان عەقڵ و ڕۆح و هەست بە بڕوای فرۆید ڕۆڵی فاکتەری ڕێکەوت لە کارە هونەرییە سوریالیستەکاندا و ڕوونکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی سوریالیزم لەگەڵ جوانی و سیاسەت و ڕۆحدا هەیە. بابەتی سوریالیزم لە پەیوەندی لەگەڵ ئەبستراکتدا تەواو کرد. ئەم بابەتە لە ٨٦ لاپەڕە پێکهاتووە.
کۆی گشتی کتێبەکە ٤١٥ لاپەڕەیە، لەلایەن دەسەڵاتی گشتی کتێبی میسرەوە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.
گارا ڕەسوول: لەدایکبووی عێراقە، خەڵکی ئەڵمانیایە، لە کۆمەڵێک زانکۆی ئەڵمانیا مێژووی هونەری خوێندووە و لە ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی هونەر، پسپۆڕی، زانستی ئیسلامی و پەروەردەی هونەر، پسپۆڕی ناوەندی لە زانکۆکانی بۆن و کۆڵن لە ساڵی ٢٠١٠ وەرگرتووە.



# وەرگێڕان، واتا، یان شێواز

## کتێبێکە باس لە لایەنێکی نیمچە فەرامۆشکراوی ناوەندی ڕۆشنبیریمان دەکات

عەبدولوەهاب ئەبوزێد
و/ لە عەرەبییەوە: کەریم سۆفی

دەكرێت کتێبی (شێوازەکانی نووسین و وەرگێڕان) لە نووسینی شاعیر و وەرگێڕی عێراقی سەلاح نیازی کە (دار المدى) چاپی کردووە و (٢٢٠) لاپەڕەیە، بخرێتە ڕیزی (لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی وەرگێڕان) ئەمەش نەک هەر کارێکی خوازیارە، بەڵکو بێ هیچ گومانێک لەوپەڕی پێویستیشدایە، لاکردنەوەیە لە لایەنێکی فەرامۆشکراو، یان نیمچە فەرامۆشکراو لە ناوەندی ڕۆشنبیریماندا، بەڵام بەلای منەوە، کتێبەکە تا ڕادەیەک جۆرە نارێکی و پەرتەوازەییەکی پێوە دیارە، هەروەها لە ڕووی وردەکاری و جەختکردنەوە و بایەخدان بە خستنەڕوو، بە شێوەیەکی تۆکمەتر و تەواوتر، تا ڕادەیەکی زۆر هەژارە.


هەر لە یەکێتی بابەتەوە بیگرە، تا بەدوا داچوون و کنە و پشکنینێکی ورد لە نووسین و شێوازی چاپکردن و دەرچواندنی بەشێوە کۆتاییەکەی.

نووسەر بە پێشەکییەک دەست پێ دەکات کە بە پوختەیی و بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لەبواری وەرگێڕاندا و هاتنە ناوەوەی، یان وەکو دەڵێن (لە دەرگای پشتەوە) هەر وەکو دەڵێت: (چونکە پێشتر تەنیا یەک زمانی دەزانی، بڕوای بەو وەرگێڕانانە هەبووە کە دەیخوێندنەوە) بەڵام کاتێک بۆی لوا فێری زمانی ئینگلیزی بێت، هەروەها نیشتەجێ بوونی لە بەریتانیا بۆ ماوەیەکی زۆر، مەسەلەکە گۆڕا، دوای لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوون و پێداچوونەوەی هەندێک لەو کتێبانەی کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرابوون، بۆی دەرکەوت، کە (دەستتێوەردانێکی بەدەر لە داڕشتنەوەی دروست لە وەرگێڕانەکاندا هەیە، تا ڕادەیەک دەگاتە حاڵەتی هەڵەکردن و نەهاتنەوەی لەگەڵ واتای دروست).

وەرگێڕان بەلای ئەوەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان هۆکارێک بووە بۆ بەرەنگار بوونەوە و گۆڕانی واقیع بەرەو باشتر، هەر ئەم هۆیەش وای کرد کە ئارەزووی بکەوێتە سەر وەرگێڕانی (مەکبێث) کە (خوێنی لێ دەچۆڕێ، خوێنێکی قێزەونی حەقیقی کە لەناو هەموو شتێکدا دەیبینین و هەستی پێ دەکەین و بۆنی دەکەین) وەکو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی توندترین ئەو نەخۆشی و ناخۆشییانەی، کە عێراق پێیەوەی دەتلایەوە، ڕەنگە تا ئێستاش هەروا بێت، لەوانە (توندوتیژی و خوێن و شیعری پاڵەوانێتی) ئەم شانۆگەرییە (بەرجەستەکردنێکی سەرکەوتووە بۆ قێزبوونەوە لە خوێن) هەر وەکو وای وەسف دەکات و ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی کە ئەمە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە سزای لە سێدارەدانی لە ئەورووپا نەهێشت.

لەژێر ناوونیشانی (کەی دەشێت زێدەکردن بۆ وەرگێڕان بکرێت) بەبێ زەمینە خۆشکردنێکی تەواو و پێشەکییەکی بەسوود، سەلاح نیازی بەدرێژی چەندان تێبینی سەبارەت بە وەرگێڕانی شانۆگەری (مەکبێث) دەخاتە ڕوو کە جبرا ئیبراهیم جبرا وەریگێڕاوە، بەڕوونی و ڕاست و ڕەوانیش باس لەم وەرگێڕانە دەکات، ئەگەرچی بەڕێز و شکۆدارییەکی زۆرەوە باسی جبرا دەکات، وێڕای شانۆگەری مەکبێث، نووسەر باس لە دوو کاری سەرەکی دیکەیش دەکات، کە بە تراژیدیای گەورەی شکسپیر ناسراون کە بریتین لە (هاملێت) و (شالیر) بەڵام نازانم بۆ باسی چوارەم کۆڵەگەی ئەم تراژیدیای نەکردووە؟ کە مەبەستم لێی

"نووسەر بە پێشەکییەک دەست پێ دەکات کە بە پوختەیی و بە شێوەیەکی گشتی باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لەبواری وەرگێڕاندا"




(عوتەیل)ە تا بازنەکەی تەواو کردبووایە!
سەلاح نیازی هەر بەوەندە نەوەستاوە، کە ڕەخنە لە وەرگێڕدراوەکانی پێشوو بگرێت، کە لەلایەن وەرگێڕکارانی ناسراو جێبەجێ کراون، وەک (جبرا و عەبدولقادر ئەلقط) بەڵکو شیکاری و تێڕوانینی وردی ڕەخنەگرانەی خۆی سەبارەت بە تراژیدیاکانی شکسپیر دەخاتەڕوو لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر هەردوو لایەنی تەکنیکی (هەست و بینەوەری ـ الحس والمنظور) هەر وەکو وا ناوی بردووە.
هەروەها کتێبەکە وێڕای باسکردنی نووسین بەشێوەیەکی گشتی، چەندان وتاریشی تێدایە کە باس لە بابەتی جۆراوجۆری پەیوەست بە وەرگێڕان دەکەن، یەکێک لەوانە باسکردنی قەسیدەیەکی شاعیری ئەڵمانی (هیدرلین)ە بەناوی (نان و مەی) کە عەبدولڕەحمان بەدەوی وەریگێڕاوە، لەکاتی بەراوردکردنیدا لەگەڵ چەند وەرگێڕانی دیکەی هەمان قەسیدە بۆ زمانی ئینگلیزی، لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە دەگات کە وەرگێڕانەکەی بەدەوی، کەم و زۆر لادانی تێدایە و ورد و وەفادار نییە سەبارەت بە دەقە بنچینەییەکە، ئەمەش بۆ چۆنیەتی ئەو چێژە شیعرییە عەرەبییە دەگەڕێتەوە، کە لە شیعری لیریکیدایە.
کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەدوو بەش تێدایە لەبارەی وەرگێڕانی ڕۆمانی (یۆلیسیس)ی نووسەر و ڕۆماننووسی ئێرلەندی جیمس جۆیس، کە لەلایەن تەها مەحموود تەها وەرگێڕدراوە.
نووسەر ڕەخنەیەکی پوخت و بابەتییانەی لەم وەرگێڕانە گرتووە و ئاماژەی بە چەندان هەڵە و بەلاڕێداچوون کردووە کە مایەی سەرسوڕمانن، بەتایبەتی لەلایەن کەسێکی پسپۆڕو خوێنەرێکی ورد کەوتووەتەوە، کە نەک هەر لە ئەدەبی ئینگلیزی بەگشتی پسپۆڕە، بەڵکو لە ئەدەبی جیمس جۆیس خۆیدا، بەمەش جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە (لە وەرگێڕاندا گەورەیی نییە) پێداویستییەکە هەر دەمێنێتەوە بۆ دووبارە وەرگێڕانەوەی کارە گرینگەکانی ئەدەب لە کات و سەردەمی جۆراوجۆردا، چ دوور، چ نزیک، بەپێی خواست و پێویست هەر وەکو لە ڕۆژاوادا تا ڕادەیەک بووە بە نەریتێکی نیمچە جێگیر.
بابەتێکی دیکەی ناو کتێبەکە، وتارێکە بەناوونیشانی (وەرگێڕان: واتا، یان شێواز) کە دیمانەیەکی گرینگە سەبارەت بە ئەزموونی دوور و درێژی نیازی لەبواری وەرگێڕاندا، کە لەلایەن عەدنان حوسێن ئەحمەد ساز دراوە و تێیدا سەلاح نیازی بەراوردی دوو جۆرە قوتابخانەی وەرگێڕان دەکات:
یەکەم: بایەخدانی وەرگێڕ بە جەختکردنەوە لەسەر گەیاندنی واتا و وەڵامی ئەم پرسیارەی لە زەیندایە (نووسەر، یان دانەر چی گوتووە؟).
دووەم: بایەخدانەکەی بەرەو تەکنیک و شێوازی نووسین ئاراستە دەکات کە لە نووسەری دیکەی جیا دەکاتەوە، پرسیارەکەش لەم حاڵەتەدا ئەوەیە (نووسەر، یان دانەر بیرۆکەی خۆی چۆن گەیاندووە، یان دەربڕیوە؟).
ئەوەی بەلای (نیازی)یەوە گرینگە و بەلایدا دەچێت و خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات، هەر وەکو دیارە پرسیارەکەی دووەمە، ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە گەنگەشە و لێدوانی زۆر هەڵدەگرێت سەبارەت بە چۆنیەتی دەربڕینی بیرۆکە لەلایەن نووسەرەوە، کە نیازی لێرەدا مەبەستی لە شێوازی نووسینی نووسەرەکەیە، ئەمەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەسەلەیەکی گرێدراوە بە تەبیعەت و خاسییەت و سیمای ئەو زمانەی کە پێی دەنووسرێت، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە هەمیشە و هەموو جارێک ناکرێت لە دەقی وەرگێڕدراودا بپارێزرێت.


**سەرچاوە: جريده العداله ، العدد ٣٨٨٤ ، ٢٠١٨/٧/١٠.**

> **❝ نووسەر ڕەخنەیەکی پوخت و بابەتییانەی لەم وەرگێڕانە گرتووە و ئاماژەی بە چەندان هەڵە و بەلاڕێداچوون کردووە کە مایەی سەرسوڕمانن ❞**

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان ( بەشی ١١ )**

د. ئەرسەلان بایز




(١١)



**د. ئەرسەلان بایز**

دوای تەواوبوونی زستان، لە وەرزی بەهار دوو کچی شاری سلێمانی بەناوی (پەیمان و نەرمین) بەهۆی ئاشکرابوونیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، ڕایان کرد و هاتن بۆ ئێستگە، بە هاتنی ئەوان سەر لە نوێ دەنگی ژن لە ئێستگەکە پەیدا بووەوە. (پێش ئەوانیش دوو کچی خانەقینی بەناوی (سوهیلە و نەسرین) بۆ ماوەیەک لە ڕادیۆ کاریان کردبوو، بەڵام زیاتر لە بەشی عەرەبی، دواتر گەشتی دەرەوەی وڵاتیان کرد)

ئەو کچانە هەتا بڵێی لێهاتوو بوون، لەکاتی چێشت لێناندا زۆر هاوکاری کوڕەکانیشیان دەکرد.

ئیدی وردە وردە پێشمەرگە و کادیری دیکەش هاتن بۆ ڕادیۆکە، لەوانە (ڕزگار شێخانی، ئازاد خانەقینی، ڕەعد فەیلی و خوشکەکانی، ئازاد کاوانی، مامۆستا عەبدولڕەحمان بندیان...هتد) بە هاتنی ئەوان بەرنامەکانی ڕادیۆ بەهێزتر و دەنگەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات (دڵگیر)خان خێزانی کاک (سالار عەزیز) ماوەیەکی باش هاوکاری ڕادیۆکەی کرد. وەکو بێژەرێکی سەرکەوتووی وریا، دەوری باڵای بینی.

ڕادیۆکە ڕۆژانە لە سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆوە دەستی بە تۆمارکردنی بەرنامەکانی دەکرد، سەرەتا پێنج خولەک قورئانی پیرۆز بوو، دواتر وتاری سیاسی ڕۆژانە، ئینجا چالاکییەکانی پێشمەرگە، لەو ساڵەدا هێشتا هێزی پێشمەرگە بەهێز نەبووبوو، چەکی دەستی کەم و زۆر سادە بوو، بۆیە لەو قۆناغەدا خۆپێشاندانی جەماوەر و نانەوەی (مین)و وردە چالاکی بوو. هەفتانە دووجار بەرنامەی شەهیدان هەبوو لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەناوی (ئەوان وڵاتەکەمان دەڕووخێنن، ئێمە دروستی دەکەینەوە) هەفتانە بەرنامەیەکی ئەدەب و هونەریش هەبوو. لەو بەرنامەدا شیعری بەرەنگاری بڵاودەکرایەوە (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر بەشی شێری بەردەکەوت، لە شارەوە بە ناوی (جوامێر) شیعرە ئاگرینەکانی بۆ ڕادیۆ دەنارد.

بەرنامەکان سەعات (٧)ی ئێوارە پەخش دەکران و (٧)ی بەیانی دووبارە دەکرانەوە. بەشێک لە بەرنامەکان بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بوون، کاک (یوسف زۆزانی و شڤان ئاکرەیی و هشیار عابد) دەوری باڵایان تێدا هەبوو، ماوەیەکی کەمیش بە زمانی عەرەبی بوو. پاش ماوەیەک بە بڕیاری (مام جەلال) هەفتانە دوو جار بەرنامەی تایبەت بە زمانی (تورکی)یش بڵاودەکرایەوە، کە ڕێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی تورکمان سەرپەرشتیان دەکرد.

(ئاراس ئیبراهیم) بە خۆی و کەمانەکەیەوە شەوان سەرقاڵی دونیای مۆسیقای دەکردین. (ئاراس و دلێر)ی برا گەورەی، دوو بەهرەمەندی بواری مۆسیقا بوون، پێشتر لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بوون. تیپی مۆسیقای سلێمانی دووەمین تیپی مۆسیقای شاری سلێمانی بوو، لە دوای تیپی (مەولەوی) ئەو دوو تیپە هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە (منافسە)یان لە نێواندا هەبوو، کاک دلێر تیپێکی بۆ منداڵانی سلێمانی دروست کردبوو، کە منداڵە بەهرەمەندەکانی وەکو (کارزان)ی تێدابوو. ئەوانەی لەو تیپەی منداڵان بوون، زۆر بەهرەمەند و لێهاتوو بوون. بەداخەوە لە گەشتێکیان بۆ شاری هەولێر بۆ پێشبڕکێی گۆرانی و مۆسیقای منداڵان، لە ڕێگادا ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕا و زۆربەی منداڵەکان مردن، ئەو کارەساتە سەرجەم خەڵکی کوردستانی ڕەش پۆش کرد، دە ساڵ

دواتر کاتێک کاک دلێر پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد تیپێکی مۆسیقای بەناوی (شەهید کارزان) دامەزراند.

(فەرهاد سەنگاوی) پێشتر لە مەکتەبی ڕاگەیاندن پێشمەرگە بوو، دیاربوو لەگەڵ مامۆستا (جەعفەر) زۆر تەبانەبوو، ڕۆژێکیان کادیرەکانی ڕادیۆ گوتیان کاک فەرهاد دەنگی زۆر باشە و حەزیش دەکات بێتە ڕادیۆ. دوایی ئەوەی دەنگیان تاقیکردەوە، دەنگەکەی زۆر شایستەی بێژەری ڕادیـۆ بـوو. مامۆستا جەعفەریش لە خوای دەویست نەقڵ بێت، ئیدی کاک فەرهاد وردە وردە دەنگی خۆی پەروەردە کرد، دواتر بوو بەو دەنگەی کێوەکانی کوردستانی دەلەرزاند، دڵی ناحەزانی (ی.ن.ک)ی دەتۆقاند.

حزبەکانی دیکەی کوردستان دەیانگێڕایەوە: لە ترسی دەنگ و نـاوەڕۆکی بەرنامەکان، سـەرکردەی حزبـەکان گوێگرتنی کـادیر و پێشمەرگە و لایەنگرانی خۆیان لەو ڕادیۆیە قەدەغە کردبوو، نەوەکا بکەونە ژێر کاریگەری دەنگی زوڵاڵی (فەرهاد سەنگاوی).

بەهاری ساڵی (١٩٨١) مانگی ئایار یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دۆڵی (مالیمۆس)ی بناری شاخی (بلفەت) نزیک گوندی (کانی زەرد)ی کوردستانی ئێران بەسترا.

ئەو شوێنە لە نێوان چەند زنجیرە شاخێکی سـەخت دابـوو، ئەمینترین شـوێن بـوو بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری کادیرەکانی کۆمەڵە کە بریتی بوون لە (١٨٥ کادیر و ئەندام، کە پێنجیان ژن بوون) شوێنەکە سەخت و چەند کیلۆ مەترێکیش لەنێو خاکی وڵاتی ئێراندا بوو. بەشێک لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە ڕووپۆش بوون چونکە لە شارەکانەوە هاتبوون.

سـەرەتا لیژنـەی سـەرپەرشتیاری کۆمەڵە هـەڵبـژێردرا کـە لـەم هـاوڕێیـانـەی خـوارەوە پێکهاتبوون: کاک (نەوشیروان) وەکو سەرۆکی لیژنەکە، ئەندامانیش ئەمانە بوون: (ئازاد هەورامی، ئەنوەر حەسەن، خولە کۆمەڵە، ئەرسەلان بایز) لەنێو گفتوگۆ و باسەکانی ڕۆژانەی کۆنفرانسدا ناکۆکییە شاردراوەکانی چەندین ساڵەی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە، بە ئاشکرا تەقینەوە. ئەو ڕەخنە و وتـارانـەی پێشتر لە هەندێک کۆڕ و کۆبوونەوەکان باس دەکران، یان لە دوو توێی بەیاننامە و ئۆرگانی کۆمەڵە بڵاوکرابونەوە، جێی مشتومڕ بوون و سەر لە نوێ سەریان هەڵدایەوە، بۆ نموونە کاک (مەلا بەختیار) کە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆمەڵە لە ژێر ناوونیشانی (چەند تیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا) دژی سەرکردایەتی کۆنی کۆمەڵە (خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی) نووسیبووی: کاک (فەرید ئەسەسەرد) لە پێشەکی چاپکردنەوەی ئۆرگانەکانی کۆمەڵە نووسیویەتی: (مەلا بەختیار بە میتۆدێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە مێژووی کۆمەڵە و بەشێکی گرنگی لێپرسراوێتی لەبەر یەک هەڵوەشاندەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکانی ناوشار لە ساڵی ١٩٧٥ و ئۆباڵی نزیکبوونەوەی کـۆمـەڵـە لـە فـەوتـان، دەخـاتـە ئـەسـتـۆی سەرکردایەتیی پێشووی کـۆمـەڵـەوە، هەندێ لە بڕگەکانی زیاد لە پێویست توندبوون......) بـەشـێـوەیـەکـی نـاڕاسـتـەوخـۆ مـەرجـەکـانی لێپرسراوێتی لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو دادەماڵی و لە هەندێک شوێن گوزارشتی لە ڕاشکاوییەکی جەرگبڕ کردووە. بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ڕەخنەکان دوور نەبوون لە ڕاستییەوە، بەڵام باڵی ڕەخنە لێگیراو (کوتلەی زیندان) لەو کاتەدا دوو دڵ بوون لە دادنانان بە لێپرسراوێتی لە جەزرەبەی ساڵی ١٩٧٥ و پێیان وابوو، لە سێدارەدانی دوو لە سەرکردەکانی،

"

**(شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر بەشی شێری بەردەکەوت، لە شارەوە بە ناوی (جوامێر) شیعرە ئاگرینەکانی بۆ ڕادیۆ دەنارد**

"



**بەهۆی نەبوونی پارەوپوول، بیر لەوە کرایەوە، ئەگەر بگونجێ ئەو بڵاوکراوەیە بە شێوەیەکی باشتر دروست بکەن و نرخێکی هەرزانی بخەنە سەر و لە بازارە بچکۆڵەکەی ناوزەنگ بیفرۆشن**

که له زینداندا جوامێرانه و به گیانی هەستکردن به لێپرسراوێتی هەڵسوکەوتیان کردبوو، بەسە بۆ دوورخستنەوەی لە لێپرسینەوە) دروشمی (کەم بژی و کەڵ بژی) بوو بەسەر مەشقی خەبات و خۆڕاگری و فیدارکاری سەدان گەنج و پێشمەرگە، ئەمەو وتارەکەی مامۆستا (جەعفەر) (فازل کەریم ئەحمەد) بە ناوونیشانی (دژی ئۆپۆرتۆنیزم) هەڵلایەکی دی نایەوە، چونکە ژمارەیەک لە کادیرەکان پێیان وابوو ئەو وتارە دژی (کاک نەوشیروان) نووسراوە (نابێت نکۆڵی لەوەش بکرێت، لەدوای ئاشکرابوونی ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردەکانی کۆمەڵە و گیرانیان لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی ڕژێمی عێراق و خۆشاردنەوەیان و دواتر سەفەری سەرکردایەتی بۆ دەرەوەی وڵات. ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە جەزرەبەیەکی گەورەی بەرکەوت و تاڕادەیەک شیرازەی لەبەریەک هەڵوەشایەوە. کۆمیتەی هەرێمەکان بە ڕابەرایەتی کاک (ئارام) لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی وەکو کاک (مەلا بەختیار، کاک سالار، کاک ئازاد هەورامی) دەوری شیاو و گەورە و کاریگەریان گێڕا بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە) لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە جیاواز و وتارانە لەنێو کۆنفرانسەکەدا دوو لایەنی ڕوون و ئاشکرا بەدیەکران، کاک (نەوشیروان) و لایەنگرەکانی لە پاڵ کوتلەی زیندان لەلایەک و کۆمیتەی هەرێمەکانیش



لەلایەکی دی.

(مام جەلال) زیاتر مەیلی بەلای کاک (نەوشیروان و کوتلەی زیندان)دا بوو، ئیدی چەند ڕۆژێک مشتومڕی توند لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا بەردەوام بوو، دواتر بەهۆی بارانەوە کۆنفرانسەکە گواسترایەوە مزگەوتی (کانی زەرد) لەوێش لە قسەی توند و یەکدی تۆمەتبارکردن هیچی دی نەبوو. هەریەکە و لەسەر ڕای خۆی سوور بوو، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی، تەنیا ئەم هەڤاڵانە دەرچوون (کاک نەوشیروان، کاک مەلا بەختیار، کاک فەرەیدون، کاک عومەری سەید عەلی و د.کەمال خۆشناو) کاک ئازاد و ئەرسەلان بایزیش (وەکو) یەدەگی سەرکردایەتی. چونکە دەنگەکانیان لە دوای دەرچووەکان بوو، چەند ڕۆژێک دواتر بەهۆی نەگەیشتنە ڕێکەوتن و ئەنجامێکی بە کۆمەڵ کۆنفرانس گواسترایەوە پشتی ماڵەکەی کاک (نەوشیروان) لە (ناوزەنگ) بەڵام کۆنفرانس بەکراوەیی مایەوە بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی دی هەڵبژێرن، یان لەسەر ئەنجامی بڕیارەکانی کۆنفرانس ڕێبکەون.

مامۆستا (موحسین عەلی ئەکبەر) وەکو پیاوێکی تێکۆشەر و ڕووناکبیر و وریا لە کتێبی ((نەمریی بیرەوەری-گێڕانەوە و بیرەوەری، ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٣)) نووسیویەتی: وا چاوەڕوان دەکرا ئەم کۆنفرانسە ببێتە ئەو وێستگەیەی کە ناکۆکییەکانی تێدا چارەسەر بکرێ، تەبایی و یەکڕیزی کۆمەڵەی تێدا تۆکمەتر بکرێ. بەڵام بەداخەوە، نەک ئەوە هەر بەهیچ شێوەیەک نەکرا. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ناکۆکییەکانی زیاتر قوڵکردەوە. گیانی ڕق و کینە و دردۆنگی و پەرتەوازەیی تێیدا زەق کرایەوە. بوو بە مەیدانی ساخکردنەوەی حیسابات) ئەو شێوە ململانێی نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، هەمان شێوەی ململانێی نێو سەرجەم گروپ و حزبە چەپەکانی جیهان بوو. لەسەر بۆچوونێکی وەکو (ئایا سۆڤیەت سوسیالیستە، یان سوسیال ئیمپریالیست. ململانێی چین و سۆڤیەت...هتد. ململانێیان لەگەڵ یەکدی دەکرد گەلێ جاریش گروپەکان لەیەکدی جیا دەبوونەوە و گروپی نوێیان دروست دەکرد.

+ + +

لە ڕۆژەکانی کۆنفرانس لە مزگەوتی (کانی زەرد) کاک (نەوشیروان) بانگی (ئەو)یکرد و گوتی: چۆن ئاگادار نیت، یان بۆ نەڕۆیشتویتەوە بۆ ماڵەوە چونکە (شاراخان) کچێکی بووە (ئەو)یش حەپەسا، چۆن نەیزانیوە، ڕاستە (شارا) لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو، بەڵام ئەو هەواڵەی بەلاوە سەیر بوو، چۆن نە نەخۆشخانە، نە مامان، نە ژنێک لەوێ بوو، ئەی (شارا) چۆن منداڵی بوو، ئینجا چۆن (ئەو) نەیزانیوە. بەهەر حاڵ هەواڵەکە سەیربوو، کاک (نەوشیروان) دەستی دایە مایکرۆفۆنەکە و گوتی: هاوڕێیان...! (شارا)خان کچێکی بووە و منیش ناوی دەنێم کۆنفرانس، ئینجا ڕێگای بە (ئەو)دا بگەڕێتەوە و سەردانی (شارا)و کچەکەی بکات (ئەو) یەکسەر لەگەڵ دوو پێشمەرگە بەرەو (توژەڵە)و ماڵی خۆیان بە ڕێکەوت. لەڕێگەدا هەر لە خەیاڵی کچەکە و چۆنیەتی بەسەلامەت ڕزگار بوونی (شارا) بوو لەو پرۆسەیە، کاتێک گەیشتە بەر دەرگای ماڵەکەیان هیچ هەواڵێک، هەست و خوستێک، گۆڕانکارییەک نەبوو، لامپاکە بەکزی لە ژوورەوە دەسووتا. کاتێک ئەو لە دەرگای دا و بانگی (شارا)ی کرد یەکەوسەر (شارا) لە ئەنجامی دەنگ ناسینەوە بەپەلە دەرگاکەی کردەوە. کاتێک (ئەو) سەیری (شارا)ی کرد، دیسان حەپەسا. ماوەیەک ئەبلەق بەرانبەر یەکدی وەستان، چونکە (شارا) هەروەکو خۆی بوو، هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەدابوو.

(شارا) پرسی چییە، بۆ وا حەپەساوی؟

(ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: هەو، گوتیان کچێکمان بووە.

(شارا) دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی ئەوەتە دەمبینی وەکو خۆمم، نە منداڵمان بووە و نە هیچ، ئیدی باوەشیان بەیەکدا کرد.

هەر تەنیا دوو ڕۆژی دوای ئەو هەواڵە دوای ڕەزامەندی کاک (نەوشیروان) (ئەو) (شارا)خان و (نەرمین)ی ڕەوانەی تاران کرد بۆ ئەوەی (شارا) لەکاتی منداڵ بوونەکەی لە دکتۆر و نەخۆشخانەیەک نزیک بێت. دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکەش بە چەند ڕۆژێک (ئەو) خۆشی گەشتی تارانی کرد (شارا) لە نەخۆشخانەی

**“ئیدی وردە وردە پێشمەرگە و کادیری دیکەش هاتن بۆ ڕادیۆکە، لەوانە (ڕزگار شێخانی، ئازاد خانەقینی، ڕەعد فەیلی و خوشکەکانی، ئازاد کاوانی، مامۆستا عەبدولڕەحمان بندیان)”**

(البرز) لە شاری تاران کچێکی بوو. دوای تەنیا یەک هەفتە گەڕانەوە بۆ (توژەڵە) سەرەتا ناویان نا (بێری)

دوای تەواوبوونی کۆنفرانس بە سێ هەفتە کاک (نەوشیروان) کاک (حەمە تۆفیق) و (ئەو)ی ڕەوانەی شاری (بۆکان) کرد بۆ گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنفرانس بە حزبە کوردستانییەکان. دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە سەیری کرد (بێری) لە ماڵ نییە کاتێک پرسی: ئەی کوا (بێری) (شارا) گوتی: لەگەڵ (ڕووناک)خانی خێزانی کاک (مەلا بەختیار) ڕەوانەی سلێمانیم کردەوە لای دایکم و (پەری)خان، لەکاتی ناردنەوەشی کاک (مەلا بەختیار) ناوی بێری بە (هاوێر) گۆڕی بوو، واتە جیاکردنەوەی بەرخ لە دایک. ئیدی هاوێر تا تەمەنی نۆ ساڵی لای نەنک و پوری مایەوە و ئەوان بەخێویانکرد.

\+ + +

تەکەتول و ململانێی نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە لە یەکەمین کۆنفرانسەکەیدا، نەک هەر چارەسەر نەکرا. بەڵکو کۆنفرانسەکە بوو بەهۆی توندوتیژکردنی ململانێکان. بۆیە پاش چەند مانگێک مامۆستا (جەعفەر) کە ئەوسا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بوو، دەستی لەکار کێشایەوە و گەشتی دەرەوەی وڵاتی کرد.

دوای ڕۆیشتنی، بە چەند مانگێک (ئەو) بە بڕیاری (مام جەلال) و کاک (نەوشیروان) کرا بە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن.

پێوەندی (ئەو) لەگەڵ (مام جەلال) و کاک (نەوشیروان) زۆر پتەو بوو. گەلێک جار کاک (نەوشیروان) چەند ڕۆژێک بۆ پشوودان و نووسین دەهاتە ژووره بچوکەکەی بەشی پەخشی ڕادیۆکە و خەریکی نووسین دەبوو، ئەوانیش جارجارە سەردانیان دەکرد (شارا)ش خواردنی خۆشی سلێمانیانەی بۆ دروست دەکردن و ڕەوانەی سەرەوەیان دەکرد. ئەوسا دەزگای ڕاگەیاندن بە چەند کادیرێکی لێهاتوو بەڕێوە دەچوو، لەوانە (هشیار عابد، جەزا، چالاک، ئازاد چالاک، هەڤاڵ کوێستانی، ئەبو بەکر خۆشناو، بەختیار، ئاسۆ عەلی، شەهاب

> "
> **لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە جیاواز و وتارانە لەنێو کۆنفرانسەکەدا دوو لایەنی روون و ئاشکرا بەدیدەکران، کاک (نەوشیروان) و لایەنگرەکانی لە پاڵ کوتلەی زیندان لەلایەک و کۆمیتەی هەرێمەکانیش لەلایەکی دی**
> "

عوسمان، ژمارەیەکی دیش بەداخەوە ناویانم لەیاد نەماون).

هەر لەو دەور و کاتانەدا (ئەردەلان و کاروان) دوو برای دەست ڕەنگین بوون، ئەردەلان هونەرمەندێکی وێنەکێش بوو، ئەو دوو برایە برای شەهیدی قارەمان د.بەختیار بوون، کە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی پێشمەرگە لە گەڕەکی کانی ئاسکانی سلێمانی بەدەستی دەزگاکانی ئەمنی عێراق شەهید بوو (ڕەمزی قوتبە)دینیش هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بوو خەڵکی خانەقین بوو، ئێستە لە ئەوروپا دەژی، دواتریش کاک (سەعدون فەیلی) کە پێشتر لە گەڵ (ئەو) لە زیندان دابوو، لەگەڵ گەنجێکی جوان بەناوی (خەسرەو) کە کوڕە خاڵی بوو، پێوەندییان کرد.

بەداخەوە لەسەردانێکیدا بۆ بەغدا (خەسرەو) ئاشکرابوو، گیرا و ئێستەش جەنازەکەی نەدۆزرایەوە. ماڵی کاک (سەعدون و خەسرەو) لە بەغدا بوو.

سەرەتا تێکەڵاوبوونی ئەو کادیرانە لەگەڵ کادیرەکانی ڕادیۆ هەندێک قورس بوو. بەڵام دواتر بە هۆی بەرژەوەندی سەرکەوتنی دەزگاکە و ئامۆژگاری (مام جەلال) و کاک (نەوشیروان) کارەکە ڕەها بوو. دوای چەندین دانیشتن لەنێوان (ئەو)و کادیرەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەیەکی نوێ بۆ بەردەوام بوون لەسەر بڵاوکردنەوەی هەردوو ڕۆژنامە (مانگانە)کەی (ی.ن.ک) (الشراره و ڕێبازی نوێ) داڕێژرا، کە پێشتر ژمارە سەرەتاییەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە لە لوبنان و دیمەشق دەرچووبوون.

هەروەکو لە چەند هەڤاڵێکم بیستبوو، هەروەها لە چەندین بڵاوکراوەی هاوڕێیانیش خوێندوومەتەوە. یەکەمین ئۆرگانی فەرمی (ی.ن.ک) بە زمانی عەرەبی (الشراره) بووە، هەروەکو (د.فوئاد)یش دەڵێت: ناوەکە (مام جەلال) لێینا. وەک دیاریشە ناوەکە لە ئۆرگانێکی بەلشەفییەکانی سەردەمی (لینین) وەرگیراوە بەناوی (ئایسکرا) (ومن الشراره یندلع اللهیب) لە ماوتسی تۆنگ وەرگیراوە، کە دەیگوت: (ئاگری دەنکە شخارتەیەک دونیا دەسووتێنێت)

ئەو ساڵانە بەشێکی زۆری حزبە چەپەکانی

> **ئەو تەختاییە مەیدانی گۆڕینەوەی باری وڵاخدارەکانی هەردوو دیوی کوردستان بوو، جێی پشوودان و مامەڵە و سەودا بوو (ئەحمەد ساروخ) گەورەترین سەرمایەداری ئەو بازاڕە بوو**

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەوتبوونە ژێر کاریگەری سەرکەوتنی شۆڕشی (ڤیتنام)ی کۆمۆنیست و بیروباوەڕی ڕابەری شۆڕشی چین (ماوتسی تۆنگ)

(الشراره) بە مەبەستی ناساندنی شۆڕشی کوردستان بوو بە گەلی عەرەب و یەکەمین ئۆرگانیش بوو، لە دوای شکستەکەی ساڵی (١٩٧٥) کە بە گەلی عەرەب بڵێت: ڕژێمی (صدام) ڕاستی نەکرد کە دەیوت: ئیتر دارخورما لەسەر شاخەکانی کوردستان بروێت جارێکی دی کورد ناتوانێت شۆڕش بکاتەوە. هەروەکو ژمارە یەکی سەرەتایی لە بارەگا و چاپخانەی حزبی بەعسی عێراق باڵی سوریا لە دمشق چاپکرا، لەلایەکی دیکەیشەوە یەکێتیی ئەوکاتە پێی وابوو، کە ئەگەرچی شۆڕشەکە لە شاخەکانی کوردستان و بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) هەڵگیرساوە، بەڵام دەکرێت ببێتە شۆڕشێکی عێراقی، هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە کوردستان کۆببنەوە و بەیەکەوە شۆڕش دژی (صدام) بکەن، بەڵام ئەو بۆچوونە وەکو خۆی دەرنەچوو چونکە ئۆپۆزسیۆنی عەرەب جیا لە چەند بارەگایەکی سێ چوار کەسی، هیچی دی نەبوون، بۆیە شۆڕشەکە بە پراکتیک هەر کوردستانی مایەوە.

هەروەکو چۆن ئۆرگانێک بۆ پێناساندنی شۆڕشی کوردستان بە دونیای عەرەبی پێویست بوو، بەهەمان شێوە و زیاتریش ئۆرگانێک بە زمانی کوردی پێویست تر بوو، بۆ ئەوەی ڕێبازی سیاسی شۆڕشی (ی.ن.ک) لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستن یەک بخات، ئینجا سیاسەت و ڕێبازی (ی.ن.ک) بە خەڵکی کوردستان بناسێنێت. بۆیە بڕیاریاندا ئۆرگانێک بەناوی (ڕێبازی نوێ) بڵاوبکەنەوە. پێش ناولێنانی ئەو ئۆرگانە گفتوگۆی زۆر لەسەر ناوەکەی کرابوو، سەرەتا ناوی (ڕێباز) هاتبوو دواتر (نوێ)ی بۆ زیاد کراو ئۆرگانەکە ناونرا (ڕێبازی نوێ) یەکەمین ژمارەشی لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٦) لە دەرەوەی وڵات. بڵاوکرایەوە.

بەهۆی ئەوەی هێشتە لە کوردستان بارەگایەکی جێگیر بۆ سەرکردایەتی نەبوو، پێشمەرگە و سەرکردەکان گەڕۆک بوون، ئەمڕۆ لێرە و سبەی لە شوێنێکی دی. پێداویستی چاپخانەش هەر نەبوو، لە شاری (دیمەشق)یش نەک گەر چاپخانەی کوردی لێ نەبوو، بەڵکو ڕێگە بەهیچ بڵاوکراوەیەکی کوردیش نەدەدرا. بۆیە چاپکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بگرە و بەردە و سەریەشەی زۆری پێویست بوو، هەر لەبەر ئەوەش سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاریاندا



> **بە بڕیاری (مام جەلال) هەفتانە دووجار بەرنامەی تایبەت بە زمانی تورکی بڵاودەکرایەوە، کە ڕێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی تورکمان سەرپەرشتیان دەکرد**

ڕۆژنامەکە لە لوبنان و لە چاپخانەیەکی ئەهلی چاپ بکەن، چونکە لەوێ دەرفەتی زیاتر هەبوو. بەمجۆرە ژمارە سەرەتاییەکانی هەردوو ئۆرگانی (الشراره و ڕێبازی نوێ) لە دەرەوەی وڵات دەرچوون، دواتر دوای ئەوەی بارەگەکانی سەرکردایەتی لە پاش سەرکەوتنی شەڕی ساڵی (١٩٧٨) لە قوتەی مامەندە و شێنێ و شکستی پەلامارەکەی ڕژێمی عێراق. سەرکردایەتی بارەگای جێگیری خۆی لە ناوزەنگ دامەزراند، دەزگای ڕاگەیاندنیش بە هیمەتی مامۆستا (جەعفەر) و چەندین کادیری دی دامەزران و ڕۆژنامەکان لە کوردستان چاپ کران.

خوێنەر و گەنجەکان بزانن کە تاکو ساڵی (١٩٨٣)ش تەنیا دوو تایپی (برازەر)ی کۆن و یەک (ڕۆنیۆ) ی شکاو هەبوو، هەندێک لایەنی ڕۆنیۆکە بەپەت بەسترابوو، ئینجا (هشیار عابد) وەکو فیتەرێکی شارەزا هەمیشە دەستی بەو ڕۆنیۆوە بوو، جلەکانیشی چەندین پەلەی گریز و ڕۆنی پێوە بوو، چونکە زووزوو دەبوو پاکبکرێتەوە، باسی تایپەکانیش هەر مەکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا بە هیمەت و داهێنانی ئەو کادیرانە هەندێک جار هەردوو ڕۆژنامەکان بەدوو ڕەنگ (سوور و ڕەش) دەردەچوون.

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی هەواڵیش، ڕادیۆکانی جیهان تاکە سەرچاوەی هەواڵەکانی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیا بوون، بۆیە کادیرەکانی دەزگای ڕاگەیاندن، ئەو بیرۆکەیەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٤-١٩٧٥) یان زیندوو کردەوە. ئەویش کۆکردنەوەی هەواڵەکانی جیهان بوو لە ڕێگەی ڕادیۆ و دواتر چاپکردنی لە شێوەی (مەلزەمە) بە ناوی (انصات) ڕۆژانە ئەو مەلزەمەیە بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی دابەش دەکران، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارەوپوول بیر لەوە کرایەوە، ئەگەر بگونجێ ئەو بڵاوکراوەیە بە شێوەیەکی باشتر دروست بکەن و نرخێکی هەرزانی بخەنە سەر و لە بازاڕە بچکۆلەکەی ناوزەنگ بیفرۆشن، بەڵکو تێچووی کاغەز و مەرەکەبەکە دەربهێنن.

لە سەرەتای هەشتاکاندا لە تەختاییەکەی دۆڵی (ناوزەنگ) بازاڕێکی لێبوو، کە بریتی بوو لە چەند دووکانێکی بچووک و شوێنێکی چا خواردنەوە، ئەو تەختاییە مەیدانی گۆڕینەوەی باری وڵاخدارەکانی هەردوو دیوی کوردستان بوو، جێی پشوودان و مامەڵە و سەودا بوو (ئەحمەد ساروخ) گەورەترین سەرمایەداری ئەو بازاڕە بوو، گەلێک جار شۆڕش پارەی لێ قەرز دەکرد.

بەڵام بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی سوپاو پاسدارانی حکومەتی ئێران بۆ سەر هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە) لە شارۆچکەکانی (سەردەشت، خانە) و بەهۆی پاڵپشتی (ی.ن.ک)یش لە حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، ناوچەی سنووری (ناوزەنگ) بوو بە بەشێک لە نیشانەی تۆپخانەکانی حکومەتی ئێران.

ڕۆژانە بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ تۆپباران دەکران، بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاریدا بارەگاکانی خۆی بۆ قوڵایی کوردستانی خۆمان بگوازێتەوە، دەزگای ڕاگەیاندنیش یەکەمین کاروانی ئەو گواستنەوەیە بوو، بەم هۆیەوە بیرۆکەی گۆڕینی (انصات)ەکە بۆ شێوەی ڕۆژنامە لەبارچوو.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (شاناز هیرانی)
- گۆشەی دیوان.. (باخچەی گڵکەند (گڵ کەند)
- یەکەم بابەت شێرزاد حەسەن)
- نازناوی سەرتاش

زرار سەرتاش

- ئیسماعیل خەیات
- لە دەفتەری نەمریدا (ئیسماعیل خەیات)
- زمانی کوردی لە نەخۆشخانەیە !

تاریق جامباز

- ئەو سەردەم بۆیان بڵاونەکردمەوە

سەڵاح شێخ شەرەف- کۆیە

- سالۆنی لاپەڕە (٩)

# بۆچی زیاتر بایەخت بە وەرگێڕانی کەسایەتییە ژنەکان داوە؟




ئاشکرایە زۆربەی بوارەرکانی (نووسین، چاپ، بڵاوکردنەوە) لەخزمەتی پیاواندا بووە. هەمیشە نووسینەکان پڕن لە گێڕانەوە و نووسینی ئەو بابەتانەی، کە خولیا و ئارەزوی پیاوان وێنا دەکەن، هەر لە (سیاسەت، هونەر، ئابووری، ژینگە، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد)

وەرگێڕانی نووسینی ژنانەش دەچێتە هەمان خانەی پەراوێزخراوەوە، لەسەرجەم بوارەکاندا، کەمتر گرنگی بە دونیابینی ژنان دراوە. هەر ئەوانەش بوون زیاتر هانیان دام بابەت و نووسینی خانمێکی نووسەر وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. لەلایەکی دیکەیشەوە لەم سەردەمەدا ژنانی نووسەر و شاعیر و سیاسەتمەدار لەقۆناغە جیاوازەکاندا توانیویانە شوێن پەنجەیان دیاربێت و دید و بۆچونی خۆیان لەسەر ڕوداوەکانی ئەم جیهانە بخەنەڕوو. کاتێک کتێبێکی نووسەری ژنت بەرچاو دەکەوێت پرسیارێک لە ناختدا دروست دەبێت، چما لەم جیهانەدا ژنی نووسەر هەیە؟ بەرهەمی عەقڵی ببێتە جێگەی بایەخ.

لەم ڕوانگەوەیەوە و بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، وەکو ئەرکێکیش هەوڵمدا بگەڕێم بەدوای بەرهەمی ئەو ژنانەی جێگەی بایەخن، تا کاری لەسەر بکەم و بەو زمانەی کە فێری بووم و دەیزانم کتێب و بەرهەمەکانیان وەرگێڕم، بەتایبەتی لەبواری سیاسەتدا، کە کەمترین جار ژنان دەستی بۆ دەبەن. هەرچەندە لەبواری دی وەکو (مێژوویی، فیکری)یش چەند بەرهەمێکم وەرگێڕاوە. لەهەمان کاتدا ویستومە بایەخی نووسین و توانا و لێهاتوویی ژنان لەبواری نووسین و جیاوازی بیرکردنەوەیان و تێڕوانینیان بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان بخەمەڕوو. بۆ نموونە کاتێک دەستم کرد بە وەرگێڕانی کتێبی (بژاردە قورسەکان ـ هیلاری کلینتۆن) مەبەستم بوو توانا و شایستەیی ئەو ژنە لەسیاسەتدا بۆ خوێنەری کورد بخەمەڕوو، کە لەرۆژگارێکدا وەزیری دەرەوەی بەهێزترین وڵاتی زلهێزی دونیا و دارێژەرەوەی سیاسەتەکانی هەموو جیهان بووە. باس لە ئەزموون و ئەو ئالینگاری و بژاردە قورسانە بکەم، کە زۆرجار پێویستی بە بڕیاری قورس و یەکلاکەرەوە هەبووە، کە چۆن ژنێک سیاسەت وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنێت بۆ ئاراستەکردنی گەلان و دەستنیشانکردنی خاڵەکانی کارکردن.

دیارە بواری سیاسی لای من زیاتر گرنگ و جێگەی بایەخ بووە، بۆیە لەو بوارەدا بەدوای نووسین و بابەتەکانی ژناندا گەڕاوم لەسەریانم نووسیوە، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان کارەکتەری ڕووداوەکان بوونە. هەروەکو لە کتێبەکەی (چیرۆکی سەرکەوتنی کۆندۆلیزا ڕایس و هیلاری کلینتۆن و شاژنە فەوزیە و هارییت تیلەر...) دەردەکەوێت. هیواخوازیش بووم بتوانم لەداهاتوودا بەرهەمی چەند ژنە نووسەرێکی دیکەیش بکەمە کوردیی. پێموایە ئەوە قۆناغێکە لەسەرکەوتن و دەبێت هەوڵی ژنانی بەتوانا زیاتر گەشە بکات. پێویستە ئێمەش هەنگاوی گەورەتر بنێین و لە بواری وەرگێڕاندا ڕۆڵ و پێگەی ئەو ژنانە دەربخەین، ئەزمونی ئەوان بەرێگەی وەرگێڕانەوە بگوزاینەوە و ئاشنابین بەو هەنگاوە مەزنانەی ناویانە.

مرۆڤ کاتێک ڕەگەزی دووەمی سیمۆن دی بوڤوار دەخوێنینەوە هەست دەکات ئەو ژنە چ کارێکی مەزنی کردووە، چۆن پرسی ژنی بۆ سەردەم و قۆناغێکی جیاوازتر گواستەوە، چۆن

**" بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، وەکو ئەرکێکیش هەوڵمدا بگەڕێم بەدوای بەرهەمی ئەو ژنانەی جێگەی بایەخن "**

وردبووەتـەوە لەهەموو وردەکـاری و بۆشایی و کـەمـوکـورتـییـەکـانی ژنــان. بـەشـێـوەیـەکـی کاریگەر ڕۆڵـی هەبووە لەگەشەکردنی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو فەلسەفەی فێمنیزمی و فەلسەفەی بونگەرایی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستی کۆمەڵایەتی.

وەکو ژنێک هەمیشە پێموایە، هەرکاتێک ژنان بەتێڕوانین و دیدێکی جیاوازتر هاتنە گۆرەپانی ژیان، ئەوا دەتوانن ژنانە سیاسەت بکەن و ژنانە بڕیاربدەن و ژنانە بجەنگن. زۆرجاریش لەکاتی وەرگێڕانی دەق و نووسینی ئەو ژنانە هەستم کـردوە ئـەو ژنـە نـووسـەرە دەربـڕی ناخی من و هەموو ژنەکانی دیکەیە. چونکە جیهانی ژنان و جـۆری بیرکردنەوەیان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بیرکردنەوەی پیاواندا هەیە، بەڵام بەداخەوە لەکوردستاندا ژنان وەرگـێـڕان بـەکـاری خـۆیان نازانن و ئاوڕی لێنادەنەوە، لەکاتێکدا وەکو هەر بوارێکی دی گرنگ و پێویستە.

ئـومـێـدەوارم لـەگـەڵ ئـەو شـەپـۆلـەی ئێستەی وەرگـێـڕان، کە هـاتـووەتـە کـایـەوە، زیـاتـر نـاوی وەرگێڕی ژن بەسەر بەرگی کتێبەکانەوە ببینین، چونکە وەرگێڕان بایەخدانە بە گرنگی پەیوەندییە ڕۆشنبیریی و ژیـارییـەکـانی نـێـوان سـەرجـەم نەتەوە جیاوازەکان. لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی فراوانبوون و قوڵبوونەوەی ئاسۆی مەعریفی و دونیابینی و گەشەکردن و تێگەیشتنی جیاواز.

لەوەرگێڕاندا چەمکی هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکە دەبێتە بەشێک لەئاکامە جوانەکانی مرۆڤ، بۆیە وەرگێڕان پێش هەموو شتێک (وەرگرتن و خوێندنەوە)یە ڕاسـتـەوخـۆ بـەنـدە بـە پرۆسـەی خوێندنەوە و وەرگرتنەوە.

وەرگێڕان داهێنانە و پەیوەستە بەتوانا و سەلیقە و لێهاتوویی و دونیابینی وەرگـێـڕەوە. خـودی داهـێـنـانـیـش خـوێـنـدنـەوە و ڕاڤـەکـردن و لێکدانەوەی فرەجۆرە. داهێنان لە گەیشتن بە خوێنەر و خوێندنەوەی بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

دەکرێت لـە ڕەهـەنـدی جـیـاوازەوە باس لە وەرگـێـڕان بکرێت، کە وەرگـێـڕان وەکو پـرۆسـەیـەکـی گـۆڕیـنـی وشـە و ڕسـتـە و پـەرەگـراف و دەقـی زمانێکی دیـاریـکـراو، بەچ میکانیزمێک و چۆن ئەنجام دەدرێت؟

ئـەگـەر بـشـمـانـەوێـت سـەرەتـاتـریـن پـێـنـاسـەی وەرگێڕان بخەینەڕوو: بریتییە لە گواستنەوەی دەقێکی دیاریکراو، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بەمە ئێمە لەبەردەم گواستنەوەی فەرهەنگێکین بۆ ناو فەرهەنگێکی دی. واتە: وەرگێڕ کەسێکە وەکو سووژەیەکی بە توانا بە زانینی دوو زمان و هەڵی پەیوەندی کۆمەڵگەیەک لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دی. بەم شێوەیە و هەر لە ڕێگەی زمانەوە خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو دەباتە ناو دەلاقەی دونیاییەکی دیکەی تەواو جیاواز.







یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی وەرگێڕانیش ئەوەیە، خـۆی لـەو کارتێکەرە دەبینێتەوە کە بەگشتی لـەسـەر فـەرهـەنـگـی زمـانـی مـەبـەست بەجێدەهێڵێت. مـرۆڤ بـە زمان دەوردراوە و لــەدەرەوەی زمانیش ئەستەمە بتوانێت کــوانــوی بــیــری خــۆی بگـەشـێـنـێـتـەوە. لـەهـەمـان کاتدا زمانیش دەوردراوی ئەو جیهانەیە، کە مرۆڤ لە چوارچێوەیدا دەژیت.

**شاناز هیرانی**



# باخچەی گڵکەند (گڵ کەند)

لەساڵی ١٩٦٥ دەزگای نێودەوڵەتی پرۆگرامی خۆراک لە عێراق، کە سەر بەدەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئامادەیی خۆی دەربڕی، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە گرنگەکانی ئاوەدانکردنەوە، لەزۆربەی بوارەکانی تەلارسازی و ئابووریدا. ئامانجی ئەم دەزگە نێودەوڵەتییە هاریکاریکردنی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو بوو، لە هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی، لەرێگەی پێشەشکردنی ماددە خۆراکییەکان، وەکو بەشێک لەکرێ و قەرەبووی کرێیەکان لەو پرۆژانەی پێویستیان بە دابینکردنی پارە نییە بۆ (کری الأنهر).

هیچ موتەسەرفێکیش، مەترسی سوود وەرگرتنی لەو دەزگایە نەبووە، بۆیە موتەسریفی لیوای هەولێر بەهەلی زانی سوود لەم خستنەڕووە وەربگرێت، تا لە رێی ئەم پرۆژەیەوە زەلکاوی گڵکەند بکاتە باخچە، لەگەڵیشیدا قیرتاوکردن و کردنەوەی شەقامی (النصر) ئەگەرچی پرۆژەیەکی زۆر قورسیش بوو.

بەڵام مەبەستی بوو هەردوو پرۆژەکە، کە زۆر گرنگ بوون، جێبەجێ بکات، ئەمەش دوای بەدەنگەوە هاتنی سەرۆک وەزیران و وەزیر و بەرپرسانی ئەوکات، بە کردەوەش بڕی پارەی پێویستی بۆ دیاری کرا، لە حیسابی پلانی پێنج ساڵەی ئابووری، کە دەیکردە (٥٦٥) هەزار دینار، هەروەها بڕی (٦٥) هەزار دیناریشی بۆ کاری زیادکراو خرایە سەر، بەمشێوەیە کۆی گشتی پارەکە بووە (٦٣٠) هەزار دینار.

چیرۆکی دروستکردنی باخچەی گڵکەند لە هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دوای دروستبوون زەلکاوێکی گەورە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دانیشتووانی قەڵاتێ لەقەڵا هاتنەخوارێ، بە مەبەستی نیشتەجێبوون لە دەشتاییەکانی دەوروبەری، ئەم دانیشتووانە بۆ دروستکردنی خانوەکانیان چوونە سەر ئەو پارچە زەوییە، کە (٣) کیلۆمەتر لە قەڵاوە دوور بوو، دوایش ناونرا (سەعدوناوە) ئەم ناولێنانەش بۆ چەند ئەگەرێک دەگەڕێتەوە، یان ئەوەتا بەهۆی ناوی ئەو گۆڕەی پیاوچاکەوە بووە، کە ناوی سەعدوون بووە و کەوتووەتە ئەو شوێنە، یان ئەوەتا یەکەم کەس، کە ئەم شوێنەی ئاوەدان کردووەتەوە ناوی سەعدوون بووە، یانیش ئەو کەسەی ئەو زەوییەی فرۆشتووە ناوی سەعدوون بووە، هەموو ئەو خەڵکەش کە لەم شوێنە نیشتەجێ بوونە، ئیشی کوورەچییەتیان کردووە، بۆ ئەو ئیشەشیان (گڵی) ئەو شوێنەیان بەکارهێناوە، چونکە جۆرەکەی باش بووە، بۆیە بۆ دروستکردنی خانووەکانیان (گڵ)یان لەو شوێنە



باخچەی گڵکەند، دوای تەواوبوونی، لە ئاهەنگی جەژنی درختدا

گواستووەتەوە بۆ کارگەی دروستکردنی کەرپووچی خۆماڵی، ئەمەش بووتە هۆی دروستبوونی ئەم (کەند)ە زەلکاوە، کە ڕووبەرەکەی (١٥٠٠٠) مەتر دووجایە. هەر ئەم (گڵ) گواستنەوەیەش سەرەنجام بووەتە هۆی دروسبوونی ئەم (کەند)ە و ناوەکەی و پێی گوتراوە (گڵکەند) واتە (گڵی-کەند) دیارە دواتریش کوورەچییەکان کارگەکانیان لەو شوێنە گواستووەتەوە.

دواجاریش لە ئەنجامی فراوانبوونی شار، وای لێهاتووە زەلکاوەکە بکەوێتە ناوەڕاستی ئەو شوێنە، بە تەنیشت خانووە نوێیەکان و شەقامە بەدار چێندراوەکان.

ئەم زەلکاوە بەهۆی وەستانی ئاوی پیس و زۆربوونی مێش و مەگەز، ببووە سیمایەکی ناشیرینی شار و سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی بۆنێکی ناخۆش پەتای نەخۆشی، بەتایبەتی لە وەرزەکانی هاوین و زستاندا.

زووتر زۆر لەبەرپرسان هەوڵیاندابوو ئەم زەلکاوە نەهێڵن، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون، تا دواجار موتەسریفی لیوا ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی، کە تا ئەم کاتە ئەم زەلکاوە، مەترسییەکی بەردەوام و گەورەی دانیشتوانی شاری هەولێر بوو، خەڵکەکە لە هەموو وەرزەکاندا هەستیان بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکرد و ببووە بارێکی گران بەسەریانەوە.

پێشتر یەکێک لەئەندازیارە پۆڵەندییەکان، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و نەخشەی وەزارەتی کاروباری شاروانی و دێهاتەکان بوو، دیزان و نەخشەیەکی تایبەتی بۆ گۆڕینی ئەو زەلکاوە، بۆ باخچەیەکی گشتی ئامادە کرد. نەخشەکە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، بەشێوەی ئەندازەیی جیاواز و چێندراو بە گوڵ و گوڵزار و ڕێڕەوی قات قات ڕازێندرایەوە، نافورە و تاڤگەیەکی گەورەش بە ئاوی ڕەنگاوڕەنگ دەکەوتە ناوەڕاستی باخچەکە، لەسەر ڕێگاکانی دەوروبەریشدا ڕێگەیەکی تایبەت دروستکرا، بۆ هاتن و چوونی ئۆتۆمبیلەکان بەمەبەستی خۆشکردنی دڵ و دەروونییان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەخشەی دوو گازینۆ دانرا، یەکەمیان لە لێواری باخچەکە بەلای ڕێگەی هەولێر-کەرکووک-وە، دووەمیشیان بە لێواری لای شەقامی محەتەوە.



کاتی کارکردن لە پرۆژەی دروستکردنی باخچەی گڵکەند

عەمیدی ڕوکن (عەبدولمونع ئەلمەسەرەف) موتەسەریفی لیوای هەولێر ئەم نەخشەیە قازانجی بوو، بۆیە مکوڕ بوو لەسەر جێبەجێکردنی، لە کاتێکدا دۆسییەکە لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر پشتگوێ خرابوو. بۆیە کەوتە مشووری پەیداکردنی ئەو پارەیە، بۆ ئەوەی پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، کە دواتر جێبەجێ بوو.

ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەو پرۆژەیەدا و پرۆژەی دیکەدا کاریان دەکرد زۆرجار دەگەیشتە (٤٠٠) کرێکار، لەکۆتایی هەر (١٧) ڕۆژدا، هەر کرێکارێک گونییەک ئاردی (٥٠) کیلۆیی وەردەگرت، لەگەڵ ١٥ قوتووی گۆشت و چوار قالبە پەنیر و چوار قوتووی مرەبا، لەگەڵ سێ گرام چا و گالۆنێک ڕۆن. دەست حەقی هەر کرێکارێکی ناچالاکیش، ڕۆژانە (١٥٠) فلس بووە،

ئەوە جگە لەوەی دەست حەقەکانیان هەمان بەهای خۆراکی هەبوو، ئەوەش یارمەتیدەر بوو، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی نێوانی چینی کرێکار و خانەوادەکانیان، لەڕووی تەندروستی و چالاکییشەوە باشتربوون.

لەم ڕووەشەوە موتەسەریف بەجۆش و خرۆشەوە هاوکاری کرێکارەکانی دەکرد، بۆیە بڕیاریدا لەسەر حیسابی پرۆژەکە، ڕۆژانە ژەمێک خواردنیان لە «کافتریا» پێ بدەن، هەر ژەمێکیش بریتی بوو لە سێ نان (سەموون) لەگەڵ گۆشت و چای.

**ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەو پرۆژەیەدا و پرۆژەی دیکەدا کاریان دەکرد زۆرجار دەگەیشتە (٤٠٠) کرێکار**

* بۆ ئەم بابەتە سوود لە کتێبی (أربيل في أربعة أعوام- ١٩٦٤، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧) چاپی ١٩٦٨ وەرگیراوە

* ئەوکاتە عەبدولڕەحمان محەمەد عارف، سەرۆک کۆمار و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە، (طاهر یەحیا)ش سەرۆک وەزیران، عەبدولمونعم ئەلمەسرەف)یش موتەسەریفی لیوای هەولێر بووە.




(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

## شێرزاد حەسەن: یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٤ بۆ کچێکی ئاوریشماویی بە لاسایی عەبدوڵڵا پەشێو، شیعرێکم بڵاوکردەوە، کە بڵاوبۆوە زۆر گریام، بەچواردەوری قەڵادا سوڕامەوە و دەگریام، پێم سەیر بوو ناوی خۆم بینی



### خۆزگەیەک

*ئاخۆ ئەبێ..*
*ئەو ڕۆژە بێ..*
*دەست و پەنجەی نەرم و ناسکت*
*لە خەنە نێم*
*چاوەکانی گەش و ڕەشت*
*پڕ لە کل کەم*
*گورە و پڵپڵە و خرخال..*
*لە گشت پارچەیەکی جەستەی..*
*سپی و جوانت*
*یەک یەک بخەم*
*کە لێوەکانم ئەخزێتە..*
*پەنا گوێت ئەچرپێنم..*
*ناسۆری خۆمت بۆ ئەڵێم..*
*تا بزانی کە منیش کێم!*
*سەهۆڵی دەرد و ئازارم..*
*لەناو گەرمای ماچێکتا*
*ئەتوێمەوە!*
*چاوەکانت وەک قەندیلە..*
*تاریکایی شەوەزەنگی..*

*شاری پێ ئەڕەوێنمەوە!*

*ئەو شەوە من*

*تا بەیانی..*

*وەکو چیرۆک ئەت خوێنمەوە!*

*باوانەکەم..*

*بێ زۆر و کەم..*

*هەستی شەشەم*

*هاوار ئەکا:*


*کە هەر ئەبێ بەتۆ بگەم!*

*خۆ ئەگەر هات و وانەبوو*

*دونیایەکی پڕ ئاژاوە*

*دروست ئەکەم*

**شێرزاد حسن**
**لاپەرە ٢ی ژمارە ٣٤ـی ڕۆشنبیریی نوێی ١٩٧٤/١٠/٢١**



خۆزگەیەك

ئا خۆ ئەبێ ..
ئەو ڕۆژە بێ ..
دەست و پەنجەی نەرم و ناسکت
لە خەنە نێم !
چاوەکانی گەش و ڕەشت
پڕ لە کل کەم
گوارە و پلپلە و خرخال ..
لە گشت پارچەیەکی جەستەی ..
سپی و جوانت ،
یەك یەك بخەم !
کە لێوەکنم ئەخزێتە ..
پەنا گوێت ئەچرپێنم ..
ناسۆری خۆمت بۆ ئەڵێم
تابزانی کە منیش کێم !!!
سەهۆڵی دەرد و ئازارم
لەناو گەرمایی ماچێکتا
ئەتوێمەوە ! !
چاوەکانت وەك قەندیلە ..
تاریکایی شەوەزەنگی ..
شاری پێ ئەڕەوێنمەوە !
ئەو شەوەمن
تابەیانی ..
وەکو چیرۆك ئەت خوێنمەوە !!
باوانەکەم ..
بێ زۆر و کەم ..
هەستی شەشەم
هاوار ئەکا :
کەهەر ئەبێ بەتۆبگەم !
خۆ ئەگەر هات وانەبوو
دونیایەکی پڕ ئاژاوە
دروست ئەکـەم

شێرزاد حسن

# نازناوی (سەرتاش)

زۆرجاران لە لایەن زۆر کەسەوە، ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبمەوە، لێم دەپرسن نازناوی (سەرتاش) لە چییەوە هاتووە؟

ئەم نازناوە بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی خانەوادەکەم، چونکە لە بنەماڵەی ئێمە، جگە لە باپیرم و باوکم، سەرجەم براکانم پیشەی ڕۆژانەیان حەلاقی بووە، بەخۆشمەوە، بەڵام دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە شتێک بکەم، بۆ لە نووسیندا پاشگری حەلاق، یان بەربەر نەبووە؟ پاشگری ناوەکەم وشەی سەرتاش بوو بە نازناوی نووسینم. ئەم نازناوەش چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەیە.


لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە ئێمە کۆمەڵێک لە نووسەرانی شەقڵاوە گۆڤاری (مەم)مان دەردەکرد، ڕۆمانووس سابیر ڕەشید سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، بەندەش بەڕێوەبەری نووسینی. کاک سابیر لەکاتی نووسینی ناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە پێی گوتم ناوی (زرار حەلاق) بە کوردی دەنووسم، نووسی (زرار سەرتاش) دوای دەرچوونی گۆڤار، ئیتر من سەرجەم ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوم دەکردنەوە بەناوی زرار سەرتاش بوو، ئیتر لەوکاتەوە تاکو ئەمڕۆ پاشگری (سەرتاش) بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ناوی (زرار)

**زرار سەرتاش**

**٢٠٢٢/١٠/١٦**



زرار سەرتاش



زۆر جاران لە لایەن زۆر کەسەوە ڕوو بە ڕووی پرسیارێک دەبمەوە
لێم دەپرسن نازناوی (سەرتاش) لە چییەوە هاتووە؟ ئەم نازناوە
بۆ من دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی خانەوادەکەم. چونکە لە بنەماڵەی ئێمە
جگە لە باپیرم و باوکم سەرجەم براکانم پیشەی ڕۆژانەیان حەلاقی
بووە، بە خۆشمەوە، بەڵام دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە شتێک
بکەم بۆ لە نووسیندا پاشگری حەلاق یان بەربەر نەبووە
پاشگری ناوەکەم وشەی سەرتاش بوو بە نازناوی نووسینم.
ئەم نازناوەش چیرۆکی تایبەت بە خۆی هەیە. لە سەرەتای
ڕاپەڕینەوە ئێمە کۆمەڵێک لە نووسەرانی شەقڵاوە گۆڤاری
(مەم)مان دەردەکرد ڕۆمانووس سابیر ڕەشید سەرنووسەری
گۆڤارەکە بوو بەندەش بەڕێوەبەری نووسینی. کاک سابیر
لە کاتی نووسینی ناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە. پێی گوتم
ناوی (زرار حەلاق) بە کوردی دەنووسم. نووسی (زرار سەرتاش)
دوای دەرچوونی گۆڤارە ئیتر من سەرجەم ئەو بابەتانەی لە
ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوم دەکردنەوە بە ناوی زرار سەرتاش
بوو ئیتر لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ پاشگری (سەرتاش) بوو
بە بەشێکی دانەبڕاو لە ناوی (زرار)

زرار سەرتاش
٢٠٢٢/١٠/١٦

# ئیسماعیل خەیات

(زەمین ڕەنگی لێدەچۆڕێ، فۆرم دەخولقێنێت، هونەرمەند وەستای یاری تەکنیکییە، لەگەڵ ڕاکێشانی هێڵەکاندا، لە ڕژانی ڕەنگەکانییەوە، داو و کۆتەکانی بەرێ دەکات، بار و ڕونەر و توخم و قەبارەکانی بە جێگۆڕکێ و ئەمدیودیوکردن دەدۆزێتەوە.

هەمیشە (ڕامان، بەدواداگەڕان، ئەزموون، بابەت، مادده، ڕووبەر و قەبارە) وەکو منداڵیی پێیان سەرسامە. بە گوێی هەستەکانی دەکات، کاتێک دەگاتە کۆتایی کارێک هیچ دوور نییە جارێکی دی تێهەڵچێتەوە و دەروازەی ئەزموونێکی دی بۆ والا بێت)




ئیسماعیل خەیات

ساڵی ١٩٤٤ لە خانەقین لە دایک بووە.

١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی بەعقووبەی تەواو کردووە.

ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و کۆمەڵەی شیوەکارانی جیهان-I.A.A بووە.

ساڵانێک مامۆستای پەروەردەی هونەر بووە لە قوتابخانەکانی سلێمانی.

١٩٩٨-١٩٩٢ بەڕێوەبەری هونەری شێوەکاری بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دواتریش بووەتە سەرپەرشتیاری هونەری شێوەکاری لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی.

١٩٦٦-٢٠٠٤ سی و چوار پێشەنگەی تایبەتی لە بەغدا و شارەکانی دی کردووەتەوە.

١٩٦٥-٢٠٠٤ بەشداری زیاتر لە پەنجاو چوار پێشەنگەی هاوبەشی کردووە، لە بەغدا و شارەکانی دیکەی کوردستان و سوریا و ئەردەن و ڕووسیا و ئەوروپای خۆرهەڵات و کۆریای باشوور و ژاپۆن و فەرەنسا و سوێد و ئێران و نەمسا و سویسرا و دانیمارک.


چالاکی هەبووە لە بوارەکانی دیکۆرکێشان، پەیکەرسازی، هێڵکاری نێو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

کۆمەڵێک بەرهەمی لە شێوەی کارت و تیشیرت لە ژاپۆن چاپکراوە.

بەرهەمەکانی لە کوردستان و بەغداد، سوێد، فلیپین، نەمسا، هۆڵەندە، ئینگلتەرە، ژاپۆن، بەلجیکا، ئەڵمانیا، سویسرا، نەرویژ، فەرەنسا، بڵاوبووەتەوە.


ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی داهێنانی لە بواری هونەری شێوەکاری لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێبەخشراوە.

## لە دەفتەری نەمریدا



# ئیسماعیل خەیات (١٩٤٤–٢٠/١٠/٢٠٢٢)

# زمانی کوردی لە نەخۆشخانەیە !



تاریق جامباز

ساڵی ٢٠١٣ بۆچارەسەری نەخۆشی چوومە ئەستەنبۆل، داوی پشکنینی پێویست دکتۆر گوتی: پێویستە نەشتەرگەریت بۆ بکرێت، چونکە گرێیەک لە سەرووی سەرتەوەیە و پاکیشە (حەمیدەیە) نەشتەرگەریەکە شەش سەعاتی پتر خایاند، دوای سێ ڕۆژ گوتی: ئێستە دەتوانی دەربچی و بچیتەوە ناو ژیانی ئاساییت، لەدواساتی دەرچوونم، بەشی کارگێڕیی هاتنە ژوورەکەم، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی نەخۆشخانەکەیان، لەبارەی پاکوخاوینی و خواردن و مامەڵەی کارمەندانەکانیان پرسیاریان لێ کردم، گوتم: هەمووی زۆر باشە. گوتیان: چ پێشنیازێکت هەیە؟ منیش گوتم: دەبێت ڕەچاوی لایەنی دەروونی نەخۆش بکرێت، داواکارم (TRT6) کە کەناڵێکە لە تورکیا بەزمانی کوردی پەخش دەکرێت، لەنێو کەناڵە خەزنکراوەکانی تەلەفزیونی نەخۆشخانەکەتاندا هەبێت، ڕۆژی دواتر پەیوەندییان پێوە کردم، گوتیان: ئەوەی داوات کردبوو جێبەجێکرا.

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢) دیسان باری تەندروسیتم ناجێگیربوو، بیرم کردەوە، بچمەوە لای ئەو دکتۆرەی، کە کاتی خۆی لە تورکیا نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردبووم، دوای پشکنینی پێویست دکتۆر گوتی: خوێنهێنەر و خوێنبەری دەمارەکانی سەرت تێکەڵی یەکدی بووینە و بە زووترین کات پێویستت بە قەستەرەی سەر هەیە، قەستەرەکەیان بۆ کردم و لە ژووری بوژاندنەوە کە بەهۆش خۆم هاتمەوە کارمەندێکی نەخۆشخانەکە هاتەلام، داوای کەناڵە کوردیەکەی (TRT6)م کرد. زۆر دڵخۆش بووم هەناسەی دڵنیایی و ئاسودەیی هەموو جەستەی گرتمەوە، کە بردمیانە ژوورەکەی خۆم، هەر سەیری کەناڵە کوردییەکەم دەکرد.

لەهەرسێ بەشی کوردستان (باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتەکان بەزمانی کوردی نییە. لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەپێی دوو ماددە بۆ زمانە خۆجێیەکان، تەنیا دەتوانرێت لە ئەدەبیاتدا بخوێنرێن، بەڵام ئەمەش جێبەجێ ناکرێت.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٢) لە ئێران چوومە شاری ورمێ، سەردانی کارمەندانی گۆڤاری (سروە)م کرد، ئەحمەد قازی سەرنووسەری گۆڤارەکەم بینی و باسی ئەوەم کرد لە گۆڤارەکەدا

> **تەنیا لە باشووری کوردستان، خوێندنی زمانی کوردی جێگیرە، ئەگەرنا ڕاشکاوانە دەڵێم زمانی کوردی لە نەخۆشانەیە، گەر چارەسەری بۆ نەکرێت بەرەو تونێڵێکی نادیار و لێڵ دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش سست و کز و لاواز دەبێت**

هەندێک ناو زۆر دووبارە دەبنەوە، ئەویش گوتی: ئەوانەی بەزمانی کوردی دەنووسن، ژمارەیان کەمە. هەمان ساڵ سەردانی سوریا (قامیشلۆ)م کرد، لە ماڵێک باوکێک دەفتەرێکی دەستخەتی لابوو، منداڵەکانی پێ فێرە زمانی کوردی دەکرد، چونکە لە سوریا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغەیە. لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیژێکی کورد لەبەر ئەوەی منداڵانی فێرە نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی دەکرد، دادگایی کراو پێنج ساڵ بڕیاری زیندانکردنی درا و ئێستەش لە زیندان دایە، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢١) لە تورکیا (٥٦) تابلۆ بەزمانی کوردی هەبوون، بڕیاری لابردنیان درا و هەموویان کرانە تورکی.

لە سوریاش، جگە لەو شوێنانەی هێزەکانی سوریای دیموکرات حوکمڕانی دەکەن، لەوێ جگە لە زمانی عەرەبی، بە کوردی و سریانیش دەخوێنرێت. لە سەردانێکمدا لە ساڵی (٢٠١٩) بۆ دیاربەکر بۆم دەرکەوت، کەم کەس دەتوانێت بە کوردی بنووسێت و بخوێنێتەوە، چونکە لە تورکیا جگە لە زمانی ڕەسمی، زمانی کارکردنیش هەر تورکییە.

بۆیە ئێستە تەنیا لە باشووری کوردستان، خوێندنی زمانی کوردی جێگیرە، ئەگەرنا ڕاشکاوانە دەڵێم زمانی کوردی لە نەخۆشخانەیە، گەر چارەسەری بۆ نەکرێت بەرەو تونێلێکی نادیار و لێڵ دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش سست و کز و لاواز دەبێت. لایەنە سیاسییەکان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەرکی وڵاتپارێزانەیان ئەوەیە، جەخت لەسەر سیاسەتی زمان بکەنەوە، چونکە زمان ناسنامەی سەرەکی هەر نەتەوەیەکە.

نابێت هەرگیز زمانی کوردی بە کەمتر و خوارتر لە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی دابنرێت. لە یونسکۆش زمانەکان کەلەپوری مرۆڤایەتین.

ئەوە ڕوونە، کە قسەکردن بە زمانی کوردی، تەنیا تاوەکو ماوەیەک پارێزراو دەبێت، دواتر لەبەر هۆکاری ئابووری و دارایی و نەبوونی سیاسەتی زمان، بەرەو نەمان دەچێت.

> **"ئەوە ڕوونە، کە قسەکردن بە زمانی کوردی، تەنیا تاوەکو ماوەیەک پارێزراو دەبێت، دواتر لەبەر هۆکاری ئابووری و دارایی و نەبوونی سیاسەتی زمان، بەرەو نەمان دەچێت"**

ئەوانەش، کە زمانەکە دەزانن و پێی دەدوێن، بەهۆی مردن ژمارەیان کەم دەبێتەوە، ئەوانی دیکەش، لەبەر ئەوەی بەکاری ناهێنن، هێدی هێدی لەبیری دەکەن.

هۆشداری کوردان دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی وشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسەتی زمانمان لەهەر نۆ کابینەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی دادوەری و کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکانی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان، بە عیلمانی و نەتەوەیی و ئیسلامییەکانەوە لە ئاستی پێویستدا نییە و پلانی درێژ خایەن و ستراتیجیان نییە، زمانی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ پەراوێز و پشتگوێ دەخرێت و لە خوار و نزمتر لەزمانی نەتەوەکانی دی دادەنرێت، بەرپرسانیش بێباک و خەمساردن.

لە هەرێمی کوردستان، سەیری تابلۆی نووسینەکانی کەرتی گشتی و تایبەتی بکە، بە کوردییەکی نارێک، یان هەر بە کوردی لەسەریان نەنووسراوە، وا دەزانی لە کوردستان نیت. گەیشتووەتە ئاستێک، باڵەخانە و ڤێلاو.... هتد، لە هزر و بیر گرنگتر و بە بەهاترن.

بۆیە ئایندە لێڵ و نادیارە.

# ئەو سەردەم بۆیان بڵاونەکردمەوە



سەلاح شێخ شەرەف- کۆیە

جارێکی دی لە گۆڤاری دیوانی سەنگیندا باس و مەسەلەی کرداری مامونت و هەوڵەکەی ڕەمزی نافع ئاغا هەولێری هاتەوە کایە، کە لە کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری کاروان وروژێندرا، وەڵام و وەڵامکاری لە نێوان بەڕێزان مامۆستا مەسعوود محەمەد و مامۆستا حەمەی مەلا کەریم دروست بوو.

مەسعوود محەمەد ڕەمزی نافعی وەکو پاڵەوانێکی نەتەوایەتی ناوزەدکردو (محەمەدی مەلاکەریم)یش بەپێی تێڕوانینی خۆی، بە حسابی چەپایەتی، پێ وابوو ڕەمزی هەڵەی کردووە و کەوتووەتە داوی موخابەراتی ئەڵمانیای نازی.

گۆڤاری دیوان چاکی کردووە، کە هەردوو بۆچوونەکە و دواتر بەشداری (عزەدین فەیز)یشی بڵاوکردووەتەوە، کە ڕۆشنایی خستووتە سەر کەسایەتی و ژیان و بنەماڵەی ڕەمزی ڕەحمەتی، کە دۆست و هاوڕێی خەبات و هاوشاری بووە.

بەکورتی مەسەلەکە وا شکایەوە. ئایا بۆ کوردیش حەڵاڵە، بۆ هەوڵی ڕزگاری خۆی، لەگەڵ حکومەت و وڵاتان ڕێک بکەوێت، یان دەبێت ئەم دەوڵەتە دیموکراتی و سوشیالیستی بێت، بۆ ڕزگاری میللەتان، وەکو کاکە حەمەی پێ چاک بوو؟

ئێمەش بەرەیەکمان خستە مزگەوتەوە، باسێکمان بۆ کاروان نارد، هەرچەندە لە ئاستی نووسینی ئەم دوو کەڵە نووسەرەی ئەوساکەدا نەبوو، بەڵام دوای ئەو هەموو ئەزموون و دەردەسەرییەی بەسەر کوردان داهات، لای ئێمەش ئەو قەناعەتە دروست بوو، کە بۆچی ئەم دەوڵەتانە کوردیان بەسەر دابەشکراوە حەڵاڵە هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو جۆرە حکومەتێکدا بکەن و چەک و فڕۆکە و بۆمبای لێ وەربگرێت و جووڵانەوەی کوردایەتی پێ سەرکوت بکەن؟ ئەی دەبێت بۆچی بۆ کوردان حەڵاڵ نەبێت، لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان ڕێک بکەوێت؟ وەک ئەوەی ڕەمزی ئەوسا بۆ ڕزگاری وڵاتەکەی لەگەڵ ئەڵمانیا کردی.

تا ئەم نووسینانە نەهاتنە سەر ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ئەو مەسەلەیە لەناو کوردیشدا کەمتر زانراو بوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە کردارەکە سەرکەوتوو نەبوو، ڕەمزی بووە قوربانی و ئەڵمانیاش لە شەڕەکەدا دۆڕا و ڕووس سەرکەوت و وەکو فریادڕەسی میللەتان خۆی پیشان دا.

ئێمەش وەکو کورد شەوارە ببووین، فڕۆکەی ئینگلیز و ڕووسی وەڵاتەکەمانیان وێران کردبوو.

(فڕۆکەی مێک و ئەلیوشن، ئەژدیهان پیاو هەڵدەلوشن) هەژار وتەنی لەم یارییەدا، دەوڵەتیان بەڵەد نەبوبن، کە دونیای سیاسەت بەرژەوەندییە، نەک چاکە و جوامێریی و خێرخوازیی.

ئەوکات زانیاری من لەسەر ئەم کردارە ئەوەندە بوو، کە لە دیوەخانی تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە زۆر باس دەکرا، گوایە ئەڵمانەکان لەگەڵ کوردێک لە فڕۆکە خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە و ئینگلیز و عێراق پێیان زانیوە و کەوتوونەتە گەڕان بەدوایاندا.

مام کاکەسووری ئامۆزای باوکم، کە گەنجێکی سوور و چاوکاڵ بووە، دەچێتە موسڵ، بەڵام لە کەڵەکی یاسین ئاغای (خەبات) بازگە دانراوە، شکیان لێ کردووە، کە ڕەنگە ئەوە یەکێک لە ئەڵمانەکان بێت، دەیگرن و دەهێننەوە بۆ هەولێر، خزمە دزەییەکان کەفالەتی دەکەن و پێیان دەناسێنن، دوای ئەوە ئازاد دەکرێت، بەڵام وەک

> ❝ ئەوکات زانیاری من لەسەر ئەم کردارە ئەوەندە بوو، کە لە دیوەخانی تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە زۆر باس دەکرا، گوایە ئەڵمانەکان لەگەڵ کوردێک لە فڕۆکە خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە ❞

بیرم بێت، کەمتر باسی کردارەکە دەکرا.

ئەدەمە ئێمەش چەپ بووین، بەڵام وەکو چەپەکەی کاکە حەمە نەبووین، لایەنی نەتەوایەتی و شۆڕشی کوردستانمان لا پیرۆز بوو.

لەبەر ڕۆشنا ئەم بۆچوون و ئەزموونی کوردایەتییە بە نووسین بەشداریم کرد، بەڵام نووسینەکەم نەماوە، بەهۆی تالانی ماڵمان، هەرچی ئەرشیف و کتێبمان هەبوو هەمووی فەوتا.

بەڵام ئەوەم لە بیر ماوە، من لایەنگری بۆچوونەکەی مەسعوود محەمەد بووم سەبارەت بە هەڵوێستی ڕەمزی نافع قوربانییەکەی هەولێر، دەریشکەوت ئەو لە حزبی هیوا بووە و پەیوەندی لەگەڵ کامەران بەدرخان هەبووە و سەردانی شێخ مەحموودی کردووە، خۆشی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە، نە پێویستی بە پارە بووە، نە ویستویەتی، کابرای ئەڵمانیش ئەو شاهیدیەی بۆ دەدات، وەک ئەوەی دوای ئازادکرانی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی. ئەو ڕووداوە زۆری لەسەر نووسراوە، بەڵام تایبەتمەندی نووسینەکەی ئێمە ئەو گێڕانەوەیە بوو کە (ئاغایەک زۆر هاوکاری ئینگلیزەکان بووە، وەزیفە و موڵکیان پێداوە، کە خانەنشین بووە، لەلایەن کەپتانی ئینگلیزەکان مووچەیەکی چەوریان بۆ بڕیووەتەوە، لەناو عەشیرەتدا واباوبوو، بنەگوتیەک لێرە بووە (دیارە موبالەغە) دواتر کە ئاغا پیر بووە وەکالەتی بۆ کوێخایەکی خۆی کردوە هەموو جار چووە مووچەکەی وەرگرتووە، هەر کە ناردوویەتی بۆ وەرگرتنی مووچەکەی پێی گوتوە ئەگەر کەپتان ڕوپیە و مویپەی دایێ وەریمەگرە، بۆ شان و شەوکەتی من کەمی و عەیبەیە، ئەمیش هەموو جار بە قسەی دەکات، بەڵام ئەم جارە، کە نزیکە جەژن دەبێت، دەچێت مووچەکەی ئاغا وەربگرێت، کەپتان هێندی ڕوپیەی دەداتێ و دەڵێت وەریبگرە، ئەمە جەژنانەیە.

کوێخاش وەری دەگرێت، لە ڕێگا لا دەداتە بازێر و جلی جەژنە و خواردن و نوقلی جێژنەش دەکرێت، ئەمەش وادەکات دوا بکەوێت، ئاغاش لەسەر بانی دیوەخان دەوەخوی، ترسی ئەوەی بەدڵا دێت نەک کوێخا مووچەی فراندبێت و بە لایەکا ڕۆیشتبێت، درەنگی عەسر، لەپڕ کوێخا بەدەردەکەوێت، خێرا بانگی دەکات، دەبینێت جلی نوێی کڕیوە و پێویستییەکانی جەژنیشی پێیە. ئاغا پارەکەی خۆی لێ وەردەگرێت و دەپرسێت، کوێخا ئەم شمەکانەت بەچی کڕیوە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە: ئاغا چیت لێوەشێرم، کەپتان وەک جەژنانە، لویچێک ڕوپیەی دامێ، منیش لامدا بازێڕێ و ئەمانەم پێ کڕی. ئاغا بە تووڕەییەوە دەڵێت: پێم نەگوتی ئەگەر کەپتان ڕوپیەومویپەی دایێ لێی وەرمەگرە بۆ شانی من لەنگییە، عەیبە و کەمییە؟

کوێخاش یەکسەر وەڵامێکی مستەحەقی دەداتەوە و دەڵێت قوربان تۆ بە گونیە وەردەگری، عەیب نییە، من لویچێکم وەرگرتووە عەیبە، ئاغا قسەی نامێنێ و بێ دەنگ دەبێت.

ئێمەش بەوانەی ڕەخنە لە سیاسەتی کوردی دەگرن دەڵێین: دەوڵەتە سەر دەستەکان دەیان پەیمان دەبەستن و پیلان دەگێڕن لە دژی کوردی لێ قەوماو، چەک و توپ و فڕۆکە لە خۆرهەڵات و خۆراوا وەردەگرن، عەیب نییە، بەڵام ئەگەر کورد بەناچاری لویچێک یارمەتی و هاوکاری وەربگرێت، کەعبە کەچ دەبێت و (مسجد الاقصى) دەڕوخێت، شەرمەزاری و عەیبەیە، ئومێدەوارم دوای ئەم هەموو ئەزموون و کارەساتانە بۆچوونەکانی لە شێوەی کاکە حەمە ڕاست بکرێنەوە.

ئەوە دونیای گەمەی سیاسەتە، گرنگ ئەوەیە، ئەوەی دەکرێت لە بەرژەوەندی نەتەوە دابێت، نەک بۆخاتر و بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی.

لەو ڕوانگەیەوە کاتی خۆی ئێمەش مەبەستمان بوو بەشداری لەو گفتوگۆیەی ئەو بەڕێزانەدا بکەین، بەڵام لێپرسراوێکی گۆڤارەکە، کە (حوسێن عارف) بوو بەنووسینی ڕەسمی وەڵامی دامەوە و داوای لێبوردنی کرد، کە ئەم جۆرە نووسینە بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت. بەداخەوە نە نووسینەکە و نە وەڵامەکەم لا نەماون فەوتان.

ڕەنگە ئەم نووسین و هەوڵەی ئێمەش، کە ئەوسا، ڕێگەیان نەدا بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئێستاش سوودی هەبێت، لە گۆڤاری دیوانی خۆشەویستدا بۆمان بڵاوکەنەوە، باسەکەش زۆر هەڵدەگرێت لەسەر تێکۆشەرێکی کوردایەتی، وەکو ڕەمزی نافع قوربانییەکەی هەولێر.

**“ مام کاکەسووری ئامۆزای باوکم، کە گەنجێکی سوور و چاوکاڵ بووە، دەچێتە موسڵ، بەڵام لە کەڵەکی یاسین ئاغای (خەبات) بازگە دانراوە، شکیان لێ کردووە، کە ڕەنگە ئەوە یەکێک لە ئەڵمانەکان بێت، دەیگرن و دەهێننەوە بۆ هەولێر ”**

# سـاڵۆنی لاپەڕە (٩)

## شەممە ٢٠٢٢/١٠/١

## حەمەجەزا لە ساڵۆنی لاپەڕە (٩) بوو

### دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس:
### لەئاهەنگەکانیدا، بەگۆرانییەکی دڵداری و رۆمانسی دەستی پێدەکرد، بەڵام لەو نێوەدا بە مەقام، یان شیعرێکی نیشتمانی خەڵکەکەی جۆشدەدا

لە درێـژەی چالاکییەکانیدا، ساڵۆنی لاپـەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و نووسـەران و ڕۆشنبیران، بەبۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند حەمەجەزا، کۆڕێکی بۆ دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس شەریف بەناوونیشانی (حەمەجەزا چریکەی ئازادی و بەرەنگاری) ڕێکخست .بەر لە دەستپێکی کۆڕەکەش، شیعرێکی حەمەجەزا بە دەنگی خۆی، کە بۆ هەولێری نووسیوە پەخشکرا:

**هیچ وڵاتێک خێر و خۆشی شاری هەولێری نییە**
**میللەتی وا پاک و چاک و لاوی وەک شێری نییە**

دواتر دکتۆر عەبدولواحید لـەبارەی هەڵوێست و ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند دوا و گوتی: حەمەجەزا ئەو خەباتەی، کە لە ڕێگەی هونەرەوە دەیکرد، زۆرجار لەسەری دەگیرا و ئازار دەدرا، بـەڵام ئەو هەر بـەردەوام بـوو. لەئاهەنگەکانیدا،




بەگۆرانییەکی دڵداری و ڕۆمانسی دەستی پێدەکرد، بەڵام لەو نێوەدا بە مەقام، یان شیعرێکی نیشتمانی خەڵکەکەی جۆشدەدا، بەتایبەتی بە شیعرەکانی مام هێمن، بۆ نموونە شیعری (بۆت نووسیبووم بۆت بنووسم ئەمن چیم) و (دەمگرێ ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستورترم)

### سەعدی ئەحمەد پیرە: حەمەجەزا لەهەر کوێیەک بوایە خەڵکی ئەوێ بوو

دواتریش خەڵاتی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن لەلایەن سەعدی ئەحمەد پیرە پێشکەش بە خانەوادەی هونەرمەند کرا بەناوی (وەفـاو ڕێزی هەولێرییان بۆ ڕێبواری عیشق و ئازادی، ڕەمزی بەرەنگاری و هونەری گەل، بڵندگۆی شۆڕش و چریکەی ئازادی، هونەرمەند و پێشمەرگە، هونەرمەند حەمەجەزا).

لە گوتەیەکیشیدا سەعدی پیرە گوتی:

من هونەرمەند حەمەجەزا لەساڵی ١٩٧١ەوە دەناسم، ئەو لەهەر کوێیەک بوایە خەڵکی ئەوێ بوو، حەمەجەزا لەلایەن عوسمان موهەندیسەوە لەکارگەی جگەرە لە هەولێر دامـەزرا، کە بەرێوەبەری کارگەکە بوو، من ئەوکات لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم، بۆ دوو بۆنە هونەرمەند حەمەجەزامان بانگکرد کە بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانە بوو.

لـەدوای بەشداریکردنی حەمە جەزا لە ئاهەنگەکاندا



لێپرسراوانی حزبی بەعس پێیانگوتین چۆن دەتوانن یەکێک بانگ بکەن، کە پیاوی ئێرانە و لێرە بەهەموو قورگییەوە دژی حکومەتی عێراق گۆرانی دەڵێت، گوتیان ئێمە ئەمە قبوڵ ناکەین. لێرە بەدواوە حەمەجەزا بووە هاوڕێم و لەزۆر لەبۆنەکانی بەشداریم دەکرد، یەکێکیش بوو زۆر زوو لەنێو هونەرمەندان جێگەی خۆی کردەوە.

## هونەرمەند مەجید خۆشناو:
## حەمەجەزا پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، بەڵام پەیوەندیمان مابوو، هەواڵی بۆ ناردم گوتبووی: تۆ پەیمانت نەدابوو بێی




هونەرمەند مەجید خۆشناو یادگارییەکانی شاخ و خەباتی پیشمەرگایەتی و سەردەمی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی گێڕایەوە و گوتی: حەمەجەزا پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد، بەڵام پەیوەندیمان مابوو، هەواڵی بۆ ناردم گوتبووی: تۆ پەیمانت نەدابوو بێی، منیش چوومە هیران و لەوێوە چوومە خڕی ناوزەنگ و حەمە جەزام بینییەوە. ئەوکات باس، باسی مۆسیقا و چۆنیەتی دروستکردنی تیپێکی موسیقا بوو. من گوتم دەچمە خوارەوە کەمانچەکەی خۆم دێنم، چونکە هیچ ئامێرێکی مۆسیقامان نەبوو.
هەڤاڵ مام جەلالیش منی بانگکرد و گوتی من زۆر حەز دەکەم ئێوە شتێکی لەو بابەتە بکەن بۆ ئەوەی ئێمە تەنیا بەچەک بەرەنگاری دوژمن نەبینەوە، با بە هونەر و شیعر و هەموو شێوەیەک بەرەنگاری دوژمن ببینەوە و شۆڕشەکەمان شتێکی وشک نەبێت.

## هونەرمەند ڕزگار خۆشناو:
## پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی پێنجشەممە، بە (لادا) زەردەکەیەوە دەهاتە دووم و منیش عودەکەم هەڵدەگرت و لە ڕێگەی کۆیەوە، بەرەو ماڵی باوکی حەمە لە سلێمانی، دەکەوتینە ڕێ



دواتریش لەرێگەی پەیامێکی تۆمارکراوی دەنگییەوە، کە نازم دڵبەند ئامادەی کردبوو، هونەرمەند ڕزگار خۆشناو چەند یادەوەرییەکی گێڕایەوە: کاسێتی عەشق و ئازادی، بەرووبوومی چەند ساڵی پێکەوە دانیشتنی دووقۆڵی و ڕاهێنان و پرۆڤەی مەقام و گۆرانی گوتن و لێک تێگەیشتن و بە دواداگەڕانی موزیکی ڕەسەنی کوردی و هەوڵدان و هیلاک بوونێکی بێ سنوورە.
باشم لە یادە ئەو سەردەمەی، کە حەمەجەزای ڕەحمەتی لە کۆتایی حەفتەکان، پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی پێنجشەممە، بە (لادا) زەردەکەیەوە دەهاتە دووم و منیش عودەکەم هەڵدەگرت و لە ڕێگەی کۆیەوە، بەرەو ماڵی باوکی حەمە لە سلێمانی، دەکەوتینە ڕێ، زۆرجاریش، یان لە ڕێگەی چوون، یان لە گەڕانەوەماندا، دەبووینە میوانی هونەرمەندانی گەورە، مەلا ئەنوەر و کاک سەردار، یەکدووجاریش لەگەڵمان هاتنە سلێمانی.
حەمە لە ماڵی باوکی ژوورێکی تایبەتی هەبوو، دوای خواردنی نانی ئێوارە، دەچووینە ئەو ژوورە و دەستی بە مەقام و گۆرانی دەکرد، منیش بە عوودەکەم وەڵامم دەدایەوە! حەمەجەزا دەستگایەکی تۆمارکردنی بەکرەی هەبوو، کە زۆربەی شتەکانمان پێی تۆمار دەکرد.
هەر بەم بۆنەیەوە (هونەر حەمەجەزا) کوڕی هونەرمەندی کۆچکردوو نامەیەکی سوپاسگوزاری دەنگی لەئەوروپاوە ناردبوو.
لەکۆتاییشدا کتێبی (حەمەجەزا جیهانێک لەهونەر، هەڵوێست، هۆنراوە، بەرەنگاری) کە لەنووسینی د.عەبدولواحید ئیدریس شەریف بوو بەسەر ئامادەبوانی کۆڕەکە دابەشکرا.

## دووشەممە ٢٠٢٢/١٠/١٠

# سالۆنی لاپەڕە (٩) خەڵاتی وەفای هەولێرییان پێشکەشی خانەوادەی هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر کرد

لە مەراسیمێکی تایبەتدا، کە سالۆنی لاپەڕە (٩) بە بۆنەی سالیادی کۆچی دوایی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر، ڕێکیخستبوو، یادی ئەو هونەرمەندە کرایەوە. لە دەستپێکدا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران، ئامادە بوون، فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری، کە لە دەرهێنانی ستار محمد ئەمین و بەرهەمی کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بوو پیشان درا.



دواتر وتاری لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندان لەلایەن هیوا سوعاد سەرۆکی لق پێشکەش کراو هونەرمەند پایەدار بەرزنجی چەند یادەوەرییەکی گێڕایەوەو سۆزان بەکریش بەناوی خانەوادەی هونەرمەند وتارێکی پێشکەش کرد.

هاوکات لەلایەن ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنەوە خەڵاتی ڕێز و وەفای هەولێریان پێشکەش بە دایکی خالێخۆشبوو هونەرمەند ئەردەلان بەکر کرد، کە لە لایەن د. جەمشید حەیدەری-یەوە خەڵاتەکەی پێدرا







## شەممە ٢٠٢٢/١٠/١٥

# مومتاز حەیدەری:
# مام جەلال نەتەوەپەروەرێکی ڕەسەن و گەورەتێکۆشەرێکی پشوودرێژی وردبین بوو

بەئامادەبوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کۆڕێکی بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، بەناونیشانی (ڕوانینی سەرۆک مام جەلال بۆ ڕۆشنبیران) ڕێکخست.

لە میانی قسەکانیدا مومتاز حەیدەری (مام جەلال)ی وەکو دیاردەیەکی دەگمەنی کلتووری، سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانیی وەسف کرد و گوتیشی نەتەوەپەروەرێکی ڕەسەن و گەورەتێکۆشەرێکی پشوودرێژی وردبین بوو.



باسیشی لە پەیوەندییەکانیان و گرنگیدانی مام جەلال بۆ بنەماڵەی حەیدەری و بواری ڕۆشنبیری کرد.

## شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٤

### محەمەد گۆمەشینی:
### میللەتە ژێردەستەکان ئێستە دەتوانن پرسی مافی مرۆڤ وەکو کارتێکی بەهێز بەکاربێنن



لەو کۆڕەدا، کە سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بەناوونیشانی (ڕەوشی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان) بۆ محەمەد گۆمەشینی ڕێکخست، گوتی: ئەمڕۆ بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی گرنگ دەکەین، کە پەیوەستە بەژیانی هەموومان، ئەویش بابەتی مافی مرۆڤە.
ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە پێشتر ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ئەنجومەنی ئاسایش بیانویستبایە دەست تێوەردان لەوڵاتێک بکەن، پرسە گرنگەکانیان دەهێنا پێش، کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان بوون، بەڵام ئێستە پرسەکە گۆڕاوە، بووە بە پرسی مافی مرۆڤ، هەموو وڵاتان و میللەت و نەتەوەکان، بەتایبەتی میللەتە ژێردەستەکان ئێستە دەتوانن پرسی مافی مرۆڤ وەکو کارتێکی بەهێز بەکاربێنن، بۆ مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانیان، بەتایبەتی ئەو میللەتانەی، کە تا ئێستە خاوەن دەوڵەت نین، لەنێویشیاندا هەرێمی کوردستان، کە بابەتی سەرەکی کۆڕەکەمانە.

## دووشەممە ٢٠٢٢/٩/٢٦

### فەرید ئەسەسەرد:
### سەقاڵی ئامادەکردن و ڕێکخستنی چاپی پێنجەمی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان-نین



سەبارەت بە (چاپی چوارەم) دوا چاپی ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشمانی کوردستان سالۆنی لاپەڕە (٩) کۆڕێکی بۆ فەرید ئەسەسەرد ڕێکخست. لە میانی قسەکانیدا بە تێروتەسەلی باسی ئاستەنگەکان و ڕێوشوێن و چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەو ئیسکلۆپیدیایە کرد و بەوردی تەوەرەکانی نێوەڕکی ڕوونکردەوە و کە لە دووبەرگی (١٦٥٦) لاپەڕەیی پێکهاتووە.
ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، کە ئێستە سەقاڵی ئامادەکردن و ڕێکخستنی چاپی پێنجەمی ئینسکلۆپیدیاکەن.
دوای تەواوبوونی کۆڕەکەش ئیسکلۆپیدیاکە بەسەر ئامادەبووواندا دابەش کرا.

# ڕووبارێک کە وشکی کرد ...
# لەبەر ڕابردووی ستایش دەکرێت؟

(١)

ئۆشۆ وتەنی ژیان بۆ خۆی شتێکی تایبەتمەندە و هیچ ئامانجێکیشی تیا نییە. لە گۆرانییەک دەچێت لە سەمایەک، لە گوڵێک، کە بێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت شکۆفە دەکات. خۆی بۆخۆی شکۆفە دەکات، نەک لەبەر کەسێک، یان شتێکی دیاریکراو. عەترەکەشی بە هەموو شوێنێکدا پەخش دەکات، تەنانەت گەر کەسیش نەبێت بۆنی بکات. بۆیە دەکرێت ئێمەش وەکو ئەو گوڵە وابین بێ هیچ خەون و ئامانجێک شکۆفە بکەین و بۆن و بەرامەشمان هەبێت.

(٢)

یەکێ لە هۆکارەکانی بەدەست هێنانی ووزە، کە بەردەوامییەتی کارکردنت پێدەبەخشێت، خۆشگوزەرانییە، «ڤینیوم» فیزیکزانی فەرەنسی بڕوای وایە کاتێک ماسولکەکانی دەموچاو دەجوڵێنرێن میکانیزمەکانی هۆرمۆنی مێشک دەست بە چالاکی دەکەن، بۆیە لە ئەنجامی هەستکردن بەمە دەبێت هەموومان کاتێکمان هەبێت بۆ خۆشگوزەرانی.

(٣)



جۆن پێرکینز ئابووری ناسی گەورەی ئەمریکی کاتێک چووە نێو ئەو کۆمپانیا زەبەلاحەی کە دواتر تێگەیشت ئەو کەوتووەتە نێو چ تۆڕێکی کوشندەوە و تازە دەرفەتێک نەماوە بۆ پاشەکشەکردن، بە ناچاری بیری لە داهاتوو کردەوە، دڵی خۆی بەوە دایەوە، کە ڕۆژێک دادێت هەموو ئەو ڕاستیانە بنووسێتەوە، کە لە کاتی خۆیدا کەس پێیان نازانێت، تا ئەوکاتەی ئەو دەیانخاتە بەرچاوی هەمووان. ئەگەر چی ئەم کارەی زۆر مەترسیداریش بێت، چونکە کاتێک، کە ویستی ئەو بەڵێنەی ئەو لە سەرەتای کارەکەیدا بە خۆی دابوو جێبەجێی بکات کچەکەی پێی گوت: «باوکە مەترسە ئەگەر ئەوان زەفەریان بە تۆ برد ئەوا من کارەکەت بۆ تەواو دەکەم».

(٤)

کەسێک کە باوەڕی بەوە هەبوو، هیچ کەسێک کامڵ نییە، هەموو مرۆڤەکان خاوەنی سیفاتی باش و خراپن، باشتر لە کەسێکی دیکە دەتوانێت دەستنیشانی شتە باش و خراپەکانی خۆی بکات، لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی سیفاتە خراپەکانی بە سیفاتە باشەکان بگۆڕێتەوە و بگات بە لووتکەی سەرکەوتن، ئەدیسۆن ١٣٠٠ گڵۆپی سووتاند، تا توانی یەک گڵۆپ دابهێنێت، بەڵام دواتر هیچ کەسێک ناپرسێت چەند گڵۆپی سووتاند؟ جبران خەلیل جبران دەڵێت:» هەرگیز لە وەڵامدانەوەدا دەستەوەسان نەبووم، مەگەر لە ئاست کەسێکدا کە لە منی پرسی بێت تۆ کێیت؟» بۆیە من ئەگەر توانیم دەست نیشانی سەرجەم سیفاتە باش و خراپەکانی خۆم بکەم، وەک ئەوە وایە بزانم من کێم.

(٥)

عاریفەکان ئەقڵیان بە هاوتای زانست زانیوە، وەکو ڕووناکییەک لێیان ڕوانیوە، کە مرۆڤی لە تاریکی و نەزانین دەربازکردووە، بە یەکێک لە فاکتەرەکانی نزیکبونەوە لە خەلوەتی هەق-یان وێناکردوە، عاریفەکان «دڵ»یان بە دوژمنی هەمیشەیی»ئەقڵ»داناوە. پاولو کۆیلۆش، باش بیرکردنەوەی بە بەرهەمی ئەقڵ زانیوە و لە زاری کۆنڤۆشیۆسەوە دەڵێت:» باش بیرکردنەوە واتە، بزانیت بەچ شێوەیەک لە زەین و دڵ، لە نەزم و هەستکردن کەڵک وەربگریت» بۆیە لای من دڵ و سۆز وەکو نەسیمێک وان، هەر ئەو دەمە دێت و دەڕوا، بەڵام ئەقڵ کە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە دەمێنێت.

سمکۆ عەبدولکەریم